# زمانەوانی

## کۆمەڵێک وتار

# زمانەوانی

## کۆمەڵێک وتار

**د. ڕەفیق شوانی**

**هەولێر - ٢٠٠٩**

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **زمانەوانی (کۆمەڵێک وتار)**
- نووسینی: د. ڕەفیق شوانی
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- پیتچنین: کاوە حسێن/ (ئاڵا، دیدار و زەردەشت ڕەفیق شوانی)
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (٥٢٧)
- نرخ: (٢٥٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٩
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆک)

**زنجیرەی کتێب (٣٣٨)**

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێڕست

پێشکەش ........ ٧
روونکردنەوە ........ ٩
سەرهەڵدانی زمانەوانی ........ ١١
لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی کۆن و تازە ........ ١٥
جیاوازی نێوان قسەکردن و زمان چییە؟ ........ ١٩
با وشە رەسەنەکانی کوردی لە دەست نەدەین ........ ٢٣
با زمانی کوردی بکەین بە زمانی زانست ........ ٢٥
((و)) دەنگ و فۆنیمە لە زمانی کوردیدا ........ ٣٣
دەنگی رەسەن و نارەسەن لە زمانی کوردیدا ........ ٣٥
ئایە فەرمانی ((سرەوت)) دەکرێ بە تێپەڕ؟ ........ ٣٧
زاری ناوچەی شوان بە بەراورد لەگەڵ زمانی ستاندەردا ........ ٤١
زارە جیاوازەکانی پارێزگای کەرکوك و کاریگەری راگوێزان بەسەریانەوە .... ٧٩
جۆری رستە لە رووی بوون و نەبوونی کاتەوە لە زمانی کوردیدا ........ ٩١
پەیوەندی پێکهاتەی زمان بە زانستی بیرکارییەوە (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی پراکتیکییە "کردەییە") ........ ١١١
پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ (بەپێی پەیوەندی ستوونی و ئاسۆیی) ....... ١٣٣
چۆنیەتی ئاوێتەکردنی زارەکانی زمانی کوردی لە زمانی ستاندەردا ........ ١٤١
کورد و زمانەکەی ئاریین نەك هیندوئەوروپی ........ ١٥٧
لێکولێنەوە رەخنەییەکانم دەربارەی کتێبی (رستەسازی و شیتەڵکاری زانستی) د. شێرکۆ بابان ........ ١٦٣
کوردناسی و دەوری لە ناساندنی کورددا ........ ١٨٧
دەربارەی زمانی ستانداردی کوردی ........ ٢٠٩
بەرهەمە بلاۆکراوەکانی نووسەر ........ ٢٢٣
بەرهەمە بلاۆنەکراوەکانی نووسەر ........ ٢٣٢

# پێشکەش

**پێشکەشە بەو:**

پەپولە و گوڵە عاشق و رەنگاوڕەنگانەی ناو بەفر و چیا، کە لـە پێنـاو مانـەوەی مرۆڤ و زمان و خاکی کوردا بە کـزە و سـۆزی سـۆفیانەی عەشـقی خاکـەوە، گـۆمی بێدەنگی، سەری کاساو و هەوارێکی تاساویان بەرانبەر بە هەموو جیهان هێنایە سەر زمان و دڕیان بە ملهوڕی و رەگەزپەرستی دا.

**د. رەفیق شوانی**
**٢٠٠٩\٣\١٤**

# ڕوونکردنەوە

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ەوە چالاکانە دەستم دایە قەڵەم و ئەو ئارەزووەی لە بواری جۆراوجۆری وەك زمانەوانی، ئەدەبی، سیاسی کە بۆ نووسین هەمبوو، توانیم بە شێوەی بابەتی جیاجیا لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاویان بکەمەوە و تاسەی دەروونی پەنگ خواردووی چەندین ساڵەی خۆمی پێ بشکێنم.

کۆمەڵە وتارێکی زۆرم بە بەرهەم هێنا، لە بواری زمانەوانیدا بەم کتێبەوە دووەم بەرهەمە دوای کتێبێکی (٣٢٠) لاپەرەیی بڵاو دەبێتەوە، بەشێکی زۆریان بریتیین لە وتارە ئەکادیمییەکانم دەربارەی ئاستە جیاوازەکانی زمان و جۆری تری وتارەکان ئەدەبین و لە دوو تۆیی کتێبێکدا بە ناونیشانی (ئەدەب- کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی) بڵاوبۆتەوە و بەشەکەی تری وتارە سیاسییەکانمە لە بەرگی کتێبێکی تردا، بە ناونیشانی (وتارەکانم دەربارەی کێشەی کورد) ی گرتۆتەخۆ.

کۆکردنەوەی وتارەکان، بێگومان سوودی خۆی دەبێت و بێجگە لەوەش لەو پەرش و بڵاوییە دەپارێزرێن کە هەر وتارەی لێرە و لەوێ، کە لەو گۆڤار و ڕۆژنامەدا هەن لە چنگی فەوتان و پرش و بڵاوی و دوورە دەستی و یا لە کەم دەسنەکەوتنیان ڕزگاریان دەبێ.

حەزدەکەم ئەوەش بڵێم هێشتا کۆمەڵە وتارێکی بڵاوکراوەی زۆرم ماوە کە دەربارەی بابەتی جۆراوجۆری زمانەوانی، مێژوویی، سیاسی ، پەروەردەیی و



فۆلکلۆرە بەرگی کتێبێك پێکدەهێنن و لە دەرفەتێکدا خوا یار و بەخت یار بێ بڵاویان دەکەمەوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستت وتاری زمانەوانی وای تیایە کە هێشتا بە چ زمانی نەتەوەکانی تری دەوروبەر وەك پەیوەندی پێکهاتەی نێوان زمان و زانستی بیرکاری نەکراوە، کە بە شێوەی لێکۆڵینەوەی بەراوردی بە ژمارە و نرخ و یاسا لە بەرانبەر دەنگ و وشە و دەستوور ئەنجامدراوە.

**ڕفیق شوانی**
**٢٠٠٩\٣\٢٤**
**هەولێر**
Email: rafiq.shwany @yahoo.com

# سەرهەڵدانی زمانەوانی

زمانەوانیش وەك هەر زانستێکی تری مرۆڤایەتی لەلای (گریك)ەکانەوە سەری هەڵداوە، بیری ئەم زانستە لەلای ئەرەستۆوە دەستی پێکردووە و سەری هەڵداوە و زمانی لە رووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە بەسەر سێ بەشی وەك (ناو فرمان پیت). دابەش کردووە قوتابخانەیەکی زمانەوانی لە شاری ئاسینا دامەزراند و بیروڕاکانی لەلایەن زانایانی دوای خۆیەوە بڵاوکردەوە و گەشەیان پێدا و برەوی سەند و لە دوای یۆنانییەکانیش رۆمەکان لەسەر پەیڕەوی ئەرەستۆ و گریك رۆیشتن و بە تەواوی برەویان بە رێباز و بیری گریك و ئەرەستۆی یۆنانی داو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیان رەنگدانەوەی هەمان بیروڕای ئەوان بوون و بەرهەم و کتێب دەربارەی رێزمان و زمان بەدەستکارییەکی کەمەوە بە زمانی لاتینی دانران.

زمانەوانی لە هیندستاندا بەتایبەتی لە هیندستانی کۆندا لەلایەن (پانینی)یەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەم و سەدەی سێی پێش زایندا دەروازەی لێکرایەوە و رێزمانی داناوە و بناغەی زمانی لەسەر بناغەی (رەگ-root، جذر الكلمة) داناوە و ئەم رەگەی بە مانی وشە داناوە لە پاشا رۆمانەکان لە سەدەی دووەمی (پێش زایین) رێزمانی ئەسکەندەرییە دانرا.

ئەم جۆرە زماناناس و بیروباوەڕی گریك تا سەدەکانی ناوەڕاست لە زۆر رووی ژیانەوە بە دواکەوتوویی و تاریکی ناوبانگی دەرکردووە، کەچی زمان لەو سەردەمەدا لە بارەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانییەوە بایەخی پێدراوە و لێکۆڵینەوە کراوە، ئەم بارەی سەدەکانی ناوەڕاست لە رووی بیروباوەڕی زمانەوانییەوە (زماناناس- علم اللغة).

هەر چاولێکەری و لەسەر رێبازی زماناناس و بیروڕاکانی ئەرەستۆ و یۆنان رۆیشتوون. بەڵام لە سەدەی حەڤدەهەمەوە وردە وردە بیروڕای کۆنی زمانەوانی و



پیرۆزی زماناناس گریك و زمانی لاتینی لای ئەوروپاییەکان گۆڕا و میللەتانی ئەوروپا وەك فەرەنسایی و ئیتاڵیا و رووسیا و رۆمانی ئەسپانی رێزمانیان بە زمانی خۆیان لە سەدەی (١٨ و ١٩) دەست بە دانانی کرد و زمانی لاتینی تەنها وەکو زمانی زانست و وەکو زمانێکی پیرۆز سەیر نەدەکرا وەکو پێشوو، بەتایبەتی لە سەدەی (١٧)هەمدا (جۆن لۆك) و (تۆماس هۆبس) لە رووی بیروڕای ماتریالیزمەوە بیریان لە زمان کردەوە، کتێب دانرا وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری زمان کرا، کە شایستەی گۆڕان و پەرەسەندنە، فەرەنسایی و ئیتاڵیایی و رۆمانیایی و ئەسپانی و پورتوگالی وازیان لە زمانی لاتینی هێنا و لە رووی هەستێکی نەتەوەییەوە گەڕانەوە بۆ سەر ئەوەی زمانی زگماکی خۆیان بەکاربهێنن و بکرێتە زمانی زانست و فەلسەفە و بۆیان دەرکەوت، کە هیچی کەمتر نییە لە زمانی لاتینی وەکو زمانی زانست و زمانی فەلسەفە سەیری زمانی لاتینی دەکرا، چونکە ئەم زمانە بنەڕەتێکی ئایینی هەبوو و لەسەر بناغەیەکی ئایینییەوە دروست بوو. سەرتاسەری ئەوروپای گرتەوە پاشان وازی لێهێنرا و زمانی نەتەوەیی هاتە کایەوە و برەوی وەرگرت، نابێ لێرەدا ئەوە لەبیر بکەین کە کاریگەری ئەو زمانی لاتینییە لەسەر ئاستی زانست و فەلسەفە بەتایبەتی لە رووی بەکارهێنانی زاراوەوە (المصطلحات) هەر ماوە.

ئەم دیاردەیە لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی دەچێ لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تا بڵاوبوونەوەی ئیسلام میللەتان و نەتەوەی ناعەرەب گەڕانەوە سەر زمانی زگماکی خۆیان و دەوڵەتی بچووك بچووکیان لە ئاستی میرنشیندا (امارات) دروست کرد و دامەزراند. مێژووی زمانی نووسینی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە بە دواوە وەك سەرەتای نووسین، ئەو میللەتانەش کورد و تورك و فارس...هتد بوون کە ئیسلامیان بە ئایینی خۆیان ناسی بوو.

لە سەدەی دوانزدەی کۆچیدا زماناناس عەرەب (ابی الاسود الدؤلی) زمانی بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دانا، دەسکرا بە لێکۆڵینەوەی زمان و رێزمانی عەرەبی و دوو قوتابخانەی زمانەوانی وەکو قوتابخانە (بەسرا) و (کوفە) پەیدا بوون. زماناناسی

ئەو سەردەمەی ئەو دوو قوتابخانەیە (خلیل احمد الفراهیدی) بوو، کە کتێبی (رێزمان) و (فەرهەنگی) دانا.

لە ئەوروپاشدا بە تایبەتی لـە سـاڵی ١٧٨٦ (سـێر ولیـام جـۆنز)ی ئینگلیـزی لێکۆڵینەوەیـــەکی زمانـــەوانی بـــەراوردی ئەنجامـــدا و ( Linguistics Comparative) ئەوەی بۆ دەرکەوت کە لێکچوونێك هەیە لە نێوان زمانە هیند و ئەوروپاییەکانی وەك سانسکریتی و لاتینی و گریکی و کەڵتیێ لێرەوە زانستی زمان (علم اللغة-Linguistic) سەری هەڵدا و وردە وردە پێـشکەوت و زانایـانی تـری وەك ئیدوارد سـاپیر و بلـوم فیلـد هاتنـە مەیـدانی زمانەوانییـەوە و برەویـان بـەم مەیدانەدا و، زمانناسییان پێشخست، بلوم فیلد لە نێوان سـاڵانی ١٩٣٠-١٩٦٠ لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا و برەویدا بە مەیدانی کارەکانی زانـای گـەورەی زمانناسـی هاوچەرخ لە رووی بیری تازەی زمانەوانییەوە (فردیناندی سۆسێر) ئـەم دوانـە لـە رووی شێوە و (شکل- فۆرم FORM) و لـە رووی واتـاوە لـە زمانیـان کۆڵییـەوە راستێکەی ئەگەرچی زمانناسییان پێشخست بـەڵام یـەك رووی لێکۆڵینـەوەیان لـە زماندا گرتبوو یا شێوە بە تـەنها یـا واتـا بـێ شـێوە، بـەڵام دوای ئـەمان زانـای بەناوبانگ (نەعوم چۆمسکی) لـە سـاڵی ١٩٥٧دا دەروازە گـەورەی لـە زمانناس کردەوە لە هەردوو رووی زمانەوە واتە لە رووی شـێوە و واتـاوە ( Deep strutue surface strface) لە زمانی کۆڵییەوە شێوەکە لە خزمەتی واتـا بـێ ئـەم زاتـە خاوەنی تیۆری رێزمانی بناغەگرە.

سەرەتای ئەم سەدەیە بە تەواوی زمانناس تازە و هاوچەرخ تەکانیکیدا بە خـۆی و پێشکەوت و بە دەیان نوسراو و کتێب و وتار لەسەر رێبازی تازەی زمانـەوانی دانـراو نووسرا و ئەم دیاردەیەش لای خۆمان (واتە کورد) وەکو دەستپێکردن دەگەڕێتـەوە بـۆ نێوان هەشتاکانی و بـە دواوە و وردە وردە لـە گەشەسـەندندایە و بـە تایبـەتی دوای کردنەوەی خوێندنی بـاڵای ماجـستێر و دکتـۆرای زمـان و چـەند نامەیـەکی هـەن و هێتریش بـەخت و رۆژگـار یـاربێ بەدوایـدا دێـت و زمـانی کـوردی شـیرینیش ئـەو



مەیدانەی دەوڵەمەند دەبێ و کۆنەکانیش وەکو سەعید صدقی کابان و توفیق وەهبـی و جەلادەت بەدرخان و ق. کوردۆ و جگەرخوێن و گیوی موکریـانی و رەشـید کـورد و مەردۆخ و نوری عەلی ئەمین نابێ لە بیر بکرێن و ئەمان رێگایان بۆ خـۆش کـردین و ئێمە لەسەر هەوڵ و بەرهەمی ئەوانەوە هەنگاو دەنێین و بەرەو پێشەوە تـەکانی بگـوڕ دەدەین و (خانووی زمانی کوردی) عەبدولواحد نـوری وتـەنی: بـەخوێنی دڵمـان ئـاو دەدەین و هیوایان دەهێنینە جـێ و (هـەر دەوەنـە و بـەدار دەبـێ) و دڵـسۆزیش بـۆ دڵسۆزان و مامۆستایانی زانستپەروەر و زانستخواز و چاکەویستە بۆ خزمەتی زمـانی کوردی و ئەوانەش کە بەردی بناغەی کردنەوەی خوێندنی باڵایان دانا.

((لـە پاشـکۆی رۆژنامـەی عێراقـی ژمـارە (٣٤٦)ی ١٩٩٥/٨/٢٧ و هـەروەها (٣٤٧)ی ١٩٩٥/٩/٣ بلاوبۆتەوە.))

## لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی کۆن و تازە

لە کۆنەوە، واتە لە سەردەمی (گریك)ەکانەوە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دراوە و ئەم لێکۆڵینەوانە لەگەڵ رەوتی ژیاندا وردە وردە گەشەی سەندووە و زیادبوون و روونکردنەوەی زیاتر بووە. زمان وەکو دیاردەیەکی گرنگی ژیان لەلایەن زمانەوانەکانەوە لە کۆنەوە بیر لە چۆنیەتی پەیدابوون و گەشە و گۆڕان و تازەبوونەوەی کراوەتەوە، لەلایەن زاناکانەوە دەستوور و رێزمانی لە چۆنیەتی کارکردنییەوە بۆ دانراوە، بەشەکانی ئاخاوتن و قسەکردن دیارکراون و بەسەر چەند بەشێکدا (بەزۆر هەشت بەش) دابەشکراون و لەوانەیە ئەم هەشت بەشە بۆ هەموو زمانێك بەپێی چۆنیەتی کارکردنی زمانەکان نەگونجێ، بەڵام لاساییکردنەوە و پاشان چاولێکەری لێکۆڵینەوە یەك لە دوای یەکەکانی ئەم دابەشکردنەیان چەند بارە کردۆتەوە و بە سەر زمانەکاندا چەسپاوە.

بۆیە ئەم پێشەکییە کورتەمان لە بارەی چۆنیەتی لێکۆڵینەوەوە خستە پێش چاو، تا بچینە ناو باسەکەوە، یەکێك لەو لێکۆڵینەوانە، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەستوورییە (المعيارية)یە. سەرەتا هەر لای میللەتەکەوە لاسایی پێشونانی خۆیانیان کردۆتەوە و دووبارەکراوەتەوە، لە نووسینەکانیان بەپێی ئەو دەستوورانەی کە یەکەم جار لەبەر چۆنیەتی کارکردنی زمانەکەوە کراوە و دانراو بۆتە دەستوور و رێزمانێك بۆ زمانەکە. لەوە دوا لێی لادان ئەستەم و نەشیاو بووە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا لەو دەستوورانە دەرنەچوونە و هەر چۆنێك بووبێ و هەر چۆنێکیش  بێت، لە بارەی ئەوەی گونجابێ یا نەگونجابێت، لادان نەبووە،



لێرەوە لێکۆڵینەوەی دەستووری کە یەکەمجار هاوکاتی (وەسفی) بووە هاتۆتەکایەوە کە بە زۆری دوای رواڵەتی زمان کەوتوون، دوور لە واتا لێکۆڵینەوەیان ئەنجام داوە. بۆیە ئەم جۆرە چ بۆ زمانەکە خۆی و چ بۆ زمانی تر بێ، بڕیارێکی زۆرە بەسەر بەشەکانی زماندا دراوە، دوور لە چۆنیەتی کارکردن و واقیعی هەر زمانێك، بۆیە لێکۆڵینەوە کۆنەکان لاسایی و چاولێکەرییان پێ دەوترێ. هەرچی تازەکانە وەك لێکۆڵینەوەی هاوکاتی (وەسفی) دوای رواڵەت ناکەوێ و بایەخ بە کەرەسەکانی زمان (وشە و مۆرفیمە جۆر بە جۆرەکانی زمان) دەدات بەپێی چۆنیەتی کارکردن و شوێنی کارکردنی لە سنووری زماندا، کە بەر چ ئاستێك دەکەوێ، واتە وەکو کەرەسەیەکی خاو دوور لە رواڵەت.

تا رادەیەکی زۆر لای زمانەوانە کۆنەکان لێکۆڵینەوەکانیان رادەی بڕیاری تەواو و کۆتایی (مطلق) وەرگرتووە، هەرچی تازەکانە بواری بڕیاری تەواو نادات و بڕیار بەبێ بۆچوونی جیاواز و بەپێی واقیعی زمان و چۆنیەتی کارکردنی کەسەرەکانی زمان بڕیار دەدرێ. لێرەوە دەستوور گەڵاڵە دەکرێ و دادەنرێ، واتە لە سەرەتاوە چۆنیەتی کارکردنی وشەکانی زمان لە دوایا دەستوورییان لە بواری زمانەکە و چۆنیەتی بەکارهێنانا دابنرێ ئەوەش بەپێی پێڕەوی (دیکارتی)یە - مادام من هەم بیردەکەمەوە- نەك بڕیاری سەرپێی و لاسایی ئەگەرچی مرۆڤ راستگۆیانەش بیربکاتەوە و بڕیاریدا تووشی هەڵە هەر دێت، گرنگ ئەوەیە بە بیرکردنەوە و بۆچوونی تازەو لێکۆڵینەوەی بەردەوام مرۆڤ دەتوانێ هەڵەکانی راست بکاتەوە، نەك لەسەری بڕوا و کوێرانە بڕیاردەر بێ.

لێرەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین لێکۆڵینەوەی کۆن بەپێی مەنتیق بووە لە زماندا. تازەش هەر بەپێی هۆش و ژیری مرۆڤە بیردەکاتەوە. بۆیە کۆنەکان دەیانەوێ بڕیارەکانیان هەتا هەتا بێ (ازلی) بێ و نابێ لە دوای خۆیان هەڵبوەشێنرێتەوە دەسکاری بکرێ، بەڵام لە کاتێکدا تازەکان بڕیارەکانیان

ئاستێکی کاتی (وقتی) وەردەگرێ و دەرگای لێکۆڵینەوەی تازە و بۆچوون و بڕیارت دەهێڵنەوە، کە لە خۆیدا خزمەتی زمان و زانست دەکات و لە گەشەسەندندا دەبێت و وشك و برنگ نابێت و بواری داهێنان و گەشە و گۆڕان دەدات. کە مایەی پێشکەوتنی زانست و تێکڕای ژیان و ڕێگای خۆشکردنی چارەسەرکردنی هەڵەکانە و بەرەو زانستی نوێ و تیۆری تازەیە، لێرەوە نموونەی (چومسکی) لە لێکۆڵینەوەی نوێ و تازەی زمان دەهێننەوە، کە خاوەنی تیۆر و ڕێبازی تازەی شیکردنەوەیە لە رووی شێوە و واتاوە (بنج و سیما-الشكل و البنية) سوودی لێکۆڵینەوەی کۆن لە دیارکردنی بەشکانی ئاخاوتنە لە ناو و جێناو و ئاوەڵنا و ئاوەڵفرمان و فەرمان و...هتد. ئەمەش بۆ لێکدانی ئەم بەشانەیە لە لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی گوێزانەوەدا (القواعد التحويلى).

بەم پێیە بەدەرکەوت لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کۆن لێکۆڵینەوەیەکی دەستوورییە (پێوانەیی-المعيارية)، بەڵام هی تازە بەپێی دەستوورە دیاریکراوەکانی بەپێی کارکردنی زمانەکە لێکۆڵینەوەیەکی هاوکاتییە (مدرسة الوصفية).

((لە پاشکۆی رۆژنامەی عێراقی ژمارە (٣٤٣) لە ١٩٩٥/٨/٦ بڵاوبۆتەوە)).

# جیاوازی نێوان قسەکردن و زمان چییە؟

لێرەدا ئێمە باسی جیاوازی زمان بەگشتی وەکو بەهرەیەکی مرۆڤ لەگەڵ لایەنەکەی تریدا کە قسەکردنە دەکەین، گومان لەوەدا نییە، کە ئەگەرچی ئەم دوانە لە بنەڕەتدا یەکن، بەڵام لە یەکتریش جیادەکرێنەوە و هەریەکەیان تایبەتێتی خۆی هەیە و دەناسرێنەوە.

زانای زمانناسی ئەوروپایی ف. دی. سۆسێری خەڵکی جنێڤ (١٨٥٧-١٩١٣) بەناوبانگترین زانا و زمانەوانی قوتابخانەی تازەی زمانناسی کە لە ساڵی ١٨٥٧دا لە جنێڤ لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ بە ئەدەب و زانست هاتۆتە دونیاوە، رەوتی لێکۆڵینەوەی رێزمانی کۆنی بەرەو نوێ گۆڕی و قوتابخانەی بناغەگری (البنیویة-Structuralist) هێنایەکایەوە، ئەو زۆربەی لایەنەکانی زمانی روونکردۆتەوە، ئەوەی روونکردۆتەوە زمان دەگۆڕێ و بەلایەوە زمان لە دوو قەوارە پێکهاتووە، زمان خۆی (اللغة-Language) و قسەکردنیش (الکلام-Parole) زمان بریتییە لە دانە و کەرەسە جیاجیاکانی کە بە هۆی دەستوور و یاساوە لە مێشکی مرۆڤدا پارێزراوە، واتە زمان سیستەمێکی رێك و پێکی رێزمانە وەکو عەمبارێك وایە پڕ بێت لە زەخیرە و دانەوێڵە ئەمیش عەمباری مێشك: پڕە لە وشە و وێنەی شت و بیرەکان، ناتوانرێ بووترێ زمان کۆمەڵە وشەیەکە و بەس، بەڵکو کۆمەڵە وشەیەکی یا کۆمەڵە کەرەسەیەکی سیستەمدارە، هەرچی قسەکردنە (الکلام-Parole) بریتییە لە لایەنی ماددی کە



مرۆڤ لە پەیوەندی کردندا بەکاری دەهێنێ، واتە قسەکردن کردەیەکی رۆژانەیە بە هۆی بە یەکگەیشتن و بەرەنگارییەوە دێتە کایەوە.

زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستی بە کۆمەڵێك قسەکەر هەیە، ئەم قسەکەرانە قسەکردنی لایەنی دووەمی زمان پێکدەهێنن و زمانیش وەکو عەمبارێك، ئەندامانی کۆمەڵی زمانەکە پڕی دەکەنەوە، لە رێگەی بەکارهێنانی راستەوخۆوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا سیستەمێکی رێزمانە و لە مێشکی مرۆڤدا دەپارێزرێ.

زمان هەروەکو وتمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، تووشی گۆڕان و گەشەکردن دەبێ، بە شێوەیەکی بەردەوام کەرەسەکانی یاخود فەرهەنگی وشەکانی لە زیاد بووندایە وشەی تیایە کۆن دەبێ لە کاردەکەوێ و پێویست بە بەکارهێنان ناکات بە هۆی جێگری وشەی کەرەستەی تازەوە بۆیە زمان لە دارێك ئەچێ پڕ گەڵا و لق و پۆپە، گەڵاکانی لە پاییزدا دەوەرێ و لە بەهاریشدا دەردەچێت و بەردەوام لە زیاد بووندایە سێ کۆن دەدرێ، تازەش دەڕوێ بۆیە دەتوانین بڵێین زمان وەك رووەك وایە دەریای زمان بە وشە فراوان دەکات، سەرچاوەی زمان فراوانبوون قسەکردنە، بۆیە زمان لە دوو جۆر کەرەسە پێکهاتووە، ئەوەی پاشماوەیە و لای کۆنەکان ماوەتەوە و گەیشتۆتە لای خەڵکی ئێستا و کەرەسەی دووەمیش تازەکەیە، کە قسەکردن و گفتوگۆی رۆژانەیە، یەکەمیان زمانە و دووەمیان قسەکردنە (الکلام).

زمان وەکو دەریایەك لە توانایەکی کاریگەر بۆ بەرهەمهێنانی قسەکردنە، ئەمە یەکێکە لە بیروڕاکانی (ئەرەستۆ) و دی سۆسێریش دەڵێ: قسەکردن سەرچاوەیەکە بۆ گۆڕانی زمانەوانی یا بنەڕەتی گۆڕانەکەیەتی.

جیاوازی تری زمان و قسەکردن لەوەدایە، زمان وەکو شتێکی گشتی هەموو لقەکانی زمان دەگرێتەوە لە دەنگسازی علم الصوت (Phonetic) و دەنگناسی

(فۆنۆلۆجی-Phonology علم وظائف الاصوات او نظم الاصوات) و وشەسازی (مۆرفۆلۆجی-Morphology علم الصرف) و رستەسازی (سینتاکس-Syntax علم النحو) و هەروەها واتاناسی (علم الدلالة-Semantic)، ئەو زانستەی لەم لقانەی زمان دەکۆڵێتەوە، زمانناسییە (علم اللغة- Lingustic)، بەلام قسەکردن لایەنی رستە دەگرێتەوە، چونکە تێگەی (مفهوم) تەواوی تێگەیشتنی بەرامبەری تیایە.

زمانی قسەکردن جیاوازە لەگەڵ زمانە گشتیکەدا، بۆ نموونە زمانی قسەکردن جیاوازی تیایە، هەر گرووپ و تاخم و چین و توێژێك جۆرە قسەکردنێکی هەیە، ئەم قسەکردنە یان فەرهەنگی زمانەکە بە وشەی جیاجیا دەوڵەمەند دەکات و زمانی قسەکردن، واتە شێوەی جیاجیای زار (دیالێکت) هەیە، بەپێی ناوچە و جۆری ژیان و جۆری پیشە و کارکردن.

ئەو زانستەی لە زمان دەکۆڵێتەوە لە رووی دەنگەوە بریتییە لە زانستی (فۆنەتیك) دەنگسازی، بەلام لە قسەکردن دەنگناسی (فۆنۆلۆجی) لێی دەکۆڵێتەوە، چونکە تایبەتییە و گۆڕانی تێدایە بەپێی ناوچە و شێوە و گۆڕانی مێژوو.

((لە پاشکۆی رۆژنامەی عێراقی ژمارە ٣٣١ بلاوبۆتەوە.))

## با وشه ڕەسەنەکانی کوردی لە دەست نەدەین

زمان هۆیەکە بۆ دەربڕین و گۆڕینەوەی بیروباوەڕ و هەست و نەستی مرۆڤ. مەبەستمان لێرەدا بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیە و زمانی نەتەوەش تا خۆماڵی و پەتی و ڕەوان و سووك و ناسك بێت، زیاتر ڕەسەنایەتی بەدەر دەکەوێت و هەر مرۆڤە خاوەن زمان و هەم داهێنانە بەرز و سەرسوڕمێنە لە ناو سروشت و کۆمەڵدا، زمانیش لە ئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵ و ڕەوڕەوەی مرۆڤایەتی و نەتەوەدا پێشکەوێ و وشە و زاراوەی بۆ زیاد دەبێ و وشەی لێوە وەردەگیرێ و وشەش وەردەگرێ، بەڵام چۆن دەبێ وشەی خۆماڵی بپارێزین لەم دان و سان و وەرگرتنەی وشەی زماندا؟ هەندێك وشە هەن بۆ ناونانی هەندێك پێویستی سەردەم لە ناو زمانی نەتەوەکەدا دەبێ بەکاربهێنرێن و ئاوڕ لە وشەی بێگانە نەدەینەوە لە حاڵێکا ئەگەر نەبن و دەسیش نەکەوتن ئەوا قەیناکات ئەمە دیاردەیەکی زانستییە و لە هەموو دنیادا زمان نییە لێی بێ بەری بێت، واتە لەم دان و سانەدا، بەڵام مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە وشەی جوان و کوردی پەتی وامان هەن بە قوربانی وشە بێگانەکانیان نەکەین و ئەوانەی خۆمان لا ناشیرین عەیبدار بێنە پێش چاو لەکاتێکا تا بڵێی مۆسیقین و جوان و بەتام و پێزن لە بەکارهێنانی، چ لە بواری زاراوەدا بێ یا وەك وشەیەکی فەرهەنگی و ئاسایی زمانەکەمان، چونکە ئەگەر کار بە پێچەوانەوە بێت و بڕوات پاش ماوەیەك ئەو وشانە دەدۆڕێنین و ڕەسەنایەتی زمانەکەمان لە دەس دەدەین بۆ نموونە:

ئێمە لە کوردیدا لە جیاتی (فۆرمی)ی ئینگلیزی (Form) وشەکانی (شێوە، روخسار، ڕۆما، ڕواڵەت)مان هەن، کەچی پێیان ڕازی نین و ئەو وشە قەبەیەی سەرەوە لە جیاتیان بەکاردێنین، یاخود لە مەسەلەی زمانەوانیدا بۆچی وشە و زاراوەی (ئادڤێربلی، کەتیگۆری، ئۆبێکت، سوبێکت، مۆرفیم، سێت، پارتیکڵ، ڤاوڵ،



کۆنسۆنانت، دیفتۆنگ، فۆنەتیك، فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس و سیمانتیك...هتد) بەکاربهێنن کە وشەی کوردی پەتی بۆ ئەو بابەت و مەبەستانە لە جیاتییان هەن وەك (ئاوەڵفرمان جۆرو، بەرکار، بکەر، نیشانە (تەواو ناتەواو) کۆمەڵ (کۆمەڵە)، ئامراز، بزوێن، نەبزوێن، دوولانە، دەنگسازی، دەنگناسی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاناسی (واتاسازی)... ئەمانە زانینیان قازانجە و زیان بەخش نین، بەڵام نەك لە نووسین و بەکارهێناندا، یاخود وشەی (ڕێست Rest) بۆچی وشەی (پشوو) بەکارنەهێنین (با پشوویەك بدەین، نەك ڕێستی وەرگرین) لێرەدا نموونە زۆر هەن بیانهێنینەوە، بەڵام ئەمە تەنها بۆ ئەوەندە بەسە کە بڵێین مادام وشەی ڕەسەن و کوردیمان هەن بۆچی هی بێگانە.

لێرەدا من لاریم لەوە نییە هەندێ وشەی وەك (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، مایکرۆفۆن، فاکس) دەچنە ناو زمانەوە و وردە وردە تیایاندا دەتوێنەوە و کەسیش ناتوانێت بەریان بگرێت، بەڵام نەك ئەوانەی هەمانن قوربانی ئەوانیان بکەین، زۆرجار لەکاتی دەرس و وانە وتنەوەدا بابەت هەبووە قوتابی دەیزانێ چییە، بەڵام کە زاراوەیەکی بێگانەت بۆ بەکارهێنا قوتابیکە دەم دەگرێتە قوتەوە نازانێ مەسەلە چییە؟ بەڵام کە بە کوردی سەری بابەتەکەت بۆ دەرهێنا دەبینین دەبێتە سۆنە و مەلە دەکات تیایا و یان زوو وەری دەگرێ.

دوا شت دەڵێم با نەیکەین بە مەسەلەی مەلا و فەقێکە، فەقێ بە مەلای وت:

مامۆستا بۆ دەرسەکە بە کوردی نییە؟ مەلا هەندێ داما وەڵامی دایەوە، قوتابییەکەی پێ قایل نەکرا ئەویش هەروازی نەهێنا، مەلاش لە ئەنجاما وتی ڕۆڵە کوردی پانە پان (واتە ناگونجێ پێی بووترێتەوە).

**((لە پاشکۆی ژمارە ٣٦١ی ١٠/١٢/١٩٩٥ بڵاوبۆتەوە))**

# با زمانی کوردی بکەین بە زمانی زانست

زمان وەکو یەکێك، لە بنەما سەرەکییەکانی نەتەوە، هێما و نیشانەی ناسینەوەی نەتەوەیە، بایەخدان بەو هێما و نیشانەیە، نیشانەی رادەی ئاست بەرزی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەیەیە، چونکە زمان خەسڵەت و تایبەتێتی نەتەوە هەڵدەگرێت، یەکێك لە ئاشکراکردنی بنچینە و رەگەز و رەسەنایەتی بەڵگە ونبووەکانی مێژووی میللەت زمانە، زۆرجار لێکۆڵەرانی زانستی، بۆ پەردە لەسەر لادانی راستییەکانی مێژووی رابردووی کۆمەڵ، پەنا بۆ وشەکانی زمان دەبەن، بەتایبەتی وشە کۆن و رەسەنەکانی زمانی ئەو میللەتە، کە بە هۆیەوە لە ئەنجامی بەراوردکردن، لە بوارەکانی زمانەوانیدا، بۆ نموونە، وەکو بوون و نەبوونی چەند دەنگێك لە زمانێکدا، یا لە بواری وشەسازیدا دەبینرێت ریشەی هەندێك وشەی زمانێك لەگەڵ گەردانکردنیدا ئاشکرای دەکات ئەم وشانە لە بنەڕەتدا سەر بە چ زمانێکن و گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەگەر وانەبێت چۆن دەتوانرێت بڕیاری ئەوە بدرێت، زمانی کوردی لە بنەڕەتدا لە خێزانی زمانە ئێرانییەکانە و لە کۆمەڵەی زمانە ئارییەکانە یا (ئاری کۆن-هیندۆ ئاری کۆن)ە و لەگەڵ زمانی (فارسی، بەلوجی، پەشتویی، ئەفغانی، تاجێکی سوغدی، ئەسیتینی)دا یەك خێزانە زمان پێکدەهێنن و پاشان هەریەکەش، یا بڵێین زمانی کوردی لە ناویاندا، سەربەخۆیی خۆی لە ئەنجامی گۆڕانی مێژووییدا پاراستووە.

بۆیە دەتوانرێت لە زمانەوە هەنگاوی رەسەنایەتی و بەڵگەی کۆنی مێژوویی، هەر نەتەوەیەکی ئەم جیهانە، هەڵبنرێت، ئەگەر ئەم لایەنە نەبوایە، وەکو مێژوویەکی



تۆمارکراو و حازر بەدەست، زانایانی زمان و کۆمەڵناسان و مێژووناسان، نەیان دەتوانی زۆر بڕیار ساغکردنەوە لەم رووەوە بدەن. بەڵێ بۆیە بەبێ زمان هیچ ناکرێت، بەبێ زمان هەنگاونان بەرەو دواوە دەتبات، زمان گرنگە، دەربڕی حاڵی میللەتە، نووسینێکی پارێزراوە لە ئەرشیفی نەتەوەکەدا، دیاردە و رووداو و بەڵگەکانی دەمێنێتەوە.

ئێمە مرۆڤ بەتایبەتی کورد، زمانەکەمان خزمەتێکی گەورەمانی کردووە، ئەگینا لافاو و کارەساتەکانی مێژوو لە زووەوە نەتەوەی ئێمەی لەبن و بێخەوە پێچابۆوە.

لەبەر ئەمە دەبینین هەوڵدراوە زمانی کوردی قەدەغە بکرێت، لەلایەن هەندێك لێکۆڵەری بێ ئاگاوە بە ناڕەسەن و زارێکی شێواوی زمانی فارسی و هیندی بزانرێت.

بەڵام سروشتی وڵاتی کوردستان و رەسەنایەتی باو و باپیرانی ئێمە، زمانەکەیان لە کارتێکردن و تێکەڵبوونی زمانی ئەم و ئەو دوور خستۆتەوە.

بەم پێشەکییە پێویستە ئەگەرچی تۆزێك درێژیش بوو، دێمە سەر مەبەست:

لە مێژە، رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان، لە پارچە جیاجیاکانی وڵاتە دابەشکراو و لە یەکدابڕاوەکەیدا، یەکێك لە داوا و خواستەکانی بەکارهێنانی زمانەکەیەتی، لە ئاستی نووسین و خوێندندا، بە هەموو جۆر و شێوازێك ئەم هەوڵەی خستۆتە کار، بە هۆی بارودۆخی و هەوڵی بەردەوامی ئەم داواکارییەی لە بەشێکیدا بەر و ئەنجامی هەبووە، ئەگەرچی تووشی هەڵکشان و داکشانیش بووە، بەڵام بەردەوامی و بەکارهێنانی زمانی کوردی، لەم بەشەیدا، بە ئاسانی دیارە و لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە، کە ئێستا لە تەواو بووندایە بۆتە زمانی خوێندن و نووسین، لە قۆناغە جیاجیاکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و بگری سەرووتریش، بەڵام خوێندنی قۆناغی سەرووتر بە کوردی بەشی زمانی کوردی زانکۆکانی لێدەرچێت، کە لە دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی (١٩٥٨)ەوە هەیە، لە ئاستی خوێندنی پەیمانگاکان و خوێندنی باڵادا زمانی کوردی لەم بەشەی وڵاتەکەیدا نەکراوە و نەبۆتە زمانی خوێندن و زانست.

ئەمە جێگای پرسیارێکی زەقە وەڵامەکەی تا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دیارە و بۆ هەمووان ئاشکرایە. بەڵام ئەی لەو ساڵە بەدواوە بۆچی؟! باشتر بڵێین بۆ زمانەکەمان بە دەست و بە بڕیاری خۆمان نەکردووە بە زمانی زانست؟! هەرچەندە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تری لەم روانەوە، دەڵێین زمانی کوردی جێگا و شایستەی ئەوەیە، ببێ و بکرێ بە زمانی زانست، لە زانکۆ و پەیمانگا و خوێندنی باڵادا. ئەی بۆچی نەکراوە؟! لەبەر ئەوەی وەکو هەندێك بێ ئاگا و نەشارەزا لە زمانی زانست، زمانی کوردی بە زمانی زانست نازانن، ئەگەر وایە کێ هەیە شایەتی و دان نەنان بە زمان و شێوازی کتێبەکانی (فیزیا، کیمیا، بیرکاری، گیانەوەرزانی، ئابووری، کۆمەڵناسی، ئەندازە، جەبر-رووەکناسی...هتد)ی وەزارەتی پەروەردە بەشی خوێندنی کوردی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی، ئایە چ ناتەواوی و نارێکی لەو کتێبانەدا، وەکو زمانی زانست، بۆتە ئاستەنگی تێنەگەیشتنی قوتابی و مامۆستا، بە پێچەوانەوە قوتابی هەبووە، تا خوێندن بە عارەبی بوو، قوتابییەکی ئاست نزم بوو لە رووی زانستەوە، بەڵام دوای بڕیاری خوێندنی کوردی لە بەیانی ئاداری ١٩٧٠ەوە هەمان قوتابی ئاستێکی تری وەرگرت و لێم پرسی: ئەی بۆچی لە قۆناغی سەرەتایی خراپ بوویت، وتی لە عەرەبییێکە تێنەگەیشتم، بەڵام کە کوردێکە دەخوێنمەوە یەکجار وەری دەگرم، ئێستا هەمان کەس لە بواری تەندروستیدا کارمەندی زانستییە.

هەرچەندە ناکرێت، ئەمە بە تەنها وەکو هۆیەك وەربگیرێت، بەڵام هیچ نەبێت، هەنگاوی خێراتری بۆ بنێین، تا کوردی بکرێتە زمانی زانست، ئەی باشە خۆ وانەی مێژوو، جوگرافیا، رێبازی لێکۆڵینەوە (منهج البحث) لێکدانەوەی زانستەکانی تر، هەروەها کۆمەڵناسی ئاستەنگ و گران نین، بۆ کردنە زمانی زانست.

لەم رووەوە، حەز دەکەم وا هەنگاو بنێین، کە ئێمەی مامۆستایان و رۆشنبیرانیش، ئەرکی ئەم کارەمان لەسەرە، نەك هەر بە تەنها لەسەر لێپرسراوان بێت، دەبێت ئێمە هاوکار و جێبەجێکەر بین، یارمەتیدەر و رێگا خۆشکەر بین، داواکاری ئەم مەسەلە پیرۆزە بین.



دڵنیام لێپرسراوان درێغی ناکەن و بڕیار و هەنگاوی پێویست و گونجاو و لەبار دەدرێت لەم رووەوە، جێگای خۆیەتی، هێما بۆ ئەوە بکرێت، لە ئەنجامی قسە و باسدا رای وا هەیە دەڵێ زمانی کوردی زمانی زانست نییە، بۆیە پێویستە هێما بۆ کتێبی زانستە چەسپاوەکان بکرێت، کە بە کوردییە و لە ساڵی حەفتاوە بەردەوامە وەکو لەم وڵات و نیشتمانە نەبن، یا بێ ئاگابن هەرچەندە مەبەستم لێرەدا زانستییە نەك شتی تر، بۆ تا زووە هەنگاوی پێویست و خێرا بنرێت لەم رووەوە پێویستە، بە تایبەتی لە زانکۆکاندا، نەك قوتابی ملکەچ بکرێت، بە زۆر بۆ وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوە بە زمانی تر.

دیومە و بیستوومە لە تاقیکردنەوەی هەندێك لە دەرسەکاندا قوتابی وتوویەتی ناتوانم وەڵام بە زمانی عەرەبی بدەمەوە، با بە کوردی بنووسم قەیناکات، چونکە ئامادەیی و قوتابخانەم بە زمانی کوردی بووە؟ وەڵامەکەی پووچەڵ کراوەتەوە و وتیان دەبێت، بە عەرەبی وەڵام بدەیتەوە، ئەگینا وەڵامەکەت پشتگوێ دەخرێت.

باشە تاوانی ئەم قوتابییە چییە و کێیە؟! یا بۆ هەست و روحی کوردایەتی و نەتەوەپەرستی مامۆستا، بەرامبەر بە زمانی نەتەوەکەی و بەرامبەر بە قوتابییەکەی هێندە لاواز و لە ئاستێکی نزمدا بێت؟.

تا کەی خەڵکە بە زل و مەزن و خۆمانیش بە کەم و سووك بزانین؟ تا کەی زمانی خەڵکی بە بەرزتر و زمانی کوردی بە نزمی سەیر بکرێت؟!! جێگای داخە دوای هەشت ساڵ لە کارگێڕێتی خۆمان و لە دەسەڵاتی کوردی رەفتار و دیاردەی وا هەبێت و لە ناوماندا مابێت.

من بۆ ئەمە دڵنیام ئەم بەڕێزانە زمانە کوردییەکەی خۆیان لاوازە و ناتوانن بە کوردی وانە بڵێنەوە، بۆیە وا رەفتار دەکرێت، ئەمجا بە شێوەیەکی تر خۆیان دەنوێنن و دەڵێن زمانی کوردی زمانی زانست نییە، یا فلانە وانە چۆن دەبێت بە کوردی بووترێتەوە، حاجی قادر وتەنی:

## کوردی بڵێ چییە عەیبی
## هەر کەلامی حەقە نییە عەیبی

لێرەدا نموونەیەکی پێویست دەهێنمەوە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی جەزائیر بڕیاردرا، دەبێت تا ساڵی ١٩٧٠ زمانی زانکۆکانی جەزائیر بکرێتە عەرەبی، یا گریگواری کاهین و پیاوی ئایینی فەڕەنسا، لە سەدەی شانزەدا بەیانێکی بۆ بە فەڕەنسی نووسین، لە فەڕەنسادا بڵاوکردەوە، با واز لە زمانی لاتینی بهێنن و روو بکەنە زمانی نەتەوەیی، لە خوێندن و زانست و رەسمیاتدا، دەبا هەموومان وەکو حاجی و ناڵی بە بەرزی و بە شکۆوە بڕوانینە زمانی نەتەوەییمان و مامۆستایان بە کوردی وانە و زانستەکان بڵێنەوە و هەنگاوی دروست و بڕیاری مێژوویش، بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە دەربچێت. تاکەی! زمانی زانکۆ و پەیمانگاکان بە زمانی کوردی نەبێت؟

وڵاتی وا هەیە، ئەگەر قوتابی، لە زمان و ئەدەبی وڵاتەکە، لە تاقیکردنەوەدا، دەرنەچێت ئەوا لە وانەکانی تریشدا بە دەرچوو نازانرێت و لە پۆلەکەیدا دەمێنێتەوە. واتە دەرچوونی لە زمانی رەسمی وڵات و نەتەوە مەرجی دەرچوون و سەرکەوتنە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تری خوێندن.

زمانی نەتەوە، بە بەکارهێنان و بە کردنە زمانی زانست و وشە و زاراوەکانی دەوڵەمەند و فراوان دەبێت و بەرەو پێش دەچێت و لەنوێ بوونەوەدا دەبێت.

لەلایەکی ترەوە، زۆر هەیە یا ئەوانە کەم نین، کە دەڵێن کەی زمانی کوردی وەکو زمانی زانست بەکارهاتووە؟! باشە ئەگەر وایە فەرموو با بەکاری بهێنین و بیکەینە زمانی زانست و هەنگاوی راست و بەرنامەداری بۆ بێنین، خۆ ئەگەر ئێستاش بەکار نەهێنرێت، نەوەی دواتریش هەمان بیروڕایان دەبێت، بۆیە با زووتر هەنگاوی بۆ بنێین و بەهەشتی عەبدولواحید نوری وتەنی با نەبینە دڕك لە رێی زمانی کوردیدا، خانووی زمانی کوردی بە خوێنی دڵ ئاو بدرێت و بەرەو پێشەوەی بەرین.



لە پەراوێزی ئەم باسەوە پێویستە زانکۆکانی کوردستان بە تایبەتی بەشی مێژوو، کۆمەڵناسی، جوگرافیا، بابەتی نامە زانستییەکانی ماستەر و دکتۆرا لەسەر مێژوو، کۆمەڵگە و جوگرافیای کوردستان بێت و لەم رووەوە ئاستی لێکۆڵینەوەی جیاواز و هەمە لایەن بگرێتە خۆی شێوەی دیراساتی کوردی فراوان بکرێتەوە. نەك زۆربەی ئەم نامانە لەسەر مێژووی ئەملا و ئەولا بن وەکو: سەلاجقە، الامن فی مصر... هتد، پێویستە رێگا نەدرێت بەم جۆرە باسانە، تەنها ئەوانە نەبێت کە پەیوەندییان یا پەیوەندی راستەوخۆیان بە کوردەوە هەیە.

ئێمە ئەگەر دەربەستی خۆمان نەیەین، ئەی کێ خەممان دەخوات، وەکو تاکو ساڵی ١٩٩١ هەموو شتێکی کورد دیزە بەدەرخۆ نەکرابوو، بۆیە پێشنیان رەحمەتیان لێ بێت وتوویانە: تا ماڵ وەستا بێ، مزگەوت بەتاڵە. با ئەم بەشە زانستییانەی زانکۆکانی کوردستان ببنە ئاوێنەی روونی کوردەواری و بە خەڵکی بناسێنین، مێژووی کورد زۆر دوور و درێژە وەکو مێژووی سەردەمی کۆنی پێش زایین و هی پاش زایین، سەردەمی ئایینی ئیسلام، مێژووی میرنشینە کوردییەکان لە رووی دەسەڵات، کاروبار رێکخستن و کارگێڕی، خوێندن و زانست، چۆنیەتی حوکم کردن، چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی، بایەخدانی ئەو دەسەڵاتانە بە خوێندن و زانست و ئەدەب و هونەری سەردەمەکەیان، هەڵوێستی میرەکان لە رووی بیری نەتەوەییەوە، قۆناغی کۆمەڵایەتی کورد، داب و نەریتی کوردەواری...هتد.

هەر میرنشینێکی کوردی، لە رووە جیاجیاکانەوە، وەك کارگێڕی، سەربازی، کۆمەڵایەتی، پەیوەندی ناوەوە و دەرەوەی میرنشینەکە هەروەها لەگەڵ دەوروبەر...هتد مێژووی نوێ.

بە راستی ئێمەی کورد لەم رووەوە زۆر هەژارین و کتێبخانەکانی کوردستان چاوەڕوانی دەیان و سەدان و هەزاران کتێب و نامەی زانستییە، ئەگەر زاتێکی گەورەی وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر نەبوایە، زۆر شتی ورد و ونبووی خۆمانمان نەدەزانی، کتێبی (مێژوو زانستی مێژوو و مێژووی کورد) نەبوایە بە دەیان

رووداو و کەسایەتی کوردی پەڕیوە و دوورە ولاتمان نەدەناسی و لە کیسی مێژوو دەچوون، بۆیە زانکۆکانی کوردستان پێویستە هەردەم راوێژی ئەو زاتە بکات لە رووی رۆشنبیری بەگشتی و لایەنی مێژوو بەتایبەتی. دوا شت حەز دەکەم ئەو بڵێم و بیر بخەمەوە، تا ساڵی ۱۹۹۱، تامەزرۆیی ئێمەی کورد ئەوەندە زۆر بوو، لێرەو لەویٰ دڵمان بە هەواڵێك خۆش بوو، کە فلانە هونەرمەند و ئەکتەر و نووسەر لە میسر، لوبنان، سووریا یا لە هەر کوێیەك کوردە، ئەمە هەژاری کورد دەنوێنێت، لە پێش ئەم مێژووە لە رووی بێ هەواڵی و بێ ئاگایی مێژووی خۆمان، بەلام ئێستا بارودۆخ شتێکی ترە با خۆمان لەسەر خۆمان و لەسەر ماڵی خۆمان بنووسین، کوا نامەی زانستی لەسەر ئیبراهیم پاشای بابان، لەسەر مێژووی دامەزراندن و دروستکردنی شاری سلێمانی، پاشای کۆرەی رەواندوزی، بەدرخانییەکان، یەزدان شێر، کەریم خانی زەند، خانزادی سۆران، مێژووی شاری کۆنی ئامێدی... با لە کوردستاندا وەکو لە بەغدا مەڵبەندی تایبەت بە مێژوو و دیراساتی عەرەبی هەیە، خۆ دەتوانین لە کوردستاندا لە زانکۆکانەوە ئەو کارە بۆ مێژووی کوردان و دیراساتی کوردی بکەینەوە. داوای لێبووردن دەکەین، باسەکەم گشتییە و مەبەستم هیچ کەس و دەزگایەك نییە وەکو رەخنە تەنها بیرخستنەوە نەبێت یا هیچ نەبێت وەکو پێشنیار.

((لە رۆژنامەی برایەتی/ ئەدەب و هونەر، ژمارە (۱۵۱) لە ۱۹۹۹/۱۱/۵ بلاوبۆتەوە))

# ((و)) دەنگ و فۆنیمە لە زمانی کوردیدا

یەکێك لە تایبەتەکانی زمان بەگشتی ئەوەیە، هەر زمانەی تایبەتێتی و خاسیەتی خۆی هەیە و بە هۆیەوە لە زمانی تر جیایی دەکاتەوە، هیچ زمانێك بە تەواوی لە زمانێکیتر ناچێت، ئەگەر لە هەندێ رووەش لە یەکتربچن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئەم زمانانە هاوبەش بن بە تەواوی لە رووی دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و رستەسازییەوە. هەندێ تایبەتێتی هەن لە زماندا دەبنە هۆی جیاکردنەوەی لە زمانی تر و ئەم تایبەتێتی و جیاکردنەوەیە لە رووی بوون و نەبوونییەوە لە زماندا مۆرکی رەسەنایەتی بەو زمانانە دەبەخشێت کە ئەو مۆرك و تایبەتێتییەی گرتۆتە خۆی. هەندێك و لەو تایبەتێتییانە لەوانەیە وەکو دیاردە و کەرەسەیەك لە زمانێکا نموونەیان زۆر بێت یا هەندێکی تریان کەم بێت یان لە زمانێکەوە بۆ یەکێکیتر جیادەکاتەوە و رەسەنایەتی خۆی دەردەخات، بۆ نموونە لە زمانا رێك دەکەوێت و هەشە هەندێ دەنگی لە سەرەتاوە زۆر بێت کەچی لە ناوەڕاستا یا لە کۆتاییا کەمتر دەربکەن یان لەوانەیە لە دواوەی وشە هەر نەبن یا لە ناوەڕاستا کەمتر یا لەوێشدا هەر نەبن، یان هەندێك دەنگیتر بە پێچەوانەوە لە سەرەتاوە نەیەن و دەرنەکەون کەچی لە ناوەڕاست و کۆتایی یا هەبن و رادەی دەرکەوتنیان زیاتربێت یان هەندێك دەنگ لە زمانێکا فۆنیم بن لە زمانی ترا هەمان دەنگ فۆنیم نەبن یا شێوەی دارێشتنی مۆرفیمەکان لە ناو قاڵبی وشە پێکهاتندا لە زانێکەوە بۆ ئەویتر بگۆڕێت، یان هەندێ زمان پێشگر و پاشگری بەڕادە بەدەر زۆرن کەچی ناوگری نییە وەك لە کوردیدا ئەم بارودۆخ و حاڵەتە جۆر بە جۆرانەی زمان لە هەر زمانێکا هۆی رەسەنایەتی زمانەکە دەردەخات، با ئەوەش لەبیر نەکەین لە زمانا هەندێ شتی هاوبەش هەن وەك دارێشتنی بەشەکانی رستە لە هەندێ زمانا وەك یەکن. یان هەندێ شتی هاوبەش لە ناو زمانەکاندا هەن کە سەر بە رێزمانی گشتییە (Universal grammer).

با بێینە سەر دەنگی (ء) لە زمانی کوردیدا لەم روانەی خوارەوە لێوەی دەدوێین و روونی دەکەینەوە:



١- دەنگی (ء) لە کوردیدا هەیە و رەسەنە لە سەرەتای وشەی کوردییەوە بەزۆری دێت وەك: ئارد، ئاسن، ئاو، ئاش، ئەسرین، ئاسك، ئاست، ئەز، ئێش، ئازاد، ئاسمان، ئاگر... لێرەدا ئەم نموونانە روونی دەکاتەوە کە ((ء)) لە کوردیدا دەنگێکی رەسەنە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، چونکە لە ناوەڕاستا بوونی نییە و یا لە کۆتایا بوونی دەگمەنە لە کوردیا نەبێت یا رەسەن نەبێت. بۆ ئەوەی زیاتر ئەمە روون بێتەوە دەنگی ((ڕ))ی سووك لە سەرەتای وشەی کوردیا نایەت کە چی لە ناوەڕاست و کۆتاییدا رادەی بوونی زۆرە یا دەنگی ((ڵ))ی قەڵەو لە سەرەتای وشەی کوردیا نایەت و لە ناوەڕاست و کۆتایا دێت یان نموونەی وشەی بۆ هەندێك دەنگ لە زمانێکا زۆرە، کەچی لەویتر کەمە و لەویتر زۆر کەمترە، وەك نموونەکانی وشەی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی بۆ پیتی ((X)) و ((Z)) دا. ئەم دیاردەیە دەبێتە تایبەتییەکی رەسەنی زمان بۆ هەر زمانێك لە یەکتریان جیا دەکاتەوە.

٢- دەنگی (ء) دەبێتە فۆنیم لە زمانی کوردیدا، چونکە واتای وشە دەگۆڕێت بە گۆڕینی لەگەڵ فۆنیمی ترا وەك: (ئەز، بەز، رەز/ ئاش، ئاو، داو، راو، ئاسك، ئاست، ئێش، مێش...هتد).

٣- ئەم دەنگە لە کۆتاییشەوە ئەگەرچی دەگمەنە، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەردەکەوێت و دەبێتە فۆنیمیش وەك:

بۆ بوونی لە وشەدا: نەء.

وەك فۆنیم: نەء، نەو، نەك، نەی.

٤- ئەگەرچی نموونەی دەنگی هەمزە (ء) لە کوردیدا زۆر کەمە و لە ناوەڕاستا نییە و لە کۆتاییشدا کەمە، بەڵام ئەمە لە خۆیا دیاردەیەکە تایبەتێتی و خاسیەتی ئەم دەنگە پێشان ئەدات لە زمانی کوردیا، کە لە سەرەتاوە زۆرە و لە شوێنانی تر کەمترە.

٥- گۆڕانی دەنگی (ء) بە (هـ) یا بە پێچەوانە ئەگەرچی دیاردەیەکە لە زمانا وەك گۆڕانی (و) بە (ڤ) لە چاو-چاڤ، ناو-ناڤ، لە نموونەی ئۆمەر-هۆمەر، یان بە پێچەوانەوە هۆمەر- ئۆمەر، هەرچەندە بۆ ئەم دەنگە لە گۆڕانی بە (هـ) کەمترە، بەڵام دیسان حاڵەتێکی زمانی کوردی پێشان ئەدات.

٦- بوونی دەنگی (ء) لە سەرەتای بڕگە و وشەی کوردیا بەوەی کە ناهێڵێ بزوێن لە سەرەتاوە بێت راستییەك دەردەخات کە بزوێن لە زمانی کوردیا لە سەرەتای وشە و بڕگەوە نایەت، کە ئەمەش تایبەتێتییەکی هەرە دیاری زمانی کوردییە. ((لە پاشکۆی عێراقیی ژمارە (٣٢٢) لە ١٩٩٥/٢/٢٦ بڵاوبۆتەوە)).

## دەنگی رەسەن و ناڕەسەن لە زمانی کوردیدا

بوونی دەنگی رەسەن و ناڕەسەن لە زمانی نەتەوەیەکدا، ناتواندرێ بە خێرایی و سەرپێی بڕیاری بوون و نەبوونی لە زمانەکە بدرێ، چونکە بابەتێکی وا مەسەلەیەکە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی هەیە، تا بچێتە بنج و بناوانی زمانەکەوە و دەقە کۆنەکانی بخوێنرێتەوە و لەو وشانە بگەڕێیت کە ئەو دەنگانەیان گرتۆتە خۆیان، ئەمجا ئەتوانرێ دواپشکنینی چەند قۆناغێك بڕیاری بوون و نەبوونی با باشتر بلێین رەسەنی و ناڕەسەنی بدرێت وەکو دەنگی خۆماڵی دابنرێت، بۆیە وتارێکی ئاوا ناتوانێت چارەسەری مەسەلەیەکی وابکات، بەڵام ئەگەر بڕوانینە چەند دەنگێك وەك (ح، ق، غ، ع) کە دەحکەی زۆری لەسەر هەیە، یا هەندێك بەسەر پێی بڕیاری ناڕەسەنیان ئەدات، لەم بارەیەوە ئەبێ ئەوە بووترێت کە زمانی لە گۆڕاندایە و تووشی گۆڕانکاری قۆناغەکانی کۆمەڵایەتی دەبێت بۆیە گەشە دەکات و پەرە دەسەنێت و هەندێك دیاردە و کەرەسەی تیایدا تووشی فەوتان و نەمان دێت هیواش هەن بەپێی پێویستی ناو کۆمەڵ تازە دێنە ناوەوە، ئەمجا لەم ئاڵوگۆڕەدا هی ئەملا و ئەولای بەپێی کاریگەری لایەنەکانی ژیان و دەوروبەر دێتە ناو و پاش ماوەیەك نامۆیی و ناڕەسەنی خۆی لە زمانەکەدا دەشارێتەوە و وردە وردە گوێی پێڕادێت، بۆیە لەم رووەوە هەندێك دەنگ و دیاردە ئەگەر لەمەو پێشەوە لە ناو زمانەکەدا نامۆ و ناڕەسەن بن، ئەوا بۆ ئێستا نامۆ وەك دەنگی (ح) دەنگێکی رەسەنی زمانی کوردی نییە، چونکە لە ناو کوردی لادێنشین و زمان پاراودا ئەم دەنگە ب (ە) دەردەبڕێت وەك لە وشەکانی (هەیدەر، هەلاج..)، یا دەنگی (غ) وەك لە نموونەی (غاردان، غەوارە، غایلە...) یا دەنگی (ق) وەك: لە وشەی (قاز، قیڕە، قۆز، قاچ)، ئەمانە



ئێستا و لە مێژوویەکی تاڕادەیەك دووریشدا بوونیان بەدی دەکرێت، با لە کۆنیشدا لە زمانی کوردیدا نەبووبن، بەڵام ئێستا دەنگی (ح) دەنگێکی نامۆنییە لە کوردیدا بەتایبەتی بۆ مێژووی نوێی زمانی کوردی بەتایبەتی لە هەندێك وشەدا، یا دەنگی (ع) لە وشەی (عمر)دا دەوترێت (ئۆمەر) یا (هۆمەر) کە ئەو دوانەی دواوە دەنگی رەسەنی کۆنی زمانی کوردین ئەگەرچی نابێت ئەوە لە بیر بکەین ئاڵوگۆڕکردنیش لە نێوانیاندا پەیدا بووە وەك (ع) لە وشەی (عاسمان) بۆتە (ئاسمان)، (عەرد) بۆتە (هەرد)...هتد. ئەم گۆڕان و ئاڵوگۆڕکردنی دەنگانە دەگەڕێتەوە بۆ هۆی گۆڕانی زمانی کوردی و کارتێکردنی زمانەکانی دەوروبەری وەك عەرەبی و فارسی و تورکی... بەتایبەتی کاریگەری زمانی عەرەبی بە زمانی کوردییەوە، بەهۆی باری ئایینی و قورئانەوە لەسەر زمانی کوردی بە ئاسانی دووبارە و وشە و دەنگ تێکەڵی بوونە، لێرەدا و بە هۆی نموونەی دەنگەکانی پێشووە، دەتوانین بڵێین هەندێك لەو دەنگانە وەك (ح، ع) ئێستا دیارە کە لە بنەڕەتدا زمانی کوردی نین و هاتوونەتە ناوەوە، بەڵام وادیارە دەنگی (ق، غ) لەوە دەچن کە ئەگەر بنەڕەتیان دەنگی زمانی کوردی نەبن، ئەوا مێژوویان لە زمانەکەدا زۆر کۆنە. چونکە نموونەی زۆر لە وشەکان هەن کە ئەو دەنگانەیان تێدایە، ئەبێ ئەوەش لە بیر نەکرێت دەنگی رەسەنی واش هەبووە، لە زماندا، بە هۆی گۆڕانەوە ئێستا یا لە مێژووی تازەیدا نییە و بەکاریش نایەت، بۆ نموونە وەك دەنگی (ث) کە لە ئاوێستادا هەبووە پاشان نەماوە و ئێستا یا لە مێژووی نوێی زمانی کوردیدا بەکارناهێنرێت.

**((لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە(٢٥٩٥) لە ٢٤/١٢/١٩٩٦)) بڵاوبۆتەوە.**

# ئایە فەرمانی ((سرەوت)) دەکریٚ بە تێپەڕ؟

بەدوای پێشگریا مۆرفیمی (بـ)دا دەگەڕام لە کتێبی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردیدا لە لاپەڕە (١١١)یدا چاوم بە بیروڕای لێژنە زمان و زانستەکانی کۆڕ لە خاڵی ژمارە یەك دەبارەی فەرمانی ((سرەوت)) کەوت کە بەلایانەوە بەپێی دەستووری گۆڕینی فەرمانەکانیتر، کە دەکرێنە تێپەڕ بە هۆی پاشگری ((اندن))ەوە، ئەم فەرمانی ((سرەوت)) ناکرێتە تێپەڕ وەك ((سرەواندی وەیا سرەوناندی)) بڕوانە (ل١١١ خاڵیٚ ژمارە یەك) گوایە بەم شێوەیە نەیان بیستووە بە هیچ ناوچە و شێوەیەکی زمانی کوردیدا بەکاربهێنرێت.

لێرەدا من مەبەستم لەم ڕوونکردنەوەیە ڕەخنە نییە، چونکە منیش و کەسانی تر لێژنەی زمان و زانستەکانیش بەدەیان وشەی کوردی لە ناو زارەکانی تردا هەن نەمان بیستووە، ئەمەش بە نەنگی دانانرێت، چونکە زمان دەریایەکە بۆ خۆی بەدەیان لق و جوکەلەی لیٚ بۆتەوە و شێوەی وا هەیە لە چەند کوێرە دێیەك بەکاردێت و، کەس حیسابی بۆ نەکردووە یا بە پێچەوانەشەوە شێوە زاری واش هەیە، ناوچەیەکی بەربڵاو پێی ئەدوێن و کەسیش لە نووسەران ناوی نەهێناوە و، وەك ئەوە وایە کە لەسەر نەخشەی وڵاتەکەدا نەبێت و کەچی شێوەی وا هەیە لە دوو سیٚ دیٚ قسەی پیٚ دەکەن. لە ناو لێکۆڵینەوەکاندا ناوی هێنراوە[1]، حیسابی شێوەیەکی زمانی کوردی بۆ کراوە.

---

(١) شێوە زارێکی بچووك هەیە لە نێوان شاری هەولێر و شارۆچکەی تەقتەقدا، کە دەکەوێتە پشتی (تەقتەقە)ەوە بەلای هەولێرەوە وەك دێیەکانی (ئۆمەر گومەت، کانی لەلە، سێگرتکان-سێگردکان-سێکانی) بە شێوەیەکی تایبەت دەدوێن کە زۆر دوورە لە شێوەی ناوچەکانی هەولێر و کۆیە و هەندێکیان بەتایبەتی لە هەردوو دێی کانی لەلە و سێگرتکان سەر بە عەشیرەتی دەربەندین.



بۆ نموونە شێوە زاری شوانی کێشك ناوچەیەکی فراوان قسەی پێدەکەن و لە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانیدا ناوی نەهێنراوە بەتایبەتی لە دابەشکردنی زارەکان و شێوەکانی زمانی کوردیدا کە ئەم دیاردەیە بەپێی پەیڕەوی لێکۆڵینەوەی زانستی بەکەم و کوڕی و ناتەواوی لێکۆڵینەوە دەژمێررێت[2]. لێرەدا پێویست بە درێژەی ئەم باسە ناکات و هەڵی دەگرین بۆ باسێکی تایبەتی و دێمەوە سەر باسی فەرمانی ((سرەوت)) و نەکردنی بە فەرمانی تێپەڕ لەلایەن لێژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕەوە.

ڕاستیکەی فەرمان ((سرەوت)) کە لە چاووگی ((سرەوتن))ەوە وەرگیراوە، سەر بە چاووگە (تائیییەکان)ەو پێش ئەوەی بیگۆڕین بۆ چاووگی تێپەڕ بە هۆی پاشگری ((اندن))ەوە بە تێپەڕی گەردانی بە هۆی ڕاناوی کەس لکاوەوە دەکەین بەم شێوەیە:

سرەوتم — سرەوتین

سرەوتی (تیت)

سرەوتن بۆ ڕابردوو

سرەوت — سەرەوتن

بۆ ڕانەبردوو:

دەسرەوم — دەسرەوین

دەسرەوی (ت) دەسرەون

دەسرەویٚ (ت) دەسرەون

چاووگی تێپەڕی ((سرەوتن)) لەو چاووگانەیە کە بەلابردنی ((ن))ەکەی وەکو لە سەرەوە خستمانەڕوو ڕابردوو دروست دەبیٚ و بەلادانی ((ب))ی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو ڕەگی ڕانەبردوومان دەداتیٚ بەم شێوەیە سرەوت- (ت)- (سرەو) ڕەگی ڕانەبردووە.

---

(٢) بڕوانە وتاری: ١- زارەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، کەمال فوئاد، گۆڤاری زنیاری، ژمارە٤، ساڵی ١٩٧١، ل١٦-٢٤.

٢- فوئاد حمە خورشید، اللغة الكردية- التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد ١٩٨٣.

سرەوت–ت= سرەو+ (اندن) پاشگری تێپەڕ= سرەواندن بەم شێوەیە بەکاردەهێنرێت:
سرەواندن، سرەواندت، سرەواندمان، سرەواندی، سرەوانتان (سرەواندتان).

لە دۆخی کەسی دووەمی کۆدا (سرەونتان) ئاسانترە لە بەکارهێنانـدا، چونکە دەنگی (ت)ی کپە، کار ئەکاتە سەر دەنگی (د)ی ئاوازەدار و نامێنیٚ لە ئاخاوتنـدا و زیاتر (سرەواندتان).

بۆ زیاتر روونکردنەوەی بوونی فەرمانی (سرەواند) وەکو تێپەڕ کە لە شێوەی ئاخاوتنی ناوچەی شوانی کێشکدا بەکاردەهێنریٚ ئەم نموونانە بە رستە دەهێنمەوە:
زللەیەکم سەرەواندە بن گوێیا، حەیفە نەسرەوێنییە بن گوێیا، بیسرەوێنە بن گوێیا.

ئەگەر منداڵێك نارەحەتی بکات بۆ حەوانەوە و داکەساندنی لە کاتێکا کە سرەوتی نەمێنیٚ پێی دەڵێی: داکەسە دوایی دەسرەوێنمە بن گوێیا.

لێرەدا راستییەکی رێزمانی هەیە بۆ سەپاندنی بۆچوونەکەمان وەکو یاسایەك لە زمای کوردیدا چەسپاوە، ئەویش ئەوەیە فەرمانە تێنەپەڕەکانی کە لە رابردوودا بە (ا) یا یە (ارد) و (انـد) کۆتاییان هاتووە لە رانەبڕدووا دەنگی (ا) دەبێتە (یٚ) وەك سووتا-دەسووتیٚ یا (ژماردم-دەژمێرم) بە نەمانی دەنگی (د) و چاندم-دەچێنم.

ئێستا روون بۆوە کە ((سرەوت)) فەرمانی رابردووی تێنەپەڕە دەکریٚ بە تێنەپەڕ بە هۆی پاشگری (اندن)ەوە. مەبەستیش لەم نووسینەدا تەنها نەمان و کەمکردنەوەی گومانە لە مەسەلەی لێکۆڵینەوەی فەرمانی ((سرەوت)) کە دەکرێتە تێپەڕ، ئەگەر چی بوونی گومان و نەبوونی بڕیاری تەواو لە بۆچوون و زانستدا بەتایبەتی لە زانیتی زماندا -لەبەر ئەوەی زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزە- خزمەتی گەیشتن بەڕاست و نەهێشتنی ناتەواوی و کەم و کوڕی لێکۆڵینەوە دەکات.

**((لە رۆژنامەی پاشکۆی عێراقی ژمارە (٣٢٥) بلاَبۆتەوە.))**

# زاری ناوچەی شوان بە بەراورد لەگەڵ زمانی ستاندەردا

نووسین و لێکۆڵینەوە کارێکی ئاسان نییە، ئەمە بێجگە لەوەی لێکۆڵینەوە و نووسین لەسەر بابەتی ئەکادیمی و زانستی، کە خزمەتی زانستی و نەتەوە بکات و بتوانێت لە داوارۆژدا ببێتە سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئایندە، پێویستی بە سەرچاوە هەیە، ئەگەر دەست بکەوێت، بەڵام هەندێك باس، دەربارەی هەندێك بابەت، سەرچاوەی زۆر کەم یا دەگمەنە، یا بەو شێوەیە نییە، کە بتگەیەنێتە ئەنجام.

من ئەم بارەم لە نووسینی وتاری دەربارەی ناوچەی ((شوان))دا بینی کە لە گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژمارە (٤)دا بلاوکرایەوە، نووسین دەبارەی هەندێك ناوچە یا بابەت یا هەندێك زاری زمانی کوردی زۆر کەمە، بەتایبەتی دەربارەی مێژووی هەندێك ناوچە کەرکوك وەکو شوان و چەمچەماڵ و ئاغجەلەر و سەنگاو و قەرەحەسەن...هتد بە تایبەتی لە مێژووی کۆندا، دەتوانم بڵێن هەر نییە[3]، لە مێژووی نوێ و هاوچەرخیشدا دیسان زۆر کەمە و دەگمەنە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باری نالەباری نەخوێندەواری، یا کەم خوێندەواری ناوچەکە، لەلایەك و باری سیاسی ئەو ناوچانەی کەرکوك، کە لە کۆنەوە خەریکی گۆڕینی سیمای ناوچەکەن تا لە کوردەواری بیبسڕنەوە[4]، یا فەرامۆشکردنی ئەم جۆرە باسانە لەلای ئێمە کورد خۆمان، لەلایەکی ترەوە بوەستێ.

(٣) د. زەنون پیربادی، سەرنجی بۆ ئەم باسە لە رەنگینی ژمارە (٩٨)ی ١٩٩٧، لاپەڕە (١٢-١٣) راکێشاوە، کە تیایدا باس لە گەڕەکی پیربادی کەرکوك و پیربادی چەمچەماڵ دەکات.

(٤) یەکێك لەم سیاسەتە و دیاردانەی دژی شاری کەرکوکی کوردان، بە فەرمانی رەسمی کارگێڕی خۆجێیەتی (الاداره المحلیه) پارێزگاری کەرکوك لە ساڵی ١٩٧٦ نووسراوێکی رەسمییان ئاڕاستەی کتێبخانەی گشتی کەرکوك کردبوو (بەداخەوە ژمارەکم لا نییە) تا کتێبە کوردییەکان بە تایبەتی گرنگەکان ببرێتەوە بۆ ئەو



لێرەدا حەز دەکەم راستییەك دەربڕم، باسی هەندێك ناوچە و شوێن هەروەکو وتمان لەلای نووسەرانی کوردیش پشتگوێ خراوە. بۆ نموونە ئەو ناوچانەی لە سەرەوە ناومان بردن، باسیان زۆر بە کەمی بە مێژووی نوێدا کراوە، یا ناوچەیەکی فراوانی وەکو پارێزگای کەرکوك کە شوێن و مەڵبەندی چەندین شێوە زاری جیاوازی زمانی کوردییە و هەریەکەی ناوچەیەکی کارگێڕی وەکو (ناحیە و قەزا) دەگرێتەوە، کەچی لە لێکۆڵینەوەی باس و دیاریکردنی زارەکانی زمانی کوردیدا، بێجگە لە هەندێك نووسەری بە ئاگا و هۆشیار نەبێت، باس لە پارێزگای کەرکوك هەر نابینرێت[5].

ئەمجا ئەم باسە بە بیروڕای من کەوتۆتە سەرشانی نووسەرانی خەڵکی ناوچەکە تا پێکەوە، هەر کەس لە ئاستی خۆیەوە، قۆڵی لێ هەڵماڵێت و بەپێی توانا ئەم ئەرکە پیرۆزە و کوردانەیە، ئەنجام بدەین و یا ئەوەی هەیە فراوانی بکەین.

ئەم باسە پێویستە لێرەدا بکرێت، یا بە بیری بهێننەوە، چونکە خەڵکی ئەم ناوچانە بێ ناز و دڵشکاو و لێقەوماون، تامەزرۆی ئەم باسانەن تا بتوانرێ لە کەسایەتییان بەرز بکرێتەوە، چونکە ناسنامەی کۆمەڵایەتی و مێژوویان لە کۆندا فەرامۆش و ئێستاش راگوێزراون، ئەگەر فریای نەکەوین ون دەکرێت. لێرەوە، دێمە سەر باسی زاری ناوچەی شوان، وەکو دیاریکردنی ناوچەی زارەکەی و جیاوازی نێوان زاری ناوچەی شوان، بەوەی کە بە دوو شێوە زاری قسە دەکەن و ئایە ئەم زارانەی ناوچەکە، سەر بە کام زار و

فەرمانگەیە و هێڵی سووریان بەسەر ناوی ئەو کتێبانەدا کێشا بوو لەسەری بە قەڵەمی سوور نووسراو بوو ((سحب بأمر المحافظ الى الادارة المحلية)) ئەمەم بە چاوی خۆم دیوە و خوێندومەتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی هیچ گۆڤار و رۆژنامەی کوردی و کتێبی نوێ لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە بۆ ئەم کتێبخانەی کەرکوکە نانێردرێت. هەموو کتێبە کوردییەکانی ناگەیشتە (٧٠) کتێب یا ئەوانەی بە تایبەتی لەسەر کوردن.

(٥) بێجگە لە مامۆستای نەمر گیوموکریانی، عەبدولڕەحمان زەبیحی، غازی فاتح وەیس باسی هەندێك زاری پارێزگای کەرکوکیان بە کورتی کردووە، ئیتر لە کوردەکان کەس بەلایدا نەڕۆیشتووە و ئەم ناوچە فراوانەی کە چەندین زاری وەکو: کاکەیی، زەنگنە، شوان، شێخانی لێیە و هەموو ناوچەکە، وەکو زار لە هەندێك نووسیندا، براوەتەوە سەر زاری سلێمانی، کەچی جیاوازییان هەیە لەگەڵ یەکتر.

دیالێکتی گەورەی زمانی کوردین؟ لەگەڵ ئەوەی ئایە ئەم زارانەی ناوچەکە، سەر بە زاری گەورەی پارێزگای کەرکوکن، یا سەر بە زارێکی ترن؟ لەم باسەدا بەپێی ئەوەی خەڵکی ناوچەکەم و شارەزایی و پسپۆڕی من لە بارەی زمانی کوردییەوەیە، هەوڵ دەدەین پێناسەی راستی بدەینە ئەم زارە و شوێن و مەڵبەندی لە ناو نەخشەی زمانی کوردیدا دیاری بکەین. کە ئەمە بێگومان کەڵکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و زمانەوانی خۆی دەبێت و لە کەڵك و سوودمەندی بەدوور نابێت.

خەڵکی ناوچەی شوان کە بریتییە لە (٧٦) دێ زیاتر بە دوو شێوەی جیاواز لە یەکتر قسە دەکەن، هەر شێوەیەکی پەیوەندی بە دیالێکتێکی گەورەی زمانی کوردییەوە هەیە، لە یەکتریش زۆر جیاوازن، زارێکیان کە زۆربەی خەڵکی ناوچەکە قسەی پێدەکەن و لە زاری سلێمانی یا باشتر بڵێین لە پوختەی زاری کرمانجی ناوەڕاستەوە زۆر نزیکە، یا زۆر کەم جیاوازە، جیاوازییەکەش پەیوەندە، بە هەندێك نموونەی کەمی دەنگسازی (Phonology) و وشەسازی و رستەسازی (Syntax)[٦]، کە لەم وتارەدا هەوڵی روونکردنەوە و دیاریکردنیان دەدەین. زاری دووەمیان قسەپێکەرانی کەمترە، لە زاری ناوچەکە و دەوروبەری ناکات و لە زاری خانەقینی، سنەیی، فەیلی، گەڕووسی لە (پارێزگای سنە، دەربەندی و لووڕییەوە نزیکە و من لەم باسەدا زیاتر بایەخ بە زاری ناوچەی شوانی کێشك دەدەم، لەبەر ئەوەی جیاوازترە، لە زارەکانی کرمانجی ناوەڕاست و ناوچەکەی، مەگەر ئەوانەی ناوچەکەیان دیبێ، بیستوویانە. زاری شوانی کێشك، بەپێی دەربڕینی قسەکردن و بوونی هەندێك دەنگی هاوبەش، بەتایبەتی لە زارەکانی تردا و، بوونیان لە زاری شوانی کێشك و هەروەها لە زاری فەیلی و خانەقینی و لوڕی...هتد.

لەگەڵ بوونی وشەی هاوبەش لە نێوانیاندا، زاری شوانی کێشك دەچێتەوە، سەر زاری فەیلی و خانەقینی و لوڕی و سەر بە دیالێکتی کرمانجی باشوورین، کە لە زاری (لوڕی)دا

---

(٦) بۆ نموونە خەڵکی شاری سلێمانی دەنگی (ە) قووت ئەدەن و پاشگری (ەوانێ)ش لە کەرکوك بەکارنایەت و راناوە لکاوەکانیشی لە رستەدا شوێنیان پێچەوانەی زاری سلێمانییە، راستە لە یەکترەوە نزیکن، بەڵام جیاوازیشیان هەیە.



خۆی دەنوێنی و دیارە. بۆیە گومان لەوەدا نییە، کە زاری شوانی کێشك دەچێتەوە سەر قسەکردنی مەڵبەندی باشووری زمانی کوردی، کە بە گشتی ناوچەیەکی گەورەی لە باشووری کوردستانی رۆژهەڵات (ئێران) تا دەگاتە سەر ئاوی کەنداو لە ناوچەکانی: لوڕستان، کرماشان، دینەوەر، ناوچە (سونغور)[*]، مەندەلی، بەدرە، جەسان، خانەقین دەگرێتەوە.

مامۆستا گیو موکریانی نەمر دەڵێت ((ئامرازی گەل)) (مەبەستی لە کۆیە- نووسەری ئەم باسە) لە ئەردەلان، لوڕستاندا بە فەیلی و لوڕ و بەختیاری و شوان و کەڵهورەوە ئەمانەن: (ان، یان، ل، یەل، گەل)[٧].

مامۆستا گیو راستی پێکاوە، بەوەی ئەم زارانەی سەرەوە کە ناویان براون، نیشانەی کۆیان وایە و بەزۆریش نیشانەی (یەل، دل، گەل) بەکاردێن و لە زاری شوانی کێشکیشدا بەکاری دێنن وەك لەم نموونانەدا:

مێگەل، کوڕەل، برایەل، براگەل، کچەل، سەگەل، گایەل، مامۆستایەل، چاڵ خانگەل (واتە ناوی شوێنە بۆ شوێنیك کە خانووی لێیە و بۆتە ناوی). هەروەکو وتمان، ناوبراو زاری شوانی لەگەڵ ئەو زارە کوردییانەی باشووری لە قەڵەم داوە.

مامۆستا گیو لە کتێبەکەی دیکەیدا، کە فەرهەنگی مهابادە، ناو شوانی، لەگەڵ رۆشنبیران و نووسەرانی هەمان نووسەری ئەو زارانەی کە لە سەرەوە ناومان بردن، هێناوە و دەڵێت: ((لە بەغدا نێو برا فەیلی و لوڕ و کەڵهوڕ و شواناندا زۆر کەسی وەکو دکتۆر جعفر و... یارمەتییەکی زۆریاندام[٨].

ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بەوەی کە شوان سەر بە زاری کرمانجی باشوورییە. بۆ هەمان مەبەست، کە زاری شوانی کێشك، سەر بە کۆمەڵە زاری کرمانجی باشوورییە،

---

(*) د. کەمال فوئاد لە لاپەڕە (٢٠)ی گۆڤاری زانیاری ژمارەی (٤)ی ساڵی ١٩٧١ ئەمەی دیاری کردووە.

(٧) گیو موکریانی، ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە پیتی لاتینی، هەولێر، ١٩٧٢، ل١٣.

(٨) گیو موکریانی، فەرهەنگی مهاباد، هەولێر ١٩٦١، ل٦، لە وتاری ((شوان)) لە گۆڤاری هاواری کەرکوك هێما بۆ ئەمە کراوە، بڕوانە، ل٣٥-٤٧.

بەڕێز حەمیدی ئیزەد پەناه لە فەرهەنگی لەك و لوڕدا، دەڵێت تا ئێستاش، لە ناو فەیلییەکانی ناوچەی لوڕستانی بچووکدا، گەلێ خێڵ و هۆزی پەڕاگەندەی وەکو: مەهکی، هلێلان، شوان هەن و ماونەتەوە. ئەمەش بەڵگەیەکی تری بەهێزتر، کە زاری شوان و لەك و لوڕ لە یەکترەوە نزیکن و سەر بە یەکترین و زاری شوانی کێشکیش، زارێکی بچووکی دیالێکتی کوردی باشوورییە. بۆ هەمان باس مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی هۆزی شوانی ناوچەی کەرکوك لە بنەڕەت و بنچینەدا دەباتەوە سەر هۆزی گەورەی شوانکارە، کە لە لوڕستان نیشتەجێبوونە[9].

مامۆستا عەبدولڕەحمانی ئەمین زەبیحی نەمر خاوەنی فەرهەنگی ((قامووسی زمانی کوردی)) لە بارەی دابەشکردنی زارەکانی زمانی کوردییەوە، لەسەر بنچینە و بناغەیەکی دابەشکردنی جوگرافییەوە زارەکانی زمانی کوردی کردووە بە سێ هێڵ و شوێنی جوگرافییەوە، وەکو زاری شوانیشی لە بەشی زارە ناوەندییەکانی زمانی کوردی داناوە[10].

ئەمە هەروەکو وتمان دابەشکردنێکی جوگرافی زارەکانە لە شوێنەکانیدا کراوە، لەم ڕووەوە ڕاستە، بەڵام دابەشکردن و دیاریکردنی زاری زمان لە مەڕ بنچینە و بناغەی لێکچوون و جیاوازی نێوان زار ئەنجام دەدرێت، لە ڕووی جیاوازی ڕێزمانییەوە (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی)یەوە لە یەکتر جیاواز دەبن یا لە یەکتر دەچن، چونکە زۆرجار دوو زاری وەك یەك و دوور لە یەکتر ڕێکدەکەوێت، لە یەکترەوە زۆر نزیك بن، وەکو زاری هەورامانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زازاکی ناوچەی دەرسیم لەوپەڕی ڕۆژئاوای کوردستان، یا بەپێچەوانە دووانی نزیك لە یەك جیاوازن. ئەمجا، زاری شوان لە ڕووی

(9) ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٢٧)، ل١٤-١٧.

(10) عبدالرحمان ئەمین زوبیحی، قامووسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم(ء)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧، ل٤٢، ئەم نووسەرە خۆی لە کاتی ئاوارەبوون و کوردایەتیدا بەشداری لەگەڵ شۆڕشی کوردستانی باشووردا لە ناوشوان بووە. لە وتاری (شوان)ی هاواری کەرکوك، ژمارە(٤) هێمام بۆ ئەمە کردووە.



ڕێزمانییەوە، سەر بە دیالێکتی باشووری زمانی کوردییە، هەرچەندە مامۆستا زەبیحی زاری شوانی لە ڕیزی سنەیی و گەڕووسیش داناوە، کە سەر بە زاری باشوورین.

شتێکی گرنگ کە پەیوەندیی بەم باسەوە هەیە، ئەوەیە ناکرێت زار بەگشتی و زارەکانی زمانی کوردی، هەمووی یان زیاتریان، لەسەر بنچینەی زاری گەرمیان و زاری کوێستان، باس و بەراورد بکرێت، ڕاستیکەی ئەمە کارێکی نازانستییە، لە ڕووی بەراوردییەوە نالێم، بەڵکو وەکو دوو زاری جیاواز، چونکە زاری گەرمیان ئەگەر ئەو زارانە بن، کە لە سنووری پارێزگای ناوچەی گەرمیان (گەرمەسێر) بن، ئەوا لە سنووردا یا لە سنووری پارێزگای کەرکوکدا، چەند زارێکی زۆر جیاواز لە یەکتر هەن، وەکو زاری کاکەیی و زەنگنە سەر بە زاری گۆرانن (هەورامانی)، لەگەڵ زارەکانی دیکەی ئەو هەرێمەدا، وەکو شوان، زاری داودە و تاڵەبانی جیاوازن، بێجگە لە زاری دیکەی وەکو شێخانی، زاری کوێستانیش ئەگەر مەبەست لە زاری ئەدەبیی و ستاندەری کرمانجی ناوەڕاست بێت، بەوەی کە لە هەرێمی کوێستاندایە، ئەوا دیسان هەڵەیەکی زۆر گەورەی زمانەوانی و زانستییە، چونکە لەو هەرێمەشدا و لە ناو ئەم زارەی کرمانجی ناوەڕاستدا، دیسان زاری جیاواز لە یەکتر وەکو: (موکریانی، سۆرانی، سلێمانی) هەن، ئیتر چۆن دەبێت، ئەم دابەشکردن و بەراوردە بەناونیشانی زاری (گەرمیان) و زاری (کوێستان) بکرێت!، چونکە ئەو دوو ناوە ناوچەی فراوانی جوگرافین و هەروەکو وتمان هەریەکەیان لە چەندین زاری جیاوازی لە یەکتر پێکهاتوون و لە ناو زارێکی (دیالێکت) گەورەتر دان.

ئەم کار و دەربڕینە لە کتێبی ((ڕستەسازی و شیتەڵکاریی زانستی)) د. شێرکۆ بابان دەبینرێت و زۆر پەلەی لەم دیاردەیە کردووە[11]. چونکە ئەوەی ئەو باسی کردووە، بەم دوو ناوە، مەبەستی دیاریکردن و جیاوازی کردنی نێوان ئەو دوو زارە،

(11) د. شێرکۆ بابان، ڕستەسازی شیتەڵکاری زانستی، هەولێر، ١٩٩٦، ل١، ٣٦، ٣٩،...هتد بێجگە لەوەش کارەکانی خۆی بە بڕیاری تەواوەوە بڕیارداوە، کە ئەمە پێچەوانەی کاری ئەکادیمییە.

له ناو هەر یەکێکیان زاری جیاواز هەیە و ناکرێت کۆبکرێنەوە بە ناوی زاری ((گەرمیان و کوێستانەوە)).

له رووی دیاریکردنی زاری شوانەوە دەگەینە سەر ئەوە بڵێین زاری شوانی بە گشتی، بێجگە له زاری شوانی کێشك، سەر بە زاری کرمانجی ناوەڕاستە، چ له رووی رێزمانی و چ له رووی جوگرافییەوە، بێجگە لە هەندێك جیاوازی کەمی دەنگسازی و وشەسازی رستەسازی، بەڵام زاری شوان کێشك لەو روانەوە دەچێتەوە سەر زاری کرمانجی باشووری (لوڕی). له پیاوە تەمەندارەکانی ناو شوانم بیستووە گوایە شێوەی قسەکردنی زاری شوانی کێشك دەچێتەوە سەر زاری گەڕووسی باکووری رۆژهەڵاتی شاری سنە[12].

ئەمجا لێرەوە رێزمانی پێویستی ئەم زارە دەخەینەڕوو، له کوێشدا پێویستی بە نموونە و لێدوانی بەراوردی هەبێت، لەگەڵ زمانی ستاندەر و ئەدەبییەکەدا، دەیخەینەڕوو.

سنووری زاری شوانی کێشك: هەروەکو وتمان ئەم زارە له هەموو ئاستەکانی زماندا جیاوازی تیا بەدی دەکرێ، زاری شوانی کێشك لەم دێهاتانە بەکاردەهێنرێت، کە لە باشوور و رۆژئاوای چەمی شیوە سوورەوە دەست پێدەکات، کە دەکەوێتە بناری کەلی سماییل بەگی و بان شوانەوە: ناڕوجەی گەورە[13] ناڕوجەی ئەحمەد رەجەب، ناڕوجەی حاجی جەرجیس، سمایل بەگی، خدر شیرین، حاجی بەیخانی سەروو، حاجی بەیخانی

(١٢) له پیاوە پیر و بەساڵاچووەکانی لای خۆمانم بیستووە و نەوەی دوای ئەوانیش دەڵێن خەڵکی شوان له ناوچەی گەڕووسی سەر بە شاری سنەوە هاتوون و گوایە ئاخاوتنیانیش وەکو یەکە. د. کەمال فوئادیش له گۆڤاری زانیاری، ژمارە (٤)ی ١٩٧١، ل٢٣دا.

دەڵێت ((..له ناوچەی (گەڕووس) له باکووری رۆژهەڵاتی (سنە) زاراوەیەکی تایبەتی قسە ئەکەن زۆر جیاوازە له (سنەیی) و (موکری)، دیسان ئەمە دڵنیامان ئەکاتەوە، کە زاری شوانی کێشك یەکێکە له زارەکانی کوردی باشووری هەر چەندە نووسەر ناوی زاری شوانی نەهێناوە.

(١٣) له وتاری (شوان) گۆڤاری کەرکوك بە هەڵەدێی ناڕوجەی گەورە و ناڕوجەی حمەبلە کە هەردووکیان ناوێکن بۆ ئەم دێیە لەلایەن هەڵسەنگێنەری وتارەکەوە کراون بە دوو دێ، راستیکەی یەك دێن و له کەوانەدا ناوی دووەمیان دانرابوو.



خواروو، جانقز، رێدار، قولی بەگ، قەرەبلاغ[14]. گەنیاك، کەرەدێ، مەمان، گورزەبی.. ئەم دێهاتانە، دەکەونە رۆژئاوای ناوچەی شوانەوە، کاریگەری ئەم زارە بە قسەکردنی دێهاتی دیکەی شوانی کێشکەوە، دیارە وەکو دێی: جەوەجەوە، عەلی بەیان، تۆراغ، حەسارتەها،...هتد. له سنووری شواندا بەگشتی زاری ناوچەکە وەکو ناوچەی زاری سلێمانی بە هەندێك جیاوازییەوە قسە دەکەن، یا وەکو پوختەی کرمانجی خواروو.

تیرەی (ورام) وەکو دێهاتی (مۆرد، توورکە، هەردوو تەپە کوڕەی سەروو، تەپەکوڕەی خواروو، تەرەقە، دوو شیوان، تورکمانباخ، برایم زانە، کارێزەی خاڵخاڵان، تاڕادەیەك عەلی موسا و مامرەش و ناسر و میسر و دێی کلاوقوتیش)[15] شێوەی قسەکردنیان هەروەکو زارە گشتیەکەی شوانە، بە هەردوو بەشی کێشك و شوانی خاسەوە بێجگە لەم زارە، جیاوازییەکی کەمی چۆنیەتی دەربڕین و گۆکردن (تلفظ-Phonetic) رێزمانی هەیە، کە بەڕادەیەکی زۆر کەمە لەم وتارەدا روون دەکرێتەوە.

## زاری شوان له رووی دەنگسازییەوە:

زاری شوان هەروەکو بەشێك له زمانی کوردی، دەنگەکانی وەکو دەنگی زاری کرمانجی ناوەڕاستن، چونکە زاری شوان بێجگە له زاری شوانی کێشك یەکێکە له زارەکانی کرمانجی ناوەڕاست، جیاوازی له بوون و ژمارەی دەنگە بزوێنەکانی لەگەڵ زمانی ئەدەبی و (ستاندەرد)دا نییە و هەشت بزوێنی هەیە و ئەوانی دیکە نەبزوێنەکانن. بەڵام دەنگەکانی زاری کرمانجی باشووری (لوڕی) له رووی ژمارەوە (نۆ دەنگن)، بەم شێوەیە دەردەکەون:

١- ە (ـە): سەر، دەربەدەر، وەتم.

(١٤) قەرەبلاغ: دێیەکە کیلۆمەترێك لە (رێدار)ی مەڵبەندی شوانەوە دوورە له وتاری (شوارن) لەبیرکرابوو.

(١٥) بروانە: د. رەفیق شوانی، شوان، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە (٤)، ل٣٥-٤٧.

٢- ا : سەرا، خودا، باران، هەندێك جار دەگۆڕێت بە (یٚ) وەكو: ژمارە (ژمێرە).

٣- و : كورد، كول، گول.

٤- ۆ : كەم بەكاردێت و دەگۆڕێت بە دەنگی (واوی) كورت یـا دەبێتـە دەنگـی درێژ بەم شێوەیە (وو) وەكو: مورد-مۆرد، زوور-زۆر، دوو-دۆ، بوور-بۆر، یا هەندێك جار لە هەندێك وشەدا دەبێتە دەنگـی (ویٚ): ۆ-ویٚ وەكـو: خـویٚ-خـۆ، رۆن-رویـن، كەچی لە هەندێك نموونەدا. (ۆ) دەبینرێت وەكو: خۆر، ئیمڕۆ، دشۆم، نۆك، چـۆك. لـە هەندێك وشەدا دەگۆڕیٚ بە (و) وەك: رۆژ-روژ، زۆر-زور.

٥- وو: ئەم دەنگە كەمە و زۆر دەگمەنە و لە قسەكردنی شوانی كێـشكدا دەبێتـە (وی) وەكو: دوور- دویر، شوو- شوی، ژوور- ژویر، ژوێر، مەحموود- محمـود- مەحمیـد، موو- می- موی، موسڵ- مویسڵ (میسڵ)، بەڕوو- بەرووی. بە كـەمیش هەیـە وەك: دوور بوور، بووك...هتد. لە هەندیٚ وشەدا دەنگی (وو) واوی درێژ، لەم زارەدا دەگۆڕێـت بە دەنگی (ویٚ) وەكو: سوور-سوێر یا هەر دەبێتەوە سویر، شوو-سوی، چوون-چوین.

٦- ویٚ : سوێر- سوور، بوون- بین.

٧- وی : خوین (خوێن).

٨- ی : هەنجیر، شیر.

٩- یٚ : زیٚ، دیٚ، ریٚ، سیٚ، هێش، هێس، هێلكە.

١٠- (أ) بزرۆكە: دكەم، دشۆم.

كەواتە دەنگە بزوێنەكانی زاری شوانی كێشك بریتین لـە (ە، ا، و، ۆ، وی، ی، یٚ، (أ) (بزرۆكە) هەروەها (و)ی زۆر كورتی، كە لە ئەنجامی گۆڕینی دەنگـی (ۆ)ی كـراو بۆ ئەم دەنگە یا بوونی ئەم جۆرە واوی كورتە لە زاری شوانی كێشكدا وەكو نموونەكەی سەرەوە: (مورد — مۆرد، زور — زۆر). كەواتە ژمارەی دەنگـە بزوێنـەكانی ئـەم زارە (٩) دەنگە بزوێنە.



## دەنگە نەبزوێنەكانی زاری شوان: (كێشك)

بریتییە لە (٢٩) دەنگ بە هەردوو دەنگە نیمـچە بزوێنەكـەی (و، ی)یـەوە. وەك ئەم دەنگانە:

ء: ئەیرە (ئێرە)، ئاسیاو.

ب: بەور، بێرە، بنە (مركز) بنە و بازگە، بەیخەندین (پێكەنین).

پ: پۆكلە (بەری دار و رووەك وەكو شـێوەی پاقلـە)، پڕمـە (دەنگـی پێكـەنین)، پارین (واتە گۆلكە سەنگۆی ماڵ)، پەڕەناو، پاساری (چۆلەكە).

ت: تاتك (خوشكی گەورە)، تاس، ترپ (توور)، تەوازوو (المواساە).

ج: جاجگ (بنێشت)، جون (تصنیف) جونكردن.

چ: چیلكە، چەورە، چەپەر، چەقوو، چۆ (چی)، چرادان (چرا).

ح: حەوا (ئاسمان)، حەوشە، حەتحەتۆتە (ملوانكەی منداڵ)، حەوەجە.

خ: خوا، خۆر، خارچك، خۆیشك.

د: دوێت (كچ)، دامە، داسویلكە (داسولكە)، دویپشتك (دووپشك).

ر: نسار (شوێنێك خۆر لێی نەدات)، تاریك.

ڕ: روشنا (رووناك)، رێدار، رەوەز.

ز: زوور، زەردەلوی (قەیسی).

ژ: ژویژك (ژووژك)، ژەك.

س: سەنگیا (سەرین)، ئاسیاو، سەبیر.

ش: شەوە رەشە، ئاشنا، ناشتا (نانی خواردنی بەیانی)، شاكانی (حەسودی).

ع: عاسمان (ئاسمان)، عەرد (زەوی).

غ: غاردان (راكردن)، غەور (غضب)، غایلە.

ف: فەریك، زەریف، زلّفنج (وەكو بلّێی بە زەهرت بیٚ).

ڤ: گڤەگڤ، ڤڕەڤڕ.

ق: قاقڕ (عەردی خراپ)، قاقز، قۆشمە (سباق).

ك: کەمچك (کەوچك) و کۆپری، کەوڕیٚ (عەرد و ڕێگای لێژ)، کاوڕ، کەڵەشاخ.

گ: گەند، گەندە، گەڕێدە، گەندباگ، ماڵەلگەڕ (ماڵانگەڕ)، گاوس (مەشکەی گەورە).

ل: لەڕ (لاواز)، کەل (شوێنێك کەل بێت و لێی پەڕی بێت)، لەلە (خان خان).

ڵ: گاڵە (دەنگە دەنگ)، دەڵ (مایەی مێینەی سەگ)، گەماڵ (نێرە سەگ).

م: میمك، مامش (هیچ، بیٚ ئەنجام و بیٚ بەر)، مامر (مریشك).

ن: نەردەوان (قادرمە، پلیکانی دار)، بە فارسی (نەردوبان: نردبان)، نەرگز.

و: وازی (یاری)، شەوەکی (بەیانی زۆر زوو)، مراوی.

ه: هەیدەر، هەردە (وعرة)، هەراش.

ئەم دەنگانەی سەرەوە، نموونەکانی لێدەرچێت لە زارە گشتێکەی شوان و زمانی ئەدەبی (ستاندەرد)دا بەکاردەهێنرێن و هەندێك نموونەشیان هاوبەشە. بە کورتی دەنگی بزوێنی (ۆ) واوی کراوە، لە زاری شوانی کێشکدا، زۆر کەم و دەگمەنە، دەنگی (وو) واوی درێژیش دیسان زۆر کەمە و دەگۆڕێت بە دەنگی (وی) یا بەکەمی بۆ دەنگی (ی) لە وشەی (مەحموود — مەحموید — مەحمید).

دەنگی (وو) دەبێتە (ی)، وەك: پووز — پیز.

هەروەها دەنگی (ویٚ) دەبێتە (وی) وەکو وشەی (خوێن — خوین).

دوا شت (٣٨) دەنگی بزوێن و نەبزوێن لەم زارەدا هەیە، ئەگەر دوو دەنگی (وی، ویٚ)، بە دەنگ دابنێین، نەك وەکو بڕگە، بەڵکو وەکو بزوێنێك.

## زاری شوانی کێشك لە رووی وشەسازییەوە (Morphology)

ئاستی وشەسازی لە زماندا، ئاستێکی تا بڵێی فراوانە و هەر بەشێکی ئاخاوتن بگرێت شێوەی جیاوازی پێکهاتنی هەیە و هەر شێوەیەکی یاسای وشەسازی تایبەت بەخۆی هەیە، بەتایبەتی، ئەو بەشانەی کە لە ئاستی وشەدان، وەکو ئامراز، دیسانەوە شێوە جۆراوجۆری هەیە.



ئێمە لەم باسەدا تەنها بە شێوەیەکی کورت، باس لە جۆرەکانی وشە، لە رووی دارِشتنەوە دەکەین و لایەنی جیاواز بە نموونەوە، دەستنیشان دەکەین.

**جۆرەکانی وشە لە رووی پێکهاتنەوە:**

١- وشە سادە: وەکو پەناح، جاجگ، وازی، شرین (شیرین)، بوهار، گێژنە (ئەم وشەیە لەلای پیرەکانی ئەم زارە بەکاردەهات و لەگەڵ گۆڕانی زمان و زەماندا بووە بە جێژنە)، ناشتا، کور (کوێر)، شوی، بوور، حێل (گەورە)، زل، تروزە (ترۆزی)، چەڵتویك (چەڵتووك)، چەپاڵە (پەناح دان — بیگریتە خۆت) زوور (بەزۆر)، پەندیر، روین، کێرت، گووشت، سەکوی (سەکۆ)، وڵست (حەیواناتی وەك مانگا و گا، گوێدرێژ)، سەنگۆ، چەقیلە، باشوکە، چەقوو، جفت (جووت)، دویر، خوین، جامتا (جانتا)، تەیمان، تویڕە، کوانك (کوانوو)، دلاقە (دەلاقە)، شامی، توی، زاخێڕ، پارین. لە تیرەی (ورام)دا، وەکو: جۆخین، بەست (شیو)، ئاش (ئاسیاو).

٢- وشەی دارِێژراو: ئەو وشانەن لە وشەیەکی سادەی واتادار و پێشگرێك یا پاشگرێك پێکدێت، وەکو: زلە، شەوەکی، جفتیار، بۆرە، سێکوان دوژمین (جوین، جوین)، جامیلکە، زەردەلوی، کوندەلان، سەرشۆرك، (حمام)، زیخمەلان، سپیاتی (البان)، ریچیاگ (دەم و پل سارد، تەزیو)، چەورە. نموونە بۆ وشەی (ورام) وەکو: پاییزیٚ (کاتی پاییز)، چلەی زستانیٚ، دەچم، دەینووسم.

٣- وشی لێکدراو: لە دوو وشەی سادەی سەربەخۆ یا دوو مۆرفێمی سەربەخۆ بەهۆی ئامراز یا بیٚ ئامراز پێك دێت، نموونە: هاولف، تەندویربان، گوڵ گەنم (گوڵەگەنم)، سیلاوکە، ئاوڕووگە، چاومار، جێخەرمان، ماڵانگەڕ، شەواژوو، تێڵەکێش، کوندەبی، خمخۆرك، سەررەش، دویرە پەریز، ناوڕوان، سەرگەڕ، گۆلکە سەنگۆ (گۆلکی نێر)، کەڕەواڵە، کەپەنگ هەڵگر (باڵندەیەکی گەورەیە)، خاڵۆژن. لە تیرەی (ورام)ی شواندا وشەکانی تایبەت بە خۆیان، وەکو: فریٚ ماڵان، فرەبەش، گەردن زەرد، دووپشکە.

دوای ئەم باسەی سەرەوە، هەندێك جۆری ناو، کە رواڵەتی جیاوازی ئەم زارە لەگەڵ زارە گشتێکەی شوان و کرمانجی ناوەڕاستدا پێشان دەدات، بۆیە بە پێویستی نازانم هەموو جۆرەکانی ناو بخەمەڕوو، جۆری ناوەکانیش ئەمانەن:

ناوی گشتی: ئەوانەن کە بۆ کۆمەڵ و جۆرە رەگەزە ناوێك بەکاردێت و تاکێکی نموونەی ژمارەو کۆمەڵێك لە هەمان ناونیشان دەدات، وەکو: رووما (شکل-ملامح)، کەستەك (تۆپەڵی- قوڕوخۆڵ)، خانگ (خانوو)، بوستان (بێستان)، چەڵتویك، تایە گەلەباوش، جوگە (جوگا)، هۆڵ. بەرخەوان، کارەوان، ژمێرە (ژماردن)، دامیش (استقرار).

ناوی بەرجەستە: گاوەسن، زریسك (اسلاك شائکە)، بێڵەقان، گاشە (بەردی زل)، هێڕك (هەمان واتای بەرد)، (ارتوی، شەغرە، لاپیتە، چیغ، بەڕوی، ترپ، توترِك، جویّ، شام، لەمپە (لالە-چرا). لیم (لم).

**ناوی رەگەز:**

١- بۆنێرە: خاڵە (برای دایك) سەنگۆ (گولکە نێر)، کاوڕ، نێری، تەگە، جوانەگا، پاڵە، سەپان، شەکەنێر، گەماڵ.

٢- ناوی مێیە: میمك، ئاموژن، دوێت، تاتك، نەنگوین (گولکی گەورەی مێ)، تێلەکیش، مامز، باڕوك (باڕۆك)، جاشماکەر، قسر (مەڕەقسر، بزنەقسر)، شەکەمێ، دەڵ، کابان، خۆیشك، خوچە، خوچم (خوشکە، خوشکم)،

ئاوەڵناو: هەراش، زل، حێل، گەندیاك، بوور، کەوو (خۆڵەمێشی)، چەرمگ (سپی)، مەندەموورِ (کەم قسەو لە بنەوەبێت)، لەناو بەشەکانی ئاخاوتندا، ئەو بەشانە پێشاندەدەین، کە زیاتر جیاوازی و وشە و نموونەی دیار و زەقی تیادا دەردەکەوێت، وەك: جێناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، ئامراز بەگشتی.

جێناوی کەسی سەربەخۆی زاری شوان، بەگشتی بێجگە لە زاری کێشك، هەر هەمان شێوەی زمانە ئەدەبییەکەی کرمانجی ناوەڕاستە، لێرەدا هەردووکیان پێشان دەدەین:



جێناوی کەسی سەربەخۆ لە زاری کرمانجی ناوەڕاست بریتییە لە (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان)، بەڵام لە زاری شوانی کێشکدا بریتییە لە (من، تو، ئەو، ئیمە، ئیوە، ئەوان).

**راناوی کەسی سەربەخۆ**

| راناوی ستاندەر و شوان | | زاری شوانی کێشك | |
|---|---|---|---|
| ١- من | ئێمە | من | ئیمە |
| ٢- تۆ | ئێوە | تو | ئیوە |
| ٣- ئەو | ئەوان | ئەو | ئەوان |

من چوویم ——— ئیمە چووین

من چووم ——— ئێمە چووین

تو چوویت ——— ئیوە چوون

تۆ چوویت ——— ئێوە چوین

ئەو چوی ——— ئەوان چۆین

جێناوی خۆیی زاری شوانی کێشك بریتییە لە (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان) لە کەسی یەکەمی تاك و کۆ جیاواز دەردەکەوێت بە تایبەتی لە هەندێك دێهاتی وەکو: رێدار، قولی بەگ، جەوەجەوە، بەڵام لە زارە گشتیکەدا هەمان شێوە زمانە ئەدەبییەکەیە.

نموونە: خۆم هاتم، خومان هاتین، خۆت چویگی، خۆی چویە، خۆتان چویگن.

جێناوی پرس: لە زاری شوانی کێشکدا جیاوازە لە هەردوو زارەکەی دیکەدا (زمانی ئەدەبی و شوان بە گشتی) و بەم شێوەیە دەردەکەون، وەك: (کی، کەی، کورە، چوین، کامە، کامەیان، کوا، کانی، کوانی، کانێ، چەند، چۆ، دبوك، ئایە، ئەێ، چوینگی، ئاخۆ، چلۆن، بۆچۆ، بۆ، لەسەر، چۆ، ئەوا، ئەڕاچۆ، بۆ، بۆچۆ،...)

ئەم جێناوانەی سەرەوە بەرامبەر ئەمانە دەوەستن وەك: (کێ، کەی، کوێ، چۆن، کام/کامە، کەمەیان، کوا/کوانێ، کانێ، کەینێ، چەند چی، داخوا، ئایە، ئەرێ، بۆچی...) ئەم نموونانەی دواوە لە دوو شێوەکەی دیکەدان.

**نموونە:**

کی هاتە؟ کی چوی ـــــــ کێ هات؟ کێ چوو؟

ئەڕا (ڕا) واکەی؟ ـــــــ بۆچی وا ئەکەیت (وادەکەیت)؟

کەی نان خواردیت؟ ـــــــ کەی نانت خوارد؟

کورە گەڕیای؟ ـــــــ کوێ گەڕایت؟

کەینێ چی بۆ ریدار؟ ـــــــ کەی ئەچیت (دەچین) بۆ ڕێدار؟

چووین چوانیت بە شەوەکی نان بخۆیت؟ ـــــــ چۆن توانیت بەیانی زوو نان بخۆیت؟

کامە/کام کەراس کرپت؟ ـــــــ کامە کراست کڕی؟

کامەیان وانیت؟ ـــــــ کامیانت دەوێ (ئەوێ)؟

کوانی زەردەشت؟ ـــــــ کوا زەردەشت (کوانێ)؟

چەند نان دخۆیت؟ ـــــــ چەند نان دەخۆیت؟

چۆ فرۆشیت؟ ـــــــ چی ئەفرۆشیت (دەفرۆشیت)

بۆ کورەچی؟ ـــــــ بۆ کوێ ئەچیت (دەچیت).

جێناوی نیشانە: جێناوی نیشانە بەگشتی لە قسەکردنی ناوچەی شوان و زمانی نووسیندا بەزۆری وەکو یەکن، مەگەر بە کەمی نەبێت، بەڵام لە زاری قسەکردنی شوانی کێشکدا، دیسان جێناوی هاوبەش وەکو ئەوان هەیە، بەڵام هی تایبەت بە خۆی هەیە، وەکو: (ئەئە، ئەی، ئەو، ئەوە، ئەیان، ئەیانە، ئەوان، ئەوانە، ئەمەتە، ئەیەتە، ئەمەتانی، ئەوەتانی، هۆوە، هۆوەتا، ئەیەتانە، ئەیەتان).

بەڵام لە زاری تیرەی (ورام)دا (ئەمە /ئەم، ئەوە/ ئەو، ئەمانە، ئەمان/ هۆوەتا، هۆوەتانی، هۆوەتانێ، هۆوانە) کەچی لە شواندا بەگشتی (ئەم/ئەمە، ئەو/ئەوە، ئەمان/ئەمانە، ئەوان/ئەوانە...) بەکاردێت. نموونە:



| | جێ ناوی نیشانەی زمانی نووسین و شوان | ناوی نیشانەی شوانیکێشك |
|---|---|---|
| بۆنزیك | ئەمە/ئەم — ئەمانە/ئەمان | ئەیە/ئەی — ئەیان/ ئەیانە، ئەیەتان/ە |
| بۆدوور | ئەوە/ئەو — ئەوانە/ ئەوان | وە/ ئەو- ئەوانە/ ئەوان، ئەوتان/ە |

١- ئەیە چۆیە؟ ئەی پیاوە چۆیە؟

ئەو مامۆستایە، ئەوە ژنە،

ئەی کچە جوانە — ئەیە جوانە

ئەی کچانە جوانن — ئەیانە جوانن

٢- ئەیان کوردن، ئەوانە کوردن، ئەمانە کوردن.

ئەیان خەڵك کورەن. ئەمانە خەڵکی کوێن.

ئەیانە دیتم،

ئەمەتانی والێرە خەفتە.

لە رستەی یەکەمدا جیاوازی لە نێوان جێناوەکانی دیارە، یەکەمیان بۆ نیشانەی تاکی نزیك و دووەمیان بۆ جێناوی پرسە (چییە، چۆیە) لە رستەی دووەمدا جێناوە نیشانەکان جیاوازن لە یەکەمیاندا (ئەیانە) و لەویتردا (ئەمانە)یە و رەستەیی زاری یەکەم ئامرازی پەیوەندی وەرنەگرتووە، وەك وشەی خەڵك و لە دووەمدا بۆتە (خەڵکی) ئامرازدارەکە بریتییە لە (ی).

لە رستەی سێیەمیشدا بێجگە لە جیاوازی جێناوە نیشانەکان، راناوی لکاوی رستەی یەکەم چۆتە کۆتایی رستەکەوە، کەچی لە زارە ئەدەبییەکەدا کەوتۆتە نێوان جێناوەکە و فەرمانەکەوە، ئەم دیاردەیە، لە شوێنی خۆیدا، لەگەڵ گەردانی فەرماندا دەخەینەڕوو، نموونەی دیکە:

- ئەی پیاوە خەڵك کورەیە؟ ـــــــ ئەم پیاوە خەڵکی کوێیە؟
- ئەیە خەڵك کورەیە؟ ـــــــ ئەمە خەڵکی کوێیە؟
- ئەیانە چۆ واتن؟ ـــــــ ئەمانە چییان دەوێت؟

لەم رستانەی سەرەوە لە یەکەمدا پاشکۆی جێناوەکە کە (٥)یە بە هۆی بەکارهێنانی ناوە دەستنیشان کراوەکەوە، دەرکەوتووە، بەڵام لە رستەی دووەمدا بەهۆی لادانییەوە، کەوتۆتە سەر جێناوەکەوە.

گەردانکردنی جێناوی نیشانە، لەگەڵ راناوی لکاودا:

| زاری شوانی کێشك | زمانی نووسین و شوان |
|---|---|
| من ئەیە دیتم ـــــــ ئیمە ئەیانە دیتینی | من ئەمەم دیت ـــــــ ئێمە ئەمەمان دیت |
| تۆ ئەیە دیتی ـــــــ ئێوە ئەیانە دیتن | تۆ ئەمەت دیت ـــــــ ئێوە ئەمەن تانت |
| ئەو ئەیە دیت ـــــــ ئەوان ئەیانە دیتن | ئەو ئەمەی دیت ـــــــ ئەوان تەمەیان دیت |
| ئەوان ئەیان دیتن | |

لەم نموونەنانە سەرەو راناوە لکاوەکانی زاری (شوانی کێشك) کەوتوونەتە کۆتایی فەرمانەکەوە، ئەمە بە پێچەوانەی نموونەی لایەکەی دیکەوە کە لە ناوەندەوە هاتوون. نموونە بۆ شێوەی (ورام):- هۆوە برای منە. هۆوەتانێ لەو یانە دانیشتووە، هۆ وەتا وا هات، هۆوەتان وا رۆیشت. دیاردەیەکی دیکەی بەکارهێنانی جێناوی نیشانە لە زاری شواندا بۆ سەلماندنی کە بریتییە لە (ئەی/ ئەیە) بە تایبەتی کە دەکەوێتە تەك وشەی کات وەکو ئاوەڵفرمان یا ناوی کات، وەك:

- ئیمساڵ باران کەم بارییە.　　　ئەمساڵ باران کەم باریوە.
- ئیمڕۆ چویم را مەکتەب.　　　ئەمڕۆ چووم بۆ قوتابخانە.

ئیمشەو تاوەکو بەیان نەخەفتم.　　　ئەمشەو تاکو بەیان نەخەوتم.

جێناوی و چەندێتی: (رادە) ئەم جێناوانە رادەی ناو بە شێوەیەکی نادیار پیشان ئەدات، کە ژمارەکەی بە تەواوی دەستنیشان ناکرێت، وەکو: ئەوەندە، ئەیەندە، هەند، هەندە، چەندی، چەندە، چەندیك، هەندیك، توزیك، زوو، زۆر، کەم/ کەمیك، گەلیك، قلیك، نەختیك، قەیاسی، هەرچۆ.

- ئەیەندە قسەی خۆشە لەی عاجزنێبێت.
- ئەوەندە هارە، رەحەت دانێنیشیك.
- ئەوەندە باشە، خراپ بییە.
- هەند خۆیك نەخۆش کەفیك.　　　هەندە دەخوات نەخۆش دەکەوێت.
- توزیك ئاو رام بیارە.　　　تۆزێك ئاوم بۆ بێنە.



- ئەمەندە حێلە جێی نێبووکەوە.　　　ئەمەندە گەورەیە جێی نابێتەوە.
- چەندی بەت بکریك چاکە بکە.　　　چەندی پێت بکرێت چاکە بکەی.
- قەیاسی کیلۆیك بابەی.　　　بەقەدەر کیلۆیەکی بدەرێ.
- زۆرهات قەباڵە بەتاڵە.　　　زۆر هات قەواڵە بەتاڵە.
- چەندیك توانی ئاو بخۆرەوە.　　　چەنێك ئەتوانی ئاو بخۆرەوە.
- هەر چۆ واتیك بابەی.　　　هەرچییەکی دەوێت بیدەرێ.

جێناوی هەیی: لە زاری شوان جێناوی هەیی لە جیاتی کەسی و شتی نادیار بەکاردەهێنرێت و بریتییە لە (هی، هین)، بەڵام لە زاری شوانی کێشکدا جێناوی (هین) بۆ خاوەنێتی بەکاردێت، وەك ئەم نموونانە کە بۆ نادیاری و هەندێکیان بۆ (هەیی — تملك— Possessive)ە:

- راستە هین کوژیاگە ـــــــ راستە هین کوژراوە.
- لەناو شوان هین دیتم ـــــــ لەناو شوان هینم دیت (دی).
- هین کڕیم ـــــــ هینم کڕی.

لە شوان (هی) بەکاردێت، وەك (هین) جیاوازییان ناکرێت وەك:

- هی کییە؟　هین کییە؟　　　هین مەحمیدە.

جێناوی (هین) لەگەڵ ئامرازی پەیوەندی (ش/یش)دا بەکاردێت، وەك:

هینیش لە دەستمان چووی ـــــــ هینیش لە دەستمان چوو.

دیسان جێناوی لکاو، لەگەڵ ئەم جێناوەشدا دەکەوێتە کۆتایی فەرمانەکەوە، وەکو لە رستەکانی سەرەوە پێشانماندا.

### ئامرازی نەرێ (نەفی)

جێناوی نەفی لە زاری شواندا (هیچ، قەت) بۆ نەفی کردنە، نموونە:

وەك: هیچ بە قسەیان نێکەم.　　　قەت پێیان ناڵێم.

لە زاری شوانی کێشکدا:

قەت ناو شوان لەبیرم نێچوکەوە.

- هیچ بەی نێوشم ـــــ هیچی پیٚ نالێم.
- قەت کفر وانێکەم ـــــ قەت کفری واناکەم.

جێناوی نادیار: لە زاری شوان بە گشتی و لە شوانی کێشکدا ئەم جێناوە نادیارانە بەکاردێت، شوێنی کەس وشت دەگرنەوە، یا لە قسەکرندا، لـە جیاتییـان بـەکاردێن، بۆیە پێیان دەوترێت نادیار نازانرێ چ کەسی وەیا چـشتێك، نمونـە: (کـەس، گـشت، هەموو/حەموو، فلان، فیسار، کـابرا، هـین (نـەك وەکـو خۆیـەتی و هـەیی-تملـك). هەرکەس، هەرشت (هەرشتیك)، نمونە:

- کەس دیتی؟ ـــــ کەست دیت؟
- کەسیك هاتە؟ ـــــ کەسێك هاتووە؟
- حەمووی خواردم ـــــ هەموویم خوارد.
- هەر کەس هات بەی بیشە ـــــ هەر کەس هات پێی بڵێ.

لە ناویاندا جێناوی (کەسێك، حەمو، هین) لە زاری شوانی کێشکدا، زۆربـەکارە، هەروەها راناوی فەرمانە تێپەڕەکەی (خوارد) چۆتە کۆتاییەوە، بە پێچەوانەی.

لێرەوە دێمە سەر بەکارهێنانی جێناوی لکاو، کە لەگەڵ گەردانکردنی جۆر و کاتی فەرماندا پیشانیان ئەدەین و لەبەر درێژی خرایە دوای جێناوەکانەوە:

لە پێشەوە گەردانکردنی جێناوە لکاوەکان لەگەڵ جێناوە کەسییە سـەربەخۆکاندا بەکاردێنین وەکو:

| شوانی کێشك | شوان و زمانی ستاندەر |
|---|---|
| منم ـــ ئیمەین | منم ـــ ئێمەین |
| تویت ـــ ئیوەن | تۆیت ـــ ئێوەن |
| ئەوە ـــ ئەوانن | ئەوە ـــ ئەوانن |



**فەرمانی رابردوو لەگەڵ راناوی لکاودا:**

١- فەرمانی رابردووی نزیك: من چوویم ئیمە چووین (چویین ە) یاساکەی: قەدی رابردوو+ راناوی لکاو، تو چویت ـــ ئیوە چوین، چـوین: چـوی+م، ئـەو چـوی/چـی، ئەوان چوین/چین.

لە کەسی یەکەمی کۆدا دوو (ی) کۆبۆتەوە، یەکەمیان هی قـەدی چـاووگەکەیە و دووەمیان تووشی کرتاندن (elision)[١٦] بووە، چونکە هـەردووکیان، یـەك دەنگـن و یەك شێوەن.

یـەك دوو دیٚ دەڵـێن: مـن چـیم، تـو چـیت، ئـەو چـی، ئیمـە چـین (واتـە مـن چووم...هتد).

٢- فەرمانی رابردووی تەواو: یاساکەی: چاووگ: قەد+ نیشانەی تەواو+ راناو.

کەفتن: کەفت+گ+م: من گەفتم ـــ کەفتگینین (ئیمە).

تو کەفتگیت ـــ کەفتگن (ئیوە)

ئەو کەفتە/ کەفتگە ـــ کەفتگن (ئەوان).

لە زمانە ئەدەبییەکە و شوانی بەگشتیدا دەبێتە: کەوتوومە، کەوتوویتە...هتد.

بۆ تێپەڕ وەك: کردگم، کردگیت، کۆگە (کردە)، کردگین، کردگن.

٣- فەرمانی رابردووی بەردەوام: نیشانەی بەردەوام+ قەد+ راناو.

تێپەڕ: دکردم، دکردی، دکرد، دکردین...

بۆ تێنەپەڕ: کەفتن: د+کەفتن+م: من دکەفتم/م ـــ دکەفتین (ئیمە).

تو دکەفتی/یت ـــ دکەفتن ئیوە

بۆ تێپەڕ دکەفت ـــ ە ـــ د کەفتن (ئەوان).

(١٦) دیاردەیەکی زمانەوانییە وەکو یاسایەك هەندێك دەنگ تووشی نـەمان و تێـچوون دێـت، کـە (کرتاندن)ی پێدەوترێت و یەکێکە لـە زاراوەکـانی زمانـەوانی (علـم اللغـە- linguistic) بڕوانـە: قاموس علم اللغة الحديث، نخبة من اللغويين، لبنان، ١٩٨٣، ل٢٣.

تیرەی (ورام) لە شواندا نە (د) و نە (ئە) بەکارناهێنن بۆ نیشانەی کاتی بەردەوامی فەرمان، کە لە هەموو شواندا بە زۆری (ئە) بەکاردێنن، بەڵکو (دە) بەکاردێنن.

نموونە: دەکەوتم، دەکەوتیت، دەکەوت، دەکەوتین، دەکەوتن... بەڵام شوان بە گشتی (ئە) بەکاردێنن وەك: ئەکەوتم، تەکەوتم، تەکەوتبت/ ئەکەوتی، ئەکەوتین، ئەچووین، ئەچوون...

کەواتە لێرەدا دەرکەوت سێ نیشانەی بەردەوامی لە ناوچەی شواندا بەکاردێت وەکو (د، دە، ئە) لە شوانی کێشك و تیرەی (ورام) و شوان بەگشتی.

**٤- فەرمانی رابردووی دوور:**

قەدی چاووگ+قەدی چاووگی بوین (بی)+راناو

کەفت+بی+م

کەفتن: من کە فتبیم/م ـــــ ئیمە کەفتبین/ین

تو کەفتبیت/یت/ە ـــــ ئێوە کە فتبین/ن

ئەو کە فتبی/ە ـــــ ئەوان کە فتبین/ن

لە کەسی دووەمی تاك و یەکەمی کۆدا، (ی) راناوە لکاوەکەی (یت) و (ین)، تووش یاسای کرتاندن (حذف-elision) هاتووە و ئەو (ی)یەی دیارە هی قەدی (بوون) کە لە شوانی کێشکدا دەبێتە (بین).

فەرمانی رانەبردوو: بنووسرێت لە رەگی چاووگەوە بە هۆی لکاندنی نیشانەی بەردەوامی (د) لە سەرەتای فەرمانەکەوە لەگەڵ راناوی لکاو لە کۆتاییەوە، ئەمە لە شواندا وەکو زمانی ئەدەبییەکە وایە، نموونە بۆ تێنەپەڕ لە رانەبردوودا دەهێننەوە.

چاووگ: نیشانەی بەردەوامی+رەگ+راناو

نووسیبی: د+نووسین+م=دنوویسم



| تێنەپەڕ | تێپەڕ |
|---|---|
| من دچم — دچین | من دنووسم/م ـــــ ئیمە نوویسین/ین |
| تو دچیت/ی — دچن | تو دنوویست/یت ـــــ ئیوە دنوویسن/ن |
| ئەو دچوك — دچن | ئەو دنوویسیك/یك ـــــ ئەوان دنوویسن/ن |

لە زاری شواندا وەکو زارە ئەدەبییەکە دەبێتە: (من ئەنووسم، تۆ ئەنووسیت، ئەو ئەنووسێت، ئێمە ئەنووسین، ئێوە ئەنووسن، ئەوان ئەنووسن، کەچی لە تیرەی (ورام) شواندا، دەبێتە: من دەنووسم، بۆ دەنووسیت، ئەو دەنووسێت، ئێمە دەنووسین، ئێوە دەنووسن، ئەوان دەنووسن.

دەچم — تۆ دەچیت/ی، ئێمە دەچین، ئێوە دەچن، ئەوان دەچن، ئەو دەچێت.

ئەمە یاسای کاتی رانەبردووە، بەگشتی، بەڵام بە هۆی بەکارهێنانی ئاوەڵفرمانی کاتەوە، دەکرێتە کاتی ئێستا و ئایندە، لە زاری شواندا، ئاوەڵفرمانی کاتی ئێستا وەکو (وا، ئەوا، ئەوە، ئێستا). بەگشتی وەکو زمانە ئەدەبییەکە وایە. بەڵام ئاوەڵفرمانی کاتی ئێستا لە شوانی کێشکدا وشەی تایبەت بە خۆی هەیە، وەکو (هێمە) واتە (ئێستا) یان ئەوەڵفرمانی (ئێستاکە، ئێستاکانە، ئێستەرەم، عەلعان، سارەزوی، ئێستا)ش بەکاردێت. نموونە:

- هێمە چم راشار ـــــ ئێستا ئەچم بۆ شار (وا، ئەوا، ئەوە).
- ئێستەرەم واتمەی ـــــ هەر ئێستا ئەمەوێت (دەمەوێت).
- ئێستاکە شکات لەی کەم ـــــ ئێستا شکاتی لێدەکەم (لێئەکەم).
- ئێستاکانە دبەمەوەی ـــــ ئێستا دەیبەمەوە (ئەیبەمەوە).
- عەلعان یارمەوەی ـــــ ئێستا/وا/ئەوا دەیهێنمەوە (ئەیهێنمەوە).
- عەلعانەکی چم لەگەڵیا ـــــ هەر ئێستا ئەچم لەگەڵیدا.

لە ئایندەدا بە هۆی ئاوەڵفرەمانی کاتی ئایندەوە، کە هەر ناوێکی کاتی بۆ بەکاردێت: سارەزوی زەردەشت یاکەوە — بەیانی زوو زەردەشت دێتەوە.

- خوایار بووك سبەینێ خۆشی و گەشی رووی لەمان كەیك.
- سالێكە خانك كەم (دكەم) ـــــ سالێكە خانوو دەكەم.
- دوایی بەی دویشم ـــــ دوایی/ لە پاشانا پێی دەلێم.
- مانگیكە دەس كەم بە عیش ـــــ مانگێكە دەست دەكەم بە ئیش.

لەم رستانەی سەرەوەدا دیاردەیەك هەیە، پێویستە دیاری بكرێت، ئەویش كرتاندنی نیشانەی بەردەوامی (د) لە زاری شوانی كێشكدا بە ئارەزوو سەلیقە دەتوانین وەكو نیشانەی (بـ)ی داخوازی لە فەرمانی داڕێژراو و لێكدراودا بەكاری نەهێنین كە بەر یاسای زمانەوانی (linguistic) بە ئارەزوو (optional)[17] دەكەوێت، كە لە زارە ئەدەبییەكە و زاری گشتی شواندا وانییە، هەرچەندە لە فەرمانی داخوازی و لێكدراودا لە زمانی كوردیدا وایە.

**فەرمانی داخوازی:**

فەرمانی داخوازی وەكو یاسای پێكهاتن هەروەكو زارە ئەدەبییەكە و زارە گشتیكەی شوان وایە، تەنها وشەكانی جیاوازن، نموونە:

نیشانەی داخوازی +رەگی چاووگ+راناوی لكاو بۆ كەسی دووەمی تاك و كۆ.

نووسینی: ب+ نوویس+ە/ ن- بنوویسە/ بۆ تاك— بنووسە، بنویسن/ بۆ كۆ— بنووسن.

دابنیشە — دانیشە بەر یاسای ئارەزوو كەوتووە (بـ) نامێنێ، چونكە فەرمانێكی داڕێژراوە یان لێكدراویش هەمان شتە وەك: نان بخۆ ـــــ نان خۆ، عیش بكە ـــــ عیش كە: ئیش بكە، ئیشكەن.

(١٧) رەفیق محەمەد محێدین، مۆرفیمی (ب) لە رووی مۆرفۆلۆژییەوە گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە١٣٨، ١٩٩٦، ل٢٢-٢٥، لە زمانی ستانداردا نیشانەی (ب)ی داخوازی ئەگەر فەرمانەكە داڕێژراو یا لێكدراو بێت بەپێ ئەم یاسایە (ئارەزوو-optional) تووشی كرتاندن (الاسقاط) نەبێت. وەكو: هەڵبڕێژە ـــــ هەڵڕێژە، هەڵبگرە ـــــ هەڵگرە، لە زاری تیرەی (ورام)دا (نان خۆ) لە جیاتی (نان بخۆ) بەكاردێت و لە سوانی كێشكدا هێنامان بۆ نەمانی (د) نیشانەی بەردەوامی كرد.



تا ئێرە یاسای بەكارهێنانی راناوی لكاوە لەگەڵ فەرمانی رانەبردووی تێنەپەڕ و رانەبردووی تێپەڕ بێجگە لە ناوێزەیی كەس سێیەمی تاك جیاوازی هەیە، ئەویش بۆ رانەبردووی تەواو راناوەكە دەبێتە (ە) و لە رانەبردووی تێپەردا بۆتە (یك)، بەڵام لە رانەبردووی تێنەپەڕدا بۆتە (وك). كە ئەمە پێچەوانەی زارە گشتیكەی شوان و زمانە ئەدەبییەكەیە. وا لە خشتەیەكدا دەیانخەینەڕوو، راناوی بۆ رابردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ لە زاری شوانی كێشكدا.

| رابردووی تێنەپەڕی كێشك | راناوەكانی | رابردووی تێنەپەڕ لە شوان و زمانی ئەدەبی | راناوەكەی |
|---|---|---|---|
| من كەفتم — ئیمە كەفتین | م-ین | من كەوتم — ئێمە كەوتین | م-ین |
| تۆ كەفتیت/ی ئیوە كەفتن | ی/یت-ن | تۆ كەوتیت/ی — ئێوە كەوتن | ی/یت-ن |
| ئەو كەفتە/ە — ئەوان كەفتن | ە-ن | ئەو كەوت/ە — ئەوان كەوتن | ە-ن |

**هەمان یاساكەی زمانی ئەدەبییەكەیە**

| رابردووی تێنەپەڕی كێشك | راناوەكانی | رابردووی تێنەپەڕ لە شوان و زمانی ئەدەبی | راناوەكەی |
|---|---|---|---|
| من خواردم — ئێمە خواردین | م-ین | من خواردم — ئێمە خواردمان | م-مان |
| تو خواردیت/ی — ئێوە خواردن | یت/ی-ن | تۆ خواردت — ئێوە خواردتان | ی/یت-ن |
| ئەو خورادە — ئەوان خواردن | ە-ن | ئەو خواردی — ئەوان خواردیان | ە-ن |

**لە راناوی لكاو لەگەڵ دەمی رانەبردووی تێنەپەڕ لە هەردوو زارەكەدا**

| رابردووی تێنەپەڕی كێشك | راناوەكانی | رابردووی تێنەپەڕ لە شوان و زمانی ئەدەبی | راناوەكەی |
|---|---|---|---|
| من دكەفتم — ئیمە دكەفین | م-ین | من ئەكەوم — ئێمە ئەكەوین | م-ین |
| تو دەكەفیت — ئیوە دكەفن | یت/ی-ن | تۆ ئەكەویت/ی — ئیوە ئەكەون | یت/ی-ن |
| ئەو دەكەفیك — ئەوان دەكەفن | یك-ن | ئەو ئەكەویت - ئەكەون | ێت-ن |

لە تیرەی (ورام)یشدا هەمان یاسای زمانە ئەدەبییەکـە و زاری گـشتی شـوانە، تەنها ئەوە نەبێت بۆ نیشانەی بەردەوامی (دە) بەکاردێنن وەك (نە)، وەك دەکەوم و دەخۆم و دەچم.

شـتێکی دیکـەی گـرنگ و ئـاویزە لـەم زارەدا ئەوەیـە، بـەپێی یاسـای ئـارەزوو (optional) دەتوانی یا نیشانەی بەردەوامی (د) بەکارنایـەت یـا دەتـوانی بـەکاری نەهێنی، بەڵکو تەنها رەگی فەرمان و راناوە لکاوەکـانی بـەکاردێت، وەك: مـن چـم، توچیت، لە بڕی من دچم، تو دچیت..

**رانەبردووی تێپەڕ لە هەردوو زارەکەدا:**

| رانەبردووی تێپەڕی لە زاری شوانی کێشك | راناوەکانی | رانەبردووی تێپەڕ لە زمانی ئەدەبی و شوانی بەگشتی | راناوەکەی |
|---|---|---|---|
| من دخۆم — ئیمە دخوین | م-ین | من ئەخۆم — ئێمە ئەخۆین | م-ین |
| تو دخویت/ی — ئیوە دخۆن | یت/ی-ن | تۆ ئەخۆیت/ی — ئێوە ئەخۆن | یت/ی-ن |
| ئەو دەنوویسیك — ئەو دچوك | وك | ئەو دەنووسێت | |

لەم یاسایانەی سەرەوەدا شت و دیاردەی زەق و دیار، کە جیاواز بێت لە زمانـە ئەدەبییەکە و زاری شوان بەگشتی، ئەوەیە راناوی لکـاوی (م، ت، ی، مانـا، تـان، یان) لەگەڵ فەرمانی رابردووی تێپەڕی زاری شوانی کێـشکدا بەکارنایـەت و ئـەوی لەگەڵیدا بەرکادێت هەمان رانـاوی لکـاوی دەمـی رابـردوو و رانـەبردوو فـەرمانی تێنەپەڕ و رانەبردووی تێپەڕە و راناوی لکاو کەسی سێیەمی ئەم زارە هەروەکو زارە ئەدەبییەکە ناوێزەیە (شاذ)، لە رابردوو تێنەپەڕە و تێپەڕدا دەرنەکـەوتووە، کەچـی لە زمانی ئەدەبییـدا بـۆ کەسـی سـێیەمی رابـردووی تێپـەڕ دەبێتـە (ی) لێـرەدا دەرنەکەوتووە (ە) و لە نەخـشەکەدا نیـشانەی دەرنەکـەوتنمان بـۆی بـەکارهێناوە، هەروەها ئـەم رانـاوە لەگـەڵ فـەرمانی رانـەبردووی تێنەپـەڕ و تێپـەڕدا لـە زاری ئەدەبیماندا (زمانی نووسین) بریتییە لە (ێت و ات) لە زاری شوانی کێـشکدا بـووە



بە (یك، وك)، ئەوەی لێرەدا، سەرنج راکێشەوە، رانـاوی لکـاوی کەسـی سـێیەمی تاکی شوانی کێشك تەنها لەگەڵ فەرمانی رانەبردووی چاووگی (چوین-بـین)، واتـە (چووین-بوون). دەبێتە (وك) وەکو: ئەو دچوك، ئەو دبوك، ئێمە چین... لە جیـاتی (ئەو دەچیت، ئەو دەبێت، ئیمە دەچین).

شتێکی دیارە کە پێویستە بووترێت، ئەوەیە راناوی لکاوی کـە لەگـەڵ فـەرمانی رابردووی تێپەڕدا نایەت، کە بریتییە لە (م، ت، ی، مان، تان، یان) کەچی لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا، بۆ هەیی (تملك- Passessive) بەکاردێت وەکو:

مالْم خۆشە — ماڵمان خۆشە.

ماڵت خۆشە — ماڵتان خۆشە، ماڵیان خۆشە.

لەگەڵ ئاوەڵناویشدا:

من گوڵی جوانم هەیە — ئێمە گوڵی جوانمان هەیە.

تۆ گوڵی جوانت هەیە — ئێوە گوڵی جوانتان هەیە.

دیاردەیەکی دیکەی فەرمانی تێپەڕ، لە زاری شـوانی کێـشکدا، ئەوەیـە، ئەگـەر هاتوو فەرمانەکە، داڕێژراو یا لێکدراو بێت، یا بەکاری لەگەڵدا بـەکاربێت، ئـەوا بـە پێچەوانەی زارە ئەدەبییەکەوە، راناوە لکاوەنی، کۆمەڵەی دووەم (م، یت، ە، یـن، ن، ن)ی لەگەڵدا، لە کۆتاییەوە بەکاردێت، نەك بچێتە نێوانیانەوە، وەکو:

من راکردم — من رامکرد (زاری ئەدەبی و شوان)

ئێمە نان خواردین — ئێمە نانمان خوارد (= = =)

تو کتێب کڕیت — تۆ کتێبت کڕی.

لێرەدا دوو دیاردەی جیاواز لە یـەکتر دەبینرێـت، رانـاوە لکاوەکـان جیـاوازن لـە دەستووری ڕێزمانی زمانی ئەدەبی و کەوتوونەتە کۆتاییەوە. ئەم زارەش یەکێکـە لـە زارەکانی ناوچەی گەرمیان و لە دەستووری زارە ئەدەبییەکە لایداوە[١٨].

(١٨) پێچەوانەی بیروڕای زاری کوێستان و گەرمیانی: د. شیرکۆیە.

## فەرمانی بکەر نادیار (مبنی للمجهول - Passive Voice):

ئەم جۆرە فەرمانە، لە زاری شوان وەکو زمان و ئەدەبییەکەیە، بەڵام لە زاری شوانی کێشکدا جیاوازە و، دەچێتەوە سەر زارەکانی کرمانجی باشووری وەکو: لوڕی و خانەقینی، لێرەدا یاسای پێکهاتنی دەخەینەڕوو:

ڕەگی چاووگ+نیشانەی نادیاری+نیشانەی کات= فەرمانی بکەر نادیار بۆ ڕابردوو.

خۆ + ر + یاك = خواردن: خۆ+ ر + یاك= خۆریاك.

نووسین: نوویس+ یاك ـــــــ نوویسیاگ ـــــــ نوویسریاگ.

منداڵەکە نانەکە خوارد ـــــــ نانەکە کە خوریاگە ـــــــ نانەکە خوراوە.

مامۆستا کتێب کڕی ـــــــ کتێب کریاگە ـــــــ کتێب کڕاوە.

پیاوەکە گورگەکە کوشتە ـــــــ گورگەکە کورژیاگە ـــــــ گورگەکە کوژراوە.

### بکەرنادیار لە دەمی ڕانەبردوودا جۆرە پێکدێت:

چاووگ: نیشانەی بەردەوامی+ڕەگی فەرمان+نیشانەی ڕانەبردووی نادیاری+ نیشانەی کات.

نووسین: د+ نوویس+ ر + یك= دنوویسریك.

مامۆستاگە ناو قوتابێکە دنوویسیك: ناو قوتابییەکە دنوویسریك + منداڵ نان دخۆیك ـــــــ نان د خوریك.

گەردانکردنی فەرمانی بکەر نادیار لەگەڵ ڕاناوە لکاوەکاندا: بۆ ڕابردوو

| | |
|---|---|
| - من کوژیاگم[١٩] م | - من کوژرام/م |
| - تو کوژیاگیت/ی | - تۆ کوژریت/ت |

(١٩) نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠، ل١٣٠. لە پەراوێزدا شێوە دروستبوونی ئەم جۆرە فەرمان بکەرنادیارە کردووە لە هەندێك زاردا بێ ئەوەی دیاری بکات.



| | |
|---|---|
| - ئەو کوژیاگە (کوژیاگ)/ە | - ئەو کوژرا/ە |
| - ئیمە کوژیاگین/ین | - ئێمە کوژراین/ین |
| - ئیوە کوژیاگن/ن | - ئێوە کوژران/ن |
| - ئەوان کوژیاگن/ن | - ئەوان کوژران/ن |

ڕاناوەکانی (م، ی، ە) دەرناکەوێت، (ین، ن، ن) لەگەڵ زمانی ستاندارد و زاری شوان بەگشتی جیاوازی نییە، بەڵام جیاوازی لە یاسای پێکهاتنی کەرەسەکانی فەرمانی بکەر نادیارە، کە نیشانەی کاتی نادیاری بۆ ڕابردوو بریتییە لە (یاگ)، بەڵام لە ڕانەبردوودا دەبێتە (یگ) کە لە بەرامبەر بە (ا، ی)ی زمانی ئەدەبییەوە، هەندێك جار نیشانەی (ر)ی نادیاری لە دەمی فرمانی ڕابردووی ئەم زارەدا، لە هەندێك فەرماندا تووشی لە ناوچوون و کرتان (حذف elison) دێت وەك نموونەکانی سەرەوە لە فەرمانی (کوژیاگ...)دا، بەڵام ڕاستیکەی دەستوورەکەی دەبێت (ڕ)تێدا بێت، وەکو:

- من کوژریاگم، تو کوژریاگیت، ئەو کوژریاگە، ئیمە کوژریاگین، ئیوە کوژڕاگن، ئەوان کوژریاگن.

### فەرمانی ڕابردووی مەرجی (ئیلزامی):

ئەم فەرمانەش شێوەی دروستبوونی خۆی هەیە لە زاری شوانی کێشکدا، بەڵام لە زارە گشتیکەی شواندا، هەروەکو زمانە ئەدەبییەکە وایە لە ڕووی دەستوورەوە لێرەشدا یەکن، نموونە: بکوشتاگام، بنوویسیاگ، بچوویاگا...هتد.

چاووگ: نیشانەی مەرجی (ئیلزامی)+قەدی چاووگ (Steem)+ڕاناو ب+ کوشت+اگا+م= بکوشتاگام.

کەفتن: ب+کەفت+نیشانەی ڕێژەی مەرجی (ئیلزامی/ئینشائی)(اگا)= بکەفتاگە.

لەگەڵ ڕاناوی لکاودا:

من بکەفتاگام ـــــــ ئیمە بکەفتاگاین ـــــــ بکەوتایەم

تۆ بکەفتاگایت ـــــ ئیوە بکەفتاگان ـــــ بکەوتیتایە

ئەو بکەفتاگا ـــــ ئەوان بکەفتاگان ـــــ بکەوتایە

**بۆ رانەبردووی مەرجی (ئیلزامی):**

یاساکەی: نیشانەی مەرجی+رەگی چاووگ+راناوی لکاو= فەرمانەکەی.

کەفتن: ب+ کەف+ م= من بکەفم — ئیمە بکەفین.

تو بکەفیت — ئیوە بکەفن

ئەو بکەفیك — ئەوان بکەفن

لە زارە گشتییەکەی شوان و زمانی ئەدەبیدا:

من بکەوم، تۆ بکەویت، ئەو بکەوێت، ئێمە بکەوین، ئێوە بکەون، ئەوان بکەون.

بۆ تێپەڕ وەکو: من بکەم، تو بکەیت، ئەو بکەیك، ئێمە بکەین...

**بۆ رابردووی دووری مەرجی (ئیلزامی) بەم جۆرەیە:**

چاووگ: قەدی چاووگ+قەدی چاوگی بێن (بوون)+ پاشکۆی رێژەی مەرجی+راناو.

کەفتن: کەفت+ بی+ اگا+م= کەفتتبیا گایت، کەفتبیاگا، کەفتبیاگاین، کەفتبیاگان.

بۆ تێپەڕ وەك: کوشتبیاگام، کوشتبیاگایت، کوشتبیاگا...

لە زمانە ئەدەبییەکەدا دەبێتە: مـن کەوتبوومانـە، تـۆ کـەوتبوو تیایـە، ئێمـە کەوتبوونیایە، کەتبوونایە.

**نیشانەی کۆ:** نیشانەی کۆ لە زاری شواندا جیاوازی ئـەوتۆی نییـە لەگـەڵ زمانـە ئەدەبییەکەدا و بریتییە لە (ان، گـەل) وەکـو: پیـاوان+مێگـەل، مامۆسـتایان... بـۆ ناسراوی کۆش: پیاوەکان، مامۆستاکان، بەڵام لە زاری شـوانی کێـشکدا بریتییـە لـە (گەل، ەل، یەل، ان) وەك: کورگەل، پیاوگەل، سەگەل، مامۆستایەل، پیاوەل، مندالّەل، ژنەل، کچەل/کچێل، برایەل، زستانان...هتد).

لەم رووەوە مامۆستا گیو موکریانی نەمر دەڵێت: ((ئامرازی گـەل لـە ئـەردەلان، لوڕستانیّ دا بە فەیلی و لوڕ و بەختیاری و شوان و کەڵهوڕەوە، ئەمانەن: (ان، یان، ل،



یەل، گەل) باوکان، برایان، برایەل، براگەل، کوڕەل، وبی، گایەل...[٢٠]، راستیکەی بـۆ چوونەکەی مامۆستا گیو راستە، بەڵام نیـشانەی (ان، یـان) یـەکن، تـەنها جیـاوازی دەنگسازییە شێوەیان گۆڕاوە و نیشانە (ل)یش بە تەنها بـە کارنایـەت و بریتییـە لـە (ەل) مەگەر کەسەلەی دەنگسازی لە وشەیەکی کۆتایی هاتوو بە (ە) بیکات بـە (ل)، کە لە ئەنجامی یاسای کرتاندنەوە، ئەو شێوەیە وەردەگرێت.

نیشانەی ناسراوی (ەکە) و نەناسراوی (یك)

نیشانەی ناسراوی لە زاری شوان بەگشتی و لە زمانی نووسـینماندا، بریتییـە لـە (ەکە، یەکە/کە) وەك: کوڕەکە، گۆڵەکە، مامۆستاکە، گایەکە، لـە شـوانی کێـشکدا هەر هەمان شتە، وەك: دوێتەکە، گایەکە، مامۆستاکە.

نیشانەی نەناسراویش لە هەردوو زاری یەکەم و پێشەوەدا بریتییە لە (ێك، یـەك)، وەکو: کچێك، مامۆستایەك بۆ کورتکردنەوە دەبنە (کچیّ، مامۆسـتاییّ، کـوڕیّ...) لە زاری شوانی کێشکدا نیـشانەکە دەگۆڕێـت بـۆ (یـك) وەکـو: دوێتیـك، پیاوێـك، مامۆستایێك (دارێك).

نیشانەی ناوی بکە: لە زمانی ئەدەبی کرمانجی خواروو شـواندا (بــ) نـدە، یـار، چی، ۆك، ەر/ رەیدە...هتد)، وەك: (بگرِ، بفرۆش دڕندە، جووتیار، پینەچی، گـەڕۆك، نووسەر، بخۆر...) لە ئەوانی کێشکدا هەمان شت هەن وەکو: (ببڕ و بکـوژ، جفتیـار، کارگەچی، گەڕۆك، بخۆر).

تەریدە، دڕندە، هۆشیار، دانا، کڕیار، لێکدراویش وەکو: خۆکوژ، خۆگر، می سێن (مووسێن))، نانکەر، راوکەر.

نیشانەی بـچووککردنەوە: وەکـو (ۆك، ەڵـە، ۆکـە، چـە، ە، کـە، ویلکـە، بلـە، ەلە...هتد) نموونە: براێۆك، سمایلۆك، یاسینۆك، گۆزەڵە، داسولکە، ەلانە: گچکەلانە/ بیچکەلانە، ترپۆکە، خزمۆکە، باخچە، سمە، بیچکە، بیچکەلە، خڕیلە، خدە)...

(٢٠) گیو موکریانی، ئەلف و بێی کوردی وێنەدار...، ل١٣٠.

## رستەسازی (سینتاکسی - Syntax):

لە بەشی رستەسازیدا ئەوەی گرنگە و زیاتر جیاوازی نێوان زاری گشتی شوان و زمانی ئەدەبی لەلایەك و زاری شوانی کێشك لەلایەکی دیکە پیشان ئەدەین، کە جیاوازی لە یەکتر، یەکێك لەو بابەتانە (گریێ-Phraze)یە، کە لە رووی پێکهاتنەوە، جیاوازە و گریێ لەم زارەدا، ئامرازی پەیوەندی کە دەچێتە نێوان وشەوەوە ناگرێت، کە ئەمە پێچەوانەی زمانی ستانداردە، ئەم دیاردەیە بە گشتی لە گەرمیاندا بەدی دەکرێت، نموونە:

مالٚ براکەم، میللەت کورد، مالٚ کاکەم، پرد خاسە، شیوکانیشارد، گولٚ گەنم، شارکەر کویك، کەل سمایل بەگی، شەو زستان، رووژ درێژ، شار کۆیە، سەر سالٚ، سەر سالٚ نو، چاومار، سەگ هار، نموونە لە رستەدا:

- من چم رامالٚ براکەم ـــــ من ئەچم بۆ مالٚی براکەم.
- میللەت کورد بێ خاوەندە ـــــ میللەتی کورد بێ خاوەنە.
- پرد خاسە گەلیك کۆنە ـــــ پردی خاسە گەلێك کۆنە.
- شەو زمتان نێبڕیاکەوە ـــــ شەوی زستان نابڕێتەوە.
- شار کەرکوك مالٚ کوردە ـــــ شاری کەرکوك مالٚی کوردە.
- من سەر سالٚ چم بۆ زیارەت ئومەرمەندان ـــــ من سەری سالٚ دەچم بۆ زیارەتی ئۆمەرمەندان.

بەلاٚم لەم زارەدا ئامرازی (ڕا، بۆ، لە، بە) گریێ دروست ئەکەن و لە رستەدا دەوری جۆراوجۆری رستەسازی لە بکەر و بەرکار و تەواوکەر دەبینین، وەکو:

- من سەرخۆم دخورنم ـــــ من سەری خۆن ئەخورێنم.
- من چم را شار ـــــ من ئەچم بۆ شار.
- خەناوکە بۆت یارم ـــــ ملوانەکەت بۆ دەهێنم.
- سالٚە بەعسێکە قەت لە بیرم نێچووکەوە ـــــ سالٚ بەعسێکە قەت لەبیرم ناچێتەوە.



مالٚ باوك دیدار برادەرم خەلٚك ناو شوانن (گرێکە فراوان کراوەتەوە).

- دوایی بەی دویشم ـــــ پاشان پێی ئەلێم
- رەسمەکە بە دیوارەوە داکوتم ـــــ وێنەکە بە دیوارەوە داکوتم.

لەم زارەدا پاشکۆی ئامرازی پەیوەندی کەمتر بەکاردەهێنرێت، کە دەکەون دوای ناوەوە، یا کورت دەکرێتەوە وەکو (دا) دەبێتە(ا).

پاشکۆی (ەوە)ش بەکاردێت، نموونە:

- من لە شاراوە هاتم ـــــ من لە شار هاتمەوە (زاری کێشك).
- زاگرۆس چۆوە بۆ مالٚ ـــــ زاگرۆس چویوە بۆ مالٚ.
- لەو ژوورەوە هاتم ـــــ لەی ژوێرەوە هاتم.

### ئاوەلٚفەرمانی نەریێ (نەفی-ناکردن):

ئاوەلٚفەرمانی نەریێ کە بریتییە لە (نە، نا، نی، مە) لە زاری شوانی کێشکدا دەبێتەوە (نە، نیێ، نی، مە) بۆ دۆخ نەکردن لە دەمە جیاوازەکانی فەرماندا بەکاری دەهێنین وەکو: (نە) بۆ نەکردنی کاتی رابردوو نموونە:

نەچووی، نەخەفت، نەخوارد، لە رستەدا.

من نەچویم را شار ـــــ من نەچووم بۆ شار.

(مە) بۆ نەرێکردنی فەرمانی داخوازییە، وەکو: مەچو بۆ بازاڕ: نیێ: ئاوەلٚفەرمانی نەریێ بۆ کاتی رانەبردوو، نموونە: (نیێچم، نێخەم، نیکەم، نێبەم) لە جیاتی (نا) بەکاردێت و گۆڕانی دەنگی (ا، تی) وەکو: ناچم، نێچم. نموونە:

- بەیانییان زوی تان بەی نێخوریك ـــــ بەیانییان زوو نانی پیێ ناخورێت.
- ناوی نێنویسم ـــــ ناوی نانووسم.

(نی) بۆ نەرێکردنی: بوون و نەبوون.

نان نییە.

پارەم نییە.

جیاوازی لەگەڵ زاری شوان و زمانە ئەدەبییەکەدا ئەوەیە (نای) بە رانەبردوو دەبێتە (نێ)، ئەمەش دیاردەیەکی ڕێزمانییە وەکو: (ە، ا)، لە کرمانجی سەرووشدا دەبنە (ی، ێ) وەکو:

دەرسیم ـــــ دێرسم

ماردین ـــــ مێردین[21]

**ئامراز:** لە بەشی رستەسازیدا، بە پێویستی دەزانین، کە نموونەی ئەو ئامرازانەی کە لەم زارەدا بەکاردەهێنرێت و جیاوازی لە ئامرازی زارە گشتیکەی شوان و زمای ئەدەبی، بە نموونەوە، بیان خەینەڕوو:

**ئامرازی سەرسوڕمان:** وەکو: (پەکوف، پەکوح، هیزە، ئەیەڕۆ، کەسەر، کەسەروداخ، مخابن، حەیف و مخابن، ئاخ، حەیف، وای، ئەی لەیە، دەك دەك) ئەمە لەم زارەدا، بەڵام لە زاری شوان و ئەدەبییەکەدا، وەکو یەکن و نموونەی تریش هەن هاوبەشن و لە زاری کێشکدا بەکاردێن، بەڵام ئەمانە تایبەتن، وەك:

- پەکوف لەو غەدرە! ـــــ پەکو لەو غەدرە!
- پەکوح ئەیە بۆ واکەیك! ـــــ پەکوح ئەمە بۆ وائەکات!
- هیزە واز لەی بیارە! ـــــ هیزە وازی لی بهێنە!
- ئەیەڕۆ قالە شێت هاتەتەوە!
- ئەی لەیە، دبووك چۆ بووك! ـــــ ئەی لەمە ئەبێ چی بێت!
- دەك دەك خەریکە بایگ لەی! ـــــ دەك دەك خەریکە لێیبدات!
- حەك لە سەگە بۆرە!

ئامرازی تریش هەن، بەڵام بە زۆری هاوبەشن و پێویست بە نموونەی ناکات.

(٢١) لێرەدا مەبەست لە گۆڕانی دەنگییە، چونکە لە کرمانجی سەروودا، ئاوەڵفەرمانی نەرێی (نێ) نییە و بریتییە لە (نا)، بەڵام (ئێ) لە دیالێکتی باشووردا زۆر بەکاردێت.



**ئامرازی وەڵام:** تاڕادەیەك لە زمانی نووسین و زاری شواندا، وەکو یەکن، بەڵام ئەمانە تایبەتن بەم زارە، وەکو: ئێ، ئا، ها، هۆو، با، ئێی، بەڵێ، بەدی، هۆی، هۆی بەڵێ، نەء، نا، نە، نەخێر (کەمترە).

- ئێ وادیام ـــــ هاکەکە ـــــ ئێ باشا وایە.
- ئا وایە ـــــ هۆو بەڵێ ـــــ با وایە.
- بەڵێ واتمەی ـــــ بەدی هات.
- نەء نیاك ـــــ نەنایەت. (نە، نا) بۆ وەڵامی نەرێن.

**ئامرازی بانگکردن:** وەکو: (هۆ، ئەرێ، هێی، هۆی، هۆهۆ) ئەمانە بە شێوەی وشەن، بەڵام شێوەی ئامرازی بانگکردنی دەنگیش هەیە، وەکو: (ە: خاڵە، ۆ: کاکۆ بۆنێر، ێ: کچێ، ی: میمی، ینە: کوڕینە)، (ە: بۆنێرە، (ێ-ی: بۆ مێیە)، (ینە: بۆ نێرو مێی کۆیە).

ئامرازی بانگکردنی ئاژەڵیش هەیە، وەکو: ئۆحە، یخە، هڕە، تەس، گدی گدی، هێشە (هێش)، هسە (هس)، پشە (پش)، کوت کوت،...هتد.

بۆ پەلەوەریش، وەکو: جوو جوو، کشە (کش)...هتد. ئامرازی تر هەن، بەڵام بۆ ئێرە بەسە.

**ئامرازی خۆزگە:** بۆ خۆزگە خواستن وەکو: خۆزگە، بریا، خۆزگەم بەخۆت، بریا بهاتاگا لە گەڵمانا، خۆزگە بەی بۆتام.

ئامرازی گومان: بۆ گومان کردن لە رووداو و روونەدانی رووداو وەکو: (بەشکی، بەشکو، دبوك، دبوکن، ئەگە، رەنگە، سا، بەشکوم، بەشکم، لەوانەیە).

- بەشکی بیاکەوە ـــــ بەڵکو بێتەوە.
- دبووك بە قسەم بکەیك ـــــ دەبێ بە قسەم بکات.
- ئەگە یای لەگەڵما، خێرا وەرە ـــــ ئەگەر دێیت لەگەڵمدا.
- سا بۆخوا کەریمە ـــــ دەسا (سا) وەرە خوا کەریمە.
- بەشکوم ئەەیە خوایە پەشیمان ببووکەوە ـــــ بەڵکو خوا بکات پەشیمان بێتەوە.

**ئامرازی لێکچواندن:** ئامرازی ئەم جۆرە، لەم زارەدا، کە تایبەتە بە خۆی، بێجگە لەوانە، کە گشتین بۆ ناوچەکە و بۆ زمانی نووسین ئەمانەن: ئەمنی، دەمنی، شەپاندن، ئەڵەی، دویشی، کوتومت.

- زاگرۆس ئەمنی دایکێتی ـــــ زاگرۆس وەك دایکێتی.
- دەمنی شێەر شەڕکەیك ـــــ ئەڵێی شێرە شەڕ ئەکات.
- بە باوکی شەپاندمەی ـــــ بە باوکی شوبهاندمەی.
- دویشی باوکێتی ئازایە.

**ئامرازی بێجگە:** وەکو: (بێجگە، جگە، تەنیا، بێجگە لەوی، بەس، بێ، بەبێ)،

**نموونە:**

- بێجگە لە دیدار کەس نیاك ـــــ بێجگە لە دیدار کەس نایەت.
- حەموویان هاتن تەنیا کاکەم نەبوك ـــــ هەموویان هاتن تەنیا(تەنها) کاکم نەبێت.
- بێجگە لەوی کەستر خۆش نیواتم ـــــ بێجگە لەوی کەسیترم خۆش ناوێت.
- بەس بەو بویشە ـــــ بەس بەو بڵێ.
- بێ تونیام بۆ ئەورە ـــــ بێ تۆ نایەم بۆ ئەوێ.

**ئامرازی تەئکید (جەختکردن):** وەکو ئەو ئامرازانە (هەر، با، دە، کە، دەسا، جا، دەبا) ئەم ئامرازانە هەمان شێوەی ئامرازی جەختکردن کە لە زاری شوان بەگشتی و لە زمانی نووسیندا بەکاردێت، وەکو:

- بوچکە بن دنیا هەر گرمەی ـــــ بچیتە بن دنیا هەر ئەیگرن.
- قەینێکەیك با بیاك لەگەڵما ـــــ قەیناکات با بێت لەگەڵمدا.
- دەساوایە، دەساواکردم ـــــ دەسا وامکرد.
- دەی بە شەڕی خاڵخاڵانا گۆرانیك بیشە ـــــ دەی بە شەڕی خاڵخاڵاندا گۆرانییەك بڵێ.
- دەبا حەموو ناو شوان ئاوەدان کەینەوە.



**ئامرازی مەرج:** لە زاری شوانی کێشکدا ئەمانەن: (شەرتە، شەرت بوك، حەتا، حەتاوەکی، حەتاکو، حەتاکونێ (حەتاکون)، هەتا (شێوەکانی تریشی) گەر...) نموونە: حەتا ئاو لە دوی بێڵم بیاك واز لەی نیارم، شەرتە گۆڕەکەی کوێخا نەرگس شوانی هەڵگرم.

- شەرتە پیاوبوك واز لە شار کەرکویك نیارم ـــــ شەرتی پیاوبێ واز لە شاری کەرکوك نەهێنم
- حەتاوەکی بە قسەی بکەیت خۆشی واتم ـــــ هەتا بە قسەی بکات خۆشم دەوێ.
- گەر بەی بیشن (بویشن) دیاریکەی ـــــ ئەگەر پێی بڵێن ئەیهێنێ.

هەندێك جار بۆ ئارەزوو نیشانەی بەردەوامی (د) تێدەچێت و دەبێتە (یاریکەی).

**ئامرازی ئاگادارکردنەوە (وریاکردنەوە):** وەکو نموونەکانی: (ئەهە، ئەها، هێی، هەی، وا، ئەوا، ئەی)س وەکو ئامراز هەر هەمان ئامرازی زمانی نووسینن، نموونە:

- ئەهە وایی ـــــ ئەهە رایکرد.
- ئەها قویچاندەی ـــــ ئەها قوچاندی.
- هێی سەر زل بۆ نێحەویتەوە ـــــ هێی سەر زل بۆ ناحەوێتەوە.
- سەبرت بوك وا دیاك ـــــ سەبرت بێ وا دێت.

ئامرازای سەرزەنشتکردن: بۆ سوکایەتی و گاڵتە پێکردنە، وەکو (شیڕ، تڕحێو، دۆیها، زەڕ، چش، تفو(تف)، جرت و فرت، حەی حەی، هۆیها!)، نموونە:

- شیڕ ئیشیك تو بکەیتەی ـــــ شیڕ ئیشێك تۆ بیکەیت.
- تڕحێو دیسان یاکەوە ـــــ ترحێو دیسان دێتەوە.
- حەی حەی لە دەس تو ـــــ هەیهەی لەدەست تۆ.
- جرت و فرت یاك و چوك ـــــ جرت و فرت دێت و دەچێت.

**ئاوەڵفەرمانی لە زاری شواندا (الظرف):**

جیاوازی ئەوتۆ نابینرێت لە نێوان زاری شوان و زمانی نووسینی (کرمانجی ناوەڕاست)، بەڵام لە زاری شوانی کێشکدا، وشە و ئاوەڵفەرمانی سەربەخۆی هەیە و هی واش هەیە هاوبەشە لە زاری ناوچەکە و لە زمانی نووسین، نموونە:

**ئاوەڵفەرمانی کاتی:** وەکو: (سارەزوی، سـبەینیّ، هێمـە، عـەلعان، عەلعانـەکی (الان)، ئیـستەرەم، شـەوەکی، کـازیبی بـەیان، دەمـەو بـەیان، پارشـیم (پارشـێو)، ماڵخەفتك (کاتی ماڵ خەوتن)، نیمە شەو، چێشتەنگاوە، خۆر دەرچوین، پاش نیمەڕۆ (پێش...)، خۆرکەفتن، بەچاوجویقانیك، خۆر لـە زەردە، بەچـاو توریکانیـك، عـەیام (عەیامێك) ساڵانێك، سـاڵانێکە، رۆژگـار/رۆژگاریـك، بوهـار، بوهـاران، زمـستان، جارجار، جارێك، جار، حەفتەی تر، لەمەودویا، قەدەریکە.

**ئاوەڵفەرمانی شوێنی:** وەکو: (بان، بن، ناوقەد، پێش، دویا (ئەم وشەیە (وی)کەی بە یەك دەنگ دەخوێنرێتەوە)، پەڕ، پەڕگـە، نـاو، لا، لـەلا، تـەك، لەتـەك، لـەجیّ، لەشوێن، لە ژوێر، لەسەردا، لەسەرداوە، لەو خوارەوە). بۆ شوێن:

- لەبن دیوارەکە دانشتبیم ـــــ لەسەر دیوارەکە دانیشتبووم.
- ماڵ ئیمە لەو پەڕ ئاواییە ـــــ ماڵی ئێمە لەوپەڕی دێیە.
- لە پەڕگەی ئاواییەوە کانیك هەیە ـــــ لە پەڕگەی دێیەکەوە کانییەك هەیە.
- تا ناوقەد ئاو هاتبی ـــــ هەتا ناوقەدی ئاو هاتبوو.
- ئاوەکە لەسەرداوە پاکی کردمەوە ـــــ ئاوەکەمم لەسەروە پاك کردەوە.

**بۆ کات:**

- قەدەریکە هاتە ـــــ ماوەیەکە هاتووە.
- جارجار سەر دەملەی ـــــ جارجار سەری لیّ ئەدەم.
- تا ماڵخەفتك نیامەوە ـــــ تا ماڵ خەوتن نایەمەوە.
- لە کازیب بەیانەوە هەڵسیاگم ـــــ لە کازیوەی بەیانەوە هەڵساوم.

# زارە جیاوازەکانی پارێزگای کەرکووك و کاریگەری راگوێزان بەسەریانەوە

پەیدابوونی زار لە زماندا، شتێکی سروشتییە، کەم و زۆر لە هەموو زمانێکدا، زار پەیدا دەبێت: لە سەرەتاوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی قسەکردن لە ناو زمانەکەدا، پاشان ئەم جیاوازییە بە هۆی باری سیاسی و جیاوازی باری کۆمەڵایەتی و جوگرافی و جیاوازی سروشتییەوە[٢٢]، دەبێتە هۆی دروستبوونی زارو، ئەمەش بە هۆی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ و زیادبوونییەوە، بە تایبەتی فراوانبوونی رووبەری شوێنی قسەکردنی زمانەکە، وەك لە ناوچەیەك یا، ئەو زارانە بەرەو فراوانی دەچن[٢٣] و گەشە دەکەن و زار لە زمانەکەدا زیاد دەبن.

لە هەندێك زماندا زار زیاترە، ئەویش بە هۆی بارودۆخی نەتەوە و وڵاتەکەوە، بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد، کە زمانەکەی خۆی لە خۆیدا زاری زۆرە، ئەمەش بە هۆی سروشتی ئاڵۆزی وڵاتەکەیەوە جیاوازی پلەی کۆمەڵایەتی میللەتەکەی، باری سیاسی نەتەوەی کوردیش بە هۆی دابەشکردن و دابڕانی وڵاتەکەیەوە، بۆ چوار بەش و بۆ ژێر دەسەڵاتی سێ نەتەوەی جیاوازی وەکو عەرەب و تورك و فارسەوە، لە هەر بەشێکیدا یەکێك لەو سێ زمانە کاری لە زمانەکەی کردووە و زیاتر زارەکانی زمانی

(٢٢) أ/ د. علي عبدالواحد وافي، علم اللغة، القاهرة، ١٩٧٧، ل١٧٥.
ب/ عبدالرحمن ئەمین زەبحی، قاموسی زمانی کوردی(ع)، ١٩٧٧، ل٥٢.
(٢٣) سەرچاوەی ژمارە (١)، ل١٦٩.



کوردی، ناوچە جیاوازەکانی لە یەکتر دوور خستۆتەوە و دیاردەی زۆربوونی زار لە زمانەکەیدا گەشەی کردووە و کۆمەڵی کوردیشی لە یەکتر دابڕیوە و بە شێوەیەکە، کە بە هۆی جۆری دەربڕینەوە کوردی پارچەکانی کوردستان لە یەکتر جیا دەکرێتەوە و کاریگەری زمانی نەتەوە دەسەڵاتدارەکەی پێوە دیارە، ئەمجا زۆربوونی زارە کوردییەکانیش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، لە هەندێك ناوچە زارێك یا زیاتر هەیە، وەکو لە سنووری پارێزگایەکدا چەندین زاری جیاوازی گرتۆتە خۆی[٢٤]، دەبینین لە پارێزگایەکی تردا زاری کەمترە.

سنووری پارێزگای[٢٥] کەرکوك، لە رووی بوونی زاری جیاوازی زمانی کوردییەوە، ناوچەیەکە فرەزاری پێوە دیارە، زارەکانیشی بە شێوەیەکە، کە هەریەکەی سەر بە دیالێکتێکی گەورەیە و لە سەردەمێکی مێژووییدا زمانی ئەدەبی بووە و خاوەن شیعر و ئەدەبیاتی خۆی بووە.

زارەکانی پارێزگای کەرکوك، لە ناوچە جیاجیاندا جیاوازییان بەرادەیەکی زۆر زەحمەت یا لە یەکتری تێناگەن، مەگەر بەزارە گشتێکەی قسە بکەن ئەویش زاری گەرمیانی و کەرکوکییە.

لەم باسەدا هەوڵ ئەدەین زارەکانی ئەم پارێزگایە و شوێنی قسەکردنیان دیاری بکەین، جیاوازی نێوانیانیش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی رێزمانی، بەرادەیەکی زۆر کەمیش بۆ جیاوازی جوگرافی، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ هۆی کۆچکردن[٢٦] و بوونی خێڵ و هۆزی جیاواز لە ناوچەی گەرمیان و پارێزگای کەرکوکدا.
کەم پارێزگا هەیە وەکو ئەم پارێزگایە هۆزی زۆری لێبێت وەکو:

(٢٤) هەمان سەرچاوە، ل١٧٩.
(٢٥) د. رەفیق شوانی، هۆی پەیدابوونی زار و سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی، گۆڤاری زانکۆی دهۆك، ژمارە (٦)، بەرگی (٢)، ١٩٩٩، ل٧٩١-٨٠٦.
(٢٦) سەرچاوەی ژمارە (١)/أ، ل١٧١.

شوان، تاڵەبانی، ساڵەیی، بیبانی، شێخ بزینی، جاف، داودە، کاکەیی، گل، جەباری، شێخانی و بەرزنجەیی، زەنگنە، پاڵانی، قەڵاسێوەکەیی، دەلۆ، هەمەوەندی، رۆژبەیانی، سیامەنسوری، لەك، کەڵوڕی، زۆربەی ئەم هۆزە کوردانەی کەرکوك بەزاری جیاوازی جیاواز قسە دەکەن و زاری جیاوازی خۆیان هەن زارەکانیشی ئەمانەن: شوانی، کاکەیی و زەنگنە و جەباری و شێخانی (زمانی ماچۆ قسە دەکەن)، گەرمیانی، کەرکوکی، جافی[٢٧]، شێخ بزێنی، بیبانی، کەرکوکی، گەرمیانی[٢٨]، شۆڕیجەیی)ن...هتد.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە، کە زۆربوونی ئەم زارە جیاوازانەی سنووری ئەم پارێزگایە، رەسەنایەتی و کوردبوونی ناوچەکە لە رووی مێژووییەوە دەگەیەنێت، بەوەی، کە لە بنچینەوە شوێن و زێدی باوباپیرانی کوردە و خەڵکانی تریش غەوارەن و باری سیاسی و ئابووری بوونیانی لەوێدا قوتکردۆتەوە.

لەلایەنێکی تری سەنجراکێش لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بۆ کوردێتی ئەم ناوچەیە، بوونی زاری کاکەیی و شێخانی و زەنگەنەیە، کە هەرسێکیان دیالێکتی گۆرانی ئەسڵ پێکدێنن[٢٩] و زمانی ئایینی کاکەیە (ئەهلی حەق- یا ئایینی یارسان) بەزارێکی ناوچەی کەرکوك رێوڕەسمی بەرێوەدەچێت. ئەمەش لە رووی ئایینەوە دیسان کۆنی و بنچینەی کورد لەم ناوچەیە دەسەلمێنێت، کە یەکێك لە ئایینەکانی زایندەی نیشتمانی کورد، تیایدا بڵاوبۆتەوە و کتێبی پیرۆزی (یارسان)، (دەورەی بە هلول) ئەم ئایینەی پێ بڵاوبۆتەوە[٣٠].

---

(٢٧) تەنها لە هەمان سەرچاوەیدا باسیکردووە، ل٤٢.

(٢٨) یەکەمی: لای غازی فاتیح وەیس، فوئاد حمە خورشید، لە کتێبی زارەکانی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین باسکراوە، لەمەوبەر سنووری فراوانی ئەم پارێزگایە خرابووە بەر زاری سلێمانی، کە ئەمە هەڵەیەکی زانستییە.

(٢٩) فؤاد حمە خورشید، اللغة الكردية، التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد، ١٩٨٣، ل٢٧.

(٣٠) د. جمال نبز، المستضعفون الكرد و اخواتهم المسلمون، لندن، ١٩٩٧، ص١٠٣، حاشيە ٢٨.



سنووری پارێزگای کەرکوك، کە مەڵبەندی زارە جیاجیاکانی زمانی کوردییە دەکەوێتە نێوان پارێزگاکانی هەولێر و موسڵ و تکریت و دیالە و سلێمانیوە، ئێستا تووشی سیاسەتی چەوتی راگوێزان بووە و لەگەڵێدا هەموو دیاردەکانی ئەم پارێزگایەی گرتۆتەوەو ناوچەیەکی فراوانی کردۆتە باڵە مێشێك.

## زارەکانی سنووری پارێزگای کەرکوك:

شوانی: بریتییە لە زاری شوان، شوانی کێشك، لە بنەڕەتدا دووەمیان سەر بە زاری کوردی باشووری لوڕییە[٣١] لە ئەنجامی سیاسەتی کۆچ پێکردنەوە، بە تایبەتی بەشی شوانی کێشك، لە سەرووی رۆژهەڵاتی کەرکوك قسەی پێدەکەن و لە رووی جیاوازی رێزمانییەوە، سەر بە زاری کوردی باشوورییە و جیاوازە لە زارەکانی تری سنووری پارێزگای کەرکوك، مەڵبەندەکەی دێی رێدارە ٢٥کم لە کەرکوکەوە دوورە ئەم هۆزە بەشێکە لە هۆزی بەناوبانگی کوردی شوانکارەیی کە لە ناوچەی لورستان تا سەدەی پێنجەمی کۆچی دەوڵەتی گەورەیان هەبووە پاشان لەلایەن سەلجوقییەکانەوە رووخاون[٣٢]، لە زاری خانەقین و سنەیی و گەرووسییەوە زۆر نزیکە و ئەگەرچی جیاوازی کەمی رێزمانی بەتایبەتی لە رووی دەنگسازی و رستەسازیوە هەیە.

ئەم زارە بە هۆی سیاسەتی راگوێزانەوە، لە بیری ئەوەی ئێستا چۆتەوە و بە زارە گشتیکەی ناوچەی کەرکوك قسە دەکەن، بەڵام لەلای خەڵکی بەساڵاچووە لە بیر نەچۆتەوە، زۆر بە کەمی بەکاردێت، زیاتر بە زاری خەڵکە زۆرەکە قسە دەکەن بە هۆی سیاسەتی راگوێزانەوە لە دوای ئەنفالەوە لە ساڵی ١٩٨٨ەوە بەرەو نەمان بۆتەوە.

<u>کاکەیی</u>: ئەم زارە لە ناوچەی کاکەیی دێهاتی داقوق لە باشووری شاری کەرکوك لەلایەن هۆزی کاکەییەوە قسەی پێدەکەن.

---

(٣١) د. رەفیق شوانی، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٥١)، ٢٠٠٠، ل٢٥-٣٨.

(٣٢) مەلا جەمیل رۆژبەیانی، رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٧)، ل١٤-١٧.

له رووی رێزمان و قسەکردنەوە بە زارێکی دیالێکتی گۆران دادەنرێت و بە زمانی (ماچۆ) بەناوبانگە و لەگەڵ شێخانی و جەباری و زەنگەنەی نزیك کفری گۆرانی ئەسل پێکدێنن.

له دێهاتی وەك: عەلی سەرا، تۆپزاوە، زەنقر، عارەب کۆیی...هتد، خەڵکی ئەم ناوچەیە، بەزۆر کراون بە عارەب.

داب و دەستووری ئایینی کاکەیی (ئەهلی حەق) بەم زارە بەڕێوە دەچێت و لەگەڵ زەنگەنە و شێخانیدا گۆرانی ئەسڵ پێکدێنن زایندەی ئەم ئایینەن، لە باوەشی چیای زاگرۆسدا بڵاوبۆتەوە و باوەڕیان بە نەمری هەیە و (سوڵتان سەهاك) بەرزترین پلەی ئایینەکەیانە پاش خوای پەروەردگار، ئەم زارە شیعر و ئەدەبیات و پەندی یەکجار زۆری هەیە، ئایینەکەی لە زۆر شوێنی تردا بڵاوە، وەکو لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە هەندێك مەڵبەندی سەرەکی ئایینی ئەهلی حەقە، نەك زارێکی دیالێکتی گۆران بێت[٣٣]. ئەم زارە لە دوای ساڵی ١٩٨٨ەوە بێجگە ئەوانەی لە ناوچەکە ماونەتەوە بە هۆی سیاسەتی راگوێزان و ئەنفالەوە لە ئوردوگا زۆرەملێکاندا لای نەوەی نوێ لەبیر چۆتەوە و مەگەر دەگمەن نەبێت، بەڵام لەلای نەوەی پێش بەرپاکردنی ئەم سیاسەتە زارێکی ئاساییە لە قسەکردندا، گەورەترین شاعیریان هیجری دەدەیە[٣٤]. هونەرمەند حوسێن عەلی خەڵکی ئەم ناوچەیەیە لە دێی (حەفتە غار).

**جەباری و زەنگەنە و شێخانی:** لە ناوچەکانی (شێخانی)ی قادر کەرم، بریتییە لە (١٩) ئاوایی (١٤) ناوچەی زەنگەنە، بە تایبەتی زەنگەنەی نزیك کفری (گۆرانی ئەسڵە) لە رۆژهەڵاتی شاری کرماشانیش بەکاردێت و مەڵبەندەکەی (گەهوارە)یە بۆ ئایینی ئەهلی هەق (کاکەیی) ئەم زارانەی ناوچەی کەرکوك لەگەڵ هەورامیدا

(٣٣) د. رەفیق شوانی، دابەشکردنێکی نوێی زارەکانی زمانی کوردی، لێکۆڵینەوەیەکی دەست نووسە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، ل٣.

(٣٤) ئەم شاعیرە کوردە و بە کوردی و تورکمانیش شیعری نووسیوە.



جیاوازییان زۆر کەمە و بە زمانی (ماچۆ) ناوبانگی دەرکردووە، لە ناوچەی قەرە حەسەن و جەباری لە باشووری رۆژهەڵاتی شاری کەرکوك قسەی پێدەکەن شاعیری ناودار مەلا فەتاحی جەباری، کە بە دیالیکتی گۆران/ هەورامی شیعری نووسیوە و دیوانی هەیە، سەر بەم زارەیە و خەڵکی جەبارییە و زاری گفتوگۆکردنی بووە.

مەقامی رەسەنی کوردی لەم ناوچەیەدا سەری هەڵداوە و بەم زارەش ئەو مەقامە جیاوازانەی گەرمیان دەوترێت وەکو خاوکەر، خورشیدی، قەتار، ئای ئای...هتد. ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووی کوردبوونی پارێزگای کەرکوك دەگەیەنێت و ئەم گۆرانییانەش لە ناو شاری کەرکوکدا زۆر باوە و لە تەکیە و خانەقا کوردییەکانی شاردا جاران باوبوونە و گەڕەکی شۆریجەی کەرکوك، بەر تەکیە لە کەرکوکدا نموونەی ئەم بۆچوونانەن و گۆرانی و مەقام بێژانی وەکو عەلی مەردان، سەلاح داودە حەمە درێژ هەن.

ناوچەکانی ئەم زارە ئێستا شوێنی سەربازین و لە خاوەنی حەرام کراون و خاوەن سامانێکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆر و شیعر و پەندی کوردین و زارەکەش لەلای نەوەی نوێی ئۆردوگا زۆرەملێکاندا، لە پاش راگوێزانی و ئەنفالی ساڵی ١٩٨٧ەوە لەبیرچۆتەوە خەڵکی ناوچەکەش بە شێوەی کەرکوکی و گەرمیانیش قسە دەکەن. ئەم سێ زارە لەگەڵ کاکەیی دەکری بڵێین (گۆرانی ئەسڵ) پێکدێنی.

**جافی:** هەندێکی لە ناوچەی سەنگاوی سەر بە قەزای چەمچەماڵ پارێزگای کەرکوك، قسەی پێدەکەن و بە جافە رەشکە بەناوبانگن، ئەویش لە هەموو دێهاتەکانی نا، چونکە دێهاتی: زەنگەنەشی بەردەکەوێت و لە ناوچەی شارەزووریش قسەی پێدەکەن[٣٥]، کە سەر بە شاری سلێمانییە وەکو ناوچەی کارگێڕی، هەروەها لە کەلار، کوڵەجۆ، جوانڕۆ، بە زاری زۆربەی تیرەکانی جاف دادەنرێت، جافی شارەزوور، دێی (بویەر)ی ژاوەرۆی سنە وەکو زاری جافین. ئەم رەسەنایەتییە بوونی جافی لە کەرکوك پەیوەندی کەرکوك بە ناوچە کوردییەکانی ترەوە دەگەیەنێ.

(٣٥) هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٢)، ل٤.

گەرمیانی[٣٦]: دەتوانرێت ناوچەی باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی کەرکوك، توز، کفری و کەلار، قەرەتەپە، سەرقەڵا، پێباز، ناحییەی مەیدان و هۆرێن ئەو شوێنانەی کە سەر بەم ناوچانەن بێجگە لە زارە سەرەکییەکەی کاکەیی و شێخانی و زەنگەنە کە لە رووی جوگرافییەوە سەر بەم ناوچەیەن، بەم زارە گشتییەی گەرمیانیش قسە دەکەن، ئەم زارە زیاتر زاڵە بەسەر شێوە زارەکانی تری ئەم ناوچەیە، وەکو زارێکی گشتی لێهاتووە، بۆ ناوچەکە و ئەوانی تر شێوە زارن.

گەڕەکی شۆڕیجەی ناو کەرکوکیش لە باشووری رۆژهەڵاتی شارەکە سەر بەم زارەیە، لە رووی قسەکردن و فۆلکلۆر و گۆرانی و داب و نەریت و جل و بەرگەوە، هۆزی داودە وەکو شۆڕیجەی ناو کەرکوك قسە دەکەن، تاڕادەیەك جیاوازە لە گەرمیانی زۆربەی ئەم ناوچانە، مەڵبەندی قەزاکانی لێدەرچێت تووشی سیاسەتی راگوێزان و ئەنفال بوون و تێکەڵییان لە زاری تردا بووە، ئێستا لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە، ئاوەدانکراوەتەوە، دێهاتی ناوچەی قادر کەرەم، قەرە حەسەن، لەیلانی لێدەرچێت.

کەرکوکیش دەکرێت وەکو زارێك ناوببرێت و جیاوازبێت لە زارەکانی گەرمیانی کە لە ناو شاری کەرکوکدا بێجگە لە گەڕەکی شۆڕیجە[٣٧] ناوچەی شوان بێجگە لە شوانی کێشك، ساڵەیی هەندێك لە ناو پردێ بەلای هەولێرەوە، تا شاری چەمچەماڵیش، بە هێڵێکی ئەندازەیی، بەتایبەتی لەلای باکووری رێگای گشتی نێوان ئەم دوو شارە[٣٨]دا، ئەگەرچی لەم سەردەمەدا زاری سلێمانی، لە رۆژهەڵاتی ئەم ناوچەیەوە پەلی هاویشتووە تا چەمچەماڵ و ئاغجەلەریش. دێهاتی باشووری رۆژئاوای کەرکوك و نێوان کەرکوك و دووبزیش بەم شێوەیە قسە دەکەن.

دێهاتی سەر بەم زارەش راگوێزران و ئێستا پاش راپەڕینی ئاداری ١٩٩١ هەندێکی وەکو دێهاتی ئاغجەلەر، چەند دێیەکی شوان، ئاوەدانکراونەتەوە بە

(٣٦) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(٣٧) هەمان سەرچاوەی ژمارە (١٢).

(٣٨) ناویان وەکو زار نەهاتووە و لە هیچ شوێنێك نەمدیوە باس کرابێ.



شێوەیەك قسە دەکەن کە لە زمانە ئەدەبییەکەوە زۆر نزیکە، کە بە کەمێك جیاوازییەوە. گەورەترین شاعیری ناوداری کەرکوك شێخ رەزای تاڵەبانییە، خاڵسی، ئەسیری، ئەوڕەحمان بەگی نفوس، شێخ مارف بەرزنجی شاعیر و نووسەرە، لەتیف حامد، لەتیف هەڵمەت، سەلاح شوان... سەلام محەمەد(داماو) هتد.

بیبانی: هەچەند وەکو هۆز ناو دەبرێت، بەڵام پێدەچێت پرش و بڵاوبێت[٣٩] و یەك دوو دێی سەر بە پردێ وەکو بیبانی گەورە، بیبانی بچووك دەگرێتەوە و تاڕادەیەك قسەکردنیان لە زاری شوانی کێشکەوە نزیکە و ئێستا شوێنێکی سەربازییە و خەڵکەکەش پەرش و بڵاوبوونەتەوە.

شێخ بزێنی[٤٠]: دەکەوێتە باکوور و باکووری رۆژئاوای ناوچەی شوانەوە، لە رووی کارگێڕییەوە هەندێکی بە زۆر سەر بە ناوچەی تەقتەقن و هەندێکی تری وەکو دێی عەمدۆن، مەرزیخەی خواروو، کانی رەش، قەرەناو، جگیلە...هتد، سەر بە مەڵبەندی رێداری ناحیەی شوان بوون، وەکو هۆز شێخ بزێنین، ئەم هۆزە لەگەڵ هۆزی شواندا چەند جارێك تا ساڵی ١٩٨٨ی سەردەمی راگوێزان بوونە و لە پەیمانی (زەهاو)ەوە لە ساڵی ١٦٣٩ز هەندێکیان بەرەو قۆنیا و ئەنکەرە و ئەرزەڕۆم راپێچ کراون[٤١] و لە شاری هەولێریش هەن، زاری شێخ بزێنی زۆر لە زاری هەولێرییەوە نزیکە بە کەمێك جیاوازییەوە.

چەند دێیەکی ئەم زار و هۆزەی شێخ بزێنی، بەر ناوچەی قەڵاسێوکەی سەر بە مەلبەندی ئاغجەلەر دەکەوێت، وەکو دێهاتی ئەودیوی چیای خاڵخاڵانی ناوچەی شوان

(٣٩) لە بەرنامەی (کاروان) کە لە تەلەفزیۆنی میدیاوە سیروان رەحیم بڵاوی دەکاتەوە بە تەلەفۆن لە ناو تورکیاوە لە حوزەیرانی ٢٠٠٠ ئەمەی روونکردەوە.

(٤٠) د. رەفیق شوانی، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٣٠٨٥) لە یادی ئەنفالی چوارەمدا و لە ٢٠٠٠/٥/٨.

(٤١) زانیاری خۆم و چاوپێکەوتن لەگەل کاك بیهروز ئەردەلانی، پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران رۆژی ٢٠٠٠/٢/٣ رۆژی پێنج شەممە، لە شاری کۆیە.

بە لای باکوور و رۆژهەڵاتەوە وەکو: گردخەبەر، سەرچنار، توتەقەڵ، سماقە، قەسرۆك، برایم ئاغا، کانی هەنجیر...هتد.

ئێستا ئەم دێهاتانە واتە دێهاتی پشت خاڵخالان و ئەوبەری زێی بچووك بە لای تەق تەقەوە لە دوای راپەڕینەوە ئاوەدانکراونەتەوە.

ئەم ناوچەیە بە زۆری خەڵکەکەی بەر ئەنفالی چوار کەوتن، تا ئێستاش بێ سەرو شوێنن، کە لە ناوچەکانی شوان، شێخ بزێنی، قەڵاسێوکە، بەری کۆیە کە لە ١٩٨٨/٥/٤[٤٢]دا. زارەکەشیان دەچێتەوە سەر زاری سۆرانی سەر بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە و لە ناوچەکەشیدا، شێوە زاری (لەکی) هەیە، کە لە کۆنەوە لە ناوچەی زەهاوەوە راگوێزراون و ئێستا کەمتر قسەی پێدەکەن، شێخ بزێنی دەوری (٥٠کم) لە کەرکوکەوە بە لای باکوورەوە دوورە و داب و نەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە و تارادەیەك لە ناوچەکانی تری کەرکوك چ وەکو زاریش جیاوازن و دوور دەکەونەوە.

بێجگە لەم زارانەی سەرەوە هەندێك شێوەزار یا شێوەی قسەکردنی جیاواز لە ناوچەی کەرکوك بەدی دەکرێت وەکو: لەکی، کەڵوڕی کە بە هۆی سیاسەتی کۆچ پێکردن و راگوێزانەوە بەپێی پەیمانی (زەهاو) لە ساڵی ١٦٣٩زایینییەوە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و شوێنی تر بڵاوبوونەتەوە لە کەرکوك، لە هەولێر بە پەرش و بڵاوی هەن و لە ناوچەی کەرکوك دێی (کەڵوڕ) بەو ناوەوە نراوە کە ئێستا ئەویش راگوێزراو و ئەنفالکراوە، لەمبەر و لەوبەری زێی بچووك لە سنووری هۆزی شێخ بزێنی نێوان کەرکوك و هەولێریش چەند دێیەك هەن.

---

(٤٢) لەم سنوورەدا دێی (لەکیش) هەن، بۆ نموونە دێی قەشقەی سەر بە قوشتەپەی هەولێر.

## ئەنجام:

١- بوونی زمان و زەوی لە شوێنێکی دیاریکراودا، دوو بنەمای بەهێزی بوونی ئەو نەتەوەیە دەگەیەنێت و لەم شوێنەدا دەیسەڵمێنێت، کە بە میللەت و بە زەوی و خاکەوە هی ئەو نەتەوەیەیە، مێژووی کۆن و نوێ ئەمەی سەڵماندووە.

٢- کەرکوك بە هەموو ناوچەکانییەوە لە رووی زمان و زارە جیاوازەکانییەوە کوردن و بوونی زاری جیاواز لەوێدا کوردبوونی کەرکوك دەسەڵمێنێ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە نکۆڵی لە بوونی کەمینەی میللەتی تر بکرێت.

٣- بوونی زۆربەی هۆزە کوردەکان لە کەرکوك، کە رەگ و ریشە مێژوویان کۆنە، دیسان کوردبوونی کەرکوك دەسەڵمێنێ، کە ئێستا بە هۆی سیاسەتی راگوێزانەوە پەرش و بڵاوبوونەتەوە و کاریگەری زاری ناوچەی نوێی نیشتەجێبوونیان بەسەرەوە دیارە.

٤- بوونی ئایین و مەزهەبی جیاواز، بە تایبەتی ئەو ئایینانە کە زایندەی نیشتمانی کوردن و لە داوێنی چیای زاگرۆسەوە بڵاوبوونەتەوە، وەکو ئایینی کاکەیی (ئەهلی حەق-یارسان)یشی پێدەڵێن لە پارێزگای کەرکوکدا رەسەناتی کوردبوونی دەگەیەنێت بێجگە لەوەی، کە بە زمانی کوردی رێورەسمی ئایینەکە بەرێوە دەچێت.

٥- سەرهەڵدانی هونەری مەقام و (ئای ئای)، گۆرانی جیاواز و تایبەت بەم ناوچەیە مۆرك و رەسەنایەتی کەرکوك دەسەڵمێنێت و ئەم هونەری مەقامە بەناوچەکانی تری کوردستاندا بڵاوبۆتەوە.



٦- شاعیر و نووسەرە کۆنەکانی ئەم ناوچەیە وەکو شێخ رەزای تاڵەبانی، خالسی، هیجرە دەدە، شاعیرەکانی تری هۆزی کاکەیی دیسان کوردبوونی کەرکوك دەگەیەنێت.

٧- جێبەجێکردنی سیاسەتی راگوێزان و ئەنفالکردن خۆیان کوردبوونی پارێزگای کەرکوك و شارەکەی دەسەڵمێنێ، ئەگەر وانییە و کورد نییە، بۆ ئەم شارە بەر ئەو دوو سیاسەتە جیاوازە کەوتووە و ئەم زارانە سنووری پارێزگاکە بە هۆی نیشتەجێکردنی خەڵکەکەیەوە، لەلای ئەوەی نوێوە لەبیرچۆتەوە و بە گەرمیانی و کەرکوکی قسە دەکەن.

٨- بوونی خانەقا و تەکیە کۆنەکانی وەکو خانەقای بنەماڵەی سەید ئەحمەد و تەکیەی تاڵەبانی و خادم سوجادە نیشانەی کوردبوونی شارەکەن.

# جۆری رسته له رووی بوون و نەبوونی کاتەوه

# له زمانی کوردیدا

مرۆڤ بۆ یەکەم جار لەبەر مەترسی و رووداوەکانی ژیان و بەرانگاربوونەوەی سروشت و بۆ بەرێوەبردنی ژیان، کۆمەڵ و سیستەمی زمانی پێکهێنا[٤٣]. لێرەوە گرنگی زمان لێکۆڵینەوە دەربارەی لەلای زانایانی کۆمەڵ، زمانەوان، مێژووناس و دەروونناسەکانەوە پەیدا بوو[٤٤].

دەربارەی هەڵسوکەوت و پەیوەندی نێوان مرۆڤ لە کۆمەڵدا و قسەکردن لە بارەی رووداوەکانی کە لە نێوان خەڵك، کۆمەڵ، یا لە سروشتدا روودەدەن، بەندن بە کاتەوە، واتە ئەو کاتەی، کە روودەدەن یا پەیدا ئەبن، بۆیە ئەم قسانەمان لە زماندا بەندن بە کاتەوە، ئەو کاتەی باسیان لێوە دەکەین و دێنە ناوەوە دەبنە کاتی ئەوەی روودەدەن. لە رێزماندا بەم جۆرە باسانە واتە قسەکردن پێی دەوترێ ئاخاوتن[٤٥] لە بارەی رێزمانەوە پێی دەوترێ رستە، رستەکانیشی فەرماندارن و رستەی فەرمانین.

بەشێکی تری قسەی مرۆڤ هەیە بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا هەست پێدەکرێت، کە دەربارەی ئەو دیاردە و حاڵەت و باسانەی، کە شتێکن هەردەم لە ناو سروشت و لە ناو کۆمەڵ و دەوروبەردا هەن و هەمیشەیین، بۆیە باسکردن لە بارەیانەوە لە قسەکردندا پابەندنین بەکاتەوە، چونکە نەروو دەدەن و نەپەیداش دەبن،

(٤٣) محمود سعران، علم اللغة، مصر، ص٥٦.

(٤٤) د. علي عبدالواحد وافي، علم اللغة، القاهرة، ١٩٧٢، ص٣١-٣٣.

(٤٥) سەرچاوەی (١)، ل٥٨.



لەبەر ئەوەی هەر هەن، ئەمانەش لە کاری زمانەوانیدا رستەی بێ فەرمان (رستەی باس) پێکدێنن و باسەکانیش بە شێوەی رەهایی (مطلق) و رێژەیی هەن.

سروشت و تایبەتێتی زمانی کوردی لە بارەی ئەم باسەوە، بەپێی تایبەتێتی زمانەکە رستەی باس (رستەی ناوی) دەگرێتە خۆی.

زمانەوانەکانیش لە لێکۆڵینەوەی زماندا، بایەخیان بە دیاریکردنی کەرەسەکانیدا. کەرەسە و بەشی جیاوازیان وەکو: ئاو، ئاوەڵناو، فەرمان دیاری کرد و تایبەتێتی هەریەکەیان دیاری کرد و گەورەترین کەرەسە و بەشی زمان بە رستە دەستنیشان کرا[٤٦].

لێرەدا دەردەکەوێت، کە رستە لە زمانی کوردیدا لە رووی بوونییەوە بەپێی بوونی کات و نەبوونی دوو جۆری هەیە وەك: رستەی فەرماندار، کە بەندە بە کاتەوە جۆری دووەم کە رستەی باس (رستەی ناوی)ە، کە کاتی تێدا نییە.

هەریەك لەم جۆرە رستانە بەپێی بوون و نەبوونی کات (فەرمان) جۆری تری لێدەبێتەوە.

لە خوارەوە هەردوو جۆرە سەرەکییەکەی رستە و جۆرەکانی بە پێناسە و بە نموونەوە روونەدەکەینەوە.

## ١- رستەی فەرماندار (رستەی کاتدار):

رستەیەکە رووداو و باسکردنی و بابەتەکەی بەندە بە فەرمانەوە و هەواڵ رادەگەیەنێت، واتە کاتی تێدایە، ئەمجا کاتەکەی رابردوو، ئێستا، ئایندەیە، ناوەرۆکەکەی هەمیشەیی نییە و کاتییە، تا باس نەکرێت و روو نەدات هەست بە بوونی ناکرێت و بوونی نییە و لە باسکردنیدا دێتەروو.

رستەی فەرماندار بەپێی بوونی جۆری فەرمانەکەی لە رستەدا چەند جۆرێکی هەیە: وەك: رستەی رووداو، رستەی هەواڵی، رستەی ئیشکردن و جێبەجێکردن، و

(٤٦) بیروبۆچوونی چۆمسکی ئەوەیە لەم بارەیەوە کە رستە ئاستێکی سەرەکی زمانە، بڕوانە: چۆمسکی، البنی النحویه، وەرگێر: یۆئیل یوسف عزیز، بەغدا، ١٩٧٨، ل١٦٠.

رستەی زەینی مـرۆڤ، رسـتەی فـەرمان گواسـتنەوە. لێـرەوە دێینـە سـەر پێناسـە و روونکردنەوەی هەر جۆرێکی بە نموونەوە:

## أ- رستەی رووداو[٤٧]:

رسـتەیەکە بـە هـۆی فـەرمانی روودانـەوە، لـە کـاتێکی دیـاریکراودا رووداو رادەگەیەنێت. واتە باس لە شتێك دەکات هێشتا، واتە تا کاتی قسەکردن نییـە و رووی نەداوە و لە باسکردنیدا دێتەڕوو، جۆری فەرمانەکەی بریتییـە لـە فـەرمانی تێنەپـەڕی بکەر نادیار[٤٨]، روودانی دوورە لە دەسەڵاتی مـرۆڤ و بەنـدە بـە هێزێکـی سروشـتی و دەرەکییەوە، کە تا کاتی قسەکردن و باس لێکردنیەوە رووداوەکە نەبیستراوە، وەکو ئەوە وایە رووی نەدابێت یا روونەدانیش کاتی باسکردنیان دەبێتە کاتی روودانیان. نموونە:

- خانۆکە رووخا/ خانۆکە دەڕووخێت.
- منالّەکە دەخنکێت.
- من لەسەر بەفرەکە خلیسکام.
- ئەو سووتا — دەسووتێت.

(٤٧) د. محمد علی الخولی، معجم اللغة النظري، لبنـان، ١٩٨٢، ل٢٣٩، بـۆ فـەرمانی روودان زاراوەی (فعل انعکاسی) بەکارهاتووە بکەر و بەرکارەکەی یەکە و هێما بۆ هەمان کەس دەکات. لە فەرهەنگی زمانەوانی: معجم مصطلحات علم اللغة الحدیث، نخبة من اللغویین العرب، لبنـان، ١٩٨٣، ل٧٢، زاراوەی (reflexive)ی بـەکارهێناوە، کـە بەرامبەرەکـەی بـە عـەرەبی (فعـل المطاوعة) نووسراوە. لە المورد (Almewrid)ی ئینگلیزی — عەرەبی، ل٧٧٠، (الفعل المنعکس، الارادی)یە. هەروەها:

مەسعود محەمەد لە رێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل١٠١، هەمان فەرمانی روودانی بـەکارهێناوە، لـە بەکارهێنانی (ی) لە رێزمانی کوردیدا، ل٤٧، پێیان دەڵێت فیعلی روودان — فعل الوقوع، ئەوەشـی دەرخستووە، کە ئەم جۆرە فەرمانە تەنها ئەلفییە وەك لە (مـرد)دا باسـدەکات، بۆچـوونی زانـستی وانییە و ئەم جۆرەی فەرمانە لە چاوگی (دالی-تائی)ش هەیە، وەك خەوت، کەوت.

(٤٨) رێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری، بەغدا، ١٩٧٦، ل١٠٠-١٠١.



- نانەکە برژا.
- پەتەکە پسا.
- تۆ خەوت لێکەوت.
- مندالّەکە بورووژا.

ئەگەر سەری ئەو رستانە بکەین، هـەموویان رووداو رادەگـەینن و رووداوەکـە لـە کاتی رابردوو یا رانەبردوو دایە، وشـەکانی لای راسـتی رسـتەکانەوە، وەك: (خـانوو، مندالّ، بەفر، ئەو، نان، پەت، تۆ) هەموویان رووداوەکـەیان بەسـەردا هـاتووە، واتـە ئیشیان بەسەردا هاتووە، نەك ئیشیان کردبێت، ئەوەی رووداوەکەی هێناوەتە سـەریان دیار نییە، کێیە، یا چییە؟ چونکە: خانوو، مندالّ، ....... لە خۆیانەوە نارووخێن و ناخنکێن، منیش لەخۆمەوە ناخلیسکێم، ئەگەر هۆیەك نـەبێت، نـانیش لـە خۆیـەوە نابرژێت و پەتیش بەبێ هۆ ناپـسێت، بۆیـە بکـەری ئـەم فەرمانانـە نادیـارە و دیـار نییە[٤٩]، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە بە فەرمانەکانیان دەوترێ تێنەپـەڕی بکـەر نادیـار، هۆیەکی نادیار بۆ روودانیان.

### تایبەتییەکانی رستەی فرمان رووداو:

١. رووداو رادەگەیەنێت، واتـە ئەوەیـە روودەدات و دێتـەڕوو، پێـشتر نـەبووە، بوونی بەندە بە کاتی روودان و باسکردن.

٢. روودانی بەندە بە هۆ و هێزێکی دەرەکی و سروشتییەوە بکەرەکەی نادیـارە بەرکار شوێنی گرتۆتەوە لە رستەدا دیارە[٥٠].

(٤٩) وریا عومەر ئەمین، تێنەپەڕ فـەرمانێکی بکـەر نادیـارە، رۆشـنبیری نـوێ، ژمـارە (١٠٧)، ١٩٨٥، ل١٩٦-٢٠٠.

(٥٠) د. محمد علی الخولی، هەمان سەرچاوە، ل٧٣. دەڵـێ ئـەم جـۆرە فەرمانـە (روودان) بکـەر و بەرکاریان یەکـە، راسـتیکەی نـابێ وابڵێیـت، چـونکە بکـەر هێزێکـی دەرەکییـە لـەم فەرمانـە و بەرکاریشیان دیارە کە ئەویش رووداوەکەی بەسەردا هاتووە.

٣. ڕووداني ڕووداوەکە بەندە بەکاتەوە، بۆیە کاتي باسکردني کاتي ڕووداني فەرمانەکە ئاشکرا دەبێ، چونکە پێش قسەکردن نەبوونە و ڕوویان نەداوە، بۆیە پابەندن بە کاتي باسکردنیان.

٤. فەرمانی ڕستەی ڕووداو لە فەرمانی بکەر نادیارەوە بە هۆی پاشگری (اندن)ەوە دەکرێنە فەرمانی تێپەڕ و بکەریان دیار دەبێت و دەبنە فەرمانی جۆری گواستەوە[٥١]، نموونە:

- من خانۆکەم ڕووخاند.
- نانکەرەکە نانەکەی برژاند.
- دزەکە ماڵەکەی سووتاند.

ڕستەی فەرمانی ڕووداو، جۆرێکی تر هەیە، کە بە هۆی وشەیەکەوە، کە حاڵەت و چۆنیەتی و دیاردە دەبەخشن، لە فەرمانی گواستنەوە دروست دەکرێت، وەك:

- ئەو سەری ژان دەکات.
- چاو گل دەکات.
- منداڵەکە ئاو بردی.
- لافاو هەڵسا.
- دوێنێ بوومەلەرزە بوو.
- ئازاد کوێر بوو. (شەلبوو، کەڕبوو).
- ژنەکە منداڵی بوو.
- خۆر زوو دەرکەوت.

فەرمانی ئەم ڕستانەی سەرەوە، وەك: (دەکات، بردی، هەڵسا، هەڵدێ، دەرکەوت) بریتین لەو فەرمانانەی کە گواستنەوەن لە جۆری فەرمانی ئیشکردن و جێبەجێکردن و

(٥١) مەرج نییە هەموو فەرمانێك ڕووداو بێت، هەیە: گواستنەوەیە، هەیە ئیش و کار دەگەیەنێت، یا وەك فەرمانی بەستانەوە (افعال الروابط- Copulative verb)، بڕوانە: سەرچاوەی ژمارە (١)، لاپەڕە (٢٤٦)، بیروڕای زمانەوان: جۆن. ب. کاول، ل٢٤٦، سەرچاوە ئینگلیزییەکەی: .The study of language: John B. Carrol, P. 37-40



هەواڵی بە هۆی وشەکانی وەك: (ژان، گل، لاو، لافاو، مانگ، خۆر،...) کە ناوی چۆنیەتی و دیاردە دەگرنەوە، فرمانی ڕستەکەیان گۆڕیوە و کردووە بە فەرمانی ڕووداو، ڕستەکەش بۆتە ڕستەی فەرمانی ڕووداو.

ئەم دوو دیاردەیەی سەرەوە لە گۆڕینی فەرمانی ڕووداوی تێپەڕی بکەر نادیار بۆ فرمانی تێپەڕ لەلایەك و گۆڕینی فەرمانی گواستنەوە بۆ فەرمانی ڕووداو دوو دیاردەی تەواوی پێچەوانەی یەکترن.

## ب- ڕستەی فرمانی گواستنەوە:

فەرمانی ئەم جۆرە ڕستانە بزووتنەوە و چالاکی[٥٢] و جوولە و ئاڕاستە دەگەیەنێت و تێنەپەڕی بکەر دیارن[٥٣]، بێجگە لەوەی هەواڵیش دەگەیەنێت. نموونە: هات، چووم، دەڕوات، گەیشت،......

- زاگرۆس چوو بۆ دیاربەکر.(ڕۆیشت)
- زەردەشت بەخۆشی هاتەوە.
- ئاڤێستا گەشت دەکات بۆ کەرکوك.
- کۆترەکە فڕی.
- فڕۆکەکە گەیشتەجێ.

## تایبەتێتی ڕستەی فەرمان گواستنەوە:

١. بە زۆری جۆری فەرمانەکانی تێنەپەڕی ئاساین و بکەر دیارن.

(٥٢) مەسعود محەمەد، بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا، ل٥٠، دەربارەی فەرمانی گواستنەوە دەڵێ: ((بزووتنەوەی و گوێستەوە سازدانە)) لە کۆتاییەوە پاشگر یا ئامراز (ی) وەردەگرێ و جۆرە فەرمانی تر وەردەگرێت، نموونە: گەیشتمێ، چوومێ دەبێتە گەیشتمە، چوومە، ناوترێ خوارمێ.

(٥٣) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل١٠٠.

٢. تێگەی (مفهوم) جوولە و بزووتنەوە و گواستنەوە دەگەیەنێت، بۆیە دەشێ پێیان بووترێ فەرمانی چالاکی و داینەمیکی[٥٤] بە پێچەوانەی تێگەی هەندێ فەرمانی ترەوە[٥٥].

٣. فەرمانی گواستنەوە تێگەی ئاڕاستەکردنیشی تێدایە، واتە لە سەرەتای دەستپێکردنی کردەوەکەوە بۆ کۆتایی شوێن یا کات. وەك: ئازاد لە کەرکوکەوە ڕۆیشت بۆ دیاربەکر. **لە ئێوارەوە چۆتە بازاڕ.**

٤. لایەنی هەواڵیش دەگرێتە خۆی. ئەم تایبەتێتییە لە هەموو جۆرەکانی تری فەرماندا هەیە و بەندە بە کاتەوە.

### ج- رستەی فەرمانی ئیشکردن و جێبەجێکردن:

فەرمانی ئەم رستانە تێپەڕن و بەپێی مەبەستی رستەکە وشەکانی تەکیانەوە جێبەجێکردن و ئیش و کار دەگەیەنن، بێجگە لەوەش وەکو جۆرەکانی تر لایەنی هەواڵیشیان تێدایە، نموونە:

نووسین، کردت، هەڵگرت، رام خست

- نەسرین چێشتەکەی لێنا. لێدەنێ
- ئالا نامە دەنووسێت. نووسی
- ئاڤان ساوار دەکوتێت. کوتا
- زەردەشت باراشەکەی هاڕی. دەهاڕێ
- جووتیارەکە زەویی کێلا. دەکێڵێ

ئەم جۆرە تایبەتێتی بزووتنەوە و جوولەشی تێدایە، بەڵام تایبەتێتی ئیشکردن لە یەکتریان جیادەکاتەوە، واتە جیاکردنەوەی فەرمانی گواستنەوە لە فەرمانی ئیشکردن.

**تایبەتێتی رستەی فەرمان ئیشکردن:**

(٥٤) بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (٥)، ل٨١.

(٥٥) سەرچاوەی ژمارە (٥)، ل١٦٠-٢٨٨، وەك جۆری فەرمانی شوێن، فەرمانی دەستپێکردن.



١. فەرمانەکە لە جۆری تێپەڕە.

٢. فەرمانی ئیشکردن بە زۆری لەگەڵ وشەکەی تەکییەوە کە بەرکارە تێگەی (مفهوم) ئیش و کار و جێبەجێکردنی دەگەیەنن.

٣. فەرمانەکە تێگەی هەواڵیشی تێدایە.

٤. فەرمانی ئەم جۆرە رستەیە بەرکار و تەواوکەریش وەردەگرێت وەك: سەپانەکە گەنمەکەی بۆ پیرۆت دوورییەوە (بارکرد).

٥. وەکو جۆرەکانی تری رستەی فەرماندار تایبەتێتی هەواڵیش دەگرێتە خۆی.

### د- رستەی ئەو فەرمانانەی کە بەندن بە زەین و بیر و سەرنجی مرۆڤەوە[٥٦]:

ئەم جۆرە رستانە بەزۆری پەیوەندییان بیرکردنەوە و زەینی مرۆڤەوە هەیە، واتە لایەنی بیری مرۆڤی تیا بەشدارە و دەگرێتەوە، بە زۆری لە رووی جۆرەوە فەرمانەکانی تێپەڕن، نموونە:

- هەواڵەکەم زانی.
- سەرنجی رووداوەکە دەدەم.
- زاگرۆس لە زەردەشت دەپرسێت.
- دیدار دەروانێتە ئاڤان.
- من ئالاّم ناسی.
- تۆم لە کەرکوك بینی.
- بیر لە تۆ دەکەمەوە.
- چاوم لە براکەم دەگێڕم.

(٥٦) هەندێ جۆری رستەی تر لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا (معجم علم اللغة النظری)یدا بەپێی کردەوەی فەرمانەکەی دیاری کراوە. وەك رستەی فەرمانی بێ جوولە (پێچەوانەی گواستنەوە)، رستەی فەرمانی پێشوازی و بەرانگاری (فعل تبادلی)، فەرمانی شوێن (مکانی)، فەرمانی دەسپێکردن (فعل الشروع)، ل: ١٢٨، بێجگە لەم جۆرە رستانەش رستەی فەرمانی داخوازی و رستەی پرسیاری لە کوردیدا هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕێزمانی کوردیدا باسکراون پێویست بە باسکردنیان ناکات.

- روانیم بەفر باریوە.
- لە دوورەوە دەڕوانمە شۆخ و شەنگی تۆ.
- بەرامبەر رووداوەکە تێڕامان.

## تایبەتێتی رستەی فەرمانی زەینی:

١. ئەم فەرمانانە بە زۆری لایەنی زەینی و بیر و سەرنجدانی مرۆڤ دەگرنەوە.
٢. تێگەی هەواڵیشیان وەکو جۆرەکانی تری فەرمانی رستە تێدایە.
٣. بە زۆری جۆری فەرمانەکەی تێپەڕە و دەکرێ فەرمانی تری وەکو تێنەپەڕیش لە هەمان رستە لەگەڵیاندا بێت، جۆری تێنەپەڕیشیان هەیە وەکو (تێڕاما).

دوای ئەوەی جۆرەکانی رستەی فەرماندار و تایبەتێتی رستەی فەرماندار بە هەموو بەگشتی دەخەینەڕوو، کە پێچەوانەی رستەی باسە.

## تایبەتییەکانی رستەی فەرماندار بەگشتی:

١- رستەی فەرماندار کاتی تێدایە، چونکە فرماندارە، رەگی فەرمانەکانیش بۆ هەموو دەمەکانی گەردان دەکرێت و رەگەکەشیان لە ناخی فەرمانەکەوە وەردەگیرێت، نەك بە هەڵە لە فەرمانی ترەوە وەکو مۆرفیمی (هەیە).

٢- هەر جۆرە رستەیەکی فەرماندار مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، وەك: رووداو، گواستنەوە، هەواڵی، ئیشکردن و جێبەجێکردنی کار، زەینی و تێڕامان...هتد.

٣- رستەی فەرماندار تایبەتێتی کەسی تێدایە، واتە بکەر کە هەڵسوڕێنەی کارەکەیە، واتە بکەری تەواو Commplete genter.

٤- رستەی فەرماندار کە کاتی تێدایە، تا کاتی باسکردنی ئاگاداری روودانی نین، واتە وەکو ئەوەی نەبێت، بوونی بەستراوە بە کاتی باسکردنێوە دەبێتە رووداو و بوونیان، ئەمەش پێچەوانەی رستەی باسە، کە فەرمانی تێدا نییە.



## بەشەکانی رستەی فەرماندار:

پێکهاتەی رستە بە گشتی لە زمانی کوردیدا لە رووی ئەرکەوە، چەند بەشێك دەگرێتە خۆی وەك: بکەر، بەکار یا تەواوکەر، فەرمان دەکرێ بڵێین بە زۆری و بە گشتی رستەی فەرماندار لە سێ بەش پێکهاتووە[٥٧]، هەرچەندە رستە تووشی دیاردەی کورتکردنەوە دەبێت یا کورت دەردەبڕێت، بەڵام ئاسەواری کورتکردنەوەکە بەشێوە مۆرفیمی بەند دەردەکەوێت[٥٨]. دەکرێت بەم شێوەیە نیشان بدرێن:

١- بکەر و تەواوکەرەکەی، واتە ئەوەی ئیش و کارەکە دەکات.

٢- بەرکار یا تەواوکەر، بەرکار ئیشەکەی بەسەردا دێت و تەواوکەریش وەك ئاوەڵفەرمان.

٣- فەرمان و کەرەسە پێکهاتووەکانی لە رەگ و قەد و راناو کە گرێی فەرمانی پێکدەهێنن.

دوای ئەوەی جۆرەکانی رستەی فەرماندار خرانەڕوو، لە خوارەوە باسی رستەی باس (بێ کات یا بێ فەرمان) دەکەین یا پێی دەوترێ رستەی ناوی.

## رستەی باس:

ئەم جۆرە رستانە، ئەوانەن کە بەندن بەباسی دیاردە و حاڵەت و ژیانی دەوروبەر و پەیوەندن بە ژیانی رۆژانەوە نەبەستراون بە کاتەوە. ئەم باسانە بە پێچەوانەی رستەی

---

(٥٧) رستەی فەرمان تێپەڕ پێکهاتەی جیاوازە لەگەڵ رستەی فەرمان تێنەپەڕ، بەوەی پێکهاتەی رستەی فەرمان تێپەڕ، بێجگە لە بکەر و فەرمان، بەرکاریشی هەیە، ئەگەرچی هی تێنەپەڕیش بێجگە لە بکەر و فەرمان کە دوو بەشی بنجی سەرەکین تەواوکەریش بۆ روونکردنەوە دەگرێتە خۆی، بەڵام پێکهاتەی پێویستی دوو بەشە، وەك بکەر و فەرمان.

(٥٨) مۆرفیمی بەندەکان وەك راناوی لکاو لە ئەنجامی جێگیرکردنی راناوی کەسی سەربەخۆ یا جێگیرکردنی ناو لە راناوی کەسی سەربەخۆ، ئەمیش بە راناوی لکاو بەپێی یاسای بە راناوکردن (Pronominalization)

فەرمانداره‌وەیە، وەکو دیاردە و حاڵەت، لە ژیان و دەوروبەردا هەن و مرۆڤ لەکاتی باسکردن و پەیوەندی ئەو دیاردانە بە خۆیان و بە ژیانەوە لەگەڵ یەکتردا باس دەکەن. باسەکانیش، کە وەکو دیاردە لە پێش باسکردنیانیش لە سروشتدا هەن و بوونیان هەیە. بۆیە باسکردنیان نەبەستراوە بە کاتەوە، چونکە لە پێش ئەوەی قسەیان (باسیان) لە بارەوە بکرێ هەن و کەرەسەی سەرەکی لەم رستانەدا، بریتییە لە هەواڵ (اسناد خبر، Predicate)[٥٩] کە ئەرکی زۆر فراوانترە لە فەرمان و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە زانیاری لە بارەی نیهادەوە (non-agentive topic)، واتە (بکەری تەواو نییە) دەدات، نموونە:

- تیشکی خۆر گەرمە.
- ئاو پێویستە بۆ مرۆڤ/ ئاو بۆ مرۆڤ پێویستە.
- حەزم لە میوان و گەڕان نییە.
- دیمەنی دار و دەوەن جوانە.
- ئێوە کوردن/ ئێمە کوردین، من کوردم.
- منداڵەکانی ئێمە قوتابی زیرەکن.
- بەفربارین خۆشە/ ناخۆشە.
- گوڵ جوانە.
- ڕێگام دوورە.
- شەوی زستان درێژە.
- سەرم کاس و گێژە.
- ناوچەی شاخاوی خۆشە.

(٥٩) بڕوانە: بیروڕای ئەرەستۆ لە بارەی جیاوازی نێوان فەرمان و هەواڵەوە (المسند-Predicate)، میلکا ئتفتیش، اتجاهات البحث اللساني، وەرگێڕ: د. سعد عبدالعزیز مصلوح، د. وفاء كامل فاید، ١٩٩٦، ل١٢. مرۆڤ بە هۆی خوو خەسڵەتەوە دیاری دەکرێ کە ئەو لە ڕێزماندا پێی دەوترێ (ئاوەڵناو) کە مسند فەرمان نییە، کەواتە رستە بێ فەرمانی هەیە.



- ئاسمان بەرز و بڵندە.
- ئافرەت نیوەی کۆمەڵە.
- تۆ سەربەرزیت.

ئەم نموونانەی سەرەوە وەکو رستە کاتیان تێدا نییە، چونکە وەکو شتێکی یا دیاردە و حاڵەت هەمیشەیین و لە دەوروبەردا هەن، پێش باس بکرێت (خۆر تیشکی هەیە و گەرمە، ئاو وەکو شتێکی ماتەری (ماددی) هەیە و مرۆڤ بەبێ ئاو ناژیت، ئاسمانیش بڵندە، ڕێگا دوور و نزیکە، بە شێوەی ڕەهایی یا ڕێژەیی لە ژیان و سروشتدا هەن یا شت و دیاردە هەن بەلای کەسێکەوە وایە بەلای ئەو یا هی ترەوە و وانییە و بەندنین بە کاتەوە. ئەم نموونانەی سەرەوە بە گشتی بۆ رستەی باس خزانە پێش چاو، بێ ئەوەی جۆرەکانی رستەی باسی ڕێژەیی و ڕەهایی لە یەکتر جیابکرێتەوە. لە خوارەوە جۆرەکانی رستەی باس ڕوونده‌کەینەوە.

١- رستەی باسی ڕەهایی (تەواو- مطلق).

٢- رستەی باسی ڕێژەیی (نسبی — ڕێژەیی).

### ١- رستەی باسی ڕەهایی:

رستەی باسی ڕەهایی باسی ئەو دیاردە و حاڵەت و باسانە دەکات و نیشان دەدات، کە لە ڕووی بوونەوە بە شێوەی ڕەهایی لە سروشتدا و ژیاندا هەن. باسەکانیان لای هەموو کەسێك و بوونیان وەکو یەکە و شایستەی گومان نین و بیر و باسی جیاواز هەڵناگرن.

بۆ نموونە کە دەڵێین:- ئاسمان بەرز و بڵندە. ئەمە باسێکە لای هەموو کەسێك وەکو دیاردەیەکە، کە ئاسمان وەکو شتێکی زانستی لە زەوییەوە دوورە و باسێکە چەسپاوە بوونی ئەم دیاردەیە لای هەموو کەسێك وەکو یەکە و پێش باس لێکردن و قسەکردن لە بارەیەوە هەیە. بۆیە بەندنین بە کاتەوە رستەکانیان بێ فەرمانە و شتێکی هەمیشەیین، پێیان دەوترێ (رستەی باسی ڕەهایی) نموونە:

- خوا هەیە.

- بەفر ساردە.
- ئاگر گەرمە.
- زستان ساردە.
- تیشكی خۆر گەرمە.
- بەرد رەقە.
- زەوی شێوە خڕە.
- ئاو و ئاگر و خاك و هەوا پێویستن بۆ ژیان.

**٢- رستەی باسی رێژەیی:**

هەمان پێناسە و روونكردنەوەی جۆری رستەی باسی رەهایی هەیە، تەنها ئەوە نەبێت، كە دیاردە و حاڵەتەكان كە لە باسەكاندا هەن لای هەموو كەسێك وەكو یەك نین و لای هەر كەسێك بە جۆرێكە، واتە بە شێوەیەكی رێژەیی هەن و باسدەكرێن (رێژەیی — نسبی (كلام نسبی) ).

**نموونە:**

- پاییز خۆشە ——— پاییز ناخۆشە.
- حەزم لە میوانییە ——— حەزم لە میوانی نییە.
- چای بەسوودە ——— چای بێ سوودە.
- دیمەنی شاخاوی جوان و خۆشە ——— دیمەنی شاخاوی جوان و ناخۆشە.
- ئاریان كچێكی چاكە ——— ئاریان كچێكی چاك نییە.

**تایبەتێتی رستەی باس:**

بەپێچی باس و ناوەڕۆك و كەرەسە پێكهاتووەكانی ئەم تایبەتێتییانە هەیە:

١- رستەی باس بە هەردوو جۆرەكەیەوە، بریتییە لە رستەی ناوی بێ فەرمان، چونكە كاتی تێدا نییە و باسەكانی هەمیشەیین و هەردەم هەن، نەبەستراون بەكاتەوە، بۆیە پێیان دەكرێ بووترێ رستەی بێ كات (بێ فەرمان).



٢- بەشە پێكهاتووەكانی كە نیهاد و گوزارەن، گوزارەكەی، واتە هەواڵ (اسناد — Predicate)، لە ناو، راناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفەرمان پێكدێ.

پریدیكەیتی ناوی، وەك: ئالآ كوردە.
پریدیكەیتی ئاوەڵناوی، وەك: زاگرۆس زیرەكە.
پریدیكەیتی راناوی، وەك: ئاڤێستا لە ئێمەیە، نامەكە لە تۆوە بۆ منە.
پریدیكەیتی ئاوەڵفەرمانی، وەك: رێگای كەركوك لێرەوەیە.
پریدیكەیت كاتیش دەبێت، وەك: یارییەكە ئێوارەیە.

٣- رستەی باس، واتە (رستەی بێ فەرمان) ئیش و كاری تێدا نییە، بەڵكو پێكهاتووە لە باسكردنی دیاردە و حاڵەتێكی هەمیشەیی بۆیە بەشەكانی لە نیهاد و گوزارە پێكدێن، گوزارەكەی (پریدیكەیت) هەردەم وەكو تەواوكەرێك خەسڵەت و تایبەتێتی و سیفەتێك یا روونكردنەوەیەك دەداتە پاڵ نیهادەكەی وەكو تەواكەر (دەرخەر) وایە.

٤- ناوەڕۆكی رستەی باس بە دوو جۆرە، وەك رستەی رێژەیی كە باسەكەی لای هەموو كەسێك وەكو یەك نییە و لای هەریەكەی بە جۆرێكە، كە پێچەوانەی یەكترن وەكو: (زستان خۆشە)، لای كەسانیتر (زستان ناخۆشە). یا لە جۆری باسی رەهاییە كە لای هەموو كەسێك وەكو یەكە و بە زۆری دیاردە و حاڵەتە رەهاكە، شتێكی زانستی چەسپاوە و گومان لە بوونیان ناكرێ، رستە رێژەییەكە گومانی تێدەكەوێت وەكو: زاگرۆس كوردە- زاگرۆس كورد نییە هەردووكیانیش كاتی دیاریكراویان لە باسكردندا نییە وەكو رابردوو، ئێستا، ئایندە.

٥- رستەیەكە باس و زانیاری تێدایە، چ بۆ شت، شوێن، كەس، بابەتی تر، وەك: ئاو پێویستە، كوردستان خۆشە، ئازاد زیرەكە، هەوا سەرچاوەی هەناسەدانە، گوێز خۆشە.

## بەراوردکردنی رستەی فەرماندار و رستەی باس:

ئەم جیاوازییانەیان هەیە:

١- رستەی فەرماندار کاتدارە و کاتی دیاریکراو وەکو رابردوو، ئێستا، ئایندەی هەیە، بەڵام رستەی باس کاتی نییە و هەمیشەیین.

٢- رستەی فەرماندار بکەر، فەرمان و تەواوکەریان هەیە، بەڵام رستەی باس نیهاد و گوزارەی هەیە، تەواوکەریشیان دەبێت.

٣- بابەتی رستەی فەرماندار وەکو بابەتێك پێش قسەکردن و باسکردنیان دیار نین، کاتی باسکردنیان دیار و ئاشکرا دەبن و روودانیان دیار دەبێت. بەڵام ناوەڕۆك و بابەتی رستەی باس هەمیشەیین و هەردەم لە سروشت و دەوروبەر و ژیاندا هەن وەکو دیاردە و حاڵەت.

٤- رستەی فەرماندار تایبەتێتی کەس، رووداو، گواستنەوە جولە، لایەنی زەینی، ئیش و کار دەگرێتەوە خۆی. بەڵام رستەی باس کەس و شت، حاڵەت و دیاردەی هەیە.

٥- رستەی فەرماندار بەشی دووەمی هەردەم فەرمان دەبێت، بەڵام رستەی باس گوزارەکەی (بریدیکەیت)، ناو، راناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفەرمان دەبێت.

٦- رستەی فەرماندار (کاتدار) گەردان دەکرێت بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم بە تاك و کۆیەوە، کەسەکان کارەکە هەڵدەسووڕێنن، هەرچی رستەی باسی یەك دۆخی (حاڵەت) هەیە بۆ دیاردە و شتە چەسپاوەکان، کە لە حاڵەتی کەسی سێیەمی نادیاریدایە، چونکە ئەوەی باسی لێوەدەکرێ نادیارە، بەڵام لە جۆری رستەی باسی رێژەیی ئەوەی بەندە بە کەسەوە گەردان دەکرێت بۆ کەسەکان. نموونە بۆ حاڵەتی گشتی رستەی باس کە یەك حاڵەت و دۆخی هەیە وەکو کەسی سێیەم:

- دیمەنی شاخ جوانە.
- خوا هەیە.
- زەوی خڕە.



- چیای خاڵخاڵان بەرزە.

رستەی باس کە گەردان دەکرێت بۆ کەسەکان، وەك:

من کوردم ـــــــ ئێمە کوردین.

تۆ کوردیت ـــــــ ئێوە کوردن.

ئەو کوردە ـــــــ ئەوان کوردن.

## چۆنیەتی شیکردنەوەی رستەی باس:

بۆ روونکردنەوەی رستەی باس و دیاریکردنی کەرەسە و ئەرکیان دەستنیشان دەکەین و نموونەی جیاواز لە یەکتر دەهێنینەوە، وەك:

- پاییز خۆشە.

پاییز: ناوە، نیهادە لە رووی ئەرکی لە رستەدا.

خۆشە: پریدیکەیتە (هەواڵ، اسناد، خبر) لە (ئاوەڵناو + راناوی نادیار) بۆ هەیی.

- ئەو کوردە.

ئەو: راناوی کەسییە، نیهادە.

کوردە: پریدیکەیتە (ئاوەڵناو + راناوی لکاو) گوزارەیە.

- ئێمە پاکین.

ئێمە: راناوی کەسییە، نیهادە.

پاکین: پریدیکەیتە (ئاوەڵناو + راناوی لکاو) گوزارەیە.

- رێگاکە لێرەوەیە.

رێگاکە: گرێی ناوییە (ناو + نیشانەی ناسراوی)، ئەرکی نیهادە.

لێرەوەیە: پریدیکەیتە (ئاوەڵفرمان + پاشکۆی ئامرازی پەیوەندی (ە))[٦٠].

---

(٦٠) پاشکۆی ئامرازی پەیوەندی (لە) لە وشەی (لێرەوەیە) بە هۆی گۆڕانی دەنگسازیوە لە (ە)وە بۆتە (وەیە).

- هەنگوین شیرینە.

هەنگوین: ناوە، نیهادە.

شیرینە: پریدیکەیت (ئاوەڵناو + راناو) (گوزارەیە — هەواڵە).

## فۆرمی (ە) کە لە کۆتایی رستەوە دەردەکەوێت چییە؟

فۆرمی (ە) لە زمانی کوردیدا بە شێوەی جیاجیا لە کۆتایی رستەوە دەردەکەوێت[٦١] و رستەی پێکدەهێنێت، وەك ئەم شێوەیە:

١- (ە) وەکو راناوی لکاو، وەك: ئەو کوردە، زەردەشت کوردە.

٢- (ە) وەکو راناوی هەیی، وەك: ئەو سەری بەرزە، چاوی جوانە.

٣- (ە) وەکو ئامرازی بانگکردن: هۆ کاکە، ئەرێ مامە.

٤- (ە) وەکو پاشکۆی جێناوی نیشانە[٦٢]: ئەم گوڵە جوانە، ئەو شاخە بەرزە.

## بۆچی مۆرفیمی (ە) لە کۆتایی رستەوە فەرمان نییە؟

پێش هەموو شتێك (ە) فەرمان نییە[٦٣]، چونکە فەرمان هەمووی رەنگدارە، واتە رەگی (root) هەیە و بە هۆی مۆرفیمی کات و راناوی لکاوەوە گەردان دەکرێت و دەبێتە فەرمان، رەگیش بە گشتی ئەگەر واتایشی نەبێت پارێزەری واتای وشەیە.

مۆرفیمی (ە) ئەم تایبەتییەی نییە و رەگیشی نییە، ئەگەرچی لە رێزمانی کوردیدا وادانراوە کە رابردوو، رانەبردووی (ە) لە قەدی چاووگی (بووە)ەوە پێکدێت وەکو (بوو) رابردوو، (دەبێت) رانەبردووە. کاتی ئێستای (ە) بریتییە لە (هەیە).

---

(٦١) د. رەفیق شوانی، مۆرفیمی (ە) و شێوەی جیاجیای لە رستەدا، گۆڤاری رامان، ژمارە(٢٨)، ١٩٩٩، ل٢٣٨ — ٢٤٤.

(٦٢) هەمان سەرچاوەی، ژمارە (٢٠) و هەمان لاپەڕە.

(٦٣) د. ئەورەحمان حاجی مارف، رێزمانی کوردی، جێناو، بەغدا، ١٩٨٧، ل١٤٥.



ئەم بۆچوونە زانستی نییە و هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە هەروەکو وتمان مۆرفیمی (ە) فەرمان پێکناهێنێت و رەگی نییە. رەگی چاووگی بوون بریتییە لە (ب) ئەمەش پەیوەندی نییە بە مۆرفیمی (ە)وە. رەگی فەرمانێك نابێتە رەگی فەرمانی تر.

فۆرمی (ە) لە کۆتایی فەرمانی رابردووی تەواوەوە (past Perfect) بە هۆی پاشگری (وو)ی بکەری و بەرکارییەوە دەبێتە نیشانەی تەواوی لەگەڵ رابردووی سادەدا وەك: هاتووە، سووتاوە، خواردووە.

بۆ سەلماندنی نەبوونی مۆرفیمی (ە) بە فەرمان، وەکو بەڵگەیەکی زانستی ئەوەیە، کە هەموو فەرمانێك لە زمانی کوردیدا بناغەیەکی وەکو یەکی هەیە جیاوازنین لە یەکتر ئەویش رەگ (root) و قەدە (steam) کە بە هۆی نیشانەی کات و راناوەوە دەمە جیاوازەکانی: رابردوو، رانەبردووی لێوە پێکدێت، کە ئەم دیاردە رێزمانییە لە مۆرفییمی (ە)دا بەدی ناکرێت و ناکرێت بەم شێوەیە گەردان بکرێت:

من دەم ئێمە دەمین

تۆ دەیت ئێوە دەن

ئەودەیت ئەوان دەن

ئەمە بێجگە لەوەی مۆرفیمی (ە) قەدی نییە، تا دەمی رابردووی لێوە وەربگیرێت. بۆیە (ە) نابێتە فەرمان، ئەگەر فەرمان بێت، دەبێت راناوە لکاوەکانی وەکو (م، یت، ێت/یت — ین، ن)یش فەرمان بن، چونکە بەرامبەر مۆرفیمی (ە)ن و پێکەوە لە کۆتایی رستەی باس (رستەی ناوی)ەوە دەردەکەون، نموونە:

من کوردم ـــــــ ئێمە کوردین

تۆ کوردیت ـــــــ ئێوە کوردن

ئەو کوردە ـــــــ ئەوان کوردن

پاشان لە رستەیەکی باس لە دۆخی تاکدا مۆرفیمی (ە) دەردەکەوێت و بە هەڵە بە فەرمان دانراوە، دەبێت دۆخە کۆیەکەی (ە) لە کۆدا کە دەبێتە (ن) ئەمیش، واتە مۆرفیمی (ن) لە کۆتای ئەم جۆرە رستەیەوە بە فەرمان دابنرێت. نموونە:

١- ئەم شاخە بەرزە. (ە: بۆ دۆخی تاکە)

٢- ئەم شاخانە بەرزن. (ن: بۆ دۆخی کۆیە)

ئەگەر لە نموونەی رستە (١)دا (ە) فەرمان بێت ئەوان دەبێت لە رستەی (٢)یشدا مۆرفیمی (ن)یش فەرمان بێت. بۆیە (ە) نابێتە فەرمان و وەکو ئەوەی لە کۆتایی رستەوە چوار جۆرە بەکارهێنانی هەیە، کە لەم باسەدا خستماننەڕوو، وەکو: راناوی لکاو، ئامرازی بانگکردن، پاشکۆی جێناوی نیشانە، راناوی هەیی. لێرەدا دەرکەوت کە (ە) لەو شوێنە جیاوازانەی سەرەوە[٦٤]دا، رستەی باس (رستەی بێ فەرمان) پێکدەهێنێ راناوە و فەرمانیش لە زمانی کوردیدا مەحاڵە بەبێ راناوی لکاو بۆ دەمە جیاوازەکان پێکبێت[٦٥] و رستەش بە هەمان شێوە بێ راناوی لکاو دروست نابێت.

ئایە دەکرێ مۆرفیمی (ە) بە فەرمانی هەبوون (افعال الکینونة) دابنرێت بەوەی کە لە زمانی عەرەبیدا هەیە، یا بەوەی، چونکە لە زمانە ئارییەکاندا[٦٦] رستەی بێ فەرمانی نییە یا (verb to be)ی هەیە، دەبێت لە زمانی کوردیشدا هەبێت.

رستە لە زمانی کوردی فەرمانی (بوو) بۆ دەمی رابردوو (دەبێت)یش بۆ دەمی رانەبردوو لە چاووگی (بوون)ەوە وەردەگیرێن و فەرمانی (هەبوو) بە هۆی مۆرفیمی (هە)ەوە لە کوردیدا هەیە، ئیتر (ە)ش دەبێت بە هەڵە بکرێتە فەرمان و رستەی (verb to be) پێکبهێنێت و کاتی ئێستای بدرێتێ: هەموو نموونەکانی رستەی باس بوون رستەی بێ فەرمان لە زمانی کوردیدا دەسەپێنێت.

کاتێك کە رستەیەکی (verb to be) زمانی ئینگلیزی دەکرێتە کوردی بیرۆکەی بوونی رستەی بێ فەرمان گەورە دەکات، واتە بوونی رستەی ناوی لە زمانی کوردیدا، با دوو رستەی زمانی ئینگلیزی و کوردی لە حاڵەتی (Verb to be) کە لە ئینگلیزیدا هەیە و لە کوردیدا نییە بەراورد بکەین ئەوسا بڕیار بدەین بە بوون و نەبوونی.

(٦٤) بڕوانە؛ سەرچاوەی ژمارە (٢٠).

(٦٥) مەسعود محەمەد، سوری خامە بە دەوری راناودا، ل٧١.

(٦٦) هەمان سەرچاوەی ژمارە (٢٤)، ل١٠٠.



من کوڕم Iam a boy

لەم نموونەیەدا راناوی کەسی سەربەخۆ لە رستە کوردییەکەدا (من) بەرامبەر (I)ی راناوە ئینگلیزییەکە رادەوەستێت، واتە:

راناوی کەسی سەربەخۆ: من ـــــ Pronoun وەکو یەکن

راناوی کەسی لکاو: م ـــــ am فەرمانی ناتەواو
جیاوازن

ناوی: کوڕ ـــــ a boy ناو وەکو یەکن

لێرەدا ئەوەی پێویست و جێگای مەبەستە بۆ ئەم باسە، راناوی لکاوی (م) کە بەرامبەرە لەگەڵ (فعل الکینونە- verb to be)ی (am)ی ئینگلیزی جیاوازن لە یەکتر، بۆیە ناکرێ راناوی کەسی لکاوی (م) یا هی کەسی سێیەمی تاك کە (ە)یە لەگەڵ رستەی ناویدا بە فەرمان دابنرێت، یا لە رستەیەکی تر لە حاڵەتی کۆدا وەکو:

ئێمە کوردین ـــــ We are Kurds

راناوی کەسی سەربەخۆ: ئێمە ـــــ We وەکو یەکترن راناوی کەسی سەربەخۆن.

راناوی کەسی لکاو: ین ـــــ are فەرمانی ناتەواو جیاوازن لە یەکتر.

کەواتە لێرەدا بە ئاسانی دەردەکەوێت کە (are)ی فەرمانی ناتەواو (verb to be) لە زمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر راناوی کەسی لکاوی یەکەمی کۆ رادەوەستێت کە جیاوازن لە یەکتر و بوونی فرمانی (verb to be) لە ئینگلیزی دەردەخات و ئەوەش دەسەڵمێنێ، کە رستەی بێ فەرمان لە زمانی کوردیدا هەیە و رستەش بێ راناوی لکاو دروست نابێت، ئەگەرچی ئەم دوو زمانە لە یەك خێزانە زمانی ئارین، بەڵام هەر زمانێکیش تایبەتێتی خۆی هەیە و راناوە لکاوەکانی وەکو (م، ە، ین) نابنە فەرمانی هەبوون[٦٧].

((ئەم باسە لە گۆڤاری ((الاستاذ)) کۆلیجی پەروەردەی ئیبن روشدی زانکۆی بەغدا، ژمارە (٥٣) ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوبۆتەوە)).

(٦٧) بڕوانە؛ سەرچاوەی ژمارە (١٠)، ب١٠٣.

# پەیوەندی پێکهاتەی زمان بە زانستی بیرکارییەوە

# لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی پراکتیکییە (کردەییە)

هەر شتێك یا بوونەوەرێك لە دنیادا -دەکرێ بڵێین لە سروشتدا- بوونی هەبێ، پێکهاتەی خۆی هەیە، پێکهاتەش لە ناو خۆیدا لە چەند پێکهاتەیەتری جیاواز پێکدێت و پەیوەندییان پێکەوە هەیە و پەیوەندییەکەش لەسەر بنچینە و بنەڕەتێك دروستبووە[٦٨] کە بە هۆیەوە کاردەکات و بۆی ئەبێتە سیستەمێك.

هەردوو بابەتی زمان و بیرکاری لە رووی پێکهاتن و چۆنیەتی کارکردنیانەوە بەوەی هەردووکیان لە بنچینەیەکی دیاریکراو و سیستەمێکی یاسایی نزیك و رێك و پێکەوە پێکهاتوون[٦٩] و لە یەك دەچن، بەراوردێکی نێوانیان لەو دوو رووەوە ئەنجام ئەدەین و هەر یەکەیانیش هێمای تایبەتی خۆی هەیە، کە بریتین لە دەنگ و ژمارە، دەنگ هێمای زمانە و ژمارەش هێمای بیرکارییە.

بابەتی زمان، وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی[٧٠]، بەندە بە کۆمەڵی مرۆڤایەتییەوە، بۆ پەیوەندی کردنی ژیان رۆژانە بەکاردێت بیرکاریش یەکێکە لەو پێویستییانەی مرۆڤ پەنای بۆ دەبات، کە لە ئەنجامی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە

(٦٨) مۆنتیسکیۆ دەڵێ: پەیوەندییە پێویستییەکان لە سروشتی شتەکانەوە دروست ئەبێت. بڕوانە:

أ- علی عبدالواحد وافی، علی اللغه، القاهره، ١٩٧٢، ل١٧.

ب- غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، ١٩٨٤، ل١٣-١٤

(٦٩) نوم چومسکی، البنی النحویه، ت. یۆئیل یوسف عزیز، بغداد، ١٩٨٧، ل١٧.

(٧٠) بڕوانە: أ/ د. محمود السعران، علم اللغه، القاهره، ١٩٦٢، ل٥٥.



بەکاردێت و لە ژیانی کارەکەیدا بۆ ئاسانکردنی مامەلە و راپەڕاندنی حیساب کردن و یاسای قازانجکردن[٧١] و زیان و ژمارە و رادە بۆ دانانی چالاکی جیاجیای کۆمەڵ پەنای بۆ دەبرێت و لایەنی ئابووریش لایەنێکی دیاری ئەو مەیدانەیە.

وەکو چۆن زمان هۆی تێگەیشتنی راستەوخۆی نێوان خەڵکە، ئاواش بیرکاری هۆی دووەمی یا پلەی دووەمی ئەو تێگەیشتن و پەیوەندییەی نێوان مرۆڤە، بە ژمارە ئەنجام دەدرێت و زمانیش بە دەنگ و لە ئەنجامی لێکدانیان واتا و بیر پێکدێت کە بەپێی یاسا و بناغەی بیرکاری لێکدەدرێتەوە[٧٢].

زمان رێزمانی هەیە و بیرکاریش یاسای خۆی هەیە[٧٣]، بەپێی ئەو دوو زانستە لێیان دەکۆڵرێتەوە و لێکۆڵینەوەکەش سێ ئاست دەگرێتەوە، وەك ئاستی دەنگناسی و وشەسازی و رستەسازی، کە لەم کەرەسانە پێکهاتوون، وەك: دەنگ/ فۆنیم، مۆرفیم، وشە، گرێ، رستە، دەکرێ بەپێی نزیکایەتی لە کەرەسەکانی بیرکاریش لە کردار و هاوکێشە جیاجیاکانی وەك (کۆ، لێکدان، لێدەکردن، دابەشکردن) بە هۆی ژمارەوە لێیان بکۆڵرێتەوە.

(٧١) سەرچاوەی ژمارە (١/أ)، ل٩٦.

(٧٢) وریا عمر امین، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (٩٧)، ١٩٨٣، ل٣٤-٣٧. مامۆستا وریا وتارێکی تری بە ناونیشانێکی نزی لەمەوە کە ((بیرکاری لە زمانا)) لە رۆشنبیری ژمارە (١١٣)، ١٩٨٧، ل٢٢٦-٢٢٩ بڵاوکردۆتەوە، ناوەڕۆکەکەی هەمان ناوەڕۆکە و بە دەستکارییەوە ئەویش ئەوەیە، لە یەکەمدا وێنەی بۆ کردووە لە دووەمیشدا هەمان باسی بە سیستەمەکانی زمانەوە بە ناونیشان بۆ داناوە و باسکردووە وەك ئاستەکانی زمان، ئەمەش کارێکی نازانستییە دەبوایە خۆی هێمای بۆ بکردایە، بێجگە لەوەی نموونە و باسەکانی بە زۆری سەر زمان و هی بیرکاریش زۆر بەکەمی باسکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی سەرەتایە لە زمانەوانی کوردیدا.

(٧٣) هەمان سەرچاوەی ژمارە (٥)، ل٢٢٦.

## زمان لە ئاستی دەنگناسیدا ((فۆنۆلۆژی — Phonology))

زمان بەگشتی لە چەند دەنگێکی دیاریکراو پێکدێت(٧٤)، ئەو دەنگانە دەبنە بەردی بناغەی پێکهاتنی هەموو ئەو کەرەسانەی، کە لە ئەنجامی کۆبوونەوەیان لەگەڵ یەکتریدا، کەرەسەی گەورەتر لە خۆیان پێکدەهێنن، کە زمانەکەیە، ئێمە لێرەدا لێکۆڵینەوەکە لەسەر زمانی کوردی ئەکەین.

زمانی کوردی لە (٣٧) دەنگ پێکهاتووە(٧٥)، ئەم دەنگانە لە رووی ئەرکەوە دەبنە فۆنیم و لە رووی چۆنیەتی دەربرینەوە دوو جۆرن وەك:

١- دەنگی بزوێن Vowel (ە، ا، ی، ێ، و، وو، ۆ، i).

٢- دەنگی نەبزوێن Consonats (ء، ب، پ، ت،، ج، ...هتد).

کەرەستەی بیرکاریش بریتییە لە ژمارە ژمارەی سروشتیان پێیئەوترێ لە (ز، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩،...)(٧٦) لە ئەنجامی ئەم ژمارانەوە دەکرێ بە پێی یاسا ژمارەی تری بێ کۆتایی پێکدێنن لە زانستی بیرکاریدا(٧٧). ژمارەی بیرکاریش لە رووی بوونەوە لە زانستی بیرکاریدا دوو جۆرە.

١- ژمارەی تاك: (١، ٣، ٥، ٧، ٩).

٢- ژمارەی جووت: (٠، ٢، ٤، ٦، ٨).

دەنگەکانی زمان لە بزوێن و نەبزوێن بەپێی دەستووری زمانەکە بخرێنە سەر یەکتر کەرەسەی گەورەتر لە خۆیان پێکدەهێنن وەکو برگە لە ئاستی دەنگناسیدا بۆ نموونە:

دا، بار، را، جار

(٧٤) بۆ دیاریکردنی دەنگ و فۆنیمەکانی زمانی کوردی، لە چەند سەرچاوەیەك بە ژمارەی جیاوازەوە، سەعید صدقی بە (٢٨) دەنگ، جەمال نەبەز بە (٣٥) و کۆڕی زانیاری بە (٣٥)و ...هتد.

(٧٥) بۆ جەختکردن لەم ژمارەیە، بڕوانە؛ سەرچاوەی ژمارە (٧).

(٧٦) بیرکاری بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، چ١٤، ١٩٩٩، ل٦٧.

(٧٧) سەرچاوەی ژمارە (٥).



لە بیرکاریشدا ژمارە بخرێنە سەر یەکتر ئەنجامی خۆی دەبێت.

بۆ ئەوەی زیاتر پەیوەندی و نزیکایەتی زمان و بیرکاری روونبێتەوە، سەرچاوەی ئەم دوو زانستە هەردووکیان بریتین لە بیر پاشان ئەبن بە دەنگ و ژمارە، بیر تێکەڵ بە دەنگ و ژمارە ئەبێ، شیکردنەوەی ئەو بیر و دەنگ و ژمارەیە ئەبێ بە پێی دەستوور جێبەجێ بکرێ و دەستووریش شێوەی ماتماتیکی ئەگرێتە خۆی(٧٨).

پێویستە پێناسەیەکی وردی و زمانناسی (علم اللغة — Lingustic) و زانستی بیرکاری (علم الریاضیات — Mathmatic) بکەین:

زمان بریتییە لە دەنگ و دەستوور و واتا(٧٩). بیرکاریش بریتییە لە ژمارە و یاسا و نرخ(٨٠). ئەم پێناسانە سیستەمی زمان و بیرکاری روون دەکەنەوە و بەم شێوەیەش ئەم پێناسانە لێکدەدەینەوە:-

**لە زماندا:** دەنگ (فۆنیم) کەرەسە بنچینەییەکانی پێکدێنن و لەوانەوە کەرەسەکانی تری زمان بەپێی رێزمانی بناغەگری (Structure Grammer) لە بچووکترین کەرەسەوە بۆ گەورەترین پێکدێن و بە پێچەوانەشەوە لە گەورەوە بۆ بچووك بە پێی یاسای رێزمانی وەچەکردن(٨١) (Generative Grammar) ژمارەیان دیاریکراوە و دەکرێ لێیانەوە ژمارەی بێ کۆتایی پێکهاتەی تر پێکبێت.

**لە بیرکاریدا:** ژمارە کەرەسە و هێما بنچینەییەکانی پێکدێنێ و ژمارەیان لە (٠، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩)، واتە لە سفرەوە بۆ نۆ بەشێکە لە ژمارە سروشتییەکان بەپێی یاسای بیرکاری هاوکێشە و ژمارەی تر پێکدێت کە ئەم هێما و نیشانانە سیستەمی ژماردن (نظام العد) پێکدێنن لە زانستی بیرکاریدا.

(٧٨) غازی فاتح وەیس، سەرچاوەی (١/ب)، ل١٥.

(٧٩) غازی فاتح وەیس، زمان و ئەدەبی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٧، ل٩.

(٨٠) سەرچاوەی ژمارە (٥).

(٨١) نوم چومسکی، هەمان سەرچاوەی، ل٢٧.

دەستوور لە زماندا ڕێزمانی زمانەکە پێکدێنێ بە هۆیانەوە کەرەسەکان کار ئەکەن و لە بیرکاریشدا یاسا بە پێی خانەی ژمارەکانن وەك (خانەی یەکان، خانەی دەیان، خانەی سەدان، خانەی هەزاران) لە چوار جۆر هاوکێشەدا وەك (کۆ، لێکدان، لێدەرکرن، دابەشکردن) خۆیان دەنوێنن و سیانی یەکەمیان لە خانەی یەکانەوە بەرەو دەیان و سەدان و هەزاران دەست پێدەکات و چوارەمیان کە دابەشکردنە بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە لەلای راستەوە کار دەکات.

لایەنی لەیەکچوونی سێیەمی نێوان زمان و بیرکاری واتا و نرخە، واتا لە ئەنجامی کۆبوونەوەی کەرەسە بچووکەکانەوە بەپێیێ پەیوەندی نێوانیان لە وشە و رستەدا پێکدێت، لە بیرکاریشدا نرخ لە ئەنجامی پەیوەندی دروستبوونی نێوان ژمارەکانەوە لەو چوار هاوکێشەیەدا پێکدێت.

ئێستا دەرکەوت کە زمان و بیرکاری لە رووی پێکهاتن و کارکردنەوە سێ قۆناغن وەك:

دەنگ/ فۆنیم ـــــــ ژمارە/ هێما

دەستوور/ ڕێزمان ـــــــ یاسا/ سیستەم

واتا ـــــــ نرخ

لێرەوە دێین و سیانی یەکەمیان روونکردنەوەی ئەم پەیوەندییەی نێوانیان لە ئاستەکانی تری زماناسیدا وەك ئاستی وشەسازی (مۆرفۆلۆژی) و ئاستی رستەسازی (Syntax) دەرئەخەین.

## زمان لە ئاسی وشەسازیدا (مۆرفۆلۆژی Morphology):

ئاستی وشەسازی ئاستێکە لە پێکهاتن و گۆڕانی وشە دەدوێت، کە چۆن لە زماندا وشە پێکدێت و لە ئەنجامی پێکهاتنیدا گۆڕان لە وشە و مۆرفیمەکان رووئەدات لە کەمکردن و زیادکردنی پێکهاتنیاندا. لە زماندا وشە و مۆرفیمەکان لە ئەنجامی کۆبوونەوەی دەنگی بزوێن و نەبزوێنەوە پێکدێن بۆ نموونە:



وشەی (گوڵ) لە فۆنیمی: (گ+ و + ڵ) پێکدێت

من: (م+ (i)+ ن) م+ i+ ن

دەست: (د+ە+س+ت)

لە بیرکاریدا بە هۆی ژمارە بنچینەییەکانەوە کە لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی ببەستن ژمارەی تر پێکدێنن کە لە چوار هاوکێشەدا دیار دەکرێن، نموونە:

ژمارە (٢) لە ئەنجامی کۆی (١+١) یا لێکدانی (١x ٢)ەوە پێکدێن بەم شێوەیە:

١+١= ٢

١x٢= ٢

ژمارە (٤) لە = ١+٣، ٣+١، ٢+٢، ٥-١ پێکدێت[٨٢].

بە هۆی لێکدانەوە لە :١x٤، ٢x٢ پێکدێت.

بە هۆی دابەشکردنەوە: ٤ لە ٨ ÷ ٢= ٤

بە هۆی لێکدەرکردنەوە: ٤ لە ٨ — ٤= ٤

١٢ — ٨= ٤ ...

دیسان هەر وەك چۆن لە زماندا و لە ئاستی وشەسازییەوە ژمارەیەك وشە و مۆرفیم لە رێگای دارێشتنەوە لە چاووگەوە وەردەگیرێن دەکرێ لە بیرکاریدا رەگی ژمارە (الجذر) بە هۆی نیشانەی رەگی دووجاو سێ جاوە وەربگیرێت، نموونە:

**لە زماندا:**

چاووگ — نیشانەی چاووگ = وشە / رەگ

خەوتن — تن = خەو

پرسین — ین= پرس

**لە بیرکاریدا**: رەگی ژمارە (٤) بەم شێوەیە: √٤= ٢، √٩= ٣

بە هۆی نیشانەی رەگی ژمارە (٤، ٩) وەگیرا.

---

(٨٢) بڕوانە؛ سەرچاوەی ژمارە (٩)، ل٦٧.

لەم هاوکێشەیەدا دەرکەوت هەنـدێك ڕەگ وەك چـۆن لـە زمانـدا واتـای هەیـە و مۆرفیمێکی واتادارە، لە بیرکاریشدا ڕەگە ژمارە پێکـدێنی، بـەوەی ڕەگـی هەنـدێك چاووگ واتادارە یا هەڵگر و پارێزەری واتای وشەیە وەك:

پرس لە (پرسین)ەوە وەرگیراوە خۆیشی واتادارەو دەکرێت دیسان وشەی تـری لێـوە بە ڕێگای دارشتنەوە دروست بکرێت وەك: ڕەگی چاووگ + پاشگر = ناوی چاووگ.

پرس + ە ـــ پرسە.

کۆك + ە ـــ کۆکە.

**لە بیرکاریشدا:** ژمارە (٤) و (٩) خۆیان ژمارەی تەواو و نرخدارن بێجگە لـەوەی ڕەگیشیان لێوە وەك (٢) و (٣) وەردەگیرێ، چۆن (٤، ٩) ژمارەن ئـاواش ڕەگەکـەیان کە (٢) و (٣)یە ژمارەن و نرخیانیش هەیە.

لە زمانی کوردیدا بە ڕێگای دارشتن و لێکدانەوە وشە دروست ئـەکرێن وەك: لـە ناوەوە بە یاریدەی پێشگر و پاشـگر یاسـاکەی: پێـشگر + قـەدی وشـە (steam) = وشەی دارێژراو

بە + جەرگ = بە جەرگ

لە ئاوەڵناوەوە: جوان + ی= جوانی

لە ڕەگی چاووگەوە: چاووگ — نیشانەی چاووگ = ڕەگ + پاشگر= وشە.

نووسین — ین = نووس + ەر = نووسەر.

زانین — ین = زان + ا= زانا.

دەکرێ ڕێگای پێکهاتنی ژمارە لە بیرکاریدا بە هۆی چوار کردەوە (عملیە) ژمارە و نرخی دیاریکراو لە بیرکاریدا پێکبێت. نموونە:

کۆ: ١ + ١ = ٢

لێکدان: ١ x ٢ = ٢

لێدەرکردن: ٤ — ٢ = ٢



دابەشکردن: ٤ ÷ ٢ = ٢

ئەم نموونانە لە خانەی یەکانن ئەگەرچی لە هاوکێشەی دوو ژمارەوە بە ئەنجام هاتوون.

لە زمانی کوردیدا سێ جۆر وشە لە ڕووی پێکهاتنـەوە هەیـە وەك: وشـە سـادە، وشەی دارێژراو، وشەی لێکدراو.

١- **وشە سادە:** وەك وشە بنەڕەتییەکانی زمان کـە سـەربەخۆ هـەن، نموونـە: دار، گوڵ، مانگ، مرۆڤ ... هتد.

لە بیرکاریدا ژمارە بنچینەییەکانی وەك: لە (٠ ـــــ٩) سفرەوە تا نۆ.

(٠، ١، ٢، ٣، ٤، ٥ ...هتـد) کـە دەکـرێ لـە ناوخۆیانـدا بـە هـۆی چـوار هاوکێشەکەوە ژمارەی بنجی لێوە وەربگیرێت ئەم ژمارانە لە خانەی یەکانن بەرامبەر وشەی سادەی زمان رادەوەستن.

٢- **وشەی دارێژراو:** لە پێشگر و وشـی واتـادار/ ڕەگ یـان لـە پاشـگر و وشـەی واتادار/ ڕەگ پێکدێن، نموونە:

سەرین لە: سەر + ین، بەرین: بەر + ین.

هەروەها نموونەی تر: بەردین، بەگوڕ، شاخەوان، داخستن.

ئەم ڕێگایە لە بیرکاریدا دەکرێت وێکبچووێنرێت بە ژمارە لێکـدراوەکانی وەکـو: ١٠، ١١، ١٢-٢٠، ٣٠، ٥٠، ٩٠ کـە لـە ئـەنجامی کـۆ و لێکـدانی دوو ژمـارەی خانەی یەکانەوەن، بەم شێوەیە:

ژمارە (١٠) لە: ٠ + ١٠ ەوە هاتووە.

ژمارەی (١١) لە: ٦ + ٥ = ١١ یازدە.

دارێژراو (١٥) لە: ٧ + ٨ = ١٥ پازدە.

(٢٣) لە: ١٢ + ١١ = ٢٣ بیست و سێ.

لە لێکدادانی ژمارە (١٢+١١)= ٢٣ ژمارە بیست و سێ بە هـۆی ئـامرازی (و) لە زماندا و لە بیرکاریدا لە ژمارەیەکی خانەی یەکان کە (٣) و لە ژمارەیەکی خانەی دەیان لە (٢٠) بیست پێکهات.

٣- <u>وشەی لێکدراو</u>: کە لە دوو وشەی سادەی سەربەخۆ بە هۆی ئامرازی بەستنەوە یا بێ ئامراز پێکدێن وەك:

چاو جوان: چاو + جوان

دڵگەرم: دڵ + گەرم        بێ ئامراز

سەربان: سەر + بان

گوڵە گەنم: گوڵ + ئامرازی (ە) + گەنم

لەنجەولار: لەنجە + (و) + لار

ئەم ڕێگای وشەی لێکدراوە کە لە دوو وشەی واتادار یا زیادەش پێکدێت وەکو پێکهاتنی ژمارەی خانەی سەدانن، کە لە ئەنجامی دوو ژمارە و بێ هۆ و بە هۆی ئامرازەوە لە زمانی نووسین و قسەکردندا پێکدێت وەك:

٥٠ + ٥٠ = ١٠٠ سەد

٤٠ + ٦٠ = ١٠٠ سەد

٥٨ + ٦٧ = ١٢٥ سەد و بیست و پێنج

٦ x ٧٠ = ٤٢٠ چوارسەد و بیست

لێرەدا دەرکەوت ژمارە بنچینەییەکان کە لە بیرکاریدا سیستەمی ژماردن پێکدێنن لە ئەنجامی کردەدا دەبنەوە نرخی تر، بۆیە دەکرێت لە بیرکاریدا: خانەی یەکان، خانەی دەیان، خانەی سەدان، خانەی هەزاران بەرامبەر وشەی سادە، داڕێژراو لێکدراو بوەستن[٨٣].

(٨٣) سەرچاوەی ژمارە (٥) خاوەنی ئەم سەرچاوەیە مامۆستا وریا تەنها لە سەرەتای باسەکەیەوە زۆر بە کورتی چۆتە ناو باسی بیرکاری و زمان یا بیرکاری لە زمانا بێ ئەوەی نزیکایەتی و پەیوەندی یەکچوونیان لە شوێنی پێویستدا روونکردبێتەوە.



## چۆنیەتی پەیوەندی زمان و بیرکاری لە ئاستی ڕستەسازیدا:

گەورەترین کەرەسەی ڕستە لە زماندا گرێیە[٨٤]، وەکو گرێی ناوی و گرێی ئاوەڵناوی و گرێی فەرمانییە وەك: گوڵی جوان، چیای خاڵخاڵان، شەو و ڕۆژ، لە دەستچوو.

ئەم نموونانە لە دوو سێ کەرەسە، یان زیاتر پێکهاتوون.

بەرامبەر گرێ لە ئاستی ڕستەسازیدا دەکرێ لە ڕووی پێکهاتنەوە لێك بچوێنرێ بە ژمارەی گەورە کە لە چەند ژمارەیەك پێکهاتووە لە خانەی یەکانەوە تا خانەی دەیان و سەدان و هەزاران دەگرێتەوەو لە ناو ژمارە گەورەکەدایە، نموونە: ١٠٠١ هەزار و یەك، ١١٧٩ هەزار و سەد و حەفتا و نۆ.

٤٣٦٢ چوار هەزار سێ سەد و شەست و دوو.

٧٨٩١، ٦٥٢٦، ...هتد.

چۆنیەتی پێکهاتنی ڕستە لە زماندا کە لە چەند کەرەسەیەکی پەیوەندیدار پێکەوە دروست دەبێت و هەریەکەی دەوری خۆی هەیە لە ناو ڕستەدا، ئەگەر بڕوانینە پێکهاتنی ڕستە، سێ جۆرە لە ڕووی دروست بوونەوە:

١- ڕستەی سادە، وەك: زاگرۆس قوتابییە.

زەردەشت بە یەکەم دەرچوو.

زەردەشت لە پۆلەکەیدا بە یەکەم دەرچوو.

لە بیرکاریدا دەکرێ ڕستەی سادە، بەرامبەر کردەی کۆ دابنرێ لە خستنە سەری چەند ژمارەیەك لە یەك هاوکێشەدا بەرامبەر ڕستەیەکی سادە:

١٠ + ١٢ + ١٣ = ٣٠ ـــــ من گوڵم بۆنکرد

١ + ٣ + ٩ = ١٣ ـــــ من هاتمەوە

لێرەدا ژمارە (١٠) بەرامبەر (من)ە کە بکەرە.

ژمارە (١٢) بەرامبەر (گوڵ)ە کە بۆتە بەرکار

(٨٤) سەرچاوەی ژمارە (١١)، ل١٥-١٧.

ژمارە (١٣) بەرامبەر (بۆنکرد) فەرمانە.

رستەکە سادەیە و هاوکێشەکەش کۆکردنەوەیە.

١ + ٤  ٥ + ١ + ٧ + ٨ + ٩ + ٣ = **٣٩** هاوکێشەیەکی گەورە بەرامبەر رستەیەکی فراوانە وەك:

من و تۆ پێکەوە لەگەڵ برادەرەکانماندا دوێنێ چووینە شار.

٢- <u>**رستەی لێکدراو:**</u> کە لە دوو رستەی سادەو ئامرازێك پێکدێت بچوێنرێ بە هاوکێشەیەکی کە لە رووی شێوە و پێکهاتەوە دوو بەش یا دوو کێشەی تێکەڵ بێت لە بیرکاریدا، وەك:

+ (٢+٣) + (٣+٩) = باران باری و لافاو هەڵسا.

٥ + ١٢ = ١٧

+ (٣x٧) - (٤+١٢) = ئاڤێستا نەچووە قوتابخانە، چونکە نەخۆشبوو.

٢١ - ١٦ = ٥

٣- <u>**رستەی ئاڵۆز:**</u> لە لاڕستە و شاڕستە پێکدێت و هەردەم پاڕستەکە بەندە بە شاڕستەوە و ئامرازی گەیەنەریشی لەگەڵدایە و لە رووی شێوەوە لە دوو کردەی جیاواز پێکدێت بەرامبەر لاڕستە و شاڕستە:

<u>کە بەهار هات</u>     <u>سەرمای زستان نەما</u>

<u>هاوڕێکەت دیت</u>     <u>کە لە سەربان نووستبوو.</u>

لە بیرکاریدا لە رووی پێکهاتن و شێوەوە بابڕوانینە ئەم بڕە ئاوێتەیە:

٣(٤+٣) (٢+٦) — ٣x٧

(١٢+٩) x ٨-٢١

٢١x ٨-٢١ = ١٦٨ — ٢١ = ١٤٧



## لەیەکچوونی پێکهاتەی گرێ و پێکهاتەی جەبڕی

نزیکایەتی لە یەکچوون گرێی ناو رستە لە زماندا، بە بڕێکی جەبڕی لە بیرکاریدا روون بکەینەوە، لێرەدا باشتر وایە، ئەم چۆنیەتییە بە نموونەی هەردوو زانستی زمان و زانستی بیرکاری روونبکرێتەوە. پێشەکی بیرۆکەی لێکدانی پێکهاتەکان یا گرێکان کە لە زنجیرەیەك کەرەسەی جیاواز (پۆلەفۆرم) پێکهاتووە، بەپێی قسەی چۆمسکی لە بیرۆکەی دانانی کەوانی بیرکاری ئەچێت[٨٥]. بۆ نموونە با سەیری ئەم بڕە جەبریە بکەین، کە لە چەند هێمایەکی جیاوازی بیرکاری پێکهاتووە.

ئەگەر کرداری کۆ و لێکدان ئەنجام بدەین لەڕێژەی:

سx (ص+ع)   پێویستە یەکەم جار کرداری کۆ پاشان لێدان ئەنجام بدرێ.

سxص+ع      کرداری لێکدان پاشان کۆ ئەنجام بدرێ.

بە هۆی نەمانی کەوانەوە، لە لێکداندا بڕەکە یەکسان ئەبێت بە:

(س+ص)+ع جۆری ریزکردنی کردارەکە (عملیە) ئەبێتە هۆی جیاوازی لە ئەنجامەکەیدا ئەمەش لە گرێی زماندا بەوی ئەکرێ.

بۆ نموونە ئەگەر نرخی: س=٢، ص=٣، ع=٥ بێ بڕەکە:

سx (ص+ع) = ١٦، بەڵام (سxص)+ع=١١

بەم جۆرە: ٢x (٣+٥)=١٦     (٢x٣)+٥=١١

بەم جۆرە ریزکردنی زنجیرەی وشەکان لە زماندا ئاڵۆزە، وەکو چۆنیەتی پێکهاتن و ئامادەکردنی کرداری:

سxص+ع

لێرەدا ئەگەر ئاگاداری دەستووره گشتییەکەی بیرکاری نەبین، کە لێکدان پێش کۆیە با چۆنیەتی شیکردنەوەی ئەم بڕە جەبرییەی سەرەوە بە پێکهاتەی گرێ

(٨٥) بۆ روونکردنەوەی ئەم لایەنە، بڕوانە؛ ل(٧، ٨)ی ئەم باسە.

(phrase) لە زماندا بە نموونە بهێنینەوە، بەپێی ڕێزمانی گوێزانەوە باسای دەسکاری گرێکە ئەکەین: (کچی جوان و گوڵی جوان) ئەم گرێیە لە زنجیرەیەک کەرەسەی جیاواز، واتە لە (پۆلەفۆرم)ێک پێکهاتووە و شێوەی گرێی ناویان پێکهێناوە. لە جێگۆرکێدا پێکهاتەکە گۆڕانی بەسەردا دێت بە دوو شێوە:

١- (کچی جوان) و گوڵی جوان ——— (سxص)+ع یان ئەبێتە:

٢- کچ و گوڵی (جوان) ——— سx (ص+ع)

ئەم گۆڕانەش دوو جۆر لێکدانەوەی هەیە لە رووی واتاوە:

لە گرێی یەکەمدا: سیفەتی (جوان) تەنها (کچ) ئەگرێتەوە.

لە دووەمدا: سیفەتی (جوان) هەردوو ناوی (کچ) و (گوڵ) ئەگرێتەوە.

پێکهاتەکەش بەپێی ڕێزمانی وەچکردن (تولیدی)-گوێزانەوە بەم جۆرەیە:

(ناو+ ئامراز+ ئاوەڵناو+ ناو+ ئامراز+ ئاوەڵناو)

(کچ+ ی+ جوان+ ی+ جوان)

لە خاڵی یەکەمدا پێکهاتەی گرێکە بەم شێوەیە:

(کچی جوان) و گوڵی جوان

(ناو+ ئامراز+ ئاوەڵناو)   ئامراز+ ناو+ ئامراز+ ئاوەڵناو.

(کچ+ ی+ جوان)   ناو+ ئامراز+ ئاوەڵناو.

لە دووەمدا: کچ و گوڵی (جوان) ——— ناو+ ئامراز+ ناو+ ئامراز+ ئاوەڵناو

لە شیکردنەوەکەدا ئاوەڵناو (جوان) دەوری تەواوکەری هەیە لە هەردوو پێکهاتەکەدا بە شێوەیەی (س).

بەکارهێنانی کەوان لە لێکدانی پێکهاتەکەدا لەگەڵ جیاوازی لە لێکدانی گرێکدا پەیوەندی بە واتاوە[٨٦].

(٨٦) سەرچاوەی ژمارە (٢)، ل٤٥.



بۆیە گرێی: (کچ و گوڵی) جوان ——— لە رووی واتاوە یەکسانە بە: کچی جوان و گوڵی جوان.

لە برە جەبرێکەدا: سx (ص+ع)= سxص+سxع

لێرەدا دەرکەوت چۆنیەتی ریزکردنی کەرەسەکانی لێکدانەکە، کە لە پێکهاتنی گرێکەدا جیاوازە لەویتر، ئەمەش بەندە بە واتاوە.


لە گرێکەدا وشەی (جوان) مان لە زمانی کوردیدا بۆ هەردوو جۆرەکە بەکارهێناوە.

لە برەی جەبرێکەی بیرکاریدا بەرامبەر هێمای (س) بەم شێوەیە:

(جوان) = (س)

واتە جوان= س، کچ= ص، گوڵ= ع.

بەپێی هێڵکاریدا بەم شێوەیە روونەکرێتەوە:




لە کۆتاییدا روونبۆوە، کە هێمای (س) وەکو نرخ بەشدارە لەگەڵ هێمای نرخی (ص، ع) بە هەمان شێوەی گرێی (کچی جوان و گوڵی جوان) بەوەی ئاوەڵناوی (جوان) تەواوکەری ناوی (کچ) و (گوڵ)ە.

ئەنجامی برەکەش بە دوو شێوە ڕێزکردن بریتییە لە: (١١) و (١٦).

چۆنیەتی پێکهاتنی رستە لە زماندا کە لە چەند کەرەسەیەکی پەیوەندیدار پێکەوە دروست دەبێت و هەریەکەی دەوری خۆی هەیە لە ناو رستەدا، ئەگەر بڕوانینە پێکهاتنی رستە، سێ جۆرە لە رووی دروست بوونەوە:

١- **رستەی سادە**، وەک: زاگرۆس قوتابییە.

زەردەشت بە یەکەم دەرچوو.

زەردەشت لە پۆلەکەیدا بە یەکەم دەرچوو.

له بیرکاریدا دەکرێ ڕستەی سادە، بەرامبەر کردەی کۆ دابنرێ له خستنه سەری چەند ژمارەیەك له یەك هاوکێشەدا بەرامبەر ڕستەیەکی سادە:

١٠+ ١٢+ ١٣= ٣٥ ـــــــ من گوڵم بۆنکرد.

١+ ٣+ ٩= ١٣ ـــــــ من هاتمەوە.

لێرەدا ژمارە (١٠) بەرامبەر (من)ە کە بکەرە.

ژمارە (١٢) بەرامبەر (گوڵ)ە کە بۆتە بەرکار.

ژمارە (١٣) بەرامبەر (بۆنکرد) فەرمانە.

ڕستەکە سادەیە و هاوکێشەکەش کۆکردنەوەیە.

١+ ٤+ ٥+ ١+ ٧+ ٨+ ٩+ ٣= ٣٨ هاوکێشەیەکی گەورە بەرامبەر ڕستەیەکی فراوانە وەك:

من و تۆ پێکەوە لەگەڵ برادەرەکانماندا دوێنێ چووینە شار. ② ③

٢- **ڕستەی لێکدراو**: کە لە دوو ڕستەی سادە و ئامرازێك پێکدێت دەکرێت بچوێنرێ بە هاوکێشەیەکی کە لە ڕووی شێوە و پێکهاتەوە دوو بەش یا دوو هاوکێشەی تێکەڵ بێت لە بیرکاریدا، وەك:

\+ (٢+٣)+(٣+٩)= باران باری و لافاو هەڵسا.

٥ + ١٢ = ١٧

\+ (٣x٧) — (٤+١٢)= ئاڤێستا نەچووە قوتابخانە، چونکە نەخۆشبوو.

٢١ - ١٦ = ٥

\+ (٢٣-٥) + (٣x٧) = زستان ساردە، بەڵام هاوین گەرمە

١٨ + ٢١ = ٣٩

٣- **ڕستەی ئاڵۆز**: لە لاڕستە و شاڕستە پێکدێت و هەردەم پاڕستەکە بەندە بە شاڕستەوە و ئامرازی گەیەنەریشی لەگەڵدایە و لە ڕووی شێوەوە لە دوو کردەی جیاواز پێکدێت بەرامبەر لاڕستە و شاڕستە:

| | |
|---|---|
| کە بەهار هات | سەرمای زستان نەما |
| هاوڕێکەم دیت | کە لە سەربان نووستبوو. |



لە بیرکاریدا لە ڕووی پێکهاتن و شێوەوە بابڕوانینە ئەم بڕە ئاوێتەیە:

٣(٣+٤) (٢+٦) — ٣x٧

٢١-٨ x (٩+١٢)

٢١x٨-٢١ =١٦٨-٢١ =١٤٧

ئەم بڕە ئاوێتەیەی سەرەوە لە چەند کردارێك پێکهاتووە.

لە ڕستەسازیدا مۆرفیمی سفر هەیە و شێوەی نییە و بەڵام نرخی هەیە، واتە مۆرفیمێکی بەتاڵ نییە، ئەمەش بەرامبەر کەسی سێیەمی فەرمانی ڕابردووی تێنەپەڕە، وەك:

ئەو هات ϕ، ئەو لە ماڵەوە نووست ϕ.

ئەم دۆخە بەرامبەر کۆمەڵەی پڕە وەك لە بیرکاریدا.

# (Δ، ②، ③)= ئەمە هێمایە بۆ سێ کۆمەڵە.

لە کۆمەڵەی بەتاڵیشدا کە بەم شێوەیە بەرامبەر مۆرفیمی پڕ ڕادەوەستێ و کەچی نرخی نییە وەك:

ئەو کوڕە برایەتی، (تی) بەرامبەر کۆمەڵەی بەتاڵە لە بیرکاریدا، چونکە (ە) ڕاناوی لکاوە (تی) کەرەسەیەکی بێ نرخە (مۆرفیمی بۆش) بەم شێوەیە:

(  )= بەتاڵە، واتە خانەکە هیچ ژمارەیەکی تێدا نییە، (  )= ϕ لەگەڵ ئەوەشدا بەتاڵە، بەڵام نرخی هەیە لە بیرکاریدا. لەسەرەوە چۆنیەتی خستنەڕووی نموونەکان لە زمان و لە بیرکاریشدا بە شێوەی ئاسۆیی خرانەڕوو و نیشاندران، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی شیکردنەوەی ڕستە لە زماندا[87]، لە بیرکاریشدا هەر بە هەمان شێوە خرانەڕوو.

شێوەیەکی تری شیکردنەوە لە هەردوو بابەتی زمان و بیرکاریدا بریتییە لە شێوەی ستوونی لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو، کە ئەوەش پەیوەندییەکی ترە لە نێوان نزیکایەتی ئەو دوو زانستەدا، نموونە:

---

(٨٧) جۆن لاینز، چومسکی، وەرگێڕانی: بیداء علي العبيدی، نغم قحطان العزاوي، بەغدا، ٢٠٠١، ل٧٣.

| هاوکێشەی کۆ | لە دەرکردندا | لێکدان | دابەشکردن |
|---|---|---|---|
| ٤ | ١٢ | ٧ | ٩ |
| + ٥ | - ٥ | x ٥ | ÷ ٣ |
| ٩ | ٧ | ٣٥ | ٣ |

ئەمە لە زماندا، لە رووی پەیوەندی رەگەزی[88] (Paradigmatic) کەرەسەکانەوە، دەکرێ کەرەسەیەك بگۆڕێ بە کەرەسەیەکی تری هەر بە هەمان رەگەز و لە هەمان شوێندا جێگای یەکتر بگرنەوە، وەك ناو لەجیاتی ناو یا راناو، یا ئاوەڵناو لە شوێنی ئاوەڵناوی تر بنرێن، نموونە: من گوڵ دەڕوێنم

زاگرۆس گوڵ دەڕوێنێ

باخەوانەکە گوڵ ئاودەدات

لە بیرکاریشدا، لەناو هاوکێشەیەکدا دەکرێ ژمارە بگۆڕێت بە ژمارەی تر بەمەرجێك هەمان ئەنجام بدات، نموونە:

٣ + ٦ = ٩

| | | |
|---|---|---|
| ٢ | ١ | ٤ |
| + ٧ | + ٨ | + ٥ |
| ٩ | ٩ | ٩ |

بە شێوەیەکی وردتر دیاری بکەین، بە رادەیەك بێت، کە وێکچوون و پەیوەندی نزیکایەتییان لە رووی شێوە و پێکهاتنەوە بناسرێنەوە. هەروەکو وتمان کەرەسەکانی زمان دەنگن، دەنگەکان لە ئاستی دەنگسازین و لە بیرکاریشدا ژمارەکان کە لە ژمارە یەکەوە تاکو ژمارە نۆن، لە خانەی یەکان دادەنرێن، هەر ژمارەیەکیش بە رێگای کۆ و لێکدانەوە لەو خانەیەدا بێت خانەی یەکانن، بەم شێوەیە ٩ خانەی یەکانن.

(٨٨) جۆن لاینز، هەمان سەرچاوە، ل٧٤.



هەر هاوکێشەیەکیش لەم خانەیەدا بێت و ئەنجامەکەش بەر ئەم خانەیە بکەوێت، دەکرێ لە رووی پێکهاتن و وێکچوونەوە لە وشەی سادە بچن کە لە چەند دەنگێك پێکدێت، نموونە:

کۆ : ١ + ٣ = ٤، ٣ + ٦ = ٩ ئەنجامەکان لە

لێکدان: ٣ x ٣ = ٩، ٤ x ٢ = ٨ خانەی یەکانن

دابەشکردن: ٩ ÷ ٣ = ٣، ٨ ÷ ٢ = ٤

لێکدەرکردن: ٩ — ٣ = ٦، ٧ — ٤ = ٣

خانەی هاوکێشەکان، کە بریتین لە ژمارەی بچووك و یەك ژمارەیی، لە رووی پێکهاتنەوە دەکرێت و کارێکی زانستییانەیە بەرامبەر لە سەدەکانی زمان رابگیرێن، بەوەی بە هەمان شێوە لە یەك کەرەسەی واتادار و لە ئەنجامی کۆبوونەوەی چەند دەنگێکەوە پێکدێن، وەك:

گ + و + ڵ: گوڵ

د + (i) + ڵ: دڵ وشەی سادەن

پ+ە+ن+ج+ە+ر+ە: پەنجەرە

چاووگ — نیشانەی چاووگ = وشەی سادە، وەك:

پرسین — ین = پرس

خەوتن — تن = خەو

لە بیرکاریدا: ٩ — ٣ = ٦ ژمارەیەکی سادە لە خانەی یەکان.

وشەی داڕێژراو کە لە زماندا لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ و (وشەی واتادار) و مۆرفیمێکی ناسەربەخۆ پێکدێت دەکرێت بەرامبەر دابنرێت لە زانستی بیرکاریدا، بەوەی بەرامبەر ژمارەیەکی تەواو و ژمارەیەکی کەرتی دابنرێت وەك:

وشەی سادە + کەرەسەی ناسەربەخۆ (مۆرفیمی بێ واتا)= وشەی داڕێژراو.

جوان + ی = جوانی

لە بیرکاریدا:

ژمارەی تەواو + ژمارەیەکی کەرتی = ژمارەیەکی تەواوی کەرتی.

$$٣ \frac{١}{٢} = \frac{١}{٢} + ٣$$

$$٣,٥ = ٠,٥ + ٣$$

وشەی لێکدراو لە زماندا، کـە لـە دوو وشـەی واتـادار بـەبێ هـۆ یـا بـە هـۆی ئامرازێکەوە پێکدێت، لە ژمارە و ئەنجامی هاوکێشەیەك ئەچێت کە لە خانەی دەیـان بێت کە لە دوو ژمارە پێکدێت و لە دوو خانەی یەکانەوە هاتوون، نموونە:

وشەی واتادار + وشەی واتادار = وشەی لێکدراو

دڵ + دار = دڵدار          بێ هۆی ئامراز

چاو + جوان = چاو جوان

وشەی واتادار + ئامراز + وشەی واتاداری تر= وشەی لێکدراو

گوڵ + ە + گەنم = گوڵە گەنم

لەنجە + و + لار = لەنجەولار

لە بیرکاریدا وشەی لێکدراو دەکرێ بەرامبـەر ژمـارە یـا ئـەنجامی هاوکێـشەیەك دابنرێت، کە لە خانەی دەیان بێت وەك:

٦ + ٤ = ١٠

٢٠ — ١٠ = ١٠          ژمارەی لێکدراو لە خانەی دەیان

٦ x ٣ = ١٨

لێرەوە دەرکەوت، کە نزیکایەتی و پەیوەندییەکی ئاشکرا و روون لە نێـوان زانـستی بیرکاری و زمان بەگشتی و رستەسازی بەتایبەتی بەدی دەکرێت. ئەم پەیوەندییەش، لـە رووی پێکهاتنی رستە و هاوکێشە بیرکارییەکانەوەیە، کە هەر یەکەیان لـە ژمارەیـەکی پڕ لە کەرەسە و ژمارە پێکهاتوون، یەکەمیان لە وشەی ئامرازی جۆراوجۆر وەکـو: نـاو، ئاوەڵناو، راناو، فەرمان کە دەکرێت هەریەکەیان لـە نـاو رسـتەدا بەرامبـەر ژمارەیـەك دابنرێت و بە هەموویانەوە وەکو هاوکێشەی بیرکاری رستەی زمان پێکدێنن.



جۆری پەیوەندییەکەش بە هەمان شێوەی پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی رستە، بـە شێوەی ئاسۆیی و ستوونی ریز دەکرێن و دادەنرێن دەکرێت، بە شێوەی ئاسـۆیی چـۆن ژمارە لە دوا ژمارەوە ریز دەکرێن و بە هۆی هێمای بیرکاری وەکو:

(x، - ، + ، ÷) کە بەرامبـەر لێکـدان، لێـدەرکردن، کۆکردنـەوە، دابەشـکردن رائەوەستن، ئاوا کەرەسەی جۆراوجۆر دەخرێنە سەر یەکتر و رستە دروست ئەکەن، چۆن رسـتەی جۆراوجـۆری وەکـو: سـادە، لێکـدراو، ئـاڵۆز هەیـە، ئـاواش هاوکێـشەی جۆراوجۆری بیرکاری هەیە.

با ژمارەی هاوکێشەیەکی بیرکاری لەگەڵ کەرەسەی رستەیەکدا بەراورد و یەکسان رابگرین، نموونە:

من چووم بۆ بازاڕ ———— ژمارەی کەرەسەکانی رستەکە پێنج دانەیە

١ + ٢ + ٣ + ٤ + ٥= ١٥

ئەم نموونەیە، رستە و هاوکێشەیە، ئەنجامێکیان پێکهێناوە لە یەکەمدا رسـتە و لە دووەمدا لە ئەنجامی کۆبوونەوەی ژمارەکان ژمارەکی گەورەتر پێکهـات کـە لە پێنج خانە و لـە پێـنج وشـەن. جیاوازییـان ئەوەیـە یەکـەم نموونـەی زمانـە و دووەمیان لە بیرکاریدایە. لە روویەکیترەوە بەپێی یاسا دەکرێت فـراوانیش بکـرێن کە لە سەرەوە نیشانماندا.

لە رووەکیترەوە پەیوەندی و نزیکایەتی زمان بە بیرکارییەوە، کە وەکو لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیە هێمامان بۆ کرد سەرچاوەی هەردوو زانستەکە بریتییە لە بیر، زمان کە لە قسەکردندا خۆی دەنوێنێ بە هۆی دەنگ و وشە و رستەوە پێکدێت، بیرکـاریش سەرچاوەکەی بیرە و لە ژمارە و هاوکێـشە جیاجیاکـانی پێکـدێت و بـە سیـستەمی کارکردنیان ڕووندەکرێنەوە.

زمان لە سەرەتاوە بیرە، بیرەکە لە دەربڕیندا بە هۆی دەنگەوە دەبێتە زمان، واتـە قسەکردن پێکدێت لە نووسیندا بە هۆی وێنەوە بە پیتەکان نیشان ئەدرێن، بیرکـاریش هێمایە بۆ شتەکانی ناو سروشت بە ژمارە نیشان ئەدرێن.

لێرەوە دەکرێت بڵێین زۆرجار لەبەر هۆی تایبەتی زمانی قسەکردن بە هۆی (جفرە) وە بیر و مەبەستەکەی بە دەنگ (مۆرس) نیشان بیری قسەکردن دەبێتە دەنگ، دەنگیش بەزمان جفرە دەردەبڕێت[٨٩] و پەنا دەبرێتە بەر بەکارهێنانی ژمارە و پیت بەم جۆرە هەر وشە و رستە و دەربڕینێك هێمای ژمارە و پیت هەیە:

لەشکرەکە شکا ـــــــــ دارەکە شکا یا بەهێما، ل (شۆڕش): **٧٥**.

دوژمن هێرشی کرد: د هـ ك: **٦٥**.

هەموو چەکدارەکانمان شکان: چ چەکدار: **٤٣**.

پەیوەندییەکەش بەم جۆرەی: بیر ـــــــــ دەنگ: دەربڕین (زمان).

بیر ـــــــــ رەمز ـــــــــ دەنگ: زمانی جفرە.

بیر ـــــــــ دەنگ ـــــــــ ژمارە: زمانی جفرە بە ژمارە.

واتە لێرەدا بناغە و بنچینەی زمان و بیرکاری بیرە، بیرەکە مرۆڤ بە هۆی دەنگ لە زماندا و ژمارە لە بیرکاریدا مرۆڤ بەکاریان دەهێنێ. هەندێك جار بە هۆی بارودۆخی تایبەتییەوە بۆ ئەوەی ئەو بیر و قسەکردنە حاڵەت و دۆخی نهێنی بپۆشێت پەنا دەبرێتە بەر ئەو بیرە، کە بە هۆی ژمارەوە دەبێتە هێمای قسەکان، هێماکانیش یا بەدەنگ بە هۆی لاسلکییەوە، یا بە نووسین بە ژمارە و پیت دەردەبڕین. لێرەدا پەیوەندی لە نێوان زمان و بیرکاری وەکو هاوکێشەیەکی تر دروست بوو.

((ئەم باسە لە گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٣ بلاو بۆتەوە. ئەم جۆرە باسە بۆ زمانی تر نەکراوە)).

---

(٨٩) بڕوانە؛ محمد رەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی؛ حەسەنی قازی، سوێد ١٩٩٣، ل٧٩-٨٠.

## پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ

### (بەپێی پەیوەندی ستوونی و ئاسۆیی)

دوای خستنەڕووی پەیوەندی نێوان زمان و بیرکاری، دەکرێ و دەبینین دیسان پەیوەندییەکی نزیك لە رووی پێکهاتن و ئەرکەوە لە نێوان کۆمەڵ و زماندا هەیە و بەم شێوەیە دەخرێتەڕوو.

وەکو وتمان زمان لە رووی پێکهاتن و پەیوەندی نێوان کەرەسەکانییەوە، لە چەند کەرەسەیەکی جیاواز لە یەکترەوە بەپێی پەیوەندی هەرەمی لە گەورەوە بۆ بچووك پێکهاتووە، ئەم پەیوەندییەش بەپێی سیستەمی پێکهاتنی زمانەکە دروست دەبێت و دەتوانرێت هەر بەپێی سیستەمەکە و ناسین و دیاریکردنی کەرەسەکان لە یەکتر هەڵبوەشێنرێنەوە و جیابکرێنەوە. بەم شێوەیەش کۆمەڵ لە ئەنجامی پەیوەندییەوە پێکهاتووە و دەگۆڕێت و پەرە ئەسێنێ و لە رووی پێکهاتنەوە لە چەند پێکهاتەی جیاواز بە شێوەیەکی هەرەمی لەسەرەوە بۆ خوارەوە پێکهاتووە، لە رووی ئەندامانی کۆمەڵەوە لە ناو خێزاندا وەك: باپیر، باوك و دایك، منداڵ.

هەروەکو ئەزانین کۆمەڵ لە چەند چین و توێژ و تاخم و گرووپێکەوە پێکدێت و بەپێی چۆنیەتی ژیانی رۆژانەی نێوانیان، کە پێویستی ژیان وایکردووە، پەیوەندی لە نێوان دروست بێت کە ئەمەش لە ئەنجامی بەڕێوەبردنی ئیش و کاری رۆژانەی ناو کۆمەڵەوە دەرئەکەوێت، کە بەندە بە باری ئابووری ژیانی کۆمەڵەوە لەم رووەوە کۆمەڵ بریتییە لە: چینی کرێکار، چینی جووتیار، موڵکدارەکان، چینی برجوای نیشتمانی.

ئەم پەیوەندییە بە دوو شێوە، چ لە ناو زمان و چ لەناو کۆمەڵ، بەپێی چۆنیەتی دەرکەوتن و هەڵسوکەوتی کارکردنی کەرەسەکانی زمان و کارکردنی چینەکانی ناو کۆمەڵەوە، بە دوو شێوە دەردەکەوێت.



پەیوەندییەکەش لە ئەنجامی ئەرکەوە (Functional) بێت، ئەوا لە ناو زماندا ڕێزکردنی کەرەسەکانی لە ئەنجامی چوونە پاڵ یەکتر، کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی (Sentagmatic) ڕێکدەخرێت و دەردەکەوێت و پەیوەندییەکە دروست دەبێت، واتە پەیوەندی نێوان دوو کەرەسەی زمان یا زیاتر لە رستەدا شوێنی کارکردن، ئەرکەکانیان دیار دەکات، بۆ نموونە پەیوەندی نێوان بەشی نیهاد و بەشی گوزارەیە وا دەکات کە بڵێین فلان کەرەسە (بکەر)ە و ئەویتر (فەرمان)ە، بۆ نموونە لە رستەی: کورد جەژنی نەورۆز دەکات.

بەپێی شیکردنەوەیەکی ئاسۆیی، کە لە ئەنجامی پەیوەندیی کەرەسەکانەوە دەتوانرێ ئەرکی وشەکان لە رستەکەدا، دیار بکرێت، وەك: (کورد) بە هۆی پەیوەندیی شوێنەوە لەگەڵ فەرمانی رستەکەدا، کە (دەکات)ە، دەبێتە بکەر و (دەکات)یش فەرمانە، بەڵام لە رووی پەیوەندی ڕەگەزی کەرەسەکانی رستەکەوە، دیسان دەکرێت بەپێی پەیوەندییەکی ستوونی، کەرەسەیەکی هاوڕەگەز لە شوێن یەکتری دابنرێن و بەکاربێن، بێ ئەوەی کار لە واتاو هەڵۆەشانەوەی رستەکە بکات وەك ئەگەر بڵێین:

ئەو جەژنی نەورۆزە دەکات

زاگرۆس جەژنی نەورۆز دەکات

برادەران جەژنی نەورۆز دەکەن

یا گۆڕینی فەرمانەکە هەر لە ڕەگەزی خۆیدا رستەکە دەبێتە:

کورد جەژنی نەورۆز ناکات

کورد جەژنی ڕەمەزان دەکات

زاگرۆس دیاری نەورۆز دەبات

رستەکە بە گۆڕانی ڕەگەزی کەرەسەکانی گۆڕانی واتای نەگرتەوە، چونکە پەیوەندی و ڕەگەزی لە نێوان کەرەسەکانیدا هەیە و پەیوەندی شوێنی و ڕەگەزی وایکردووە لە بڕی یەکتر بەکاربێن و شوێنی یەکتر بگرنەوە.

بە هەمان شێوە پەیوەندی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ، بۆ نموونە لە نێوان خاوەن ئیش و ئیشکەردا وەك پەیوەندی ملکداریك بە جووتیارەوە، یا فەلاح بە وەرزێرەوە بە شێوەی ئاسۆیی لەسەر بنەڕەتی ئەرك دامەزراوە، واتە بە شێوەیەکی ئاسۆیی کە بریتییە لە پەیوەندی باری ئابووری ژیانی ناو کۆمەڵ بەپێی پێویستییەکان کە بەرامبەر ئەرکی کەرسەی زمان لە رووی پەیوەندی شوێنییەوە دیاری دەکرێن، کە بتوانین بە کەسێك ناوی (پیرۆت) بێ، بڵێین ئیش و کار و ئەرکی فەلاحە یا جووتیارە یا موڵکدارە و بە کەسێك وەك (باپیر)یش بڵێین (وەرزێرە) یا سەپانە کە پەیوەندی شوێنی و ژیانی ئابووری، پەیوەندی و ئەرکیان دیاری کردووە لە ناو کۆمەڵدا بەپێی ئەرك و ئیش و کار، لێرەدا شوێن وایکرد پەیوەندی ئەرکی دروست ببێ.

هەروەها دەکرێت پەیوەندییەکی ستوونیش لە نێوانیاندا روونبکرێتەوە، ئەگەر بە شێوەی ستوونی سەیری پەیوەندی نێوان کەرسەی زمان یا کەسەکانی ناو کۆمەڵ بکەین لە رووی پەیوەندی رەگەزییەوە، پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست ببوو، دەکرێ لە شوێنی (سەپان) وشەی (وەرزێر) کە ناوەو سەر بەهامن رەگەزە دابنرێت و شوێنی بگرێتەوە، یا لە جیاتی (وەرزێر) و (سەپان) وشەی ناوی (باپیر) بەکاربهێنین، چونکە هەروەکو وتمان وشەی هاوڕەگەزن و پەیوەندی پرادیگماتیکی (Pradigmatic) دروست بووە لە نێوانیاندا و دەکرێت شوێنی یەکتر لە هەمان پلەی کۆمەڵایەتی و لە زمانیشدا لە هەمان شوێنی رستە بەکاربێن. بۆیە دەکرێت بەپێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە جیاتی وشەیەکی سەر بەهەمان باری ئابووری (ئاغا) شوێنی (کوێخا) یا (خان) بگرێتەوە، لە زمانیشدا ئەگەر ئاغاکە (پیرۆت) بێ دەکرێت ناوی کوێخا کە (باپیر)ە یا (هەباس) کە (خان)ە لە رستەدا بەپێی پەیوەندی رەگەزی بگرێتەوە.

لە رووی باری ئابووریشەوە نیشتماندا، بڕوانە؛ بە نموونە لە زماندا:

ئاغا جووتیار دەچەوسێنێتەوە.

مەحموود خان وەرزێرەکان لە گوند دەردەکات.



بایز ئاغا گوندنشینەکان دەچەوسێنێتەوە.

کوێخا فەتاح

پەیوەندی نێوان ئاغا و جووتیار بە شێوەی ئاسۆیی پەیوەندییەکی ئەرکییە بەپێی پەیوەندی ئیش و کارەوە لە نێوانیاندا دروست بووە، کە (ئاغا) بۆتە (ئاغا) و وشەی (دەچەوسێنێتەوە) بەپێی ئەرك پەیوەندی بکەر بە فەرمانەوە دروستبووە.

لە رووی ئابووری و باری ژیانی کۆمەڵایەتییەوە:

ئاغا: خاوەن ئیش و کار و چەوسێنەرە.

جووتیار: ئیشکەر و چەوساوەیە.

دەچەوسێنێتەوە: رووداو و بارەکە رووندەکاتەوە لە ناو کۆمەڵدا.


لەلایەکی ترەوە پەیوەندی (ئاغا) بە (کوێخا) و بە (خان)ەوە پەیوەندییەکی باری ئابوورییە لە نێوانیاندا لە رووی ئەرکەوە خاوەن ئیش و کار و پلە و پایەی کۆمەڵن. کە لە زماندا پەیوەندی هاوڕەگەزییە بە شێوەیەکی ستوونی دروستبووە و رەگەزێك دشێت شوێنی هەمان هاوڕەگەزی خۆی بگرێتەوە.

لێرەدا پەیوەندی پێکهاتەیی ئاسۆیی و ستوونی لە نێوان و زمان و کۆمەڵدا دروستبووە و بە نموونەوە گونجێنراوە بەپێی نزیکایەتی کەرسەی زمان و کەسەکانی ناو کۆمەڵ.


## پەیوەندی نێوان پێکهاتە زمان و خێزان:

هەروەکو نیشانماندا، پەیوەندییەکی گونجاو لە نێوان بارەکانی کۆمەڵ و زمان دەرکەوت، بە هەمان شێوە ئەگەر کەرسەی زمان (فۆنیم، مۆرفیم، وشەی گرێ، رستە) بێ. پەیوەندی شوێنی و ئەرکیان لە نێوانیاندا هەیە و دروست دەبێت، دەبینی خێزانیش لە رووی پێکهاتەی خێزانی و کۆمەڵایەتییەوە بریتییە لە پێکهاتەی خۆی کە: (باوك، دایك، منداڵ)ە، کە لە ئەنجامی پەیوەندی ئەم کەسانەوە لە گەورەوە بۆ بچووك بە شێوەیەکی هەرەمی رێکخستنی کۆمەڵ، خێزان دروست دەبێت و لە خێزانیشەوە بۆ چەند خێزانێك کۆمەڵ پێکدێت.

با پێکەوە بڕوانینە شێوە هێڵکاری پێکهاتەی کۆمەڵ یا خێزان: کە لە کۆمەڵدا پەیوەندی ژنهێنان و شووکردن لە نێوان ژن و پیاودا، خێزان پێکدێت لە باوك و دایك و لەوانیشەوە منداڵی کوڕ و کچ پێکدێت و پەیوەندی ستوونی بریتییە لە پەیوەندی رەگەزی هەر یەکێك لەو پێکهاتەیە هاوڕەگەزن و شوێنی یەکتر دەگرنەوە.




پەیوەندی ستوونی خاوەن رەگەزییە لە نێوان پێکهاتەی خێزان و کۆمەڵدا





ئەوەی لێرەدا سەرنجڕاکێشە، پەیوەندی ئاسۆیی، کە ئەرکی وشەکانی ناو رستەیە، لە پێکهاتەی خێزاندا، بە شێوەی ئاسۆیی، پەیوەندییە ئەرکییەوە، دەبێتە پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی و تێکەڵاوبوونی نێوانیان لە رووی ژن و ژنخوازی و هەندێك



بەرژەوەندی و باری کۆمەڵایەتیش ئەو دەورە دەبینێ لە پەیوەندییە ئەرکی و ئاسۆییەکە وەك ئەم شێوە هێڵکارییە روونی دەکاتەوە:

خێزانی (س) لەگەڵ خێزانی (ح) دا واتە خێزانی (پیرۆت) لەگەڵ خێزانی (باپیر)دا بەهۆی خزمایەتی ژن و ژنخوازی و یا بەرژەوەندی و باری کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت:




پەیوەندی ئاسۆییەکە پەیوەندی خزمایەتی و هۆ و باری کۆمەڵایەتییە، کە لە زماندا بۆتە پەیوەندی ئەرکی کەرەسەکانی زمان لە ناو رستەدا، کە لە دەوریاندا دەردەکەوێت لە خێزانیشدا بە هۆی هاتوچۆ و پەیوەندییەی کۆمەڵەوە دیار دەبێت.

لە پەیوەندییە ستوونییەکەشدا لە رووی پەیوەندیی هاوڕەگەزییەوە منداڵ شوێنی باوك و دایك دەگرێتەوە یا کوڕ لە شوێنی باوکدا و کچیش لە شوێنی دایکدا ئەمە بەپێی جیاوازی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی دواکەوتوو.

ئەگەر لە رستەدا نیشانیان بدەین وەك:

باوك و دایك و منداڵەکانیان پەروەردە ئەکەن. (پەیوەندی ئاسۆیی نێوانیان، باوك و دایك و منداڵ پەروەردە ئەکەن بکەون و بەهۆی پەیوەندی شوێنیانەوە بە منداڵ و بە فەرمانی رستەکەوە بوونەتە بکەر.

منالّ: بەرکارە.

پەروەردە ئەکەن: فەرمانە.

واتە پەیوەندی شوێنی ئەرکیان لەگەڵ یەکتردا دیار کرد. واتە پەیوەنـدی ئیـشکەر بە روودانەوە، کە راگەیاندنی ئیشەکەیە. پەیوەندی ستوونی نێوانیان بەم شـێوەیە لـە رستەدا دەرکەوێت:

باوك مندالّ پەروەردە دەكات

دایك مندالّ بەخێودەكات — پەیوەندی ستوونی بریتییە لە پەیوەندی رەگەزی كەسەكان جێگەی یەكتر دەگرنەوە.

كچ یارمەتی دایكی ئەدات

كوڕ یارمەتی باوكی ئەدات.

كچ و كوڕ یارمەتی باوك و دایكیان ئەدەن.

## پەیوەندی زمان و كۆمەڵ:

لە روویەکی ترەوە پەیوەندی و نزیکایەتی زمان بە بیرکارییـەوە، کـە وەکـو لـە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیە هێمامان بۆ کرد سەرچاوەی هەردوو زانستەکە بریتییـە لە بیر، زمان کە لە قسەکردندا خۆی دەنوێنێ بـە هـۆی دەنـگ و وشـە و رسـتەوە پێکدێت، بیرکاریش سەرچاوەکەی بیرە و لە ژمارە و هاوکێشە جیاجیاکانی پێکدێت و بە سیستەمی کارکردنیان روونەکرێتەوە. زمان لـە سـەرەتاوە بـیرە، بیرەکـە لـە دەربڕیندا بە هۆی دەنگەوە دەبێتە زمان، واتە قسەکردن پێکدێت لە نووسـیندا بـە هۆی وێنەوە، کە پیتەکان نیـشان ئـەدرێن، بیرکـاریش هێمایـە بـۆ شـتەکانی نـاو سروشت بە ژمارە نیشان ئەدرێ.



لێرەوە دەکرێت بڵێین زۆر جار لەبەر هـۆی تایبـەتی زمـانی قـسەکردن بـە هـۆی (جفرە)وە بیر و مەبەستەکەی بە دەنگ (مۆریس)[*] نیـشان بـیری قـسەکردن دەبێتـە دەنگ، دەنگیش بە زمانی جفـرە دەردەبڕێـت[٩٠] و پـەنا دەبرێتـە بـەر بـەکارهێنانی ژمارە و پیت بەم جۆرە بۆ هەر وشە و رستە و دەربڕینێك هێمای ژمارە و پیت هەیە:

لەشکرەکە شکا ـــــــ دارەکە شکا یا بەهێمان. ل (شۆڕش): ٧٢.

دوژمن هێرشی کرد: د ھ ك: ٦٥.

هەموو چەکدارەکانمان شکان: چ چەکدار: ٤٣.

پەیوەندییەکەش بەم جۆرەیە: بیر ـــــــ دەنگ: دەربڕین (زمان)

بیر ـــــــ رەمز ـــــــ دەنگ: زمانی جفرە.

بیر ـــــــ دەنگ ـــــــ ژمارە: زمانی جفرە بە ژمارە.

واتە لێرەدا بناغە و بنچینەی زمان و بیرکاری بیرە، بیرەکە مرۆڤ بە هـۆی دەنـگ لە زماندا و ژمارە لە بیرکاریـدا مـرۆڤ بـەکاریان دەهێنـێ. هەنـدێك جـار بـە هـۆی بارودۆخی تایبەتییەوە بۆ ئەوەی ئەو بیر و قسەکردنە حاڵەت و دۆخی نهێنی بپۆشێت پەنا دەبرێتە بەر جفرە، کە بە هۆی ژمارەوە دەبێتە هێمای قسەکان، هێماکـانیش یـا بە دەنگ لاسلکییەوە، یا بە نووسین بە ژمارە و پیت دەردەبڕین. لێـرەدا لـە نێـوان زمان و بیرکاری وەکو هاوکێشەیەکی تر دروست بوو.

(*) مۆرس: کـە وەکـو زاراوەیـەك بـۆ پەیوەنـدی کردنـی نهێنـی بـەکاردێت لـە نـاوی داهێنـەرە ئەمەریکاییەکەوە وشەکە بڵاوبۆتەوە، کە ناوەکەی سام ئێل مۆزەیە (١٧٩١-١٨٧٢) لـە مەیـدانی دۆزینەوەی تەلەگراف دەوری گەورەی هەبووە.

(٩٠) غازی فاتیح وەیس، علی عبدالواحد وافی، علم اللغە، القاهرە ١٩٧٢، ل١٣.

# چۆنیەتی ئاوێتەکردنی زارەکانی زمانی کوردی لە زمانی ستاندەردا[٩١]

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی[٩٢]، پێویستییەکانی ژیانی رۆژانە بەبێ زمان ئەنجام نادرێت، ئەمجا کۆمەڵی مرۆڤایەتی بە هۆی زمانەوە پێش دەکەوێت و ئاگاداری رووداوەکانی یەکتر ئەبن.

هیچ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێودەوڵەتی و گەلانیش بەبێ زمان گرێ نادرێت و پێکنایەت. کەواتە زمان بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوە لە ژیانی مرۆڤ و ئادەمیزاددا، شارستانێتی بەبێ زمان و زمانیش بەبێ شارستانێتی پێشناکەوێت[٩٣].

ئەمجا مرۆڤ بۆ بەڕێوەبردنی هەمموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، رۆشنبیری، ئاییینی، سیاسی و پەیوەندی کردنی ناو کۆمەڵ پەنا دەباتە بەر زمان بەکارهێنان، زمان بەکارهێنانیش بە دوو جۆری وەك زمانی قسەکردن و زمانی نووسین دەبێت.

زمانی قسەکردن بریتییە لە ئاخاوتنی ژیانی رۆژانە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری مامەڵەکردن[٩٤] لە بواری هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت، هەر

---

(٩١) ئەم بابەتە لە کۆنگرەی زانستی- فێرکاری زمانی کوردی لە ئێران/تاران کە لە رۆژانی (٣٠-٢٠٠٢/٥/٣١ وەك یەکەم باسی کۆنفرانسەکە بلاوکرایەوە و خوێندرایەوە کە لەلایەن ئەنستیتۆی فەرهەنگی کوردییەوە بەسترا.

(٩٢) د. محمود السعران، علم اللغة، مصر، ١٩٦٣، ل٣٧٣.

(٩٣) د. خليل حماش، اللغة و الحضارة، مجلة الاقلام، عدد (٦)، ١٩٧٥، ص٤٨.

(٩٤) بروفيسور روى هجمان، اللغة و الحياة و الطبيعة البشرية، الكويت، ١٩٨٩، ص١٥.



چین و توێژ و تاقم و دەستە و بەرەیەکی کۆمەڵایەتی شێوازی تایبەتی خۆی هەیە[٩٥] لە قسەکردندا و هەر یەکێك لەمانە شێوەزار پێکدەهێنن و ئەچنەوە ناو زارە گەورەکە کە لە شوێنێك یا لە ناوچە و هەرێمێك بەکارئەهێنرێت[٩٦].

جۆری دووەم کە (زمانی نووسین)ە[٩٧] بریتییە لە زمانی تۆمارکردنی لایەنی رۆشنبیری و کارگێڕی و نووسراوە فەرمییەکان (ڕەسمی) و ئەدەبیات، ئەم جۆرەیان پێویستە بە یەك جۆرە زار ئەنجام بدرێت کە لە سەقامگیر بوونیدا ئەبێتە زمانی ستاندەرد و بەرەو زمانی رەسمی و بەرەو زمانی نەتەوایەتی ئەڕوات و لە سنووری زار دەرئەچێت، ئەگەرچی لە سەرەتاوە لە زارێکەوە سەرهەڵئەدات، بە هۆی یەکێك یا زیاتر لەم هۆیانە: باری ئابووری، ئایینی، رۆشنبیری، سیاسییەوە ئەبێتە زمانی سەرانسەری بۆ هەمموو نەتەوەکە.

ئەم باسە لێرەوە روو ئەکاتە زمانی کوردی، کە تاکو ئێستا زمانی نەتەوەیی (زمانی رەسمی، زمانی دەوڵەتی، زمانی نووسین)[٩٨] نییە ئەمجا پێش ئەوەی ئەمە روونبکەینەوە، تاقیکردنەوەی گەلان لە مێژوودا ئەوەی روونکردۆتەوە کە هەر نەتەوەیەك بەجۆرێك زمانی نەتەوەیی بۆ دروست بووە.

بۆ نموونە زمانی عەرەبی پێش پەیدابوونی ئایینی ئیسلامی پیرۆز، هۆی رۆشنبیری لە ئەدەبدا بە هۆی دانانی شیعر و خوێندنەوەی ئەو شیعرانەوە لەلایەن شاعیرانی خێڵە عەرەبەکانەوە لە رۆژانی هەینی لە بازاڕی (عەکاز) بەزاری قورەیش ئەخوێنەرانەوە و پاشان لەلایەن (نایغە)وە ئەو شیعرانە هەڵئەسەنگێنران بەوەی کامیان باشە و کامیان خراپە، پاشان بە هۆی بازرگانی کردنی کوڕانی ئومەییە (بنی أمیە) و کوڕانی هاشم

---

(٩٥) د. علی عبدالواحد وافي، علم اللغة، القاهرة، ١٩٧٢، ص١٨٨.

(٩٦) هەمان سەرچاوەی ژمارە (٤)، ل١٧٩.

(٩٧) سەرچاوەی ژمارە (٤، ٥)، ل١٨٤.

(٩٨) سەرچاوەی ژمارە (١)، ل١٨٤. بێجگە لەوەی ئەکرێ ناوبنرێ زمانی سەرانسەری، چونکە هەمموو وڵات و میللەتەکە بەکاری دەهێنن.

(بنی هاشم)ەوە لە نێوان حیجاز و شامدا وردە وردە زاری قورەیش بایەخی پەیداکردبوو[٩٩]، لەدواییدا بە هۆی هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز بە زاری قورەیش کە زاری هۆزی قورەیش و پێغەمبەر محەمەد (د.خ) بوو، هۆی ئایینی لە پاڵ ئەو دوو هۆیەوە- واتە هۆی رۆشنبیری و بازرگانی- زمانی نەتەوەیی بۆ هەموو نەتەوەی عەرەب لە ئۆقیانووسەوە تا ئاوی کەنداو پێکهات.

لە چاخە کۆنەکانیشدا زمانی لاتینی سەرکەوت بەسەر زمانی بنەڕەتی ئیتاڵیا و ئیسپانیا و پورتوگال و...هتد، بە هۆی ئایینی مەسیحییەتەوە[١٠٠].

لەم رووەوە هۆی رۆشنبیری و مەڵبەندی دەسەڵات زاری شاری لەندەنی کرد بە زمانی هەموو ئینگلستان و بەسەر هەموو زارەکانی تری دوورگەکانی بەریتانیا سەرکەوت، هەروەها زاری (مەدرید) بوو بە زمانی نەتەوەیی وڵاتی ئیسپانیا و بەسەر زارەکانی تریدا سەرکەوت.

هۆی سیاسی لە ئەمەریکا، زمانی ئینگلیزی وڵاتی ئینگلستانی بەسەر هەموو زمانەکانی تری وڵاتی ئەمەریکا سەرخست و کردی بە زمانی رەسمی لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا شوێنی بنەڕەتی هیندییە سوورەکان بوو. زاری سەکسۆنی ئەڵمانیش لە سەدەی شانزەی زاییندا هەموو زارەکانی تری ئەڵەمانی خستە لاوە و لە ئیتاڵیاشدا لە سەدەی چواردەیەمی زایینەوە زاری تۆسکانی Toscan بۆری بە هەموو زارەکانی وڵاتی ئیتالادا. ئەم دوو زارەی سەکسۆنی و تۆسکانی سەرکەوتنیان وەکو زمانی وڵاتەکە لە کاتێکدا بوو نە بەرلین بوو و بە شوێنی دەسەڵاتی دەوڵەتی تازەی ئەڵەمانیا و نە دەسەڵاتی رۆمانیش دەرکەوتبوو[١٠١]. چونکە بەرهەمی ئەدەبیاتی ئەم دوو زارە لەو کاتەدا لە ناودا بوو، لەکاتێکدا هی زارەکانی تر نەئەبینران[١٠٢].

(٩٩) سەرچاوەی ژمارە (١)، ل١٨٢.

(١٠٠) علی عبدالواحد وافی، هەمان سەرچاوە، ل١٧٣.

(١٠١) سەرچاوەی ژمارە (١)، ل١٨٢-١٨٣.

(١٠٢) سەرچاوەی ژمارە (١)، ل١٨٣.



تا ئێرە هۆی رۆشنبیری، بازرگانی، ئایینی، لە پاڵ هۆی رۆشنبیریشدا باری سیاسی و مەڵبەندی دەسەڵات دەوری خۆی هەبووە لە کردنە زارێك بە زمانی نەتەوەیی.

ئەمجا لێرەوە ئەگەینە ئەوەی بڵێین تاکو ئێستا لە مێژووی کورد و زمانەکەیدا بە تەواوی پاش دەوڵەتی میدیا، کورد زمانی نەتەوەیی درێژایی ئەم مێژووە نەبووە. چونکە یەکێك لەو هۆیانەی کە لە سەرەوە خستماننەڕوو وەکو: ئایینی، رۆشنبیری، سیاسی، ئابووری بە تەواوی، ئەم دەورەی نەگێڕاوە، کە زمانی کوردی نەتەوەیی پێکبهێنێ بۆ هەموو سەرانسەری وڵاتی کورد.

هەرچۆنێك بێت ئەو بارانەی کە روویداوە لەم رووەوە بۆ کورد و بوونە زمانی نەتەوەیی کە لە دەرفەتێکدا دەوری هەبووە و پاشان بەردەوامی بەخۆیەوە نەبینیوە، لێرەدا ئەیانخەینەڕوو:

لە مێژووی کورددا بۆ یەکەم جار ئایینی زەردەشتی لە سەدەی حەوتەمی (پ.ز)دا، لە سەردەمی میدییەکاندا کۆنترین شێوە زمانی کوردی کە ئاڤێستایە[١٠٣] و کتێبە ئایینییەکەی زەردەشتی پێ نووسراوەتەوە، دەوری بینیووە لەوەی، کە بە هۆی ئایینییەوە ببێتە زمانی نەتەوەیی. تەنانەت لە سەردەمی ساسانییەکاندا و بە تەواوی لە کاتی دەسەڵاتی ئەردەشێر پاپا جارێکی تر فەرمان دراوە ئاڤێستای زەردەشتی پێ بنووسرێتەوە، بەڵام بەردەوامی بەخۆیەوە نەبینیوە، لە سەدەی حەوتەمی زاییندا، بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتییەوە، لەکارکەوتووە.

پاشان دوو سەدە لە قەبوولکردنی زمانی عەرەبی وەکو زمانی رۆشنبیری و ئایینی لەلای نەتەوەی نا عەرەبی ئیسلامەوە وەکو کورد و فارس و تورك، لە سەدەی دەیەم و یانزەیەمەوە پاش هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی ئیسلام لە رووی کارگێڕییەوە، گەڕانەوە سەر بەکارهێنانی زمانی زگماکی نەتەوەیی خۆیان وەکو

(١٠٣) تۆفیق وەهبی، ((اصل الاکراد و لغتهم)) گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە (٢٠٢)، بەغدا ١٩٧٤، ل٢٤.

کوردی و فارسی و تورکی و دەوڵەتی بچووك بچووك لە شێوە میرنشین دروستبوو، لێرەوە زمانی کوردی بەتایبەتی لە شیعردا بەرەو بەکارهێنانی زار چوو. لە هەر کوێیەك میرنشینێك دروستبوو بێت زاری ناوچەکە بۆتە زمانی شیعر لای شاعیرانی بۆ نموونە وەك زاری لوڕی (لە سەدەی ١٠ — ١١ز)دا، هەورامی لە نێوان سەدەی چواردەهەم و نۆزدەهەمدا و بۆتانیش لە نێوان سەدەی پانزەو حەڤدەهەم و کرمانجی ناوەڕاست/ سلێمانی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە تاکو ئێستا بەردەوامە و لەگەڵ نەمانی هەرمیرنشینێکدا یا تێکچوونی باری ناوچەی زارەکە، وەکو لە زمانی شیعر لەکارکەوتووە. بەڵام ئەوەی سەرنجراکێشە تاکو ئێستا کرمانجی ناوەڕاست زاری سلێمانی هەر بەردەوامە و لە زمانی شیعرەوە بۆتە ئەدەب و پاشان لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیوە لە ساڵی ١٩١٨ەوە بووە بە زمانی رۆشنبیری و رۆژنامە و لە حوکمدارێتی شێخ مەحموودی نەمریشدا بوو بە زمانی خوێندنی قوتابخانە تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ گەیشتۆتە ئاستی زمانی زانست و ئەکادیمی و نامەی ماستەر و دکتۆرای لە بواری زمانەوانی، کۆمەڵناسی، مێژوو، جوگرافیا...هتد. بێ ئەنووسرێ کۆڕی زانیاریش هەر لەم بوارەدایە(*).

لێرەدا دەرئەکەوێت بە شێوەیەکی بەردەوام بار هۆی رۆشنبیری بە پلەی یەکەم و باری سیاسیش تارادەیەك یارمەتیدەر بووە، بۆ ئەوەی دیالێکتی (زار) کرمانجی ناوەڕاست/سلێمانی بەردەوامی بەخۆیەوە بینیوە و بۆتە زمانی ستاندەرد و لە دوو بەشی کوردستان لە کوردستانی باشوور و کوردستانی رۆژهەڵاتیش(١٠٤) بەکاری ئەهێنن و بەسەدان رۆشنبیر و هونەرمەند و نووسەر و سیاسی دانراوی جۆراوجۆریان لە بواری پسپۆڕایەتی خۆیان پێ داناوە.

(*) نیازیش وایە مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی کوردی بکرێتەوە.

(١٠٤) ئەم زارە (کرمانجی ناوەڕاست) ناوچەیەکی فراوانی لە نووسیندا لە نووسەرانی خۆی و زارەکانی تر گرتۆتەوە، وەکو: لوڕی، هەورامی، کاکەیی، گەرمیانی، کرمانشایی و لەکی و کەلۆری... هتد پێی دەنووسن، تەنانەت نووسەرانی کرمانجی سەرووش هەن پێی دەنووسن.



زارێکیش لە مێژوودا بۆی رێك کەوتبێت بووبێتە زمانی نووسین و سەرکەوتبێت بەسەر زارەکانی تری زمانەکەیدا، سەرچاوە زانستییەکان ئەوە رادەگەیەنن، کە زووبێ یا درەنگ ئەبێتە زمانی دەوڵەت، بۆ نموونە وەکو زاری پاریس(١٠٥).

ئەمجا ئەو بوارەی، کە تا ئێستا بۆ کورد مابێتەوە لە پێکهاتنی زمانی نەتەوەییدا، باری رۆشنبیرییە ئەویش بە پاڵپشتی بڕیاری سیاسی لە زەمینەیەکی گونجاو و لە باردا کەمایەی پاشگەزبوونەوەی تێدا نەبێت(١٠٦).

پێویستە ئەوە بزانرێ کە باری ئایینی و باری ئابووری تاکو ئێستا دەوریان نەبینی لە پێکهاتنی زمانی نەتەوەیی کوردی.

کەواتە هۆی رۆشنبیری و سیاسی دوو هۆ و لایەنی کاریگەرن لە بەردەم کورد و زمانەکەیدا، ماونەتەوە بۆ دروستبوونی زمانی نەتەوەیی و رەسمی.

## کورد پێویستە چی بکات بۆ زمانی نەتەوەیی؟

تاقیکردنەوەی گەلانی تر لە دروستبوونی زمانی نەتەوەییدا، بەتایبەتی ئەگەر زمانەکە فرە زار بێت و لە رووی نووسینەوە زیاتر لە زارێکی هەبێت، ئەوا ئەو زارەی کە ناوچەکەی لە رووی شارستانییەت و ئەدەبیات و پێشکەوتنەوە، لە ناوچەی زارەکەی تر پێشکەوتووتر بێت و خاوەن دانراو و سامانێکی رۆشنبیری زۆرتر بێت، وەك لە ناوچەی زارەکەی تر، بێجگە لەوەی ئەگەر مەڵبەندی دەسەڵاتیشی لێ بێت ئەوا ئەم زارەیان بەرەو زمانی نەتەوەیی دەچێت و زاڵ ئەبێت بەسەر زارەکانی تری زمانەکەدا(١٠٧).

ئەم حاڵەتە لە زاری کرمانجی ناوەڕاست/سلێمانی ئەچێت، چونکە ئەم زارە بێ راوەستان بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوە و هەنگاونانیشی لە خزمەتی زانست و زانیاری

(١٠٥) سەرچاوەی ژمارە (١)، ل١٨٥.

(١٠٦) گۆڤاری مەتین، ژمارە (٥٣)، ١٩٩٥، ل٢٢-٣١,

(١٠٧) سەرچاوەی ژمارە (١)، ل١٨٢.

و رۆشنبیری و ئەدەبیاتدا بەردەوامە. بۆیە ئەگەر روویەکی زانستی بدەینە سەر ئەم زارە، پێویستە بەرەو پێشەوە ببرێت، نەك کۆسپی لە رێگادا دروست بکرێت.

چۆنیەتی بەرەو پێشبردنی ئەم زارە و یا هەر زارێکی تری لەم جۆرە بێت، کە بەرەو زمانی نەتەوەیی هەنگاو بنێت و زیاتر لە سەدەیەکە خزمەت ئەکات و لە مەیداندایە. بۆیە پێویستە ئەم زمانی ستاندەردی کوردییە، ئاوێتە بکرێت بە وشە و زاراوەکانی زارەکانی تری کوردی بە شێوەیەك ئەنجام بدرێت، کە فەرهەنگی وشەکانی دەوڵەمەند بکرێت و تا نامۆش نەبێت بۆ نەوەی زارەکانی تر.

## چۆنیەتی ئاوێتەکردنی وشە و زاراوەکانی زمانی ستاندەرد

پێش ئەوەی بێینە سەر چۆنیەتی ئاوێتەکردنەکەی، ئەبێت ئاوڕ لەو تێکەڵاوکردنەی کتێبی قوتابخانەکان بدەینەوە بەتایبەتی لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی تێکڕای پۆلەکان، کە رستەی راهێنانی بابەتەکان تێکەڵە لە نموونەی هەردوو زاری کرمانجی زاری کوردی ناوەڕاست (زمانی ستاندەرد)، بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ لایەنی دەستووری رێزمانی کرابێت، بەو نیازەی کە زمانی نەتەوەیی بەم شێوەیە دروست ئەبێت.

راستیکەی تێکەڵکردنی ئەبێت و پێویستە بە رێگایەکی زانستی بکرێت نەك هەر تێکەڵی هەردوو زارەکە و بەس، بەڵکو ناکرێ قوتابی لە بەردەم دوو نموونەی جیاوازی رێزمانی دابنرێت. بۆ نموونە ناکرێت بۆ هەر بابەتێکی رێزمانی زمانی کوردی دوو دەستووری لەبەردەمدا دابنرێت، وەك دوو نیشانەی کۆ لە زمانی کوردیدا، یا دوو دۆخی ناسراوی و نەناسراوی، یا دوو جۆر فەرمانی بکەر نادیار[١٠٨]، ئەمە وا لە قوتابی ئەکات، کە دوو رێزمانی تەواو یا تا رادەیەکی زۆر جیاواز لە یەکتر لەبەردەمیدا بێت. راستیکە رێزمانی زمانی نەتەوەیی یەك رێزمانە نەك دوان و سێیان.

(١٠٨) بڕوانە؛ کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دووەمی ناوەندی، چ٣، ٢٠٠١، ل١٢-١٥.



ئەی لەمڕووەوە ئەمە چۆن چارەسەر ئەکرێت. چارەسەرکردنی پێویستە لەسەر هەڵبژاردنی بنەما هاوبەشەکانی دەستووری رێزمانەکە بێت نەك دوو شتی جیاواز. وەرگرتنی بابەتە هاوبەشەکانی ئەوانەن کە لە هەموو یا لە زۆربەی زارەکان یا بەلای کەمەوە لە دوو زاریدا هەبێت وەك:

نیشانەی نەناسراوی لە زمانی ستاندەردا بریتییە لە (ێك/ یەك) لە کرمانجیدا ئەبێتە (ەك) وەك: پیاوێك، برایەك، پیاوەك، کچەك.

نیشانەی کۆ لە زمانی ستاندەردا (ان)ە وەك پیاوان، مامۆستایان، لە کرمانجی سەروودا (یت، ێن، ید)ە وەك: کوڕێت، زەلامێت، زەلامێن، زەلامێد.

ناسراویش لە زمانی نووسیندا (ەکە)یە، وەك: پیاوەکە. لە سەروودا ئەم نیشانەیە نییە و جێناوی نیشانەی بۆ بەکاردەهێنرێ، وەك: مامۆستاکە، براکە، گوڵەکە لەسەروودا دەبێتە ئەڤ مامۆستایە، ڤی زەلامی.

ئەم دیاردانە بە چەند دەستوورێکی جیاواز بۆ یەك بابەتی رێزمانی زانستی ئەم تێکەڵییە بکرێت، ئەویش بە هەڵبژاردنی شت و بابەتی هاوبەش، تا یەك دەستوور لەلای قوتابی بۆ رێزمانی زمانەکەی بەرجەستە بێت و بەمە هەنگاو بەرەو زمانی نەتەوەیی ئەنرێت. نموونە بۆ ئەم دۆخانە:

نیشانەی (ان) لە زمانی نووسیندا و (ێن) لە کرمانجیدا یەك نیشانەن و هۆی گۆڕانی دەنگسازی لە یەکتریان جیادەکاتەوە، واتە لە ئەنجامی گۆڕان و پەرەسەندنی زماندا گۆڕان بەسەر دۆخە رێزمانییەکاندا دێت، هەیە لە ناو ئەچێت و هەیە ئەمێنێتەوە، هەیە سەرهەڵئەدات، وایکردووە، کە دەنگی (ێ) بگۆڕێت بە (ا) یا بە پێچەوانەوە، ئەمەش لە زمانی کوردیدا باوە وەك لە زمانی کوردی نووسیندا (مێردین، دێرسم) بۆتە (ماردین، دەرسیم).

ئەمجا لێرەدا پێویستە یەکیان هەڵبژێرین بۆ نیشانەی کۆی زمانی نووسین، ئەویش (ان)ە، چونکە لە زارەکانی تریشدا وەك: لوڕی و هەورامی بە هۆی کاریگەری زاری کرمانجی ناوەڕاستەوە بەکاردێت.

هەروەها (ەکە)ی نیشانەی ناسینی لە زاری لوڕی بە شێوەی (گە) وەك (خورماگە) و لە هەورامیشدا (کوڕەکە)، (کناچەکێ) بەکاردێت، کەواتە لە زۆربەی زارەکانی کوردی بێجگە لە زاری سەروو بەکاردەهێنرێت، کەواتە نیشانەی ناسراوی لە زمانی نووسیندا بەکاربێت وەکو مۆرفیمێکی هاوبەش لە ناو هەموو زارەکانی تردا.

ئەم دۆخە بکرێتە بنچینە بۆ پێکهێنانی زمانی نەتەوەیی و دەستوورێکی لێوە هەڵهێنجرێ (دابنرێت)، واتە هەموو بابەتە هاوبەش و گشتیکانی ناوزارەکانی زمانی کوردی بە کەمێك گۆڕانی دەنگسازێوە بکرێتە وەربگیرێت بۆ ئەم مەبەستە.

خاڵێکی تر هەوڵبدرێت بۆ لابردنی بابەتە قورس و ئاڵۆزەکانی زمانی کوردی وەك لابردنی بەکارهێنانی رەگەزی رێزمانی جۆراوجۆر، کە لە هەندێك زاری وەکو کرمانجی سەروو، هەورامی بەکارئەهێنرێت. نموونە بۆ دۆخی رەگەزی نێر و مێ لەم دوو زارەی زمانی کوردی، کە دیاردەیەکی زۆر گرانە لە رووی بەکارهێنانەوە بۆ کوردی زار و ناوچەکانی تری زمانەکە. بۆ نموونە دۆخی خستنە سەری (ئیزافە) نێر و مێ لە کرمانجی سەروودا وەك:

کوڕی من. (ێ) ئامرازی ئیزافەیە بۆ تاکی نێر.

کچا من (ا) ئامرازی ئێزافەیە بۆ تاکی مێ.

یا هەندێك نموونەی تری رەگەزی نێر و مێ بێ ئەوەی ئەو رەگەزانە وەکو گیانلەبەر لە سروشتدا هەبن، کەچی لە رێزمان و زمانی قسەکردندا رەگەزی رێزمانییان بۆ دانراوە، بێ ئەوەی رەگەزیان هەبێ، وەك: (ماڵ)، (دەست) وشەیەکە بێ رەگەز کەچی لە کرمانجی سەروودا رەگەزیان هەیە، لە دۆخی خستنە سەردا نموونە:

دەستێ من (ێ) نێرە.

مالا من (ا) بۆ ئیزافەی مێیە.

یا بەکارهێنانی دوو جۆرە راناوی کەسی سەربەخۆ لە سەروودا یەکیان وەکو (ئەز، تو، ئەم، هون، ئەو) بۆ دۆخی راستەوخۆیە و جۆری دووەمیان وەکو (من، تە، وی/وێ، مە، وە، وان) بۆ دۆخی تیان (نادیار)ە.



ئەم دوو دۆخە جیاوازە ئەبێتە هۆی سەر لێتێکدان بۆ کوردی دەرەوەی ئەم زارە، بۆیە واچاکترە یەك جۆریان کە زۆر نزیکە ئەویش بەدەستکارییەوە لەگەڵ بەراوردکردنی زارەکانی تر بەکار بێت و بکرێتە بنچینە بۆ زمانی نەتەوەیی، پێویستە بەم شێوەیە بێت:

لە زاری هەورامی جێناوەکان بریتین لە (من، تو، ئاد/ە، ئێمە، شمە، ئادە/ئادێ). راناوە هاوبەشەکان لەگەڵ زمانی نووسیندا بریتییە لە (من، تو، ئیمە) وەربگیرێت بۆ زمانی نووسین، لە لوڕیشدا جێناوی کەسی سەربەخۆ ئەمانەن: (من/مە، تن/تە/تو، ئەو، ئیمە، ئیوە/یوە، ئوان/وان) هاوبەش و وەك یەکەکانی جێناوی کەس لوڕی ئەمانەن: (من، تو، ئەو، ئیمە، ئیوە، ئوان).

پێویستە جێناوی کەسی سەربەخۆ لە کرمانجی ناوەڕاست کە لە زۆربەی زاراوەکانەوە نزیکە وەکو: (من، تۆ، ئەو-ئێمە، ئێوە، ئەوان) بۆ زمانی نەتەوەیی وەربگیرێت، چونکە وەك دەرئەکەوێت ئەم جۆرە گۆڕانی گەشەکردنی زمانی کوردی پێوە دیارە، بۆیە بکرێتە بنچینە.

ئەمانەی سەرەوە وەکو دەستووری رێزمان کاری بۆ بکرێت و لەلایەن پسپۆڕانی زمانەکەوە دوای لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردن بکرێتە بنچینە و دەستوور بۆ تێکەڵکردنی زمانی نەتەوەیی.

ئەمەی سەرەوە بریتی بوو لە نیشاندانی هەندێك دۆخی رێزمانی بۆ پێکهێنانی زمانی نەتەوەیی رەچاو بکرێت، نەك لە شێوەیەکی زیاتری ئەو دۆخە جیاوازانە لە کتێبەکانی زمان و ئەدەبی کوردیدا لەبەردەم قوتابیدا قوت بکرێتەوە، کە نەزانێت کامیان خۆیەتی بۆ بەکارهێنان و نووسین.

## لە ئاستی وشەسازیدا چی بکرێتە پێوەر بۆ پێکهاتنی زمانی نەتەوەیی؟

یەکەم شت کە بەرەنگاری کێشەی زمانی نەتەوەیی کوردی ئەبێتەوە، کێشەی یەکخستنی زاراوەکانی کوردییە، چونکە زاراوە (مصطلح) گیروگرفتی سەرەکییە لە

بەرامبەر رۆشنبیران و خەڵك بۆ تێگەیشتن، ئەگەر زاراوە یەكبخرێت، كێشەیەكی یەكجار ئاڵۆزمان لەبەردەم زمانی نەتەوەییماندا بۆ چارەسەر ئەكرێت و زۆربەی كورد گیروگرفتی زاراوە بەكارهێنانی بە یەكگرتنی زاراوەكان لە هەموو روویەك رۆشنبیری، سیاسی، ئابووری، ئایینییەوە نامێنێت، نەك وەكو ئێستا هەر كەس بە ئارەزووی خۆی زاراوە بەكارئەهێنرێت، ئەمە بێجگە لەوەی گیروگرفتێكی تری زەق و زل و دیار لە دوای راپەڕینی **١٩٩١**ی خەڵكی كوردستانی باشوورەوە پەیدا بووە، ئەویش ئەوەیە هەندێك زاراوە و وشەی كوردی رەسەن، كە هیچ گیروگرفتمان پێوە نەدیوە و بە ئاسانی بەكارهاتووە و بڕاوەتەوە، ئێستا ئەو وشانە پشتگوێ ئەخرێ و وشەی تر دائەتاشن، یا وشەی تری بێگانە لە جیاتی بۆ بەكاردەبرێ:

نموونەی وشە پشتگوێ خراوەكان: (رۆژنامەگەر، رۆنامەنووس) كراوەتە (رۆژنامەوان) یا (رۆژنامەگەری) (رۆژنامەوانی)، (ئەز) لەجیاتی (من)، (دیمانە) لە بری (چاوپێكەوتن) (یاری زان) لەبری (یاریكەر)، ئەمانە و بگرە دەیان وشەی تر لەم رووەوە كە كوردین و هیچ گیروگرفتێكی بەكارهێنانیانیش نییە دەسكاری ئەكرێن و ئەگۆڕێن، یا وشە رەسەنەكانی كوردی بخرێتە لاوە و وشەی زمانی تر بەكاربهێنرێن لە برییان، وەك:

(دیكۆمێنت) لە بری (بەڵگە) یا (ناوزەدكردن) لە بری (دیاریكردن) (فەراهەم) لە جیاتی (راییكردن و دابینكردن)، (پرۆسە) بۆ (كردە)، (جینۆساید) بۆ (قڕكردن و لەناوبردن) ئەمانە و دەیان نموونەی تر لە بارودۆخی ئێستای زمانی كوردیدا بە هەڵە و بە نەزانی و بەبێ ئەزموونی بەكاردێت.

بۆیە لە شوێنی خۆیدایە ئاگاداری بەكارهێنانی ئەم دۆخە هەڵانە بین و لە بری ئەم لایەنە ناهەموارە پێویستە وشە و زاراوەكانمان یەكبخەین و هەوڵبدەین سوود لە هەموو زارەكانی تری زمانی كوردی وەك گەرمیانی و كەركوكی، بادینی، هەورامی، لوڕی و فەیلی، سۆرانی، شوانی، باجەلانی و خانەقینی، كەڵوڕی و كرمانشایی و... وشە وەرگرتن و ئاوێتەكردنی لە ناو زمانی نووسین و ستاندەردا بەكاربهێنرێن و بەرەو



دانانی فەرهەنگی نەتەوەیی هەنگاو بنێن و هەروا، بۆ نموونە چەند وشە و نموونەیەكی زارەكان بۆ ئەم حاڵەتە ئەهێنمەوە، تا لەبەر تیشكی ئەم نموونانە هەنگاوی یەكخستنی یا بەكارهێنانی وشەی رەسەنی كوردی لە زارە جیاجیاكانی زمانی كوردییەوە ببنێن، نموونە:

| | |
|---|---|
| (شاكانی) | حەسوودی |
| (رووما) | شكل، ملامح |
| سپیاتی | ئەلبان |
| دەحكە | مناقشە |
| ئاروو | خەیار |
| رك | رق و كینە |
| ئاڤاهی | عمارە |
| جون | صنف |
| جون كردن | تصنیف كردن |
| پیر | حكیم و زانا |
| هۆشمەند | مفكر (نەك بیرمەند: كە تازە داهێنراوە). |

بۆ پێكهاتنی زمانی نووسینی سەرانسەری و نەتەوەیی پێویستە هەر دیاردەیەكی ڕێزمانی تەواو دوور لە حاڵەت و دۆخی ناویزە (شاذ) كە دەستووری ڕێزمانی كوردی بەسەردا ئەسەپێنرێ بۆ زمانی نەتەوەیی وەربگیرێت چ وەكو وشە و چ وەكو دۆخی ڕێزمانی (گەتیگۆری- الاصناف القواعدیە- kategory)، نموونە لە ئاستی وشە بەكارهێناندا:

هەندێك وشە هەن لە كوریدا بە چەند جۆرێك بەكارئەهێنرێ و هەمان واتاشیان هەیە، وەك:

شۆڕین، شۆڕدن، شووشتن، شتن

بەستن، بەستان

سەندن، سەنین، سەنن

سیازده، یانزه، یانگزه

بازن، بازنگ

بەند، بەنگ

خەفتن، خەوتن ... هتد

وشە دەستوورییەکانی ئەم نموونانە، کە یاسای گەردانکردنی ڕێزمانی بەسەریاندا بسەپێنرێت ئەمانەن: (شۆرین، شۆردن، بەستان، سەندن، یازدە، بازن، بەند، خەفتن... هتد) ئەم وشانە بێجگە لەوەی کە دەستوورین، هەندێکیان، کە وشەیان لێوە وەربگیرێت بنچینە و ڕەگەکەی دەرئەکەوێ، وە: بە لابردنی نیشانەی چاووگی (خەفتن) کە (تن)ە، ڕەگی (خەف) ئەمێنێتەوە، وشەی (پێخەف)ی لێوەپێکدێت و کورد ئەڵێت (پێخەف)[109] نەك (پێخەو)[110]. یا لە شیکردنەوەی وشەی (دوانزە) بۆ پێکهاتەکانی بریتییە لە: دوانزە (دوان + زە) کە نامانگەیەنێتە ڕاستی دەستووری پێکهاتنەکەی، بەڵام وشەی: یازدە بریتییە لە (دوو+ناوگری (از/ان)+دە).

بەستان: بەلادانی (ن)ی چاووگەکەی قەدی چاووگی (بەستا)ی لێوە پێکدێت و بەلادانی نیشانەی چاووگەکەی (ا) ڕەگی ئەمێنێتەوە:

چاووگ: بەستان — ن = قەد و فەرمانی ڕابردوو بەستا.

بەستان — ان (نیشانەی چاووگ) = بەست ڕەگی.

وشەکەیەتی، دەکرێ گەردان بکرێت بە دروستی وەك: بەستام، بەستان، بەستای (بۆ ڕابردوو).

دەبەستم، دەبەستێت (بۆ ڕانەبردوو)

ئەمە لە شێوەی وشەی (بەستن) نابێت بە تایبەتی بۆ ڕەگی وشەی (بەستن)، (بەس) نابێتە ڕەگی و پارێزەری واتاکەی نییە، بۆیە (بەستان) وەکو وشەیەکی دەستوور پترە، لە (بەستن).

(١٠٩) بڕوانە؛ کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی دووەمی ناوەندی، چ٣، ٢٠٠١، ل١٢-١٥.

(١١٠) ڕەفیق محەمەد شوانی، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدددین، ١٩٨٨، ل١٤٢.



ئەمجا ئەم وشەیە و یا وەك ئەم نموونانە لە چ زارێك بن جێگای خۆیەتی با وەربیگرین بۆ زمانی نەتەوەیی.

جێگای خۆیەتی لە کۆتاییدا، ئەو بابەت و حاڵەت و دۆخانە، کە زیاتر ڕێزمانی و دەستووریتر و هاوبەشن لە زۆربەی زارەکانی زمانی کوردی بکرێنە بنچینە بۆ زمانی نەتەوەیی (زمانی ڕەسمی) و وەربگیرێن. بێجگە لەوەی پێویستە لەگەڵ هەموو ئەم حاڵەت و دۆخانەی سەرەوە، کە باسمان کرد لە باسەکەدا، زمانی نووسینی ئێستای (زمانی ستاندەر) کوردی کرمانجی ناوەڕاست کە دەوری سەد و حەفتا و پێنج ساڵە خزمەتی بەردەوامی ئەدەبیات و زمان، ڕۆشنبیری، زمانی خوێندن و زانست و ئەکادیمی ئەکات[111]، بکرێتە بنچینەی زمانی نەتەوەیی و پێوەرێك بۆ زارەکانی تر لەو ئاوێتەکردنەدا، بێجگە لەوە هەزاران سەرچاوەی جۆراوجۆر مەیدانی زانستی پێدانراوە، لە کاتێکدا ئەمە لە زارەکانی تردا بەم شێوە بەردەوام و بەم ڕادەیە نابینرێت.

(١١١) د. ڕەفیق شوانی، هۆی پەیدابوونی زار و سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی گۆڤاری زانکۆی دهۆك، ژمارە (٢)، بەرگی ٦.

# ئەنجامی باس

١- زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە رووی بەکارهێنانەوە دوو جۆری وەك زمانی قسەکردن و زمانی نووسینی هەیە.

٢- بار و هۆی ئایینی و ئابووری، رۆشنبیری، سیاسی دەوریان لە پێکهاتنی زمانی نەتەوەیی (زمانی رەسمی، زمانی دەوڵەتی، زمانی نووسین) بۆ نەتەوەکانی وەکو: عەرەب، فەرەنسایی، ئینگلیز، ئیسپانی، ئەڵەمانی، ...هتد، بینیوە.

٣- لەبەردەم نەتەوەی کورد و زمانەکەیدا، تاکە هۆیەك مابێتەوە بۆ دروست بوون و پەیدابوونی زمانی نەتەوەیی کوردی، تا ئەم بارودۆخەی ئێستا باری رۆشنبیری و سیاسییە، رۆژگار ئەمە روون ئەکاتەوە.

٤- لە سەرەتاوە ئاین و ئایینی زەردەشتی هەنگاوی ناوە بۆ پەیدابوونی زمانی نەتەوەیی، بەڵام بە نەمانی ئایینەکە کپ بۆتەوە.

٥- نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی کوردی و نەبوونی قەوارەی سیاسی سەربەخۆی کوردی کۆسپێکی گەورە و سەرەکی بووە بۆ نەبوونی زمانی نەتەوەیی کوردی.

٦- زارە سەرەکی و دیالێکتەکانی کوردی وەکو: لوڕی، هەورامی، کرمانجی سەروو، کوردی ناوەڕاست لە کۆنەوە بەتایبەتی دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپڕاتۆرییەتی ئیسلام وەکو دەوڵەت هەریەکەیان لە سەردەمێکدا بوونەتە زمانی ئەدەبی و کرمانجی ناوەڕاست بێجگە لە ئەدەبیات بۆتە زمانی رۆشنبیری و خوێندن و زانست و ئەکادیمیەت.

٧- زارێك کە لە ناوچەیەك بێت و لە رووی شارستانییەتەوە، پێشکەوتووتر بێت لەناوچەی زارەکانی تر و زمانی رۆشنبیری بووبێت ئەوا بەرەو ئەوە ئەچێت ببێتە



زمانی نەتەوەیی، ئەمەش ئەزموونی گەلانی تر نیشانی داوە لە مێژووی دروستبوونی زمانی نەتەوەییدا.

٨- مەڵبەندی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبردن یارمەتیدەری زاری مەڵبەندەکەیە لەگەڵ هۆی رۆشنبیری و شارستانێتی بۆ پەیدابوونی زمانی نەتەوەیی.

٩- حاڵاتی هاوبەش و لە یەکچووی زمان و رێزمانی کوردی لە زارەکاندا بکرێتە بنچینە و وەربگیرێت بۆ زمانی نەتەوەیی بۆ نموونە وەك نیشانە و دۆخە رێزمانییەکان.

١٠- دیاردەی جیاوازی رێزمانی لە ناو زارەکاندا بۆ زمانی نەتەوەیی بخرێنە لاوەو وەرنەگیرێت وەکو دۆخی نێر و مێ کە بەرەو نەمان بۆتەوە لە زمانی کوردیدا.

١١- یەکخستنی زاراوەکانی (مصطلح) زمانی کوردی لە هەموو رووەکانەوە.

١٢- سوود وەرگرتن لە وشە رەسەن و دەستوورییەکانی زارەکانی زمانی کوردی.

١٣- تێکنەدانی ئەو وشە و زاراوانەی کە لەمەوپێشەوە بەکارهاتوون و هیچ گرفتێکی بەکارهێنانیان نییە و وشەی رەسەنی کوردین و وشەی زمانی تر لە جیاتییان بەکار نایەت.

١٤- دانانی فەرهەنگی نەتەوەیی لە هەموو زارەکانی زمانی کوردییەوە.

١٥- زمانی نووسینی ئێستا کوردی (ستاندەر)؛ واتە کرمانجی ناوەڕاست بکرێتە بنچینەی زمانی نەتەوەیی، چونکە خزمەتێکی زۆر و بەردەوامی بە خۆیەوە بینیوە.

## کورد و زمانەکەی ئاریین نەك هیندوئەوروپی

زۆر کەس و خوێندەوار و رۆشنبیریش میللـەتی کـورد و زمانەکەیـشی بـە هەڵـە میللەتێکی هیند و ئەوروپایی و بە زمانێکی ئەوروپایی ناودەبەن، لەڕاسـتیدا ئەمـە بۆچوونێکی هەڵە و ناڕاست و نازانستییە. چـونکە هینـدی و ئـەوروپایی خۆیـان دوو کۆمەڵە میللەت و دوو خێزانە زمانی سەر بە رەگەزی یا بە میللەتانی ئاری دادەنرێن و خەڵکی ناوچەی ئاریانان و لە بنەڕەتدا ئاریا شوێنی میللەتانی ئێرانـی و هینـدی و ئەوروپایین. کەواتە لق سەر بە بنجە، نەك بنج سەر بە لق بێت.

بۆیە ئاریانا زاراوەیەکە ناوی نیشتمانی هەرسی کۆمەڵە میللەتی ئێرانی، هینـدی و ئەوروپایین، وردە وردە وشکە بۆ سووکبوونەوە لە زار و لە قسەکردندا بۆتە ئاریـان و لە بنەڕەتدا (ئاریا) بووە.

ئێستا دەپرسین نیـشتمان و وڵاتـی ئاریانـا لـە رووی جوگرافییـەوە لـە کـۆن و بنەڕەتدا کوێی گرتۆتەوە و بە کۆی دەوترێ، لە خوارەوە روونی دەکەینـەوە: ئاریانـا وڵات و شوێنی رەگەزی ئارینشینە و لە وشەی (ئاری)یەوە هاتووە و وەکو زاراوەیەك پێشوونانی گەلانی ئاری دەگرێتەوە وەکو هەرسێ کۆم میللـەتی ئێرانـی، هینـدی، ئەوروپایی ناوچەکە، واتە: ئەو شوێنە پێك دەهێنێ کە پێی دەوترێ (بـانی ئێـران) کە لە چـیای زاگـرۆس کـە لـە رۆژئـاواوە درێـژ دەبێتـەوە تـا رووبـاری سـند لـە رۆژهەڵاتەوە، ئەم ناوچەیە کاتی خۆی لـە نـاوی (ئاریانـا)وە ناسـراوە، کـە وشـەی ئێرانی ئێستا لێوەی پێکهاتووە.

میللەتی ئەم ناوچەیە کە هەرسێ میللەت و زمانەکە (ئـاری) پێکـدێنن کۆچـیان بەرەو ناوچەکانی تر کردووە و لە ئاسیا و ئەوروپا بڵاوبوونەتەوە.



هەندێك لەم میللەتانە کە ئەوروپایین بەسـەر رووبـاری دانۆبـدا بـەرەو ئـەوروپای رۆژهەڵات و رۆژئاوا بۆ ناوچەی نیمچە دورگەی بەڵکان (بـەلقان) پەڕیونەتـەوە و ئـەم لقە زمان و میللەتانەیان لێوە بۆتەوە وەك: (جەرمانی، لاتینـی، بـەڵتیکی، کـەڵتی، سلۆڤاکی...هتد).

بەشی دووەمی لە ناوچەی ئاریانەوە بەرەو باشـووری رۆژهـەڵات پەڕیونەتـەوە تـا گەیشتوونەتە سنووری هیند و لە ناوچـەی (سـند و پنجـاب) سـەقامگیر و جێنـشین بوونەو میللەت و زمانی هیند و ئارین: بەشی سێیەمییان بـەرەو ئاسـیای بـچووك و چیای زاگرۆس چوونە و لە ئێران و کوردستان بڵاوبوونەتەوە. ئەمانە میـدەکان بوونـە، کە لە چیای زاگرۆس جێنشین بوونە و پێشینەی ئەم کۆچ کردووانەن و لەگەڵ میللـەتی گۆتییەکان تێکەڵ بوون و پێشوونانی کـوردی ئێـستا پێکـدەهێنن، ئەمانـەی تـر لـە باکوور و باشووری ئێـران نیـشتەجێبوونە و پێیـان دەوتـرێ میللـەتانی ئێرانـی، بـە میللەتی پارت و فارسەوە بە هەموویان دەوترێ میللەتی ئێرانی کـە: کـورد، فـارس، بەلوجی، ئەفغانی، پاکستانی، تاجیکی، سوغدی، ئەسـیتینی،...هتـد، دەگرێتـەوە. ئەمانە هەموویان زمانیان کەلتووریان لە یەکتر نزیکە و وشە و تایبەتێتی زمانـەوانی هاوبەش لە نێواندا هەیە.

لێرەدا زۆر بە ئاسـانی دەردەکـەوێت کـە کـورد و زمانەکـەی میللـەتێکی ئـاری رەگەزن و سەر بـە کۆمـەڵی میللـەتی ئێرانـی و خێزانـە زمـانی ئێـرانین و هینـد و ئەوروپایی نین. چونکە (هیندی، ئەوروپایی، ئێرانی) هـەموویان سـەر بـە میللـەتانی ناوچەی (ئاریانا)ن و لە زاراوەی ئاریاییـەوە، کـە بـانی رۆژئـاوای ئێـران دەگرێتـەوە پەیدابوون و پاشان بەرەو شوێنی ئێستایان بڵاوبوونەتەوە و زۆربوون و وشەی هاوبەشی فەرهەنگییان لە نێواندا هەیە، بۆ نموونە با سەیری وشەی ناوی ژمـارە بکـەین: یـەك، ئێك، وا، دوو، دڤی، دڤۆ، دڤو، توو...هتد، مانگ، مون، ئەستێرە، سـتارە، سـتار، ئەدرێس، یاوك، پـدر، فـازەر، دایـك، مـادەر...هتـد، ئەگـەر بگـەڕێیت دەتوانیـت

فەرهەنگێك لە وشەی هاوبەش کۆبکەیتەوە لە وشەی ئەم زامانانە. بۆیە زمانی کوردی و میللەتی کورد زمان و میللەتێکی ئارین نەك هیند و ئەوروپایی.

زمانی کوردی لە ناو میللەتانی ئاری و ئێراندا لە رووی جیاوازی رێزمانییەوە بەم شێوە پێناسە دەکرێت: زمانێکی ئێرانی نوێ، باکووری رۆژئاواییە، چونکە میللەتی کورد لە کاتی کۆچکردنیاندا لە ئاریانەوە بەرەو کوردستان و ئێران بۆ لای باکوور و رۆئاوای وڵاتەکە رۆیشتوون و فارسەکانیش بۆ لای باشووری رۆژئاوای ئێران چوونە.

کورد و فارس لە وڵاتی جێنشینی خۆیان بە بەراوردی گەلانی هیندی و ئەوروپایی نەك زۆر دوور نەکەوتوونەتەوە، بەڵکو لە ئاریانەوە بڵاوبوونەتەوە و لەو دوو شوێنەی کوردستان و ئێران سەقامگیر بوونە، هەرچی گەلانی هیندی و ئەوروپاییە لە ئاریانەوە دوورکەوتوونەتەوە بەرەو هیندوستان و ئەوروپا رۆیشتوون.

لێرەدا پێویستە بڵێین بە هۆی پێشکەوتنی میللەتانی ئەوروپاییەوە ئەوان زاراوەی ئەوروپایی و هیندییان (هیند و ئەوروپایی)یان بەلای خۆیاندا راکێشاوەو کورد و گەلانی تری ئێرانیان بۆ لای خۆیان راکێشاوە و کوردیان داوەتە دەم خۆیانەوە و وەکو لقێك لەوان تێیدەڕوانن و لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری، زمانەوانی، مێژووییان لەسەر کردووە و بە هۆی وشەی هاوبەشی نێوانیانەوە بۆ یەکەمجار و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەراووردییەوە بۆیان دەرکەوتووە کە زمانی کوردی لە لقی هیند و ئەوروپاییە.

راستیکەی زمانی کوردی زمانێکی رەگەز ئاری لە خێزانی زمانانی ئێرانییە و لەگەڵ خێزانە زمانی هیندی و ئەوروپایی کۆمەڵەی زمانە ئارییەکان پێکدەهێنن.

لە خوارەوە بە هێکاری ئەم راستییە رووندەکەینەوە:



## خێزانی زمانە ئاری

| خێزانی زمانی ئێرانی | خێزانی زمانی هیندی | خێزانی زمانی ئەوروپایی |
|---|---|---|
| کوردی کۆن (ئاڤێستا) | هیندی رۆژئاوایی | جەرمانی (...) |
| پارس (فارس) | هیندی کۆن (سانسکریتی) | لاتینی (...) |
| پەهلەوی | باراکراتی | سلۆڤاکی (...) |
| (بەلوجی) | | |
| پەشتویی | راجاسانی | کەڵتی (...) |
| ئەفغانی | بەنگالی | یۆنانی (...) |
| پاکستانی | بەهاراتی | |
| سوغدی | ئۆردو | |
| ئەسیتینی | | |
| تاجیکی | | |

بیروبۆچوونێکی تر هەیە دەڵێ هەرچەند زمانی کوردی لە رووی رەگەزەوە بە زمانێکی ئاری دادەنرێت و بەڵام زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە ماددەکان قسەیان پێکردووە، کە لە نێوان ساڵانی ٧٧٠پ-ز تا ٥٥٠ پ-ز خاوەن دەوڵەت بوونە دەوری دووسەد و پەنجا ساڵ پێش فارسەکان دەسەڵاتیان هەبووە.

ئەم دابەشکردنە لەسەر بنەڕەتی رەگەز و هاوبەشی ئەم میللەتانەیە، هەندێ لایەنی تریش وەك داب و نەریت و کەلتووری میللی.

بێجگە لەوەش بە شێوەیەکی تر ئەو دابەشکردنە وەڵامێکە بۆ ئەوانەی ناو و ناتۆرەیان دەخستە پاڵ زمانی کوردی و بە لقێك یا بە زارێکی (لهجە) زمانی فارسییان دادەنا. لێرەدا بە شێوەیەکی زانستی ئەوە دەسەلمێنێ کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و پاشکۆی هیچ زمانێکی تری ناو خێزان زمان و کۆمەڵە زمانەکەی و هیچ زمانێکی تری ئەم جیهانە نییە. بەپێچەوانەوە بڵاوبوونەوەی کوردو فارس یەکەمیان بۆ

لای باکووری رۆژئاوای ئێران و دووەمیان، کە فارسەکانە بۆ لای باشووری رۆژئاوای ئێران تەواو سەربەخۆیی زمانی کوردی وەکو وەڵامێکی زانستی دەپارێزێت و ئەوەش دەگەیەنێت، کە زمانەکە خاوەن گەشە و گۆڕان و سەربەخۆیی خۆیەتی.

لە ئەنجامی مێژووی دوور و درێژیدا زمانی کوردی کەوتۆتە بەر گۆڕانی کۆمەڵەکەی، لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵێ کوردەواریدا گۆڕاوە و کەوتۆتە بەر لێشاوی گۆڕانکاری شوێنی زایندەی خۆی، کە نیشتمان و کۆمەڵی کوردەواری هەزاران ساڵەیە. گومانیش ناکرێت کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە لە ناو کۆمەڵەوە سەری هەڵداوە، کۆمەڵێش لە ئاستێکدا ناوەستێت دەکەوێتە بەر لرفە و لێشاوی گۆڕانکاری سەردەمە جیاجیاکانەوە، هەروەك دەزانرێ کۆمەڵ و پێویستەکانی دەگۆڕێت  فراوان دەبێت و لە زیادی دەبێت و لە هەڵکشان و داکشاندایە. ئەم دیاردەی گۆڕان و پەرەسەندنە لە ناو زمانیشدا سەرهەڵئەدات وشە و زاراوانەوە و دەربڕینی نوێی رۆژگار و پێویستەکانی سەردەم دەهێنێتە ناوەوە، وشەی نوێ سەرهەڵئەدات، وردە وردە وشەی کۆنی ناپێویست کەنار دەبێت و بەلاوە دەنرێ و پاش ماوەیەك لە بەکارنەهێنانی لەلای نەوەی سەردەم و تازە لەبیردەچێت و دەچێتە پاڵ وشە مردووەکانی زمانەوە، ئەگەریش تۆمار نەکرێ لەبیردەچێتەوە. ئا ئەم حاڵەتە سەربەخۆیی زمانی کوردی و هەر زمانێکی تر لەوە دەپارێزێت کە پاشکۆی زمانێکی تر یا لقێکی تر بێت.

بۆیە لێرەدا بە شێوەیەکی زانستی و لە رووی جیاوازی رێزمانییەوە زمانی کوردی زمانێکی باکووری رۆژئاوای ئێرانی نوێیە و فارسیش زمانێکی باشووری رۆژئاوای ئێرانی نوێیە، لێرەدا رەگەز کار ناکاتە سەر دابەشکردنی زمان، چونکە جیاوازی رێزمانی لە ناو هەمان خێزانە زماندا زمانەکان و سەربەخۆییان لە یەکتر جیا دەکاتەوە، بێجگە لەوەی ئەگەر گومان نەمێنێ لەوەی کە ئەڤێستا (ئاڤێستا-لە بنەڕەتدا ئەڤێستایە نەك ئاڤێستا) شێوە زمانێکی کۆنی کوردییە ئەوان کۆنترین دەقی نووسراوی زمانی کوردی دوای زمانی سانسکریتی (ئایینێکی کۆنی هیندییە بە زمانی سانسکریتی کە کۆنترین زمانی وڵاتی هیندوستانە نووسراوەتەوە) بە زمانی کوردی نووسراوەتەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حەوت هەشت سەدەی پێش زایین، سانسکریتیش شازدە سەدە پێش زایینە.



لە کۆتاییدا با خۆمان لە پاشکۆی هیچ میللەت و وڵات و داب و نەریت و کەلتووری ئەم و ئەو نەزانین و بواریش نەدەین خەڵکی بمانکات بە پاشکۆی خۆی و یا بە پاشکۆی ئەم و ئەو بە پێچەوانەوە دەبێ بە بەڵگەی زانستی و مێژووییەوە بۆچوونی چەوتی ئاوا بەرپەرچ بدەینەوە، کە بۆچوونی نازانستی دەربارەی زمانەکەمان دەردەبڕین. ئێمە میللەتێکین کۆن و رەسەنین، رەسەنایەتی و کۆنیمان دەگەڕێتەوە بۆ کۆنی و بوونی چیا سەربەرز و سەرکەشەکانی کوردستان کە شوێنی دەوڵەتی ماد و خاوەن کۆنترین ئایینی خاوەن باوەڕی مرۆڤایەتین لە جیهان و لە ناوچەکەدا، خەڵکی خواوەندی لە قوڕ دروستکراو بێ زمان و بت پەرست بوون و ئێستا خاوەن چەندین دەوڵەت و ئێمەش تا ئێستا شارستانییەتمان، ئایینی کۆنمان، داب و نەریت و کەلەپووری کۆنمان، نووسراوی دێرینمان، تۆز و خۆڵ و غوباری هەزاران ساڵەی کراوەتە سەر و کراوەتە هی ئەم و ئەو، تا قسە و قسەلۆکی بۆ دروستکراوە، لەبەرچاوی خۆمان کە خاوەندین، بە مامۆستایی لێمانیان بێزاندووە، هەزاران ناو و ناتۆرەی بە دەستی خۆمانی دەخەینە پاڵ.

ئێستاش کاتی هاتووە، نووسەران، رۆشنبیران بە نووسینی چاو بە بەڵگەی زانستی و مێژوویی وەڵامی ئەو دەنگە ناڕەوا لە مێژینانە بدەینەوە، کە هەزاران ساڵە بەخۆڕایی بۆ بەرژەوەندی خۆیان سووکمان دەکەن و سووك کراوین و رابردووی دێرین و رووناك و پاکمان پێپەستی دوژمنانە.

کوردینە با دەست لە ناو دەست و دڵ لە ناو دڵ و لەیەك گیان و جەستەی کوردەواریدا بەرگری لە رابردووی خۆمان بکەین و رابردووی بێزراو زیندوو بکەینەوە، بەرپەرچی هەموو راوبۆچوونێکی خراپ و نازانستی بدەینەوە رابردووی دێرینمان ببووژێنینەوە، سڵ نەکەینەوە لە کەس و نەترسین لە هی هێزێك و قەڵەمی نووسینی کاری زانستی هەڵبگرین و مێژوومان بچەسپێنین و نەوەی نوێمان پەروەردە بکەین و ئاگاداریان بکەینەوە، کە ئێمە هەین و خاوەن وڵاتێکی پان و بەرینین، کە راکشاوەتە سەر ئەم زەمینە فراوانە، میللەتێکی خاوەن زمانێکی ئاوا رەسەنین، کۆنترین ئایینی پێ نووسراوەتەوە، کە دروشمەکەی لە پشتێنێکی کوردی سێ گرێی نوێنراوە و تا ئێستا لەسەر جلی کوردەوە پشتی پێ دەبەستین و دروشمەکەش بریتییە لە: بیری چاك، قسەی چاك، کردەوەی چاك.

## لێکۆڵینەوە رەخنەییەکانم دەربارەی

## کتێبی (رستەسازی و شیتەڵکاری زانستی) د. شێرکۆ بابان

لەگەڵ رێزم بۆ د. شێرکۆ بابان و هەوڵەکانی لە بواری زماندا، بە پێویستی دەزانم کە تیشکێك بخەمە سەر ئەو کتێبەی کە لە ژێر ناوی (ڕستەسازی و شیتەڵکاری زانستی)دا بلاّویکردۆتەوە. دیارە د. شێرکۆ کۆمەڵێك کتێب و وتارێکی زۆری لەو بوارەدا بلاّوکردۆتەوە و جێگای خۆیەتی قسە و باسی زانستییان لەسەر بکرێ، کە بە داخەوە زمانەوان و رەخنەگران لە بلاّوکردنەوەی وتار و کتێبە رێزمانییەکان، بەپێی پێویست نەهاتوونەتە مەیدان. د. شێرکۆ بابان، لەو کتێبەی کە نیازمانە بە چاوێکی رەخنەی زانستییانە لە کتێبەکەی وردبینەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی هەڵە زمانەوانییەکان نەخزێتە نێو زمانی کوردی و سنوورێك بۆ هەڵەی نازانستی دابنرێت. جارێ هەر لە سەرەتاوە، حەز دەکەم لە ناونیشانی کتێبەکەوە دەست پێ بکەم .

زاراوەی "ڕستەسازی" خۆی بابەتێکی شیتەڵکاری دەگرێتەوە کە بە واتای رێکخستنی وشەکانی زمان دێت لە ناو رستەدا، واتە بەرانبەر بە "ڕێکخستن" ی رستە دێت، بۆیە وشە و زاراوەی "شیتەڵکاری" زیادەیە و هەڵەیەکی زمانەوانی و بابەتی گرتۆتە خۆی. وشەی زانستی دیسان زیادە، چونکە رستەسازی خۆی زانستە، بەرانبەر (النحو-ی عەرەبی و (سینتاکس)ی ئینگلیزی) بەکاردێ، پاشان ناکرێ لەسەر بەرگی کتێبەکە بنووسرێت (وانەکانی رستەسازی دکتۆرای زمانی کوردی، کۆرسی یەکەم١٩٩٥-١٩٩٦)، چونکە لە خوێندنی بالاّدا ناوەڕۆکی بابەت بە تەواوی دیاری ناکرێت، بێجگە لەوەی کە ئەوە بۆ خوێندنی دکتۆراشە، راستە لە



خوێندنی بەکالۆریۆسدا لەسەر بڕیاری لیژنەی زانستی بەش و کۆلێج بەرهەمی نایاب و باش دەکرێتە پڕۆگرامی خوێندن، بەلاّم کە دیاریت کرد، ئەمە بۆ خوێندنی بالاّی ماستەر و دکتۆرا نەشیاو و نارێکە، دەبێ رەزامەندی بۆ بابەتەکەش وەرگیرا بێت، ئەمجاش دەبوایە لەسەری بنووسێت، ئەم بابەتە لە خوێندنی بالاّ دکتۆرای زمان وتراوەتەوە، نەك بە شێوەکەی خۆی، چونکە بەرنامەی خوێندنی بالاّ گۆڕانی بەسەردا دێت و کۆرسەکان وەکو یەك ناوترێتەوە.

لە لاپەڕە (أ)ی کتێبەکەیدا دەڵێت: ((...لە کۆتایی ساڵانی هەشتادا کێشەکە دابینکرا و هەموو سەرە دەزووەکان دۆزرانەوە)) ئەم دەربرینە نازانستییە، چونکە بڕیاری تەواوەتی (مطلق) لە کاری زمانەوانی و زانستەکاندا نییە بە تایبەتی لە زماندا کە زۆر ئاڵۆزە، بۆیە دەبێ بەشی داهاتووش لە لێکۆڵینەوەی کەسانی دی نەخورێت، چونکە ئەو دەڵێت: (هەموو سەرە دەزووەکان دۆزرانەوە) راستە بۆ خۆت، بەلاّم نابێ بڵێی (هەموو)، چونکە زانست لە برەو و پێشکەوتن دایە.

لە پێشەکی کتێبەکەیدا هەڵەیەکی زەق و دیاری کردووە، لە زمانی کوردیدا نییە وەکو دەڵێ: ((بۆ پێویستی لێکۆڵینەوە لە سەرەتادا بە زاری "گەرمیان" دەست پێکرا پاشان گەیەنراوە بە زاری (کوێستان))). لە زمانی کوردیدا زاری گەرمیان هەیە هەرچەندە دەبوایە بڵێی لە ناوچەی فلاّن و فلاّن بەکاردێت، چونکە لە سنووری گەرمیان چەند زارێکی وەکو: شوانی، کاکەیی، شێخانی، زەنگەنە، خانەقینیی فەیلی، لەکی، کەڵوڕی[1] هەن، بۆیە دەبوایە لە پێشەکیدا دیاری بکات کە مەبەستی لە کێیە، لە پاشاندا زاراوەی زاری "کوێستان" کارێکی هەڵەیە و لە زمانی کوردیدا نییە، ئەگەر مەبەست لە زاری زمانە ئەدەبییەکە بێت دیسان هەڵەکە خەستتر دەبێتەوە، چونکە لە سنووری زمانی ئەدەبیی کوردیدا زاری دیکەی وەکو: موکری، سۆرانی، ئەردەلانی و سلێمانی هەن، بێجگە لەوەی زاری سلێمانی بۆتە زمانی ئەدەبی و ستاندارد و دیسانیش بە زاری کوێستانی ناو نابرێت. هەرچی سەرچاوەی زمانی کوردی هەیە زاری ((کوێستانی)) تێدا نییە.

پاشان هەر لە لاپەڕە (أ)دا دەڵێت ((ئێمە ویستوومانە کە زمانەکە وەك سیستەمێك سەیر بکەین تا بتوانین نارێکی و ناتەبایی لە رێزمانەکەدا کەم بکەینەوە)).

بۆچوونەکانی دکتۆر هەموو بڕیاری تەواو((مطلق))ی نییە، بوار بۆ لێکۆڵینەوەی دی ناهێڵن، کە ئەوەش ناگونجێت، بێجگە لەوەی زمان خۆی سیستەمە بە سەیرکردنی من و تۆ نابێتە سیستەم، پاشان نارێکی و ناتەبایی لە رێزماندا نییە ئەوە من و تۆین کاری هەڵە دەکەین لە کارەکانماندا نارێکی روودەدات، چونکە رێزمان سیستەمی زمانەکەیە و هەیە، لێکوڵەرانیش ئەیدۆزنەوە و رێگای لێکۆڵینەوەش بەردەوامە، هەڵەی من و تۆ رێگا بۆ هاتنەکایەی بۆچوونی راستی تر خۆش دەکات.

دیسان رێزمان خۆی پڕۆگرامە نەك تۆ بڵێی ((ئەوە لە بیردا بوو، کە رێزمانەکە وەربگێڕین بۆ ((ڕێزمان بە پڕۆگرام))[٢].

هەروەها دەڵێ: ((جۆرە رێزمانی ئاوها دەبێت بتوانێت رستەی زمانەکە بە کۆمپیوتەر رۆبنێت و پاشان بتوانێت رستە وەربچەرخێنێت بە هەموو رێچکە رێزمانییەکاندا))[٣]، رێزمان نابێت زۆری لێبکرێ کە بە کۆمپیوتەر رۆبنرێت، رێزمان لێکۆڵەر بەگەڕی دەخات با بە کۆمپیوتەریش بێت، نەك خۆی، پاشان ئەی ئەگەر لەو جۆرانە نەبوو کە ئەم کارە بکات، دەبێ بە بۆچوونی کاك شێرکۆ رێزمان نەبێت. پاشان مەبەست لە رێچکە رێزمانییەکان کامانەن؟ دەبێت روون بکرێنەوە بەکام رێبازی شیکردنەوە، چ بە شێوەی چاولێکەری رێزمانی کۆن چ بە رێبازی نوێیش، هەریەکەی قوتابخانەیەکن و دەبێ روونیان بکەینەوە، کە کامیانە.

پاشان دێمە سەر زمانی نووسینی کاك شێرکۆ: بە راستی زمانەکەی لە شێوازی نووسەرێك دەچێت کە چیرۆکنووس و رۆماننووس بێت، زۆر کەس لە هەندێ زاراوەی داتاشراوی ناگەن، بۆ نموونە چەند وشە و دەستەواژەیەکی لە چەند شوێنێکی کتێبەکەی دەخەینەڕوو، بزانین ئەمە زمانی رێزمانە یا شتی ترە، لە هەمان لاپەڕە واتە (أ) دا دەڵێت: ((هەر لە بەر ئەوە دەستمان داگرتووە لە ئاستی رەنگە سواوەکان



و رەگەزە ئاودیوکراوەکان بە تایبەتی لە ئاستی (جێناوی ئامرازی پەیوەندی)دا بە واتایەکی دی ئێمە ویستوومانە کەوا کەڵك لە گۆشتەکە و گۆشاوەکەشدا هەبێت))

ئایا دەستەواژەی ( (ڕەنگە سواوەکان و رەگەزە ئاودیوکراوەکان)) دەبێ چی بێت لە زمانی رێزماندا ئەمانە زاراوە و وشەیەکن هیچ مانایەکی رێزمانیان نییە. پاشان رەنگ ناسوێت، بەڵکو دەچێتەوە، ئەوە بورغی و شتی ماتەرییە (ماددی) دەسوێن نەك رەنگ، ئایە رەگەزی رێزمانی کە مەبەست لە کەرەسەکانی (Element) رێزمان و زمانن، ئاودیو دەکرێن؟

لە لاپەڕە (ب) ((روخساری کردار))ی بەکارهێناوە ئەمەشیان بۆ زمانی رێزمانی نابێت، بەڵکو بۆ شتی ماتەری و ئارایشت کردنە، ئێمە لە کوردیدا ((شێوە))مان هەیە وەکو لە رێزماندا ((شێوەگۆڕی، پۆلگۆڕی)) هەیە، کە کەرەسەیەکی زمان لە بەکارهێناندا شێوەی دەگۆڕێت. هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت ((رێزمانی رستە (رستەسازی) ئەمە نەشیاوە، چونکە رێزمان خۆی رستەیە یا هەر (رستەسازی) یە دکتۆر شێرکۆ بابان لە هەموو نووسینەکانیدا دەڵێ ((لەم نووسینەدا، لەئەوە، بە ئەم پێیە، لە ئەو بوارەدا، لەئەم رووەوە: لەئەو خشتانە، لەئەم کتێبەدا، لەئەو چاووگانەی، بەئەو چەشنە، بەئەم پێیە، لەئەم هەڵومەرجەدا، . ...هتد.

دەبێ بڵێ: لەم نووسینەدا، لەم رووەوە، لەو خشتانە، لەم کتێبەدا، لەو چاووگانەی، بەو چەشنە، بەم پێیە، لەم هەڵومەرجەدا. ..، چونکە ئەم دیاردەیە دەستوورێکی دەنگسازییە، دوو بزوێن ناچنە تەك یەکترەوە بەتایبەتی لە سەرەتای وشەوە، ئەگەریش رووبدات ئەوا نیمچە بزوێنی (و، ی) دەچێتە نێوانیانەوە .

با سەیری نارێکی زاراوە و دەربڕینی دی بکەین: پەرچولکە: ل١، بیر بگوشین: ل٢، بیردۆزەیەك: ل٣، پەنامان برد بۆ کۆمپیوتەر: ل٢، هەموو ئەم بۆچوونە هاوچەرخانە: ل٢، شامەبەست، بیژۆکەکان، وەرچەرخاندنی: ل٣، رێزمانێکی زانستی، ئێمە یەکەم رستەی زمانەکەمان بە مەکینە دروست کردووە، مەکینەش وەری دەچەرخێنێت، لەلایەکی دیکەوە دەتوانین بڵێین کەوا مرۆڤ هەر لە بوونییەوە تا ئەمڕۆ

ئامێری مۆسیقا لێ دەدات کەچی نەیتوانیوە رستەیەکی بەکەڵك بدرکێنێت پێی، لێکدانەوە و دۆزینەوە و دەرخستنی هەموو میکانیزمە بنەڕەتییەکان و هەموو بنج و بنچینە زانستییەکان، ل٤، ئەم جۆرە وشە و زاراوە و دەربڕینانە لە زۆربەی کتێبەکەیدا دووبارەبوونەتەوە، راستی بۆچوون ئەمەیە:

پەرچولکە: راستر وایە بوترێت (پارچە)، چونکە دووەمیان زمانی رێزمانە و یەکەمیان زمانی قسەکردنە، بیرگوشین: پێویست ناکات بەکارهێنانی لە جیاتی ئەوە بڵێ بۆچوونمان وایە، یا بەم جۆرە دەری دەبڕین... هتد، بیردۆزێك باشترە نەك بیردۆزەیەك، پەنامان برد بۆ کۆمپیوتەر، راستی دەربرین ئەوەیە بڵێی: شیکردنەوەکەمان، یا لێکۆڵینەوەکەمان خستە سەر کۆمپیوتەر، چونکە پەنابردن بۆ مرۆڤە نەك شتی ماتەری (ماددی) بێجگە لەوەش کۆمپیوتەر بێ مرۆڤ کار ناکات و پەنابردن بۆ لێقەومانە نەك شتی زانستی.

هەموو ئەم بۆچوونە هاوچەرخانە: دروستتر وایە ئەم بۆچوونانەم، چۆن دەیسەڵمێنی بۆچوونەکانت هاوچەرخن؟

بۆیە دوای هەڵسەنگاندنی ئەوانەی سەرەوە: تەنها هەندێك نموونە لە شوێنی جیاجیای کتێبەکە دەخەمەڕوو، پاشان دێمە سەر لایەنی رێزمانەکەی کە جێی مەبەستی هەڵسەنگاندنەکەمە.

نموونەکان چ لە رووی نازمانی رێزمانی و چ لە رووی بڕیاری تەواو و وشەی ناڕێکەوەیە، با خوێنەر سەر پشك بێت و هەڵسەنگاندنی وەکو ئەوانەی پێشەوە بن کە روونمان کردەوە چۆنن، نموونەکان:

بڕوانە ئەم وشە و دەربڕینانە: بیرۆچکە لە جیاتی بیر تێپەڕێنراو، کۆلکە رەسەنەکانی خۆی، ل٦.بقڤە بوون: ل٧، پۆلێن کردن (پۆلکردن) ڤایرۆس، لە زمانی گوفتاردا: ل٩، پۆلێنکردنی جوان جوان: ل١١، پاشکۆیەکی پوختە و پاراو: ل١٢، داژەندن، لە کۆتای ئەو سەردێڕانەی داهاتوودا ل١٦، جاوراوەتەوە: ل٢٣، رستەی نیاز و گومان زۆر بێ نازن، لا کوڵان، ل٢٤، رستەی دووەم پاشکەوتوو، رستەی دووەم مچۆرکی (نیاز) هەڵدەگرێت: ل٢٧.



لە لاپەڕە (٣١) باسی (بکەری رەسەن) دەکات ئەمە هەڵەیەکی زمانی رێزمان و زانستی رێزمانە ئەو دوو جۆرە بکەرەی نووسەر هەردووکیان بکەرن ئیتر رەسەنی و نارەسەنی لەچی؟ ئێمە بە زمانی کۆمەڵ باسی مێژوو، زیندەوەرزانی، مێژووی زمان نادوێین، بەڵکۆ بە زمان ئەدوێین.

وشەی (بەراویتە: ل٣٢ ئەم وشەیە زمانی رێزمانە؟ زاراوەی (بارگە: ل٣٣)، زاراوەیەکی فیزیاوییە نەك رێزمانی، لە لاپەڕە (٣٥) وشەی (ئەلبومی جێناو)ی بەکارهێناوە، باشتر وایە وشەی (خشتە، نەخشە) یا هەر وشەیەکی دیکەی لەم مەیدانەدا بەکاربێنی، چونکە ئەلبوم بۆ وێنەیە، یا ئەلبومی بیریش دەوترێ، ئەلبومی یادگارەکان...

وشەی تێپەڕ تێپەڕە دەبێ تێپەڕێنراو چی بێت؟

وشەی (پیادە) بۆ رێزمان نابێت دەبێ بوترێت بەکارهێنراوە: ل٣٦.

بۆ زمانی رێزمان لەجیاتی وشەی: سرك، هەلومەرج، دادەپۆشن، راستر وایە وشەی دی هەبێت وەکو: (جێگۆڕ، حاڵەتێکی تایبەتی، دەگرنەوە) بەکاربرێت.

لەم رووەوە نموونەی ئەم هەڵانە زۆرن و لە زۆربەی لاپەڕەکاندا وەك: (٣٨، ٣٩، ٤٢، ٤٤، ٤٨، ٤٩، ٥٢، ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٦٠، ٦١، ٦٤، ٧٠، ٧١) تا کۆتایی کتێبەکەی دووبارە بوونەتەوە و هەڵەی دەربڕینی زمانی هەن و پێویست بەدەستنیشانکردنیان ناکات، نموونەکانی ئەم لاپەڕانە ئەمانەن: رەفتار، جیباز، روخسار و رەفتار، چالاکیان مەبیوە، هەردوویان، رێزایەتی، زەمینەیەکی ئاسۆیی، جێپێی خۆمان، بەرز و جوان، شەش چینی، دەبزرکێت، ڤایرۆسێك، ئالۆسکاو، جوانترین ئەنجام، ئەم داژەندنە توانیمان کۆلکە خۆبەشەکان هەڵبیبەسینەوە، رەگەزی ورد، رەگەزی ناسك، چاو بجەڵەتێت، ناوچە، کۆلکە خۆبەشەکان، ناوچەی رابردوو.

د.شیرکۆ لە دەربڕینی دەستەواژەی ((بۆ رۆنانی رێزمانێکی زانستیانە و هاوچەرخ)) دەبوایە بیوتایە (رێزمانێکی نوێ) (لە لاپەڕە) (١) دا دەڵێت: سەبارەت بە وشەسازی تەنها لە رێزمانی کرداردا باسکراوە ئەویش لەبەرئەوەی

پەیوەندی بە رستەسازییەوە. ئەم بۆچوونە تا رادەیەك راستە، بەڵام دەبوایە بڵێت لەبەرئەوەی کردار بابەتێکی دوو لایەنە، پێکهاتنەکەی وشەسازییە و بەکارهێنانیشی لە رستەدا رستەسازییە .

لە بەشی دووەمی رێزمانەکەیدا لە لاپەڕە (١٥) دا، پرسیار دەکات و دەڵێ: لە کوێوە دەست بکەین بە زمان؟ لە وەلاٚمدا دەڵێت لە رستەوە، بەلاٚم ئەوەی لە بیر دەچێ کە دەتوانرێ لە دەنگەوەش، لێرەدا رێزمانی کۆن - چاولێکەری (traditional) لە بچووکترین کەرەسەی زمانەوە دەست دەکات بە شیکردنەوەی زمان و قوتابخانە و رێبازی شیکردنەوەی نوێی - زمان لە گەورەترین کەرەسەوە دەستپێدەکات کە رستەیە، ئەمەش بەپێی قوتابخانە یا رێزمانی بناغەگری (البنویة — structuralism)، دەبوایە ئەمەی روون کردایەتەوە کە بەپێی پەیوەندی هەرەمی لە رستەوە بۆ دەنگ رێزمانی زمانەکەیە.

**پاش ئەمە دێتە پرسیاری تر ئەی لە کوێوە دەست بکەین بە رێزمانی کردار؟ دەڵێت لە رەگەوە ئەمە راستە، بەڵام دەبوایە بڵێت لە رەگی چاووگەوە، دوای ئەوە د. شێرکۆ بابان کەوتۆتە هەلەیەکی دیکەش، رەگ بە هۆی بنجەوە هەڵدەوەشینێتەوە، بێ ئەوەی بزانێت (رەگ و بنج) لە رووی واتاوە لە یەکترەوە نزیکن یا بێ ئەوەی پەی بردبێت بە واتای (بنج)کە گەورەترە لە رەگ، چونکە لە زمانی کوردیدا گیاوگۆل یا رووەکی خەلە کە گەورە دەبێت و رەگ دادەکوتێ، دەڵێن بنجی کردووە بنج لە سەرەوەی رەگە و شێوەو قەبارەی تۆپەڵێکە، پاشان دەبوایە د. شێرکۆ لە جیاتی ئەم دوو زاراوەیە (رەگ)ی بۆ (root)[٢] بەکاربهێنایە و (قەد) یش کە بەرانبەر (stem)ی زمانی ئینگلیزییە، نەك دوو وشە و زاراوەی وێکچوو بەکاربێنێ، چونکە قەد (stem) بریتییە لە رابردووی نزیکی زمانی کوردی و رەگیش بۆ پێکهێنانی فرمانی رانەبردوو، بڵێین و نەڵێین واتای وشە و زاراوەش دەوری خۆی هەیە لە زمان و رێزمان و زانستدا، ئەمجا بەچی پێوانەیەك نووسەری بەڕێز بڵێ (بنج) بچووکترە لە رەگ.**



لە هەمان لاپەڕەدا بەلایەوە یاسای دۆزینەوەی رەگی چاووگ بریتییە لە هاوکێشەکەی دکتۆر نەسرین فەخری و دکتۆر کوردستان موکریانی، بەڵام ئەم بەلایەوە بە شێوەیەکی وردتر دایڕشتووە بۆ چاووگی بنجی بەم شێوەیە:

چاووگی بنجی - نیشانەی چاووگ = بنجی چاووگ یاساکەی د. شێرکۆ، هەردوو یاساکەی سەرەوە بۆ دۆزینەوەی رەگی چاووگ هەڵەن، چونکە ناوێزەیان تێدەکەوێت یا وەکو دکتۆر شێرکۆ دەڵێ بۆ بنجی چاووگ، چونکە زۆر چاووگی دیکەمان هەیە وەکو: خواردن، نووستن، ژماردن، بردن، شووشتن، خستن، کردن، ... هتد.

بەپێی هەردوو یاساکەی سەرەوە وەرگرتنی رەگ یا بنج هەڵەی تێدەکەوێ بۆ نموونە:

چاووگ - نیشانەی چاووگ = رەگی بنج تەواو دەرناچێت خواردن - دن =خوار راستییەکەی (خۆ)یە هەروەها نووستن (نوو، ژمێر، بە) رەگی ئەو چاووگانەیە. راستە بۆ هەندێك چاووگ دەگونجێت، بەلاٚم دەبوایە سوودی لە وتاری (رەگ و نیشانەی کات)ی دکتۆر وریا وەربگرتایە[٦]، کە ئەم مەسەلەیەی ساغ کردۆتەوە.

دوای ئەمە وشەی ((نووسران))، ((سووتێنران)) (بڕوانە: ل،١٧) بە چاووگی داناوە، راستییەکەی هەردووکیان فرمانی بکەری نادیارن بۆ دەمی رابردوو رانەبردوو لە حاڵەتی کۆدان، ناکرێت چاووگ بن، چونکە ئەمانە بەندن بە کەس و بەکاتەوە وەکو: ئەوان نووسران ئەوان سووتێنران، چاووگ ئەم دوو حاڵەتەی (کات+کەس)ی تێدا نییە[٧]. نووسەر هەر لە دوای ئەم پەرەگرافەوە، فرمانی (رۆیشتبووم، رۆیشتبا، رۆیشتبووم، ناردبێت) بڕوانە (ل:١٧) راستییەکەی رەگی (رۆیشتبا) بریتییە لە (بوو) نەك (با)، لە زمانی ئەدەبیشمان دەڵێت (بریا ئەو رۆیشتبوایە) نەك (رۆیشتبا) ئەمە لە زاری موکریاندا هەیە. پاشان چۆن دەکرێ مامۆستا شێرکۆ (وو) بە رەگی رابردووی فرمانی (رۆیشتووم) دابنێت، کە ئەمە نیشانەی ناوی بکەری و ناوی بەرکارییە وەکو: هاتوو، کەوتوو، نووستوو[٨] نەك رەگی رابردووە، راستییەکەی (من رۆیشتوومە) بۆ رابردووی تەواو، هەروەها ((بێت)) رەگی (ناردبێتت) نییە، بەڵکو بریتییە لەم کەرەسانە: فرمانی رابردووی مەرجی تەواو (نارد+ ب (رەگی بوون) + راناوی لکاوی

کەسی دووەمی تاك (ێت) + راناوی لکاوی کومەڵەی یەکەم بۆ هەیی (ت) کە بەم شێوەیە بۆ کەسەکانی گەردان دەکرێت:

من ناردبێتم      ئێمە ناردبێتمان

تۆ ناردبێتت      ئێوە ناردبێتتان

ئەو ناردبێتی      ئەوان ناردبێتیان

لێرەدا روونە، کە ((بێت)) رەگی رابردوو نییە، بەڵکو دوو کەرەسەیە تێکەڵبوون (ب+ ێت) رەگی فرمان + راناوی لکاو.

دیسان یاسای چاووگی بنجی لە لاپەڕە (١٨) دا بە شێوەیەکی گشتی بۆ چاووگەکانی بنجیی زمانی کوردی دەگێڕێتەوە، ئەمەش بۆ خۆی هەڵەیە، چونکە یاساکەی: ((چاووگی بنجی = بنج + (نیشانەی رابردوو) + ن)) هەڵەیە ئەمە بۆ هەموو چاووگەکان نابێت، لەسەرەوە هێمامان بۆ کردووە.

لە لاپەڕە (١٩)دا ((نووسران، سووتێنران)) کە لە دۆخی بکەر نادیاری کۆدان بۆ رابردوو چاووگ نین .

د. شێرکۆ لە لاپەڕە (٢٠) دا دەڵێت ((بەرد)) پێشکاری فرمانی ((بەردم هەڵگرت)) بەرد وەکو خۆی دەڵێت بەرکارە نەك پێشکار هەرچەندە پێشکار لە ڕێزمانی فرمانا نییە ئەوەی هەیە پێشگرە کە پارچەی بی واتان و مۆرفیمی واتاداری ڕێزمانی نین، نەك وشەیەکی تەواوی واتادار ببێتە پێشگر ئەمە داهێنانی هەڵەی مامۆستا شێرکۆیە.

لە هەمان لاپەڕەدا ((لێ)) بە پێشکار داناوە کەچی روخسارێکی دیکەی ئامرازی پەیوەندییە، راستییەکەی شێوەی ((لێ)) هەم بە پێشگر و هەم شێوەی دووەمی ئامرازی پەیوەندی ((ل))یە ناکرێ بڕیاری تەنها یەکێکیانی بدرێت.



نووسەری بەڕێز لە لاپەڕە (٢١)ا لە بابەتی چاووگی داڕێژراودا ((سەر، فڕێ، رەوان)) بە هاوەڵی پێشگری ((هەڵ)) داناوە لە نموونەکانی وەك: ((سەرکەوتن، بەرکەوتن، فڕێدان، رەوانکردن)) ئەم کەرەسانە (سەر، فڕی، رەوان) وشەی واتادارن نەك پێشگربن داڕێژراویان دروست کردبێت، بەڵکو چاووگی لێکدراون.

لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ ((هەندێك چاووگی دی هەیە بە بکەر درێژدەبنەوە، وەك: ناوك کەوتن، دڵ شکان)) راستییەکەی ئەمانە چاووگی رووداننِ (مطاوعة)، چونکە بە (بەرکار) درێژبوونەتەوە نەك بە بکەر لەبەر ئەوەی (ناوك، دڵ) خۆیان ناشکێن، بەڵکو هۆیەك هەیە بۆ شکاندن و کەوتنیان و روودانیان وەکو فرمان دوورن لە دەسەڵاتی مرۆڤ [٩]، بەرکاریش ئیشی بەسەردا دێت نەك ئێش بکات.

لە خاڵی (٩)ی لاپەڕە (٢٢)دا راستە دەڵێ پاشگری (ەوە) بۆ دووپاتکردنەوە واتا گۆڕین، واتا بەخشین بەکاردێت .بەلاّم بێ ئەوەی هیچ روونکردنەوەیەکی لەگەڵدا بێت کە پێویست بوو بیکات، نموونەمان بۆ ئەمە دەڵێن:

هاتەوە- - - - -> دووبارەکردنەوە

بردمەوە - - - - -> واتا گۆڕین

خولایەوە - - - - -> واتا بەخشین (چونکە بی پاشگرەکە واتای نییە).

لەهەمان لاپەڕەدا د. شێرکۆ ((مەبەستی رستە))ی کردۆتە دوو بەش وەك: رستەی بێ مەبەستدار، راستییەکەی هیچ رستە و ئاخاوتنێك نییە بێ مەبەست بێت لە زماندا گەر مەبەستی تیا نەبێت ئاخاوتن و رستە بەکارنایەن. ئەمە بێجگە لەوەی، دەبوایە رستە لە رووی بەکارهێنانی ئامرازەوە بەم جۆرەی سەرەوەیدا، ئەویش نەك بۆ رستەی لە رووی بەکارهێنانی ئامرازەوە دوو جۆرن: ١- رستەی بێ ئامراز وەك من هاتم، من خواردم، من نامەم نووسی، چاوم ژان ئەکات، هەڵسە، سەرم دێشێت.. هتد
٢-رستەی ئامرازدار کە ئەمیش دوو جۆرە ( (رستەی نیازداری (نیاز و مەبەست)
٣- رستە بە هۆی ئامرازی بەستنەوە کە ئەمیش سێ جۆرە وەك:

ا- رستەی سادە بە هۆی ئامرازی پەیوەندییەوە.

ب- رستەی لێکدراو بە هۆی ئامرازی لێکدەرەوە.

ج- رستەی ئالۆز بە هۆی ئامرازی گەیەنەرەوە[10].

بەلاَم رستەی نیازداری بریتییە لە (١٢) جۆرە رستە کە بریتییە لە جۆری چوارەمی رستە لە رووی ناوەڕۆکەوە کە دەبێ لە جیاتی رستەی سەرسوڕمان و بانگ هێشتن دابنرێت، چونکە رستەی نیازداری تەنها ئەو دوو جۆرە نییە، بەڵکو بریتییە لە: ١- رستەی ئامرازی وەلاَم ٢- رستەی ئامرازی لێکچوون .٣- رستەی ئامرازی بێجگە، ٤- رستەی ئامرازی بانگکردن ٥- رستەی ئامرازی گومان ٦- رستەی ئامرازی خۆزگە . ٧-رستەی ئامرازی تەئکید . ٨- رستەی ئامرازی مەرج . ٩- رستەی ئامرازی ئاگاداری. ١٠- رستەی ئامرازی سەرزەنشتکردن.١١- رستەی ئامرازی نەری. ١٢- رستەی ئامرازی سەرسوڕمان [11].

هەرچی رستەی ئینشائییە کە لە لاپەڕە (٢٣)دا هێمای بۆ کردووە، ئەمە بۆ مەبەست نییە، بەڵکو رێژەی فرمانە (صیغة الفعل) هەروەها رستەی فەرمانیش هەم بۆ ریژەیە و هەمیش بۆ مەبەستە وەکو خۆی دەڵێت ..

لە لاپەڕە (٢٤)دا بۆ جۆری رستە لە رووی مەبەستەمەوە هێمای بۆ ((رستەی ئاشکرا، رستەی نیازداری، رستەی گوماننداری، رستەی فەرمان)) کردووە، ئەم بۆچوونە هەڵدەوەشێتەوە بەم جۆرانە بەپێی کەرەسە و واتای بەکارهێنانی رستەکان.

رستەی هەواڵی.

رستەی داخوازی (فرمان)

رستەی پرس.

٣- رستەی نیازداری (نیاز و مەبەست هەر وەکو گوتمان ((١٢)) جۆرن، رستەی گومان لە ناو جۆری رستەی لاپەڕە (٢٥) ئامرازی (با)ی جەختکردنی بە ئامرازی نیاز داناوە راستە، بەلاَم بۆ نیازداری چییە؟ بۆ نیازی جەختکردنە، رستەکەش ((ئەو رۆیشتبا)) نییە، راستییەکەی (ئەو رۆیشتبوایە) کە رێژەی رابردووی دووری ئینشائییەیا مەرجی پێدەڵێن. هەروەها ئامرازی نیازداری دوانزە جۆرن نەك تەنها



بریتییە لە (با، دەبا، نەبا، خۆزگە، بریا، رەنگە، لەوانەیە، ئەگەر، مەگەر، بڕوانە لاپەڕە: (٢٩،٢٨،٢٦،٢٥)) هەر دوانزەکەش بریتیین لە، چەند ئامرازێك، دکتۆر شێرکۆ لە لاپەڕە (٣٠) دەمەکانی رستەی کردۆتە سێ بەش و جۆری وەك:

١- رانەبردوو ٢- رابردوو ٣- فەرمان.

ئەمە بۆچوونێکی ناتەواوە، چونکە رستەی بێ کاتیش هەیە وەك: گوڵی جوان، عەرد خڕە، کورد مرۆڤە، .. هتد دەبوایە بیوتایە دەمەکانی فرمان سێ جۆرن بێجگە لەوەی ((فەرمان)) کات نییە، بەڵکو دۆخی فرمانە و کاتی فرمان بریتییە لە: ١- دەمی رابردوو ٢- دەمی رانەبردوو، ئێستا ٣- دەمی ئایندە.

هەر لەم بابەتەیدا دەڵێت: ((بابەتی بکەری لکاو بریتییە لە (م، یت، ێت، ین، ن، ن) بۆ کرداری تێنەپەڕ و، دەمکاتی رانەبردوو)) لێرەدا بۆ کەسی راناوی لکاو تەنها (ێت) نییە، بەڵکو شێوەی دیکەش هەیە وەکو (ات، ە) بە تایبەتی ئەگەر رەگی فرمانەکەیە (ە، و) کۆتایی بێت وەکو: دوکات، دەخوات، بۆ (ە) ش ئەگەر رستەکە ناوێی بێت وەکو: کوردستان جوانە، بەرد رەقە، زەوی خڕە [14] .

هەروەها راناوێکی دیکەش لەم کۆمەڵەیەدا بواردووە کە دەرناکەوێت، دەبوایە لە رێزیاندا بەم شێوەیە (o)دایبنایە. ئەگەرچی لە لاپەڕە (٣٢) دەڵێ: ((تەنها بۆ رابردووی کرداری تێنەپەڕ نەبێت کەوا بکەری لکاو نادیارە، ئەمەش ناوەڕۆکی ئەم راستییە بەراویتە ناکات))، بەلاَم دیسان دەبوایە بڵێت راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ رابردووی تێپەڕدا دەرناکەوێت، کە بریتییە لە مۆرفیمی سفر ٠ کە ئەویش نرخی خۆی هەیە ئەگەر چی بێ شێوەیە. لە هەموو سەیرتر د. شێرکۆ بابان وشەی (بەراویتە)ی بۆ ئاژەڵی مەڕ و بزن بەکارهێناوە کە کار و بەرخەکەی فڕێدات نەك ناوەڕۆکی رێزمان بەراویتە بێت.[15]

دەبوایە کاك شێرکۆ لە کۆمەڵەی یەکەمدا ئەوەی دیاری بکردایە کە کۆمەڵی راناوە لکاوەکان لەگەڵ هەموو بەشە ئاخاوتنە واتادارەکانی زمانی کوردی رستە دروست ئەکەن، تەنانەت لەگەڵ راناوی کەسی سەربەخۆ و نادیاریشدا، چونکە باسەکەی باسی رستەسازییە و فراوانە، وەك :

منم - - - - - ئێمەین

تۆیت - - - - - ئێوەین

ئەوە - - - - - ئەوانن

لەگەڵ راناوی خۆییدا:

خۆمم - - - - - خۆیین - - - - - خۆمانین

خۆتیت - - - - - خۆیین - - - - - خۆتانن

خۆیەتی - - - - - خۆیین - - - - - خۆیانن

لەگەڵ ژمارەدا :

یەکەم - - - - - یەکین

یەکیت - - - - - یەکن

یەکە - - - - - یەکن

بۆچوونێکی تریش فەرامۆش کردووە، کە کۆمەڵـەی دووەم (هـەیی(possessive– بێجگە لە فرمانی رابردووی تێپەڕ لەگەڵ ناو و ئاوەڵناودا (هەیی) دەگەیەنێت وەکو:

من گوڵم هێنا

تۆ گوڵت هێنا

ئەو گوڵی هێنا، ئەوەشی لە بیر کردووە کە فرمانی تێپەڕ دوو بەرکاریش، وەك:

من پارەکەم دا بە ئازاد

پارەکەم دایە ئازاد

خاڵێکی دی کە زۆر بەپەلە بەسەریدا تێپەڕیوە، ئـەویش ئەوەیـە، لـە کۆمەڵـەی دووەم دەبوایە بڵێ: ئەم کۆمەڵەیە بۆ فرمانی رابردووی تێنەپەڕ و رانەبردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ بەکاردێت، کەچی د. شێرکۆ دەڵێ: ( (بابەتی بکەری لکاو بریتییـە لـە — م، یت، ێت، ین، ن، ن — دەمکاتی رانەبردوو، یـان بریتییـە لـە --- م، ت، ی، مـان، تان، یان --- بۆ کرداری تێپەڕ و لە رابردوو)) بڕوانە: ل (٣١).

بێجگە لەمەش دەربڕینەکەی بۆ کۆمەڵەی یەکەم بە (یان) دەست پێکـردووە کـە دوو دڵە لە دەربڕینەکەدا، دەبوایە (یان) بەکارنەهێنێت، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی چەسپاوە.



لە لاپەڕە (٣٣)دا جەختی لەسەر ئەوە کـردووە، کـە (بـەرکاری رسـتە تـەنها لـە کرداری تێپەڕدا دەردەکەوێت، ئەویشیان بە روخساری نەلکاو یان بە روخـساری لکـاو ئەمە راستییەکە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا روون کراوەتەوە [١٦] چ بەوەی بـە شـێوەی سەربەخۆ یان بە لکـاو دەربکـەوێت، کـە د. شـێرکۆ ئـەم بۆچوونەشـی کردۆتـە نـاو کەوانەوە، بێجگە لەوەی دەڵێ: ((ئەگەر بەرکاری جودا لە رستەکەدا نەبێ، تـەنها بـۆ کەسی سێیەمی تاك لـە رابـردوودا بـەرکاری لکـاو دەبێـت بـە نادیـار. ((... ئەمـە بۆچوونێکی هەڵەیە دەرکەوتنی بەرکار لە حاڵەتی کەسی سێیەمدا ببێ بـە نادیـار، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ کەسەکانی دیکەدا، ئەوە نەبێت کەسی سێیەم لە حاڵـەتی نادیار (غائب) دایە و راناوەکەشی زۆر ئاشکرا دیارە، وەك:

خواردم - - - - - خواردمان

خواردت - - - - - خواردتان

خواردی - - - - - خواردیان

لێرەدا چ جیاوازییەك لە نێوان هەر شـەش رانـاوە لکاوەکـەدا هەیـە، ئایـا هـەر شەشیان پێکەوە وەکو یەك لەگـەڵ فرمانەکانیانـدا دەرنەکـەوتوون، ئەگـەریش وایـە، دەبوایە بێوتایە بۆ کەسی سێیەمی تاك و کۆ ئەی بۆچی لە کۆیەکەدا بێ دەنگە.

لە رستەی (من هەڵم دەگرت "ن") (ن) ی راناوی لکاوی کـۆی بـەکارهێناوە لـە کۆتاییەوە، ئەمەش هەڵەیە، مادام یاسا هەیە:

من هەڵیانم دەگرت

ئەمە کەرکوکی گەرمیانییە نەك زاری زمانی نووسین، یاسـاکەش ئەوەیـە رانـاوی لکاوی بەرکاری ئەگەر بەرکارەکە بە راسـتەوخۆیی لـە رسـتەدا دەرنەکـەوێت رانـاوە لکاوەکەی دەکەوێتە پێش راناوی لکاوی بکەرەوە، بڕوانە:

دەیگرت

دەتگرت

دەیانم گرت

ئەمە بێجگە لەوەی ئەم یاسایە لە حاڵەتی گۆڕینی دەمی فرمان لە رابردووەوە بۆ رانەبردوو یان بە پێچەوانەوە شوێنی راناوی لکاوی بکەر و، بەرکارێکە، پاش و پێش دەکەوێت ئەمەش لە حاڵەتی فرمانی سادەوە بۆ دارێژراو و لێکدراو شوێنیان دەگۆڕێ، بڕوانە:

گرتم - - - - - گرتمت: دەمگرت - - - - - دەتمگرت

ڕابردوو:

هەڵمگرت - - - - - هەڵمتگرت:

دەگرم - - - - - دەتگرم

دەیگرێت - - - - - دەیگرم

لە رابردوودا راناوی لکاوی بکەری پێش دەکەوێ، لە رانەبردوودا راناوی لکاوی بەرکاری پێش دەکەوێ ئەگەریش پێکەوە هەردووکیان دەرکەون، لە رابردوودا بەم شێوەیە:

فرمان + راناوی لکاوی بەرکاری + راناوی بکەری

لە رانەبردوودا:

نیشانەی کات + راناوی لکاوی بەرکاری + رەگی فرمان + راناوی لکاوی بکەری.

دەبوایە لە بابەتی (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) لە (ل: ٣٣، ٣٤)دا هێمای بۆ ئەوە بکردایە کە هۆی وەرگرتنی دوو بەرکار لە رستەدا ئەوەیە کە فرمانی تێپەری وەك: (دا، تێگرت ، بەخشی، ...هتد) دوو بەرکار وەردەگرن و یەکێکیان دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، چونکە دوو بەرکاری راستەوخۆ پێکەوە، لە رستەدا نایەن .

لە لاپەڕە (٣٥) دا راناوە لکاوەکان بەپێی ئەو شوێنانەی کە دەلکێن پێیانەوە دوو بەشن وەك: بە کردارەوە و دووەمیان ئەو جێناوانەی کە دەلکێن بە شتی ترەوە، بێجگە لەوەی جۆری یەکەمیان بەلایەوە دەلکێن بە کرداری تێنەپەڕەوە وەك تێنەپەڕی بنجی و تێنەپەڕی بکەری نادیار، بێ ئەوەی ئەوە روون بکاتەوە کە جۆری یەکەمیان دەلکێت بە فرمانی رابردووی تێنەپەڕ و رانەبردووی تێنەپەڕ و تێپەڕەوە، هەروەها جیاوازی ئەوەشی نەکردووە کە تێنەپەڕی بنجی و تێنەپەڕی بکەری نادیار گوایە دوو حاڵەتی، راستییەکەی



یەك کۆمەڵە راناوی لکاو وەردەگرن، هەر چەندە بە رێزی ئەوەی وتووە، بەلاّم تێنەپەڕی بنجی و بکەر نادیار هەریەك جۆرە فرمانن لە رووی گەردانکردنەوە .

پاشان لە ناو راناوەکانی و لە ناو نەخشەکانیشدا راناوی (٥)ی کەسی سێیەمی تاك بەدی ناکرێت، گوایە ئەمە نیشانەی کاتی ئێستایە، باشە چی لەم نموونانە دەکەیت .

من کوردم

تۆ کوردیت

ئەو کوردە

من کوردم، تۆ کوردیت، ئەو کوردە، ناکرێت بە هیچ شێوەیەك بڵێی ئەمە بۆشە و لە ژێرییەوە کاتی ئێستا (١٨) هەیە، کاکە شێرکۆ گیان راناوی کەسی سێیەمی تاك لە کۆمەڵەی دووەمدا ناوێزەیە لە هەموو زارەکانی زمانی کوردیدا هەیە و بەدی دەکرێت، بەم شێوەیە:

لە زاری سلێمانی و کەرکوك یا لە زمانی ئەدەبی بریتییە لە: (ێت \ات، ە) وەك: دەچێت \ دەنووسێت، دەکات، دەخوات، کوردم، کوردە .

لە زاری کوردی باشووریدا، شوانی کێشك: ئەو چوك \ ئەو دنویسیك یا ئەو هاتە، کەواتە بریتییە لە:

ل \ یك، ە .

لە لوریدا: بریتییە لە (س)، وەك: ئەو مامۆستاس [١٩].

لە کرمانجی \ بۆتانیدا بریتییە لە (ە)، وەك: دکە، دبە، دچە.

لە بادیناندا بریتییە لە: ئەو دچت \ دنڤیست (ت) لە زمانی نووسینیشدا: هات لەگەڵ تێنەپەڕیشدا (ێت) لێرەدا دەرکەوت (ە) راناوی لکاوە، بەلاّم ناوێزەیە و لە شوێنی خۆیدا دەرکەوتووە کە کەسی سێیەمە و شێوەکانی ئەوانەن: (ێت، ات \ ە، ك، وك، س، ت) هیچ کەرەسەیەکیش لە ژێریدا خۆی حەشار نەداوە تەنها دۆخی کەسی سێیەمی تاك نەبێت، کە کراوەتە فرمانی ئێستا و هەڵەیە، چونکە جێناوە نادیارەکە بە هۆی ئامرازی پەیوەندییەوە جێگیرکراوە نەك نادیارە راستییەکەی بریتییە لە:

من نامەکەم بە ئەودا نارد (پێدا) بۆ کەسی سێیەمە لە بنەڕەتدا بریتییە لە:

من نامەکەم بە ئەودا نارد - - - - من نامەکەم بەودا نارد - - - - من نامەکەم پێدا نارد - - - - من نامەکەم پێیا نارد.

لە لاپەڕە (٤٣) ئامرازی (ە) بەشل و شاو دادەنێت ئیتر چۆن دەتوانێت ئیش و ئەرکی دی ببینێ وەکو دەڵێیت، بەلاّم راستییەکەی ئامرازی پەیوەندی (بۆ) لە فرمانە گوێزانەوەکاندا (أفعال أنتقالیە) دەکرێ بەپێی یاسای جێگری رێزمانی گوێزانەوە (تحویل (Trans formational بگۆڕێت یا جێگیر بکرێت بە ئامرازی (ە) وەك نموونەکەی خۆی:

دەچم بۆ دەرەوە - - - - - - دەچمە دەرەوە

هەروەها ئەم یاسایە لە زانستی زماندا (علم اللغە (Lingustic – بە یاسای چوونە ناو یەك – تێکەڵکێش التداخل (over lap) ناودەبرێت ئەوەیە ئامرازێك بە هەموو شوێن و واتا و مەبەستەوە لە شوێنی ئامرازی تر بەکارهاتووە یان دێت[٢٠].

دەبوایە لە خشتەی ژمارە (١) ی لاپەڕە (٤٥) دا راناوی کەسی سێیەمی فرمانی رابردوو لە دۆخی بکەریدا، هەروەها لە خشتەی (٢) دا بە نیشانەی سفر دەرنەکەوتن نیشان بدایە. بێجگە لەوەی راناوی لکاوی کەسی سێیەمی رابردووی تێپەڕ بریتییە لە (ی) کە د. شێرکۆ نیشانی نەداوە لە خشتەکەدا، پاشان حاڵەتی بەرکاری فەرمان، راناوی لکاوی (م، - ەی، مان، -، -) نیشان داوە، راستییەکەی دوو حاڵەتی کەسییە دووەمی تاك و کۆی هەیە .

لە لاپەڕە (٤٧) خشتەی (٦,٥) دا شێوەی لکاو و نەلکاوی ئامرازی (بە، لە) نیشان داوە کە (لێ – دا، لێ، لێ – ەوە، تێ، تێ – دا، تێ – ەوە) یە، راستییەکەی ئەمە ناکرێت مامەڵەی لکاو و نەلکاو یان لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەمە گۆڕانی دۆخە و بەپێی یاسای رێزمانی گوێزانەوە شێوەیان دەگۆڕێت هەرچی لکاو و نەلکاون بابەتی دیکەن، ئەم حاڵەتانەی (لە – دا / ەوە / وە – بە – دابە – ەوە / وە) ئەمانەی حالاّتی رێزمانی جۆراوجۆرن وەك: (کاتی، بەرکاری ئاوەڵفرمانی، چۆنیەتی ....هتد) کە لە زمانی ئینگلیزی و رێزماندا بریتییە لە (Ablative ,Ablecatc



... هتد) ئەمانە پاشکۆی ئامرازی پەیوەندین نەك شێوەی جیاوازی ئامرازی (لە، بە) واتە . (Post position) لە (ل: ١٩) دا فرمانی رابردووی بەردەوام بەلایەوە راستییەکە کە بە هۆی (دە)ی بەردەوامییەوە درێژ دەبێتەوە، هەر چەندە درێژبوونەوەی فرمان بۆچوونێکی هەڵەیە تێگەی (مفهوم) (درێژ)ی لێرەدا شێوەگۆڕی دەگرێتەوە کە د. شێرکۆ، مەبەستی لە کاتەکەیەتی، ئەمە هەڵەیە بێجگە لەوەی دەیان نووسەر ئەوەیان راگەیاندووە کە (دە) نیشانەی بەردەوامییە هەموو ئەو جۆرە بۆچوونانە لە (ل: ٤٩-٥٠) دا باسی درێژی فرمانی بە هۆی پێشگری (هەڵ، نە، دە، ناو) دەکات نا زانستییە، دەبوایە ئەم بابەتە ناوی (شێوە گۆڕی) فرمانی بە هۆی ئەو کەرەسانەوە لێ بنێت کە رواڵەتی فرمان دەگۆڕن، نەك باسی درێژ و درێژتری دەکات.

د. شێرکۆ لە (ل: ٥٩) دا لە باسی درێژکردنەوەی روخساری فرماندا وەك (نامەکە بۆ ئەو هەڵ مەگرە) دەبوایە باسی ئەوەی بکردایە ئەگەر فرمان داڕێژراو یا لێکدراو بێت بەپێی یاسای بە ئارەزوو (Optional) دەتوانرێ نیشانەی زمانی داخوازییەکەی کە (ب)ە لابدرێت، چونکە باسی شێوە گۆڕی و درێژ و کورتیی روخساری فرمان دەکات.

لە (ل: ٦٠) رستەیەکی هەڵەی لە رووی دەربڕینەوە هێناوەتەوە کە رستەی: (بەرم لە ئاوەکە بەرنەدەدا) راستییەکەی (بەرم لە ئاوەکە گرتبوو) لە (ل: ٦٣) دا (سووت) ی بە رەگ داناوە راستییەکەی (سووتێ)یە وەك دەسووتێم (دە + سووتێ + م).

پاشان ئەو نموونانەی دیکەی بەلایەوە درێژبوونەوەن راستییەکەی ئەمانە دۆخی جیاوازی فرمانن وەکو: رانەبردووی تێنەپەڕ، رانەبڕدووی تێپەڕ، رانەبردووی بکەر نادیار، رابردووی دووری بکەر نادیار، بێجگە لەوەی نموونەکەی (سووتێنرابووبا) هەڵەیە راستییەکەی یا (سووتێنرابوو) یا (بسووتێنرایە) ، چونکە رابردووی دووری ئیلزامی هەیە و لە چۆنیەتی دروستبوونی فرماندا پێکەوە تەنها دوو قەدی فرمان (Steam) کۆ دەبنەوە نەك سێ وەك: (سووتابوو، سووتێنرابوو، سووتابم، گەیشتم.....هتد).

له (ل: ٦٥)دا ئەوەی لەبیرچووە کە لە دەنگە سروشتییەکانیشەوە بە هۆی نیشانەی (اندن)ەوە فرمان دروست دەبێت، بێجگە لەوەی هەڵەیە بە نیشانەی چاووگەکان وەك (ا، ت، د، وو، ین) بوترێت پیت، چونکە پیت لە ئاستی دەنگسازی و رێنووسدایە لە فۆنۆلۆجیدا حیسابی لەگەڵ دەکرێت، ئەمانە مۆرفیمن بۆ نیشانەی کات و لە ئاستی وشەسازیدان و بەگەردان کردنیان بۆ حاڵەتی جیاواز دەچنە خانەی رستەسازییەوە.

له (ل: ٧٣)دا بەلایەوە خانەی (ێن) لە هەموو دەمکاتەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە تەنها لەو فرمانانەدا هەیە کە ئەلفین (چاووگی ئەلفین) و لە گۆڕینی بۆ دەمی رانەبردوو دەگۆڕێت بە (ێ) وەك (سووتاند - - - - > دەسووتێنێ یان لە فرمانی تێنەپەڕ کە لە دەنگە سروشتییەکانەوە وەرگیرابن و کرابن بە رانەبردوو وەك: قیژە + اندن = قیژاندن (بە نەمانی (ە)، چونکە بێ هێزترە لە (ا)ی درێژ و لە گۆڕانیدا بۆ رانەبردوو دەبێتە:

دەقیژێنم، دەزیرێنم .... هتد

با سەیری ئەم دەربڕینە بکەین (بنج بەهێزترین خانەی نەمرە لە کرداردا) نەمر هەرگیز بۆ زمانی رێزمانی بە کارنایەت، بەڵکو بۆ مرۆڤە، هەر کەسێك زمانی رێزمانی نەزانێت ناتوانێت زمان بە تەواوی لێکبداتەوە، یان دەڵێ (رەگەکە کرژ دەبێتەوە) کرژ بۆ رەگی رێزمان نابێت، بەڵکو بۆ رەگی رووەك و بۆ مرۆڤ بە کاردێت، بێجگە لەوەی دەڵێت (یاساکە جێگای زگماکی خۆی بۆ چۆڵ دەکاتەوە) ، دیسان (زگماك) بۆ مرۆڤ و بۆ ئاژەڵ و گیانلەبەر بەکاردێت نەك بۆ یاسای رێزمانی، یەکێك لە توانای زمان زانین ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت وشەکان لە شوێنی خۆیدا بەکاربێنێ و تەنانەت لە زماندا وشە هاوتاکانیش شوێنی جیاوازی بەکارهێنانی خۆیان جیاوازە لە یەکتر.

لەلاپەڕە (٨٥) ئامرازی پەیوەندی بە پێشکار دادەنێت، پێشکار دەبێت راستەوخۆ بچێتە سەر فرمان نەك بە ناڕاستەوخۆیی، واتە ئامرازی پەیوەندی یەکسەر ناچێتە پێش فرمانەوە.



لەلاپەڕە (١٠٨) پاشگری بۆ دووبارەکردنەوە و گۆڕینی واتای فرمان داناوە، ئەمە راستە، بەڵام ناوی شوێنیش دەکاتە ئاوەڵفرمانی شوێنی وەك: (سەرەوخوار، بان ... هتد - - - -> سەرەوە، خوارەوە، بانەوە ... هتد .

لە لاپەڕە (١٠٨، ١٠٩) دا (با، ب، بێت) بەسێ روخساری خانەی مەبەست داناوە، من دەپرسم: ئایا ئەمە بۆ چ مەبەستێك بەکاردێن؟ دەبێت روون بکرێنەوە، چونکە مەبەستی جۆراو جۆر هەن لە زماندا ئەگەریش مەبەست لە.

رێژەی فرمان بێت دیسان دەبێت ئەو سێ رێژەیەی کە ئەم سێ شێوە هەڵدەگرن روونبکرێنەوە و دیاری بکرێن کەچی رێژەیەکن.

لە هەمان لاپەڕەدا (بوو، و) بە بارگەی خانەی دووری فرمان داناوە راستییەکەی تەنها (بوو) بۆ ئەو مەبەستەیە نەك پاشگر یا نیشانەی (و) کە بۆ نیشانەی ناوی بەرکاری و ناوی بکەری بەکاردێت وەك:

هاتوو، سووتاو

لە لاپەڕە (١٠٩)دا (ر) بە نیشانەی بکەر نادیار بۆ رانەبردوو و رابردوو داناوە، بۆ چوونی زانستی ئەوەیە نیشانەی (ر) تەنها بۆ نادیارییە ناکرێت بڵێین بۆ کاتی رابردوو و رانەبردوو، چونکە هەردوو نیشانەی (ا، ی) مەبەست کات دیاری دەکەن و هەمان هەڵەیە لەلاپەڕە (٧٤)ی ئەم کتێبەیدا کردووە.

هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا کە باسی خانەی (نە)ی نەرێ دەکات پێوایە لەگەڵ خانەی بەردەوامیدا دەتوانێت روخساری (نا) و روخساری (مە) وەربگرێت)) ئەم حاڵەتە لەگەڵ فرمانی رانەبردوو و داخوازیدا بەکاردێت نەك بەردەوامی، چونکە کاتەکانی فرمانی کوردی بریتییە لە رابردوو، رانەبردوو، ئایندە و رابردووی بەردەوامیش بە (دە) و رانەبردووش هەمان شێوەیە لەگەڵ نیشانەی (نەرێدا) ئەم حاڵەتە ناکرێت.

هەروەها د. شێرکۆ دەڵێت جێناوی لکاو لە چاووگدا نییە (بڕوانە ل١٧٢) راستییەکەی جێناوی لکاو دەچێتە سەر هەموو بەشەکانی ئاخاوتن، ئەگەریش چاووگ بەشە ئاخاوتنیش نەبێت جێناوی لکاو دەچێتە سەری وەك:

هاتنم --- هاتنمان

هاتنت --- هاتنتان ----- له كاتی خۆیدایه

هاتنی --- هاتنیان

که چاووگ خانەی (ین، ر) تێدا نییه له كاتێكدا ئەو دوو كەرەسەیە دەچنە ناو رەگەكەیەوە (سەر رەگ) كه گەردان بكرێت و كەرەسەی دیكەی وەكو فرمان یا بكەر نادیاری لێوە وەربگرین ( (بڕوانە بۆچوونی دكتۆر شێركۆ ل١١٣) تا ل ١١٧، بۆ چوونەكانی دەربارەی بگۆڕی و نەگۆڕی چاووگ له پەیدابوونیدا هەڵەن، چونكه ئەو روخسارانە هی فرمانن.

له (ل:١١٦)دا دەڵێت ((هەموو ئەو چاووگانەی (ین) هەڵدەگرن، بە تەنها تێپەڕن)) چاووگی تێنەپەڕیش ئەوانەی كه له ناوی دەنگە سروشتییەكانەوە دەبنە تێنەپەڕ (ین) هەڵدەگرن وەك:

قیژە+اندن=قیژاندن به تێچوونی دەنگی (ە)، چونكه بێ هێزترە له دەنگی بزوێنی (ا)ی درێژ كە دەگرێتە فرمان بۆ تێنەپەڕ دەبێتە: قیژاندم، بۆ رانەبردوو(ین) هەڵدەگرێت وەك: دەقیژێنم.

له خاڵی (٨) دەڵێت له چاووگە تێنەپەرەكاندا كه بكەر دەچێتە جێی بەركار وەك: ناوك كەوتنی، دڵ سووتان، خۆر دەركەوتن، پێ هەڵكەوتن... ئەمە بۆچوونێكە تەواو روونی نەكردۆتەوە، چونكه ئەم جۆرە چاووگانە دوو جۆرن: ١-چاووگی تێنەپەڕی رووداو (مصادر المطاوعة) كه وشەكانی تەكیانەوە بكەرنین، چونكه هێزێكی سروشتین و رووداونیان دوورە له دەسەڵاتی مرۆڤەوە بۆیە وشەكان بەركارن وەك:

ناوك كەوتن ناوە بكەرەكەی: ناوك كەوتوو

دڵ سووتان ناوە بكەرەكەی: دڵ سووتاو

پێ هەڵكەوتن ---- پی هەڵكەوتوو ئەمانە وشەكانی بەركارن نەك بكەر، واتە ئیشیان بەسەردا هاتووە نەك ئیشیان كردبێت، جۆری دووەمیان:

چاووگی گوێزانەوە (مصادر إنتقالية) ئەوانەی بكەرەكانیان دەكەونە تەكیانەوە لە وەرگرتنی ناوی بكەریدا دەبنە: خۆركەوتوو حاڵەتیان دەگۆڕێت بۆ ناوی بەركاری



چونكه ناوەكەی تەكیانەوە بكەرن، بەركاریش بن ناوەكەی تەك چاووگەكە دەبێتە بكەر ئەمە له كاتی وەرگرتنی ناوی بكەری و بەركاریدا دەردەكەون وەك:

خۆركەوتوو ناوی بەركارییە

دڵ سووتاو ناوی بكەرییە [٢٢]

دیسان له خاڵی (٩)ی (ل:١١٦)دا (ر)ی بەكەرەسەی چاووگ داناوە هەڵەی دووبارە و چەند بارەیەتی. بێجگە لەوەی له هەمان خاڵ و لاپەڕەدا: مانگ گیران، ماف خوران) چاووگ نین و چەند جارێك ئەم هەڵەیەی كردووە و لەمەوبەرەوە راستمان كردۆتەوە .

ئەمانە له بنەڕەتدا بریتین له چاووگی (مانگ گرتن، ماف خوران) ئەوانەی دكتۆر شێركۆ حالەت و دۆخی بكەر نادیارین له حاڵەتی كۆدان.

له دوا خاڵدا (خ١١، ل١١٧)دا (خواردن، نەخواردن، خواردنەوە، نەخواردنەوە) هەر چواریان لەلایەن د. شێركۆوە به چاووگی بنجی دانراون، كە ئەمە ناكرێت و نابێت چونكه ئەوەی دواییان (خواردنەوە، نەخواردنەوە) دارێژراون نەك بنجی، جارێك بەڵكو دوو جار بوونەتە داڕێژراو بەم شێوەیە:

خواردنەوە (خواردن +ەوە)

نەخواردنەوە (نە +خواردن +ەوە) داڕێژراون

بەم شێوەیە یاساكانی زۆر بەیان كه بریتین له (١٦) یاساو خاڵ هەڵدەوەشێنەوە و ناكرێت ببنە دەستووری رێزمانی كوردی و پەلەیان تێدا كراوە.

باسەكەی دكتۆر شێركۆ له لاپەڕە (١١٧)ەوە تاكو (١٢٩) باسی وشەسازییە نەك رستەسازی شیتەڵكاری وەكو خۆی دەڵێت، كه ئەمە تێكەڵكردنی دوو ئاستی جیاوازی گرتۆتەوە، وەك جیاوازی نەكردنی له نێوان فرمان و چاووگدا، له نێوان وشەی بنجی و نابنجیدا تەنانەت له نەخشەكانی (ل١٢٨،١٢٧،١٢٦) هەڵەكانی له وێنەدا دووبارە كردۆتەوە. له ل (١٣٢) دەڵێت رستە بێ جێناوی لكاو دروست نابێت.

# پەراوێز

١) د. رفیق شوانی، دابەشکردنی نوێی زارەکانی زمانی کوردی، هێشتا بلاونەکراوەتەوە .

٢) د. شێرکۆ بابان، رستەسازی و شیتەڵکاری زانستی، هەولێر، ١٩٩٦، ل: (أ).

٣) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٤) فەرهەنگی زاراوەکانی زمانناسی نوێ، عەرەبی — ئینگلیزی و ئینگلیزی — عەرەبی، لبنان، ١٩٨٣، ل: (٨٠).

٥) هەمان سەرچاوە، ل: (٨٦).

٦) وریا عومەر ئەمین، کات و ڕەگی فرمان: ڕۆژی کوردستان، ژ(٥٦)، ١٩٨٤.

٧) زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی سێیەمی ناوەندی، چاپی ١١، ١٩٩٨، ل: ٤٢.

٨) د. رفیق محەمەد محێدین، چاووگ و فرمان کامیان سەرچاوە و بنەڕەتن، لە بەرگی (٢٧ و ٢٨)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری، دەستەی کوردی وەرگیراوە، بەغدا، ١٩٩٨، ل: (٤٤-٧٠).

٩) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦، ل: (١٠).

١٠) د. رفیق محەمەد شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلێجی ئیبن روشد، ١٩٩٧، تایبەتە بە سێ جۆرە ئامراز.

١١) د. رفیق شوانی چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠١، ل: (١٧٦).

١٢) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

١٣) هەمان سەرچاوە، ل: (١٨٠-١٩٥).

١٤) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بیروڕای مەسعود محەمەد، دەربارەی رستەی ناوی.



١٥) ئەم هەولانە بەرنامەکەی د. عەلی جواد **طاهر** دێنێتەوە یاد کە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکردن لە زمانی عەرەبی بوو لە ئێستگەی بەغدا بلاودەکرایەوە، بە ناونیشانی (قل ولا تقل).

١٦) وریا عمر ئەمین، ڕێزمانی ڕاناو، بەغدا، ١٩٨٦، ل: (١١-١٢).

١٧) هەمان سەرچاوە، ل: (٢٤).

١٨) د. شێرکۆ بابان، گۆڤاری ڕامان، ژ (٢٠)، ل: (١٧٢-١٧٥).

١٩) مەسعود محەمەد، هەندێك لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٥، ل: (٤٦).

٢٠) سەرچاوەی ژمارە (٤)، بڕوانە، زاراوەی یاسای تێکهەڵکێش / چوونە ناویەك، ل: (٦٤).

٢١) سەرچاوەی ژمارە (١١)، ل: (١٣٢).

٢٢) رفیق محەمەد شوانی، ئەو وشانەی لە چاووگەوە وەردەگیرێن، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨، ل: (١١٥-١١٦).

٢٣) بڕوانە، سەرچاوەی ژمارە (٨).

# کوردناسی و دەوری لە ناساندنی کورددا

کوردناسی لە سەرەتاوە لە ئەوروپا و بەفراوانی لە روسیای قەیسەری و پاشان لە سەردەمی سۆڤیەتیشدا گەشەی سەند و پەیمانگای تایبەتی بۆ رۆژهەڵاتناسی کرایەوە و دەست کرا بە لێکۆڵینەوە لەسەر کورد و لە ولاتانی تریشەوە لە ئەوروپا وەك ئیتالیا[1]، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا[2] رۆژهەڵاتناسەکان چ لە ئەوروپاوە بە هۆی یارمەتی کوردەوە یا بە زۆری روویان کردۆتە کوردستان و لە سەر زمان و ئەدەب و ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کورد لێکۆڵینەوەیان کردووە  بە ناوی (کوردۆلۆجی)یەوە ناسراوە.

کوردناسی لە کوردستانیشدا لای خوێندەواران و رۆشنبیرانی وەکو سەرەتا لای شەرەفخانی بەدلیسی لە ساڵی ١٥٦٦ز بە مێژووی کورد دەستی پێکرد و پاشان ئەم کارە لە پاش شەری یەکەمی جیهانییەوە بە فراوانی هەنگاوی ناو تا ئێستا بەردەوامە و لە دوای راپەرینی ١٩٩١ەوە بە هۆی بوونی دەسەڵاتی کوردی و ئەو سەربەستییەی کورد هەیەتی. لەم بەشەی کوردستان دوای دامەزراندنی حکومەت و پەرلەمان و گەشەکردنی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی کوردناسی تەکانێکی باشی لە بوارە جیاجیاکانیدا بەرەو پێشەوە ناوە.

وشەی ئەم زاراوەیە لە دوو وشەی وەکو ((کورد)) بە واتای نەتەوەی کورد و ((ناسی)) کورتکراوەی چاووگی ((ناسین))ەوە لە شێوەی رەگی چاووگ و پاشگری (ی) پێکهاتووە. هەر دووکیان پێکەوە لێکدراون و وەکو وشەیەکی لێکدراو بۆتە زاراوەیەکی زمانی کوردی بۆ هەموو ئەو زانستانەی کە پێناسەی کورد دەکات و لە رووی زمان و ئەدەب و ئەتنۆگرافیا و[3] مێژووەوە، نەتەوەی کورد وەکو نەتەوەیەکی خاوەن زمان و ئەدەب، ئەتنۆگرافیا، فۆلکلۆرەوە دەناسێنێ.



دەکرێت بڵێین کوردناسی ئەو زانستەیە کە خۆی خەریك دەکات بە ناساندنی میللەت و نەتەوەی کورد و دیاریکردنی ناسنامەی کورد لە رووی رەگەز، مێژوو، زمان، ئەدەب، فۆلکلۆر، زمان و زارەکانی، کەلەپورو کەلتوور و فەرهەنگ، جوگرافیای کوردستان دەردەخات. بە کورتی: ناسینی کورد و دەرخستنی وەکو نەتەوەیەك کە خاوەن زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر و ئەتنۆگرافیای نەتەوەییە.

زاراوەی کوردۆلۆجی لای کورد گۆراوە بە کوردناسی[٤]، لە بنەرەتدا لای رۆژهەڵاتناسەکانەوە بەکارهاتووەو تەنها لێکۆڵینەوەی زمان، ئەدەب، ئەتنۆگرافیاو فۆلکلۆری گرتۆتەوە و لە پەیمانگا رۆژهەڵاتناسی بایەخێکی زۆر و گرنگی پێدراوە. ئەم رۆژهەڵاتناسانە ((شارەزا بوونە لە کاروباری رۆژهەڵات ))() و چەندین بەشی لێکۆڵینەوەی لە بواری میللەتانی جیاجیای رۆژهەڵات بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی() گرتۆتە خۆی.

کوردناسی ((کوردۆلۆجی)) لە ئەوروپا یا لە روسیا و یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا لە ناو بەشی لێکۆڵینەوەی ئێرانناسیدا بووە((ئێران لۆجی — الدراسات الایرانیە))، لێکۆڵەران و قوتابی خوێندنی باڵا بایەخی زۆریان بەم بابەت و زانستە داوە[٥].

ئەوە نەبێ ئەم بایەخدانە تەنها لە لایەن رۆژهەڵاتناسە رووسەکانەوە بە کوردناسی یا بە ئێران ناسی درابێت، بەڵکو زۆر لێکۆڵەری قوتابی لە رەگەزی تری وەکو تاجێکی و جۆرجی و ئازربایجانی و ئەرمەنی و کوردەوە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی کوردناسی بوونە[٦].

***کوردناسی لای کورد:*** کوردناسی لای کورد لەم رۆژگارەدا مەوداکەی فراوانتربۆتەوە، سنووری زمان و ئەدەب و ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری تێپەڕاندووەو جوگرافیای کورد و هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە بەندن بە ناساندنی کوردەوەو بۆتە زانستێکی سەربەخۆو بگرە لایەنی ئایینی و مەزهەب و رێبازی ئایینی کوردو ئابووری کوردیشی گرتۆتەوە[٧]. هەستی نەتەوایەتی وایکردووە وەکو هۆیەك کوردناسانی کورد بایەخ بە ناساندنی کورد بدەن.

## ئامانجی رۆژهەڵاتناسەکان لە کوردناسیدا

بێگومان شتێکی بێ هودە و بێ نهێنی نەبووە، کە رۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان بایەخ و گرنگییان بە کوردناسی داوەو هەوڵێکی زۆرو بێ شوماریان لەم مەیدانە داوە، چ بە گەڕان و پشکنین یا بەهاتنیان بۆ کوردستان بە بیبنی کورد کاری کوردناسییان ئەنجام داوە. هۆی ئەم بایەخدانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە:

١. لە پێناو جێبەجێکردنی مەبەست و مەرامی سیاسی دەوڵەتەکانیان، واتە بۆ مەبەستی هێنانەدی بەرژەوەندی سیاسی درێژی خایانی خۆیان، ئەم ئامانجەیان دوو لایەنە بووە: یەکەمیان بۆ مەرامی سیاسی و دووەمیان بە مەبەستی کاری زانستی.

٢. بۆ جیبەجێکردن و گەیشتن بە بەرژەوەندی ئابووری وڵاتەکانیان کە لە وڵاتی کوردستاندا هەبووە، بەوەی کوردستان وڵاتێکی پڕ خێر و بیر و زەوییەکی بەفەڕ و شوێنێکی ستراتیژی گرتۆتە خۆی لە رووی جیوسیاسی و بوونی سامانی نەوت و کوشتوکاڵەوە.

٣. بە مەبەستی ناسینی کورد و رێگا خۆشکردن لە پێناو جێبەجێکردنی ئامانجی خاڵی یەکەم و دووەمدا.

٤. ویستوویانە کوردستان لە پاشە رۆژدا ببێتە بازارێك و ناوەندێك بۆ سەرفکردنی کاڵا و بەرهەمی پیشەسازی وڵاتەکانیان[٨].

## ئەوانەی کاری لێکۆڵینەوەی کوردناسییان کردووە کێن؟

ئەوانەی کاری کوردناسییان کردووە و خۆیان خەریك کردووە بە ناساندنی کوردەوە، دەکرێنە دوو بەشەوە، بەم شێوەیە:

١. کوردناسە ئەوروپییەکان.
٢. گەڕیدەکانی سەردەمی عوسمانی.
٣. زاناو نووسەرانی کورد خۆی.



### ١. کوردناسی لە ئەوروپا

بەپێی مێژووی دەست پێکردنی کوردناسی و لێکۆڵینەوە لەسەر کورد، سەرەتا لە لای ئەوروپاییەکانەوە، ئەم کارە دەستی پێکردووە . دەست پێکردنی لە لایەن بێگانەوە، بە هەر مەبەستێك بووبێت، ئەوا بۆ ئەمڕۆی کورد و بۆ پێشتریش کارێکی چاك و بەکەڵکە و سوودی زانستی و نەتەوەیی بۆ کورد هەبووەو ئێستاش هەر هەیەتی، چونکە کورد وەکو نەتەوەیەکی رۆژهەڵاتی بە هۆی ئەم رۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییانەوە ناسراوە، بەوەی وەکو هەر نەتەوەیەکی تر خاوەن زمان و ئەدەب و خاوەن ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری خۆیەتی.

ئەم رۆژهەڵاتناسانە بریتین لە رۆژهەلاتناسی: ئیتاڵیایی، روسیایی، فەڕەنسایی، ئەڵەمانیایی، ئینگلستانی...هتد. .

دەکرێت لەم رووەوە بە دەیان رۆژهەڵاتناسی کوردناس لێرەدا تۆمار بکەین، کە لەسەر کوردیان نووسیوە، وەك: ماورێزۆ گارزونێك ئیتاڵی، گیورنەلی، ی. ئا.پۆتی ئەڵەمانی، (ئا. خۆدسکۆ، ئا. ژاپا، ڤ. دیتێل، خ. ئابۆڤیان، ئی بیریزین، پ. لێرخ)ی رۆسی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا . س. ری- مسیونێری ئەمریکی، ئێرانناسی بەناوبانگ فێردیناند یۆستی ئینگلیز، ه. مەکەس لەڤیەننا, دی مۆرگانی فەڕەنسایی، ئۆسکارمانی ئەڵەمانی، مێجەرسۆن، مەکنزی، مەکارۆس....[٨]هتد .

ئەم رۆژهەڵاتناس و قونسڵ و حاکمی سیاسییانە کە هی وڵاتی جۆراوجۆرن و لەسەر کوردیان نووسیوەو زۆربەیانیش بە کاری سیاسی هاتوونەتە کوردستان دەوری چالاکیان هەبووە لە مەیدانی کوردناسیدا و بە گشتی کاری لێکۆڵینەوەکانیان مەیدانی زمان، ئەدەب، ئەتنۆگرافیا، فۆلکلۆر، مێژوو، داب و نەریت، ژیانی کۆمەڵایەتی، رێزمانی ... لە نێوان سەدەی هەژدەهەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەمی گرتۆتەوە[٩].

٢. دەکرێت لە پاڵ رۆژهەڵاتناسەکانەوە گروپی دووەمی کوردناسەکان لە غەیرە کورد و لە غەیرە ئەوروپی دیاری بکەین کە وەکو گەڕیدە هاتوونەتە کوردستان و زانیاری بەکەڵکیان دەربارەی زمانی کوردی و ژیانی رۆژانەی کورد و وەسفی

کوردستان و ئەدەبی کوردی لە نێوان سەدەی شانزەهەم و نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمدا لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانلیدا ئەولیاچەلەبی ساڵی ١٦٥٥ز، ئەلتەننوخی زانای موسڵمانی عەرەب (هەمان سەردەم )، حەیدەر چەلەبی گەڕیدەی عوسمانی لە نێوان ساڵی (١٥١٤ — ١٥١٨ز) خاوەنی سەفەرنامە دەربارەی گەشتی لە کوردستاندا، ناسیح مەترەقچی گەڕیدەی عوسمانی لە نێوان ساڵی (١٥٣٤ — ١٥٣٦ز) خاوەن سەفەرنامە لە کوردستاندا گەڕاوە[١٠].

ئەم گەڕۆکانەش بە زمانی تورکی دەوریان لە ناساندنی کورد و زمانەکەی و وەسفی وڵاتەکەی و دەربارەی داب و نەریتی کورد و شاعیرانیان کردووە و هەندێك لە بەرهەمەکانیان لە تورکییەوە کراوەتە فەرەنسی و ئینگلیزی و سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبیش کراوەتە کوردی.

لە مانە ناسیح مەترەقچی پردێ (ئاڵتون کۆپریێ)، دیاربەکر، کەرکوك گەڕاوەو سەفەرنامەکەی بە ناوی سولەیمان نامەبووە.

**٣. گرووپی سێیەم لە کوردناسان کورد خۆیەتی:**

ژمارەیەکی کەم نین لە میر، خوێندەوار، رۆشنبیری نیشتمانپەروەر هەر لە زووەوە هەستیان بەوە کردووە، کە نەتەوەکەیان وەکو کورد و زمان و ئەدەب و فۆلکلۆرو ئەتنوگرافیاو مێژوو و جوگرافیاو فەرهەنگی بناسن و ئەوە نیشان بدەن، کە کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی تر خاوەن سامانی رۆشنبیری و کەلتووری نەتەوەیی و بنەمای نەتەوەی خۆیانن و هیچ جیاوازییان نییە لە نەتەوەکانی تر. لەبەر ئەمە دەستیان داوەتە نووسینەوەی مێژوو، جوگرافیا، ئەدەب، زمان، فۆلکلۆرو ئتنوگرافیا و فەرهەنگی کوردی و توانیویانە لەم رووەوە زانایان و شاعیران و داب و نەریتی نەتەوەیی خۆیان بناسێنن بە کوردو غەیرە کورد.

لەم رووەوە دەکرێت هێما بکەین بۆ شەرفخانی بەدلیسی بەوەی مێژووی نەتەوەکەی خۆی بە ناوی شەرفنامە نووسیوەتەوە[١١]محمد علی عونی وەرگێڕ مێژوونووسی، هەروەها لە بواری رێنووس و زمان و رێزمانی کوردیدا ناوی کوردناسی وەك سەعید صدقی کابان،



تۆفیق وەهبی، جەلادەت بەدرخان، حامید فەرەج، نوری عەلی ئەمین، جگەرخوێن، تاهیر سادق، جەمال نەبەز، ا. ب. هەوری، مەسعود محەمەد و[١٢]...هتد هەن.

لە بواری ئەدەب و مێژووی ئەدەب: عەلادین سەجادی، سدیق بۆرەکەیی، بنەماڵەی ئەیوبیان، ئەمینی عەبداڵ، حاجی جوندی، دکتۆر عیزەدین رەسول, دکتۆر مارف خەزنەدار، حسین عەلی شانۆف (کورد ئۆغلی[١٣]و...هتد. لە بواری مێژووی کوردا د.کەمال مەزهەر [١٤] دەکرێت بە کوردناسێکی پڕ بەرهەم و کاری زانستییانە دابنرێت و توانیویێتی چەندین بابەتی شاراوە و پەردەپۆش لە ناودار، رۆشنبیر، مێژووناس، سوارچاك و قارەمان، سیاسەتمەدار و لێهاتوو، هونەرمەندی کورد بە رۆڵەی نەتەوەکەی و بە غەیری کوردیش بناسێنێت.

لە رووی جوگرافیای کورد و کوردستانیشەوە پێویستە هێما بۆ عبدالرحمن ئەمین زەبیحی [١٥]و چەند نامەی زانستی و ئەکادیمی بکەین کە هەر یەکەیان لایەکیان لە جوگرافیای کورد کردۆتەوە.

لە بواری لێکۆڵینەوەی سیاسی و ئابووری کوردستان و کوردستان و کوردەوە د.عبدالرحمن قاسملۆ بە کتێبی ((کوردستان و کورد))کە نامەی دکتۆرایەتی باشترین بەرهەم بە شێوەی زانستی لەسەر کورد بنووسێت وەرگێڕاوە بۆ چەند زمانی ئەوروپایی و کوردی و عەرەبی ((کە بەشدارییەکە بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بە گشتی و هێندێك باری ئەو مەسەلە بە تایبەتی، نرخێکی بێ هاوتای هەیە)) بێجگە لەمەش دەکرێ ئەم کتێبە بە چەشنە ئەنسکلۆپیدیایەکی کوردی دابنێین))[١٦].

## قۆناغەکانی کوردناسی و سەرەتای دەست پێکردنی[١٧]:

کوردناسی لە سەرەتاوە لەسەر کورد و لە بوارە جیاجیاکانی نەتەوەی کوردا وەکو لێکۆڵینەوە بەم جۆرەیە:

١. لە سەرەتاوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی لای ئەوروپاییەکان، لەلای ئیتاڵیاییەکانەوە دەستپێدەکات.

٢. له دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە بەم شێوەیە کوردناسی خۆی دەنوێنێت:

أ- کوردناسی لای کورد.

ب- کوردناسی له یەکێتی سۆڤێت.

ت- کوردناسی لەلای ئەوروپاییەکان

بەم شێوە هەر قۆناغێکی کوردناسی بە نموونەوە باسدەکەین:

١. قۆناغی سەرەتا لە ساڵی ١٧٨٧ز[١٨]لە لای قەشەیەکی ئیتالییەوە وەك ماوریز ۆ گارزونێك دەستی پێدەکات بۆ مەبەستی راوێژکاری بۆ ماوەی هەژدە ساڵ لە شاری ئامێدی کوردستان دەمێنێتەوە، بۆ مەبەستی ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی ئیش و کاری راوێژکارییەکەی خۆی لەگەڵ کوردا کتێبی رێزمانی کوردی و فەرهەنگێکی ئیتالی — کوردی داناوە. ئەم کارە سوودێکی مێژوویی گەورەی هەیە لە مەیدانی کوردناسیدا بە تایبەتی لە سەردەمێکدا کە پێشتر لە بارەی زمانی کوردییەوە کاری تری لەم شێوەیە نابینرێت و بە سەرەتای کوردناسی دادەنرێت و لەم رووەوە دەرگایەك لەسەر کورد و زمان و رێزمانەکەی بە تایبەتی لای ئەوروپاییەکان بەرەو ناساندن چوو.

پاش ئەم کارەی ماوریزۆ گازۆنێك کاری کوردناس لە بواری جیاجیای وەك زمان و ئەدەب، فۆلکلۆر و ئەتنۆگرافیا لای ئەوروپاییەکانی تری وەکو روسی، فەڕەنسی، ئەڵمانی و ئەمەریکی بەردەوامی بەخۆیەوە دەبینێت و رێچکەی خۆی دەگرێت و چەندین رۆژهەڵاتناسی لەمانە روو دەکەنە کوردستان و بەیاریدەی کوردەوە کاری کوردناسی ئەنجام دەدەن و تا سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوام دەبێت و دواهەمین کارێك کۆتایی بەم قۆناغەی کوردناسی کە قۆناغی یەکەمێتی لە لای مێجەرسۆن لە ساڵی ١٩١٣ ز دەربارەی رێزمانی کوردی و فۆنەتیك و بەشی سێیەمی فەرهەنگێکی ئینگلیزی — کوردی و لە ساڵی ١٩١٩ز دا کتێبێکی کەرەسەکانی رێزمانی کوردی لەگەڵ پشکۆیەکی فەرهەنگی ئینگلیزی — کوردی کۆتایی دێت.



## بایەخی کوردناسی

لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەوروپاییەکان ویستویانە لە رێگای فێربوونی زمان و شارەزابوون و ناسینی ئەتنۆگرافیای میللەتی کوردەوە بچنە ناو کوردەوە و شارەزایی تەواو لە بارەیانەوە پەیدا بکەن و کورد وتەنی ((بە بەردێك دوو چۆلەکە بکوژن))، واتە هەم وەکو ئەنجامدانی کارێکی زانستی و لەم رێگایەشەوە ئامانجی سیاسی و پاشان بەرژەوەندی ئابووری لە دوا رۆژدا جێبەجێ بکەن . ئەوە بوو لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا وەکو سوپاو دەسەلاتیش گەیشتنە کوردستان لە هەر شارێك حاکمێکی سیاسی و هێزِ سەربازیشیان هەبوو ولاتیش دوای دەسەلاتی نەتەوەی تر وەکو عوسمانلی کەوتە ژێر دەسەلاتی ولاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانییەوە.

ئەمە هەر چۆنێك بێت کاری رۆژهەلاتناسە ئەوروپاییەکان سوودی هەبووە بۆ کورد و ناساندنی زمان و ئەتنۆگرافیاو دیاریکردنی دەستووری زمانەکەی و شوێنی زمانەکەی لە ناو زمانانی جیهان و لە ناو کۆمەڵەی میللەتانی رەگەزئارییەوە.

**٢. سەرەتای کوردناسی لای کورد خۆی**

رۆشنبیران و خوێندەوارانی کورد بەچاو هی میللەتانی تر بە تایبەتی هی ناوچەکەشەوە درەنگتر دەستیان دایە ناساندنی میللەت و ولاتەکەی خۆیان، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی خوێندەوارو درەنگ بلاوبوونەوەی خوێندەواری لە کوردستاندا، ئەمەش لە بەر نەبوونی دەسەلاتی کوردی و نەبوونی ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوەکەبووە. ئەوەی هاتووە بە هەر شێوەیەك بووبێت ویستویێتی نەك کورد هەر ژێردەستە بێت، بەڵکو لەبیربچێتەوەو کەس نەیناسێت و ئەوەشی هەیەتی لە بەرچاوی رەشبکرێت کە زۆر لە کەلتوورەکەی بۆ خۆیان بەرن وەکو کەلتووری ئایینی و هونەری و شتی تری بە سوودیش.

لە ناو کوردا خوێندەواری هۆشیار هەبووە، بیری لەوە کردۆتەوە کە میللەتەکەی بناسێنی بە خۆی و بە خەڵکی تریش و مێژووەکەی لە لایەن شەرفخانی بەدلیسی بە زمانی فارسی نووسراوەتەوەو پاشان خراوەتە سەر زمانی عەرەبی و کوردی.

بۆیە شەرفخان یەکەم کورد بووە لە سەردەمی دەسەڵاتی میرنیشینیدا کتێبی مێژووی کورد شەرەفنامەی نووسیوەتەوەو  بە یەکەم کورد دادەنرێت، کە لە سەر کوردی نووسیوە، هەر لە ڕێگای ئەمەوە وەکو یەکەم سەرچاوە، خەڵکی تر سوودی لێ وەرگرتووەو لە بارەی کورد و مێژوو، زمانی، کۆمەڵەکەی زانیاری بە سوودیان لەسەر کورد تۆمارکردووە.

پاش شەرفخان و  لە ڕێگای بەرهەمەکەیەوە مەلا جەمیل وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی [٢٠]و کوردی  بەخوێنەری عەرەب ناساندووە و هەژار موکریانیش لە ڕێگای زمانی کوردییەوە[٢١] بەرهەمەکەی بە خوێندەوارانی کورد ناساندووە.

محەمەد ئەمین زەکی بە دانانی مێژووی کورد و کوردستان و ناودارانی کوردی بە زمانی کوردی مێژووی میللەتەکەی نووسیوەتەوە زۆر لایەنی لە مێژووی کۆن، زمانەکەی، پاشا و دەسەڵاتدارانی کورد و سەلاحەدینی ئەیوبی و ڕووداوەکانی ترو دواتر بە شێوەیەکی زانستیانە باسکردووە.

دواتر محەمەد عەلی عونی خوێنەری عەرەبی پێ ناساندووە.

لێرەوە پێویستە لە مەیدانی کوردناسیدا حوسێن حوزنی موکریانی، سالح قەفتان، عەلی سەیدۆ گەورانی، ڕەمزی قەزاز، کەمال مەزهەر... هتد توانیویانە بە بەرهەمی جیاجیا مێژووی میللەتەکەیان بنووسینەوەو ڕۆڵەی نەتەوەکەیانی لێ ئاگاداربکەنەوەو بەوەی بزانن کورد کێیە و دوژمنی کێیە و لە مێژوودا  ڕەوتی چۆن بووە.

## کوردناسی لە بواری زماندا:

لە بواری زماندا کە دەوری ناساندنی زمان و ڕێزمانەکەی یا دەربارەی زمان و ڕێنووسی بە گشتی ببینێت وەکو هەڵبژاردەیەك لەم ڕووەوە سەعید سدقی کابان، تۆفیق وەهبی، جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخان، سالار قەرەداغی، نوری عەلی ئەمین، ق کوردی، بنەماڵەی ئەیوبیان، جگەرخوێن، سدیق بۆرەکەیی، جەمال نەبەز وەکو دەستەیەکی پێشەنگ بە دەستەی یەکەمی زمان و ڕێزماناناس و کارکردن لە



بارەی ڕێنووسی کوردییەوە دادەنرێن و سەرەتای کارەکانیان دەکەوێتە سەردەمی گۆڕانکاری یا دوای دەست پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کە لە ناو کوردا دیاردەی تریش وەکو دەست پێکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی لەگەڵ یەکەم ڕاپەڕین و دەسەڵاتی کوردیدا سەری هەڵداوە.

*کوردناسی لە بواری ئەدەبیاتدا*: دەکرێت لە بواری ناساندنی ئەدەبی کوردی و شاعیران و بەرهەمیان عەلائەدین سەجادی بۆ یەکەمجار لە ساڵی **١٩٥٦**ز مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیوەتەوەو کورد بە هۆی ئەم بەرهەمەوە دەتوانێت بڵێت ئێمەش وەکو نەتەوە خاوەن ئەدەب و مێژووی خۆمانین، چونکە پێش ئەم بەرهەمێك بەو شێوەیە نابینرێت باس لە ئەدەب و شاعیرانی کورد بکات. ناکرێت لەم ڕووەوە دەوری محەمەد تۆفیق وردی لە بیر بکرێت، کاری جیاجیای لە بواری ئەدەب و کەلتووری کورد داناوەو بەوەشەوە نەوەستاوە هەر بەرهەمێکی دەرکردووە، ناردوێتی بۆ کوردانی سۆڤیەت بە تایبەتی لە ئەرمینیا.

نووسەرانی کوردی سەردەمی سۆڤیەتیش وەکو عەرەبی شەمۆ، حاجی جندی، ئەمینی عەڤدالیش بەرهەمەکانیان دەوری هەبووە لە بواری کوردناسیدا یا هیچ نەبێت بە هۆی بەرهەمەکانیانەوە کاری کوردناسی کراوەو بوونەتە سەرچاوەیەك لەم مەیدانەدا.

## کوردناسی لە بواری فۆلکلۆری کوردیدا:

فۆلکلۆر خۆی لە خۆیدا وەکو بەرهەمێکی میللی و ئەتنۆگرافی تایبەتە بە ناساندنی کورد و کەلتوورو کەلەپور و داب و نەریتی کوردەواری، کە بە هۆیەوە دەکرێت کۆمەڵی کوردەواری بناسرێت و تایبەتییەکانی بناسرێت و جیابکرێتەوە لە کۆمەڵێ نەتەوەی تر.

محمد تۆفیق وردی، اسماعیل حەقی شاوەیس، نووسەرانی کوردی سۆڤیەت، لیژنەی لە یەکێتی نەقابەی مامۆستایانی کوردستان،  د. عیزەدین مستەفا ڕەسول... هەریەکەی توانیویانە فۆلکلۆری کوردی بناسێنن.

## دەوری کوردناسی لە ناساندنی کوردا

ئەوروپاییەکان لە دوای نەمانی کێشەی نێوان خۆیان و بڕانەوی ئاگری شەڕی ئایینی و سڕانەوەی ناکۆکییەکانیان لە ساڵی ١٦٤٨ز دەستیان داوەتە کاری ڕۆژهەڵاتناسی و کردنەوەی زانیاری لە بارەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتەوە لە ڕووی زمان، ئەدەب، ئەتنۆگرافیاو فۆلکلۆریانەوە، هەرچەندە ئەم کارەیان لە پێناو جێبەجێکردنی مەبەست و مەرامی سیاسی و ئابوورییەوە بووە، ئەگەرچی لەپاڵ ئەمەشەوە ئامانجی لێکۆڵینەوەی زانستی هەبووە، بێجگە لەمەش بۆ میللەتێکی وەکو کورد سوود و بایەخی گرنگی زانستی و مێژوویی و نەتەوەیی هەیە، چونکە پێشتر کورد لەم ڕوانەوە نەناسرابوو تەنانەت هەندێك شتی لای خۆیشی بە نەزانراوی و نەناسراوی مابۆوە.

لە خوارەوە دەوری ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان لە ناسینی نەتەوەی کوردا لەم خاڵانەدا دەخەینەڕوو:

❖ ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان بوونە هۆی ناساندنی نەتەوەی کورد لەو سەردەمەدا، کە پێشتر وا نەناسرابوو کە کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیەو تایبەتێتی نەتەوەیی خۆی هەیە.

❖ زۆربەی کاری لێکۆڵینەوەی کوردناسی وەڵامێکی زانستییانە بووە، دژ بە هەموو ئەو بیروباوەڕە نازانستی و چەوت و چەواشانەی دوژمنانی کورد کە کوردیان وەکو نانەتەوە داناوەو شێواندووە.

❖ سەرەتای کوردناسی بۆتە هۆی ئاوڕدانەوە لە کورد وەکو نەتەوەیەك ڕوویان تێکردووەو ناسیویانە بەردی بناغەی دانرا.

❖ کارەکەی یەکەم راوێژکاری ئیتاڵیایی ماوریزۆگارزۆنێك لە کوردستان بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان ڕوو لە کورد و وڵاتەکەی بکەن[22] لەسەری لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن بە تەواوی وەکو نەتەوەیەك بیناسن.

❖ لە ڕێگای ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکانەوە بوو، زمان و ئەدەب و ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کورد وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ ناسێنرا، کە وەکو هەر میللەتێکی تر هەیە و لە کوردستاندا دەژین و خاوەنی ناسنامەی خۆیانن.



❖ بایەخدان بە فێربوونی زمانی کوردی لە لایەن ئەم ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییانەوە وەك : گ. گیورنلی، ماوریزۆگازۆنێك، مێجەرسۆن، ئەگەرچی بە ئامانجی سیاسی و راوێژکاری دەوڵەتەکانیانیش بووە. ئەم کارە وایکرد زمانی کوردی لە قاوغی تەسکی ناوخۆیی دەربچێتە دەرەوەو بایەخی فێربوونی پێبدرێت.

❖ بەردەوامی فێربوونی زمانی کوردی کە سەرەتاکەی لای ئەم ڕۆژهەڵاتناسانەوە دەستی پێکردووە ئەگەر بەردەوامی بەخۆیەوە بگرێت دەبێتە هۆی دەرچوونی زمانی کوردی لە ریزی زمانە مردووەکان.

❖ بە هۆی کاری کوردناسییەوە بوو، زمانی کوردی بە وشەو دەستووری زمانییەوە وەکو زمانێکی سەربەخۆی کۆمەڵەی ئاری لە خێزانی زمانە ئێرانییەکان ناسرا[23]. هەر لەمەوە ئەم پێناسەیەی زمانی کوردی سەرهەڵدەدات کە: زمانی کوردی ((زمانێکی ئێرانیی باکووری ڕۆژئاوایی نوێ)) لە ڕووی جیاوازی ڕێزمانییەوە دادەنرێت.

❖ هەستکردن بە جیاوازی نێوان قسەکردن بە زمانی کوردی لەمەوە زمانی کوردییان دابەش کرد بۆ زار و شێوەزارەکانی، وەك : لەکی، کەڵهوڕی[24]، کرمانجی، گۆران...هتد.

❖ هەستکردن بە هەندێك جیاوازی دەربڕین و گۆکردنی دەنگەکان لە هەموو زاری سەروو و ناوەڕاست لە دەربڕین[25] و دروستبوونی وشەدا. لەگەڵ ئەوەشدا نزیکایەتی لە نێوان شێوە زارەکانیدا هەیە (گیورنلی).

❖ زمانی کوردی لە مەڵبەندی کوردستاندا سەربەخۆیی خۆی پاراستووە(لێرخ).

❖ ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی زمانی کوردی و نزیکایەتی لەگەڵ زمانی فارسیدا لە لایەن گیورنلی و زانای تری ڕۆژهەڵاتناسە ئەڵەمانییەکانەوە سەلمێنرا[26].

❖ ڕۆژهەڵاتناسە ئەورووپییەکان بیروڕایان وا بووە زمانی کوردی و فارسی لە یەك زمانەوە پەیدابوون و کەوتوونەتەوەو جیاوازییان زۆر کەم بووە، بەڵام لە

دواییدا لە ئەنجامی پێشکەوتن و گۆڕانەوە لێکدوورکەوتوونەتەوەو لە نێوان شێوەی پێشکەوتنی ئەم دوو زمانەدا جیاوازی هەیە لە جیابوونەوەیاندا (ئا.پۆت) . ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەردووکیان زمانێکی ئێرانین و ئەمە سەرەتای ئەم پێناسەیەی ئێستای زمانی کوردییە کە زمانێکی ئێرانی باکووری ڕۆژئاوایی نوێیە[٢٧].

❖ دەربارەی مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتیان نووسراوە. دیاریکردنی خێڵ و هۆزە کوردییەکان[٢٨]. لەمەوە شێوەزار و جیاوازی قسەکردن بە کوردی هەست پێکردووەو دیاریکراوە.

❖ بە هۆی کۆکردنەوەی کەرەستەی ئەتنۆگرافیاوە گرنگی بە باری جوگرافی و سروشتی ناوچەکانی کوردستان دراوە[٢٩].

❖ بۆ ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان دەرکەوتووە کە کاریگەری زمانی تورکی لەسەر زمانی کوردی هەیە وەك لە بەشی ئێرانیشدا کاریگەری فارسی پێوە دیارە[٣٠] دەبوایە لێرەدا ئەوەیان ڕوونبکردایەتەوە، کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئەو میللەتانە بە سەر کوردا نەك بە هۆی زمانەوانییەوە، کەمی زمانی تورکی و فارسی خۆشیان کاریگەری زمانی عەرەبیان لەسەرە نەك هەر زمانی کوردی وابێت.

❖ کارێکی هەرە گرنگی دەوری کوردناسی لە ناساندنی کوردا ئەوەیە: ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان داوایان لە زانایانی جیهان کردووە، کە دەست بدەنە ((لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی و لە نەتەوەی کوردی شۆڕەسوار، هەروەها (خ. ئابۆڤیان) دەڵێت لەم ڕێگایەوە دەتوانرێ کەلکێکی زۆر ببینرێت بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی ئادەمیزاد و گەلێك مەسەلەی زمانەوانی وەربگیرێ[٣١].

❖ ئاگاداربوون و زانینی بوونی کورد لە خۆراسان[٣٢] لە ڕێگای ئەم ڕۆژهەڵاتناسانەوە بووە بۆ نموونە وەك (ی. بێرزینی ڕوسی).

❖ باسی ڕێنووسی کوردی و نەگونجانی پیتی عەرەبی تەواوی بۆ نیشاندانی دەنگەکانی کوردی.



❖ بە هۆی کاری ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، کوردناسی بە شێوەیەکی سەربەخۆ کەوتە گەشەکردن و پێشکەوتن، واتە مەبەستیان لەمە جیابوونەوەی کوردناسییە لە بەشی ئێرانناسی.

❖ بایەخدان بە کۆکردنەوەی دەستنووسی کوردی بە تایبەتی و کەرەسە لە بارەی ئەدەب و فۆلکلۆر و زمان و ئەتنۆگرافیای کوردەوە بەگشتی[٣٣]. ئەو دەستنووسانە ئێستا لە کتێبخانەی گشتی و کتێبخانەی پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت هەڵگیراون.

❖ دانانی فەرهەنگی کوردی – ڕوسی، کوردی – ئیتاڵی، کوردی – فەرەنسی،کوردی – ئینگلیزی[٣٤].

❖ کوردناسی بووە هۆی ئەوەی ئەم ڕۆژهەڵاتناسانە لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییان هێنایەکایەوە، وەك بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانە ئێرانییەکاندا، ئەمە سوودی هەبووە بە تایبەتی بۆ ئەو کاتە بە مەبەستی نیشاندانی سەربەخۆیی زمانی کوردی و ڕێزمانەکەی کە تایبەتێتی خۆی هەیە.

❖ کاری کوردناسی بە گشتی لە ڕووی زمانەوە هەر سێ ئاستە جیاجیاکانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی) گرتۆتەوە.

❖ دانانی ڕێزمانی کوردی و ڕێنووسی کوردی کە پێشتر نەنووسراوەتەوەو نەبووە چ لای کورد و غەیرە کوردیش، لە ڕووی ڕێنووسەوە وەك لە سۆڤیەتدا، بەڵام کاریگەری جەنگی جیهانی بووە هۆی بڵاونەبوونەوەی ئەم ڕێنووسە کوردییە.

❖ کوردناسی لای ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان بووە هۆی ئەوەی کە لە ناو میللەتێکی نەخوێندەوار و دواکەوتوو بەچاو میللەتانی تری وڵاتی سۆڤیەتەوە ببێتە هۆی ئەوەی چەندین پسپۆر و شارەزای کورد پێبگات بە تایبەتی لە ئەرمینیا وەك کردنەوەی پەیمانگای پێگەیاندنی پسپۆران و بگاتە بوونی چوار مەڵبەندی کوردناسی لە یەریڤان، لینینگراد، مۆسکۆ، باکۆ.

❖ کردنەوەی قوتابخانەی کوردی و بەشی کوردی و پەیمانگای رۆژهەلاتناسی بۆ وەرگرتنی قوتابی غەیرە کورد بە مەبەستی پەرەپێدان و فراوانبوونی بەشەکەو وتنەوەی زمان و ئەدەب و مێژوو و ئەتنۆگرافیای کوردی تیایدا بۆ پێگەیاندنی کادری کوردناسی وەك : ك.کوردۆ، عەرەبێ شەمۆ، حاجی جندی، ئیسحاق تسۆکرمان،باکاییف، ئاڤالیانی بەناوبانگن.

❖ کوردناسی لای رۆژهەلاتناسەکان و لای کوردیش بووە هۆی پێشکەوتنی ئاستی و رۆشنبیری کوردی لە ئەرمەنستانداو وریاکردنەوەی کوردی ئەوێ لە بارەی هەستی نەتەوایەتییەوە.

❖ کاریگەری رۆژهەلاتناسەکان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە بە تایبەتی لە باشووری کوردستان کاری کوردناسی دەستی پێکردو هەنگاوی بەرەوپێشەوە ناوەو تا ئێستا نەوەستاوەو لە بەرزیدایە.

❖ دەربڕینی بیروباوەڕی ناراست بەرانبەر مێژووی کورد و زمانەکەی لای چەند رۆژهەلاتناسێکەوە بووە هۆی ئەوەی مەیدانی کوردناسی زیاتر فراوانترو ببێتە هۆی ئەوەی لای کورد خۆیشی زانای بەرزی وەك محەمەد ئەمین زەکی بەگ، حوزنی موکریانی، محەمەد عەلی عەونی، عەلادین سەجادی، عەلی سەیدۆ گەورانی، سالح قەفتان، مەلا جەمیل رۆژبەیانی، ق.کوردۆ، بنەماڵەی بەدرخانییەکان، سدیق بۆرەکەیی.. بێنەکایەوە وەلامی بۆچوونی ناراستی ئەوانە بە بەڵگەی زانستی بدەنەوە کە کورد نەتەوەیەکی دێرین و خاوەن مێژوو زمانی سەربەخۆ و ئەدەب و ئەتنۆگرافیای خۆیەتی.

## دەوری کورد لە ناساندنی خۆی لەم سەردەمەدا دەبێ چۆن بێت؟

نەتەوەی کورد بە تایبەتی لە بەشی باشووری کوردستاندا لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ەوە دەبێت چمکی چالاکی کارکردن لە بواری ناساندنی خۆیدا هەڵبکات و رۆشنبیرانی نووسەری هەریەك لە بواری زمان، ئەدەب، مێژوو، ئەتنۆگرافیاو فۆلکلۆر و پەیوەندی کۆمەلایەتی کۆمەلێ کورد، جوگرافیای



ولاتەکەی، سامانی میللەتەکە، ئاستی زانست لە ولاتەکەی، زاناو ناودارانی بخاتەڕوو و بە ولات و نەتەوەکانی تر بناسێنێت و وەلامی هەموو بۆچوونە ناراست و نازانستییەکان کە دەربارەی نەتەوەکەی لە رووەکانی سەرەوە بە چەواشە تۆمارکراوە بە بەڵگەی زانستی بداتەوە.

لەم پێناوی سەرکەوتنی کاری کوردناسی لای کورد خۆی، پێویستە دەزگای وەرگێران و چاپ و بلاوکردنەوەی تایبەتی بخرێتە کار و بە دڵسۆزی و هۆشیارییە نەتەوەییەوە کار بکرێت و کوردەواری بەرز رابگیرێت و راپەڕینێکی رۆشنبیری و کوردناسی بەرپابکرێت نەك بە ئارەزوو، یا بە یەك لایەنە هەڵبدرێت، چونکە لە دێر زەمانەوە دوژمنانی کورد بەخراپ و ناڕاست کوردیان لە هەموو رووەکانی ژیانی نەتەوەییەوە نیشانی خەڵك و نەتەوەکەی خۆیانیان داوە.

کورد لەم سەردەمەدا پێویستی بە پەرینەوە هەیە لە دیوی نادیار و نەناسرواو شێوێنراوەوە، بۆ دیوی دیار و سەلماندنی بوونی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا، ئەوەشی نیشان بدات، کە کورد خاوەن کۆنترین کەلتووری فەلسەفەی ئایینی یەك تایی و ناوەڕۆك مرۆڤایەتییە و شارستانییەتی بیری چاك و دروستکردنی ئامێری کشتوکاڵی و چاندنی دانەوێڵەو دەستپێکردنی کشتوکاڵ لە چەرمۆی کوردستان و ئەشکەوتەکانی شانەدەر و هەزارمێرد لە دێرزەمانەوە پێش هەزاران ساڵ سەری هەڵداوەو کە چی لە دواییدا لە لایەن هێرش بەرانی گریك و عیلامی و بابلی و لەشکری ئیسلامەوە شێوێنراوەو فەلسەفەی ئایینەکەیان بۆ خۆیان بە تالان بردووەو ئێستا ئەوان خاوەن شارستانییەت و هەندێکیشیان ئێمەی کورد بە کێوی و کەمایەتی ناو دەبەن.

دەبا پێکەوە هەستینە سەرپێی کارکردن و وەلامدانەوەیان و قوڕێك بدەینە دەم ناراستییەکانەوە.

## بۆ چوونی نازانستی رۆژهەلاتناسەکان دەربارەی کورد

لەگەڵ ئەوەشدا رۆژهەلاتناسە ئەوروپییەکان دەورێکی گرنگ و کاریگەری زانستیانەیان هەبووە دەربارەی نەتەوەی کورد لە بارەی بنەما گرنگەکانی نەتەوەیی وەکو زمان و کەلتوورو ئەتنۆگرافیا بەوەی کورد و زمانەکەی سەربەخۆن و پێوەندی هیچ نەتەوەو زمانی تر نین، بەوەی بە شێك بن لە زمانی فارسی و لە گەلی فارس بن. بەلام لەگەڵ ئەم حاڵەتەشدا بۆچوونی نازانستی دەبینین وەکو:

بۆچوونی ماورێزۆ گارزۆنێك زمانی کوردی و فارسی بە رادەیەك لە یەکتر نزیکن بە ئاسانی دەتوانرێ ئەلف و بێی فارسی بۆ زمانی کوردی بەکاربهێنرێ[٣٥] و زمانی فارسی شێوەی ئەدەبی زمانی کوردی بێت. ئەمە بۆچوونێکی نازانستییە، چونکە دەنگسازی زمانی کوردی و فارسی جیاوازن لە یەکتر و هەریەکەی تایبەتێتی خۆی هەیە لە دەربڕین و گۆکردندا، چونکە ئەگەر کوردێك فارسی فێربوویێت دەربڕینی جیاوازە لە دەربڕینی زمانی فارسی و زمانی کوردیش بە فارسی جیادەبێتەوە، چونکە زمانێکی ئێرانی باکووری رۆژئاوایی نوێیە و هەرچی زمانی فارسییە زمانێکی باشووری رۆژئاوایی نوێیە[٣٦].

هەریەکەیان گۆڕان و سەربەخۆیی خۆی هەیە و بۆچوونی زۆربەی رۆژهەلاتناسەکان وەکو جۆستی، سۆسین، ئیدمۆندز، لێرخ زمانی کوردی سەربەخۆیی خۆی هەیە و فارسی نییە[٣٧].

بۆچوونێکی هەڵەی تری رۆژهەلاتناسەکان وەك : ف. یۆستی، ی. سۆن و... هتد ئەوەیە دەستووری زمانە ئێرانییەکانیان بەسەر دەستووری زمانی کوردیدا سەپاندووە، ئەمەش بیروڕایەکی هەڵەیە، چونکە لە رووی جیاوازی رێزمانییەوە، زمانە ئێرانییەکانی وەك کوردی و فارسی و بەلوجی لە یەکتر جیا دەبنەوە، بەوەی زمانی کوردی زمانێکی ئێرانی باکووری رۆژئاوایی فارسیش زمانێکی باشووری رۆژئاوایی ئێرانی نوێیە و بەلوجیش زمانێکی رۆژهەلاتییە[٣٨].

ئەمە وەلامێکە بۆ هەموو ئەو بۆچوونە ناڕاست و رەگەزپەرستانەشی کە زمانی کوردی و کوردیان بە فارسی و زمانەکەشی بە لقێکی زمانی فارسی داناوەو یا بەوەی کورد تورکی شاخاوییە، چونکە کورد نەتەوەیەکە خاوەن داب و نەریت و زمان و ئەدەب و ئەتنۆگرافیای خۆیەتی و پاشکۆی هیچ میللەتێکی تر نییە[٣٩].

# سەرچاوە و پەراوێز

١. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، چی لە بارەی زمانی کوردی نووسراوە، بەغدا،١٩٧٤، ل ٨.

٢. زمانێ کوردان لدویڤ ڤەکۆلینان دە، رۆژنامە میدیا گونییش، حوزیرانی ١٩٩٣، لاپەڕە ١١- ١٢ بە زمانی تورکی بڵاوبۆتەوە، نەسرەدین گولی وەریگێڕاوە بۆ کوردی لە ڤەژینی ژمارە ١٤ ساڵی ١٩٩٩، ل ٣٥ – ٤٧ لە بنەڕەتدا وتارەکە لەلایەن : ر . ئا، جۆزۆ پۆڤا، لە سەنتەری رێکخراوی چاپ و بڵاوکردنەوەی کەلتووری کوردی ( دەنگێ کوردی گلۆس )، روسیا، ١٩٩٣ بڵاوکراوەتەوە، بەڵێن سەردار و سەردار دیجلە بە تورکی بڵاویان کردۆتەوە.

٣. زمانی کوردی لدویڤ ڤەکۆلینان دە، وەرگێڕانی نەسرەدین گولی، گۆڤاری ڤەژین، ژ (١٤)، دهۆك، ١٩٩٩، ل٣٦ .

٤. کوردناسی، مەلزەمە بۆ پۆلی یەکەمی کۆلیجەکان، د . رفیق شوانی ئامادەی کردووە لە ساڵی ٢٠٠٠ – ٢٠٠١ ز لە بەشی میکانیکی کۆلیجی ئەندازە وتراوەتەوە، بە شێوەیەکی فراوان کوردناسی زمان، ئەدەب، ئەتنۆگرافیا، فۆلکلۆر، مێژوو، جوگرافیا، لایەنی ئابووری بۆ ناساندنی نەتەوەی کورد دەگرێتەوە، بڕوانە لاپەڕە (١) بڕوانە پێناسەی کوردناسی.

٥. د . محمد موکری، الکوردولوجیا و تدریس اللغە الکوردیە فی الاتحاد السوڤیاتی، لە فەرەنسییەوە وەریگێراوە، گۆڤاری ڤۆڵانی عەرەبی، ژمارە ( ٢٥ )، حوزیرانی ١٩٩٨، ل ١٠٩ – ١١٣ .



٦. بڕوانە بەرهەمی نووسەران و مێژوونووسانی کورد وەکو شەرەفخانی بەدلیسی، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، محەمەد عەلی عەونی، حوسێن حوزنی موکریانی، عەلادین سەجادی و د . کەمال مەزهەر ... هتد .

٧. د . رفیق شوانی، کوردناسی، مەلزەمە بۆ قوتابیانی پۆلی یەکەمی کۆلیجەکان، ل ٠١، د . محمد موکری ئامانجی زانستی و سیاسی دیاریکردووە، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩.

٨. بڕوانە : د. ئەورەحمانی حاجی مارف، چی لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، ل ٨ – ٣١.

٩. هەر لە ماوریزگارزۆنێکی راوێژکارەوە تا مێجەرسۆن حاکمی سیاسی ئینگلیز لە سلێمانی، ئەدمۆندز ١٩١٩ – ١٩٢٥ دەگرێتەوەو کوردستان گەڕاون و هەندێکیان خۆیان گۆڕیوە بە ناوی خوازراوەوە.

١٠. فەرهاد پیربال، زمانی کوردی لە ساڵی ١٦٥٥ دا خوێندنەوەیەکی سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی، گۆڤاری زمانەوان، ژمارە(٢)، ئێران،تاران، تاران٢٠٠٢، ل ٦٢- ٧١.

١١. شەرفخانی بەدلیسی، شەرفنامە، بە زمانی فارسی، هەژار کردویێتی بە کوردی و مەلا جمیل رۆژبەیانیش بە عەرەبی.

١٢. بڕوانە بەرهەمی ئەم زمانەوانانە لە نێوان ساڵی ١٩٢٨ز تا ١٩٨٧ز، واتە لە بەرهەمەکەی سعید صدقییەوە بۆ بەرهەمەکانی مەسعود محەمەد.

١٣. وەك بەرهەمەکەی عەلادین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، مترجمة من الروسیة، ١٩٥٦ بۆ حسین عەلی شانۆف، گۆران شعر الشاعر الکوردی المعاصر، بغدادی ١٩٧٤.

١٤. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد چەندین بەرهەمی مێژوویی کوردی جیاوازی لە بواری جیاجیادا بڵاوکردۆتەوە وەك بۆ نموونە: مێژوو، زانستی مێژوو مێژووی کورد، کە پەردەی کوردبوونیان لەسەر دادەماڵێت.

١٥. عبدالرحمن ئەمین زەبیحی، جوگرافیای کوردستانی ئێران، وەرگێرانی لە فارسییەوە بۆ کوردی.

١٦. د.عبدالرحمن قاسملو، کوردستان وکورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی ئابووری، وەرگێرانی عبدالله حسن زادە، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣، بۆ هەژدە زمانی جیاواز وەك عەرەبی، کوردی، بولگاری، ئینگلیزی...هتد وەرگێڕاوە.

١٧. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، چی لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، ئەم قۆناغەی دیاری کردووە، بڕوانە، ل ٨، ٣٢.

١٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

١٩. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، هەمان سەرچاوە، ل ٣٠ — ٣١.

٢٠. شەرفخانی بەدلیسی، شرفنامە، ترجمە: ملا جمیل بندی رۆژبیانی،١٩٥٣، و ترجمە محمد علی عونی، القاهرە ١٩٥٨.

٢١. شەرفخانی بەدلیسی، شرفنامە، هەژار موکریانی کردوویەتی بە کوردی، بەغدا، ١٩٧٤.

٢٢. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، هەمان سەرچاوە، ل ٩.

٢٣. هەمان سەرچاوە، ل ١١، ١٢.

٢٤. نەسرەدین گولی، زمانی کوردان لدویڤ ڤەکۆلینان دە، لە تورکییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی، گۆڤاری ڤەژین، دهۆك، ژ(١٤)، ١٩٩٩، ل ٣٧.

٢٥. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ل ١١.

٢٦. هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٢٧. د. کەمال فوئاد، زارەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری زانیاری، ژمارە (٤)، بەغدا، ١٩٧١، ل ١٦ — ٢٤.

٢٨. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، هەمان سەرچاوە، ل ١٣.

٢٩. هەمان سەرچاوە، ل ١٣، ١٦.



٣٠. هەمان سەرچاوە، ل ١٤، بۆ زیاتر و وەلامی ئەمانە، بڕوانە: جمال نبز، المستضعفون الكرد و اخوانهم المسلمون، من منشورات كوردنامە، لندن، ١٩٩٧، ل ١٠٨.

٣١. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ل ١٥.

٣٢. د. مارف خەزنەدار، کوردی تورکستان، مێژوو، ئەتنۆگرافیا، ئەدەب، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٢٣، لە رێگای عەباس مەمەد نەزاروف باسی کوردی تورکمانستان هەروەها لە خوراسان لە نامەی دکتۆراکەی، کوردی تورکمانستان لە رووی مێژوو ئەتنۆگرافیاوە باس کردووە. کاتی خۆی و پێشتر محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبەکەی بە نووسینی و لێکۆڵینەوە ئاوڕی لە کوردی خوراسان و کوردی تورکمانستان داوەتەوە. هەروەها بۆ هەمان مەبەست بڕوانە:

د. مارف خەزنەدار، کوردی تورکمەنستانی سۆڤیەت، گۆڤاری توتن، ژ(٤)ی، بەغدا ١٩٦٨.

٣٣. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ل ٢١.

٣٤. هەمان سەرچاوە، ل ٨، ١٩، ٣٠ — ٣١.

٣٥. هەمان سەرچاوە، ل ٩.

٣٦. د.کەمال فوئاد، گۆڤاری زانیاری، ژ (٤)، ل ١٦ — ٢٤.

٣٧. د. فوئا حمە خورشید، اللغة و اللهجات الكوردية، دراسة جغرافية، بغداد، ط٢، ٢٠٠٥، ل ٢.

٣٨. د. کەمال فوئاد، هەمان سەرچاوە، ل ١٧.

٣٩. فوئاد حمە خورشید، هەمان سەرچاوە، ل ٢ — ٣ هەروەها بڕوانە: جمال نبز، المستضعفون الكرد واخوانهم المسلمون، ل ٧.

# دەربارەی زمانی ستانداردی کوردی*

**پ١/ زمانی ستاندارد چیە و چۆن پێناسە دەکرێت؟**

وەڵام: وەکو زاراوە وشەی تریش لە جیاتی ستاندارد بەکاردێت وەك زمانی رەسمی، زمانی نەتەوەیی، زمانی دەوڵەتی. دەکرێت زمانی سەرانسەریشی پێ بوترێت. ئەمە بە شێوەیەکی گشتی.

زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە لەلایەن زۆرینەی نووسەران، ئەکادیمیان، زانایان، رۆشنبیران و کارگێڕان لە خوێندن و نووسین و زانست و ئەدەبیات و بەڕێوەبردنی کارگێڕیدا بەکاردێت. ئاست و شوێنێکی بەرزی لە نێوان زارەکانی تردا لە لای قسەپێکەرانی زمانەکە و زارە نزیکەکانییەوە بە هۆی پەیوەندی لە رووی رۆشنبیری یا رامیاری یا بازرگانییەوە هەیە. ئەم زارە( لهجە) لە ناو زارەکانی تردا دەبێتە زمانی نووسراو بۆیە (زمانی نموونەیی، ستاندارد) یا زمانی دەستووریشی پێدەڵێن.

هەر زارێك لە ناو هەر زمانێکدا ئەم دەورانەی هەبێت یا باشترە بڵێین بووبێتە زمانی شیعر و ئەدەبیات، زمانی راگەیاندن، زمانی خوێندن و زانست و ئەکادیمی و دانراو و بڵاوکراوەی هەبێت و بەردەوامی، لەم روانەوە، بە خۆیەوە دیبێت دەبێتە زمانی ستاندارد یا ئەو دەورە دەبینێت.

**پ٢/ ئایا کورد خاوەن زمانی ستانداردە و گەر هەیەتی تایبەتییەکانی چین؟**

وەڵام: بەڵێ کورد زمانی ستانداردی هەیە و دەکرێت بڵێین خاوەنی زمانێکی ستانداردە، چونکە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ زمانی ستاندار یان زمانی رەسمی

* (ئەم بابەتە لە لاپەڕەی تەوەری رەخنەیی رۆژنامەی چاودێری ژمارە (٢١٥-٢١٦) لە ٢٠٠٩/٢/٢٣ و ٢٠٠٩/٣/٢ بە شێوەی پرسیار و وەڵام بڵاوبۆتەوە).



نەتەوەی تردا زۆربەی ئەولایەنانەی گرتۆتە خۆی و وەکو زمانێك، تەنها ئەوەی نەبێت کە نەبۆتە زمانێکی سەرانسەریی تەواو لە هەموو کوردستان، ئەمەش بە هۆی باری سیاسی ئاڵۆز و ژێردەستەیی زمان و میللەتەکەیەوە کە لە یەکتر دابڕاوەو سنووری دەوڵەتی لە یەکتری دایبڕیوە لە هەندێك وڵاتی بە رەسمی هەر قەدەغەکراوە.

## تایبەتێتی زمانی ستانداری کوردی ئەمانەن:

١. زاری کوردی ناوەڕاست توانیویێتی دەوری زمانی ستاندار ببینێ، چونکە بێجگە لەوەی، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەی زایینی وەکو زارەکانی تری زمانی کوردی (لۆری، هەورامی، کرمانجی) بۆتە زمانی شیعر و ئەدەبیات، دواتر وەکو ئەم زارانەی تر رانەوەستاوە تا لە کار بکەوێت بەردەوام بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوە. لە زمانی شیعرەوە بۆتە زمانی ئەدەبیات و پاشان بۆتە زمانی خوێندنی قوتابخانە لە سەردەمی راپەڕینی شیخ مەحموودەوە تا ئێستا و بەردەوامیشە.

٢. دەوری زمانی رۆژنامەگەریشی بینیوە و دیسان لەم رووەشەوە هەر بەردەوام بووە، چەندین رۆژنامەی وەکو، پێشکەوتن، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال، ژین، .........هتد پاشان گۆڤار و ئێستا بەدەیان و بگرە بەسەدانیش رۆژنامە و گۆڤاری تر هەن.

٣. دانراو و کتێبی جۆراوجۆری وەك ئەدەبیات، فەرهەنگ، بەرهەمی فەلسەفی و سیاسی و ئابووری، زانستە چەسپاوەکانی وەك (کیمیا، فیزیا، بیرکاری، زیندەوەرزانی و ئەندازە)، جوانکاری ناوماڵ و هونەری چێشت لێنان لە قوتابخانەشەدا دەخوێنرێن. کەواتە لێرەدا دەوری زمانی زانستیشی بەخۆیەوە بینی و چەندین فەرهەنگی جیاوازی وەك کارگێڕی و یاسادانان، زانستی و زمانەوانی پێ دەرچووە.

٤. ئەو سەرچاوە و سامانە رۆشنبیرییەی کە میللەتی کورد لە بواری جیاجیای رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، پەروەردە و فێرکردن و زانست هەیەتی هەر بەو زارە زمانە نووسراوە کە لە سەردەمی نالی شاعیرەوە بۆتە زمانی شیعر.

٥. له بواری ئەم زمانە ستاندارده‌وه، چ به خۆی و چ به هۆی وەرگێڕانەوە توانراوە نووسەرانی کورد نەتەوەی خۆیان بە میللەتەکـەیان و بـە نەتـەوەی تـر بـە پێـی ئـەو دەرفەتـەی هـەیبووە بناسـێنێ وەکـو نـاوداران، هونەرمەنـدان، نیـشتمانپەروەران و شۆڕشگێڕان، زانا و دانای.

٦. ئەم زمانە ستانداردەی کە هەیە، نووسەرانی جیاوازی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە موکریان، ئەردەلان، باجلانی و هـەورامان، گـەرمیان، لـە هـەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی کە خۆیان بە زاری لە یەکتر جیاوازی وەکـو: کوردی ناوەڕاست، لوری، هەورامی، باجەلانی، بـادینی، کـەڵوڕی و سـنەیی..... قسە دەکەن و بە زمانی نووسین قەبوولێیان کردووە، تەنانـەت نووسـەری بـادینیش هەیە بە کاری هێناوە.

٧. ئەم زمانە ستانداردە کە ئێستا هەیـە و لـە سـەردەمی نالییـەوە کـە لـە سـەرەتای سـەدەی (١٩ز)ەوە دەسـتی پێکـردووە، بـەردەوامبووە لـە مەیدانـدا ڕانەوەستاوە. ئەم تایبەتێتەی لە زارەکانی تری کوردی جیـای دەکاتـەوە، چـونکە ئەگەرچی زاری لوڕی لە سەدەی نێوان (١٠-١١) و گۆران و هـەورامی لـە نیـوەی دووەمی سەدەی چواردە و بگرە دواتر، کرمانجیش لە نێوان سـەدەی (١٥-١٧ز) و دواتـر لـە کۆتـایی سـەدەی ١٩ز بۆتـە زمـانی ڕۆژنامـە، بـەڵام ئـەم حاڵەتانـە بەردەوامیان نەبووە و بە هەر هۆیەکەوە بوو بێت سیاسی یا هەر هۆیەکی تر بێـت لە کارکەوتوون و بەکارنەهاتوون. ئەگـەر دواتـریش زاری وا هەیـە دەوری دیبێـت ئەوا دیسان لە ڕەوتەکە پـچڕاوە. بۆیـە بـارە سیاسـی و ڕۆشـنبیرییەکە لـە بـار و گونجاو بووە بۆ ئەم زمانە ستانداردە (کوردی ناوەڕاست).

٨. ئەو دەزگا ڕۆشنبیری و پەروەردە و فێرکردنەی کە بە کوردی بووە، لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کتێب و بڵاوکراوەی پێ دەرکردووە.

٩. ئەم زمانی ستانداردە حاڵەتی ڕێزمانی ئـاڵۆزی نییـە وەکـو بـوونی ڕەگـەزی جیاجیای نێرومێ بۆ هەر دیاردەیەکی ڕێزمانی کە دەبێتە کۆسپ و تەگەرەی خوێنـدن



و فێربوون. بۆ نموونە ڕەگەزی (نێـر و مـێ) لـە بـانگکردن، لـە کـەس، لـە حاڵـەتی خستنەسەر (ئیزافە)، یا بوونی ڕەگەزی ڕێزمانی بۆ ناوێکی بێ ڕەگەز لە واقیعدا.

١٠. زمانی حاڵی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کورد بووە لـە هـەردوو بەشـی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارییان پـێ دەرکـردووە وەك سەردەمی شێخ مەحمود، کۆماری کوردستان، شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشـی نـوێ و لـە سالی ١٩٩٢ لـە دامەزرانـدنی پەرلـەمان و حکوومـەت و دەزگاکانیـەوە زمانحـالێ (حکوومەت) و یاسای کوردستانی پێدەرچووە.

١١. سەرکردە کوردەکانیش لە دەرەوەی وڵات هەر بـەم زارە خۆیـان ناسـاندووە و قسەیان کردووە وەك لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان/ لە واشـنتن بـە تایبـەتی لـە دوای ١٩٩٢ و ڕوخاندنی ڕژێمی سەدامەوە، ئەمەش بەردەوامییـەکی ترێتـی، واتـای ئەوەیە بەرەو پێشەوە دەڕوات.

١٢. هۆیەکی یارمەتیدەریش هەیە، ئەویش ئەوەیە ناوەندی دەسەڵاتی کوردی بـۆ سێ جار لە مێـژوودا وەك لـە سـەردەمی شـێخ مـەحمود لـە سـلێمانی و کۆمـاری کوردستان لە مەهاباد و ئێستاش لـە پایتـەخت و ناوەنـدی دەسـەڵاتی کـوردی لـەم بەشەدا لە هەولێر و ناوەندی زاری کوردی ناوەڕاسـتە کـە دەوری زمـانی سـتانداردی بینیوە، ئەگەر وا نییە، ئەی کورد ئـەو بەرهـەم و سـامانەی کـە هەیـەتی بـۆ خـۆی خەرمانێك لە زانست و ئەدەبیات پێکدێنێ بەچی نووسراوە.

١٣. بوونی زارێکی زمان بە زمانی ستاندارد، بە زۆری قسە پێکەرانی یا فراوانی رووبەری زارەکـە نییـە، بـەڵکو بـە پێـی ئـەو بارودۆخەیـە، کـە لـە مێـژوودا بـۆی ڕێکدەکەوێت وەك هـۆی ئـایینی یـا ئـابووری و بازرگـانی یـا ڕۆشـنبیری و سیاسـی دەیهێنێتە پێشەوە و، لە بەرێوەبردنی کار و نووسیندا بەکاردێت، ئەگەر بارودۆخەکـە بەردەوامی هەبێت دەیکاتە زمانی نەتەوەیی سەرانسەری و دەوڵەتی و ڕەسمی. ئەگـەر بەزۆری بوایە زاری قورەیش لـە بەرانبـەر زاری ژمـارە زۆری هۆزەکـانی تـری وڵاتـی حیجاز وەکو هۆزی (ئەوس و خەزرەج، یا هەوازن و ثقیف) هەرگیز نەدەبوو بەم زمانە

نەتەوەییەی کە ئێستا لە زەریاوە بۆ کەنداو بەکاردێت، بەڵام زۆری شتێکە و دەسەڵاتی مێژوو و رووداوەکان شتێکی ترە.

١٤. بۆ ئەوەی ئەم زمانە ستانداردە پێشکەوێت و بەرەو فراوانی بڕوات پێویستە بە وشە و زاراوەی زارەکانی تر ئاوێتە بکرێت کە ئەمەش کارێکی گران نییە، تا رۆڵەی زارەکانی تر باشتر لێی تێبگەن و یەکبوونی و یەکخستنی زاراوە و پەیڕەوکردنی لای هەموو نووسەران، زمانە ستاندەردەکە بەرەو فراوانبوونی و سەرانسەری دەبات.

١٥. سەرهەڵدانی زمانی ستاندارد لە ناوچەیەکی پێشکەوتوو لە رووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە یەکێکە لە تایبەتییەکانی زمانی ستاندارد لای نەتەوەکانی ئەوروپا و گەلانی تر. ئەم دیاردەیە لای کوردیش لە دوای دامەزراندنی شاری سلێمانی و بوونی بە پایتەختی میرنشینی بابان دەبینرێت کە لە بواری جیاجیای ژیان و رەچاوکردنی دیمەنی شارەستانییەت بە تایبەتی شیعر و ئەدەبیات و هەڵکەوتنی دەیان شاعیر لە ناوچەکە.

١٧. هەروەکو چۆن زمانی لاتینی لە کۆتایی سەدەی ١٦ز و سەرەتای سەدەی ١٧ز لە ئەوروپا وردە وردە لە زمانی کارگێری و کارکردن لە کارکەوت و زمانی نەتەوەکانی ئەوروپا شوێنی گرتەوە، لە دوای کشانەوەی دەوڵەتی عێراق و دام و دەزگاکانی پاشەکشە زمانی عەرەبی لەم بەشەی کوردستان وەکو زمانی نەتەوەی دەسەڵاتدار بەرانبەر زاری کوردی ناوەڕاست وەکو زمانی ستاندارد حازر بەدەست بە هیچ شێوەیەك لە بوارە کارگێری و بەڕێوەبردن و لایەنەکانی تر پەکی نەکەوت و پێویستییەکانی جێبەجێ کردووە.

**پ٣/ ئایە پێویستمان بە زمانی ستاندارد هەیە و چۆن دێتە کایەوە؟**

بەڵێ ئێمە و هەر نەتەوەیەکی تر پێویستی بە زمانی ستاندارد هەیە، چونکە زمان بنەمای پێکهاتنی نەتەوە پێکدێنێ و بەبێ زمان نەتەوە دەتوێتەوە و نامێنێ، لە بەر ئەوەی زمانی نووسین، دەبێتە هۆی پاراستنی سامانی نەتەوەیی لە بواری



رۆشنبیری و زانست و ئەدەبیات و هونەر و لە بەڕێوەبردنی کەلەپوور و فەرهەنگی نەتەوەیی و بەوهۆیانەوە نەتەوە دەتوانێت بڵێ من هەم و ئەمە منم و ئەمەش تایبەتێتی و خەرمانی نەتەوەیی منە.

**پ٤/ چۆن زمانی ستاندارد دێتە کایەوە؟**

بە پێی تاقیکردنەوەی نەتەوە کانی تر، لە مێژوودا ئەگەر بڕوانینە زانستی زمان (علم اللغة) چەند هۆیەکی گشتی هەیە، بۆ هەر نەتەوەیەك ئەو هۆیانە یا یەك دوو لەو هۆیانە، بوونەتە هۆی پەیدابوون و هاتنە کایەی زمانی ستاندارد لە مێژووی نەتەوە جیاجیاکان وەك ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، عەرەبی.

ئەم هۆیانەش بریتین لە:

باری ئایینی

باری ئابووری و بازرگانی

باری رۆشنبیری

باری سیاسی

١) هۆی ئایینی بە هۆی بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆك و فەلسەفە و دەستووری و ئایینییەوە بە زمانێکی یا بەزراری زمانێکی دیاریکراو لە ناو خەڵکدا بە پێی پەرەسەندن و وەرگرتن و قبوولکردنی و بڵاوبوونەوەی وردە وردە بیری ئایینەکەوە ئەو زارە بڵاو دەبێتەوە و پێ دەنووسرێ و بەکاردێت. بۆ نموونە وەك زمانی عەرەبی کە زاری هۆزی قورەیشی بە هۆی ئایینی کە بووە زمانی قورئان و بە هۆی بازرگانییەوە کە کوڕانی هاشم (بنی هاشم) و کوڕانی ئومەییە (بنی امیە) هاتووچۆی وڵاتی شامیان دەکرد و لە لایەکی ترەوە شیعر خوێندنەوەی شاعیرانی هۆزە عەرەبەکانی حیجاز لە بازاڕی عوکاز لە رۆژانی هەینی، زاری قوڕەیشی کرد بە زمانی ستاندارد و لە کۆتاییدا هۆیە ئایینییەکە، ئەمەی چەسپاند. بۆ زمانی کوردیش لە سەرەتاوە بە هۆی ئایینی زەردەشتییەوە، زمانی ئاوێستا ئەگەرچی زمانێکی سەربەخۆش نەبێ، ئەوا زارێکی زمانی میدی بووە، بۆتە زمانی ئایینەکە و کتێبی ئاوێستای پیرۆزی پێ نووسراوەتەوە، بەڵام بە هۆی رووخانی دەوڵەتی میدیاوە، پاشەکشەی کرد و لەلایەن

سوپای گریك، عیلامی، بابلی و دواتر له شکری ئیسلامەوە سووتاوە و فەوتێنراوە، ئەوەشی بە سوود بووە بۆ خۆیان بردوویانە، بۆیە بەردەوامی نەبووە تا ببێتە زمانی ستاندارد. کەواتە هۆی ئاینیش بۆ ستاندارد بوونی زمانی کوردی دەخرێتە لاوە.

٢) باری ئابووری و بازرگانی: بۆ نموونە ناوەندێك لە ولاتێکدا یا لە نێوان دوو ولاتدا دەبێتە ناوەندی چالاکی ئابووری و هاتووچۆی بازرگانی و بازاڕی گەرم پێکدێت و بە هەزاران کەس لەو ناوەندەدا کۆدەبێتەوە، ئەمجا زاری ئەو شوێنە یا هەر زارێك لەوێدا بەردەوام بەکاربهێنرێت، وردە وردە دەبێتە زمانی پەیوەندی و ئالوگۆڕکردنی ئابووری و بازرگانی، لەوێوە بە ناوچەکانی تردا بلاو دەبێتەوە، ئەو زمانی قسەکردنەی ئەویٚ، دەبێتە زمانی ستاندارد. بۆ نموونە زمانی ( بیسلامار) لە ئەنجامی چالاکی بازرگانییەوە لە ئۆقیانووسی ئارام لە سەدەی (١٧)ز بازرگانی پێوەکراوە بە هۆی جۆرە کرمێکەوە پێی دەوترێ بیسلامار (واتە خەیاری ئاوی ) خواردنێکی خۆشی چینییەکان بوو، برەوی وەرگرت و لە ئەنجامی تێکەلاوبوونی خەلکی شوێنەکەو خەلکی ئیشکەران کە لە یەکتر تێناگەیشتن، زمانی سێیەم پەیدا بوو کە زمانی بیجین و کریو لە لە سالی ١٨٦٠ پەرەی سەند و بوو بە زمانی ستاندارد.

لەم رووەوە کورد هۆی ئابووری دەوری بۆ نەبینیوە، چونکە یەکەم شت ولاتەکەی لە یەکتر دابڕاوە، پەیوەندی ئابووری لە نێوانیدا پچڕاوە، تا بە هۆی ناوەندێکی ئابووری و زمانی ستاندارد پێکبێت، لە لایەکی ترەوە ولاتی کورد دەریای نییە، دەریا دەورێکی گرنگ و زیندوو لە پەیوەندی چالاکی ئابووری دەبینیٚ. هەولێش دراوە خاکی کورد لە دەریا دووربخرێتەوە وەك لە لوڕستان و لای رۆژئاوای کوردستانەوە.

٣) هۆی رۆشنبیری: بۆ کورد لە کۆنەوە بە هۆی زارە جیاوازەکانی زمانی کوردییەوە وەکو لوڕی لە نێوان سەدەی (١٠-١١ز) پاشان گۆران هەورامی لە نیوەی دووەمی سەدەی چواردەهەم و دواتر زاری کرمانجی لە نێوان سەدووە (١٥-١٧ز) لە شیعردا دەوریان بینیوە و کرمانجیش لە بواری رۆژنامەشدا دەوری هەبووە، بەلام ئەوەی ئەم زارانە لە زاری کوردی ناوەڕاست جیادەکاتەوە، ئەوەیە زارەکانی تر لە



بواری رۆشنبیریدا تەنانەت وەکو زمانی شیعریش بەردەوامییان نەبووە و نەبوونەتە زمانی بابەتە رۆشنبیرییەکانی تری وەکو شیعر، ئەدەبیات، رۆژنامەگەری، یا نەبوونەتە زمانی نووسین و خوێندن و زانست و ئەکادیمیش لەو بوارەدا بەردەوامیان هەبووبێت، هەریەکەیان لە سەردەمێکی جیادا هەبوونە و پاشان لە کارکەوتوون. کەچی کوردی ناوەڕاست لەم رووانەوە تا ئێستا رانەوەستاوەو هەر بەردەوامە و لە بەرەو پێشچوونیشدایە و بۆتە زمانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن. لە رووی جوگرافیشەوە دوو بەشی کوردستانی گەورە لە باشووری شاری (ورمیٚ)یەوە تا سەر زێی قەندیل لە رۆژهەلاتی رووباری دیجلەوە و، لەولاشەوە بەرەو باشوور تادەگاتە سەر ئاوی کەنداو لای باشووری رۆژهەلاتی ناوچەی خۆزستانی عەرەبییەوە. دەیان کوردی فەیلی زمان لە نووسیندا بەکاری دێنن. لە بادینانیش لە دوای راپەڕینەوەکرا بە زمانی خوێندن و هەموو قۆناغەکانی گرتەوە، کەچی دواتر گرفتی هاتەبەر. ئەمجا هۆی رۆشنبیری تاکە هۆیەکە دەوری هێنایە کایەی زمانی ستانداری کوردی بینیوەو و بەردەوامیشە لە چالاکی نەکەوتووە، چونکە زاری کوردی ناوەڕاست هەروەکو لە سەرەتاوە باسمان کرد دەوری جیاجیای لە بواری شیعر و ئەدەبیات، خوێندن و زانست و ئەکادیمییەت، رۆشنبیری گشتی و راگەیاندن و رامیاری، کارگێڕی و بە رێوەبردن ئەمجا ماوەتەوە، ئەوەی کە ئەوەی هەیە وەکو زمانی ستاندارد ببێتە زمانی سەرانسەری هەموو کوردستان، بەلای منەوە ئەگەر گرفت نەبێت لە بەردەم ئەم زارە ئەو دەورەش دەبینێت، بەو مەرجەی زاراوەکانمان (مصطلح) یەکبخەین و لە هەموو بوارەکاندا یەك زاراوە بۆ هەر شتێك بەکاربهێنین نەك یەك و دوان و سیان و هەرکەسەو بە ئارەزووی خۆی .

٤) باروو هۆی سیاسی لەگەلٚ رۆشنبیرییەکە تا رادەیەك لە خزمەت یەکتردا بوونە، بەلام لەبەر ئەوەی کورد، لە رووی سیاسییەوە، قەوارەی سەربەخۆی نەبووە و دەسەلاتی نەگرتۆتە ئەستۆ، نەیتوانیوە وەکو هۆی رۆشنبیری دەوری زمانی ستاندارد ببینیٚ، بارە سیاسییەکەی ناوچەی زاری کوردی ناوەڕاست لە بارتر و گونجاوتربووە بۆ ئەوەی ئەم زارە

کوردییە بەکاربێت، بەڵام دەسەڵاتێکی سیاسی سەربەخۆی نەتەوەیی وانەبووە بە بەردەوامی پارێزگاری لەم حاڵەتەدا بکات، چونکە زمانی نەتەوەیی (زمانی دەوڵەتی-یا ستاندارد) لە قۆناغی سەردەمی سەربەخۆیی و رزگاری نیشتمانیدا بڕیار لە سەر ئەوەی کە هەیە و دەوری بینیوە دەدرێت، چونکە دەسەڵاتی سیاسی بەردەوامی خۆی نەبووە. بەڵام بارە سیاسییەکەی بۆ ئەم زارە لە بار و بەردەوام بووە. ئەوەی ماوەتەوە بڕیارێکی سیاسییە بۆ ئەوەی زمانەکە لەم حاڵەتی گەڕەلاوژییەی هەیە دەربیکات، بەڵام بە مەرجێك بڕیارەکە زەمینەی خۆشکراوو رەخساو و لە باری زارێکی بۆ رەخسابێت، نەك پاشگەزبوونەوەی لەدوا بێت، بەڵام ئەوەی پێویستە بوترێت و دەبێت هەموو رۆشنبیران و نووسەران ئەوە بزانن کە زمانی ستاندارد، واتە (زمانی نەتەوەیی-دەوڵەتی) مێژوو پێکی دەهێنێت و لە دەسەڵاتی کەسدا نییە. هۆیە مێژووییەکەشی باسکرا کە چۆنە و چۆن دەوری هەیە و سامانی نەتەوەیی بەچی نووسراوەو بەچی پارێزراوە.

**پ٤/ کێن ئەوانەی دەتوانن بڕیار لەسەر دەسنیشانکردنی و هاتنەکایەی زمانی ستاندارد بدەن، کەسانی ئەکادیمی یا ناوەندی دەسەڵات؟**

وەڵام: هیچ لایەن و دەسەڵاتێکی ئەکادیمی تا سیاسی ناتوانێت لە خۆیەوە بڕیاری دەسنیشانکردنی زمانی ستاندارد بدات، چونکە ئەمە کاری مێژوو، ئالۆگۆڕی زەمانەو رووداوەکانە. ئەو بارە مێژووییەش زەمینە و بەردەوامی خۆی هەیە، لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخی میللەت و وڵاتەکەوە بارودۆخێك دەرەخسێت بە هۆی ئاییینی یا ئابووری و چالاکی بازرگانی یا رۆشنبیری و سیاسی ئەمجا هۆیەك یا دوو لەمانە زارێك لە ناو زمانێکدا دەهێنێتەکایەوە و برەوی پێدەدات و بارە سیاسییەکە یا ئەکادیمییەکە لە کۆتاییدا ئەگەر زەمینەی بۆ خۆشبێت لە خزمەتی ئەو زارە بێت و بایەخ و برەوی پێبدات بە بڵاوکردنەوەو دانان و فەرهەنگەوە، پاشان بە رەسمی بکرێتە زمانی ستاندارد، چونکە زمانی ستاندارد دروست ناکرێت و پەیدا دەبێت ئەو بڕیارەش دەبێت مایەی جێبەجێکردن و وەرگرتن بێت لەلایەن خەڵکەوە و پاشگەزبوونەوەی لە دواوە نەبێت. جێبەجێکردن و وەرگرتنەکەش دەبێتە لەسەر بنچینەیەکی زانستی و ئەکادیمی بێت نەك دەمارگیری.



**پ٥/ رات چییە دەرباری خوێندن بە دوو زاری زمانێك بۆ نەتەوەی کورد لە رووی زانستی و پەروەردەیی و (کەسێتی و سایکۆلۆژی) و رامیاری و ئاسایشی نەتەوەییەوە، کە ئێستا وەزارەتی پەروەردە لە پرۆسەی خوێندندا جێبەجێ کردووە؟**

وەڵام: هەرگیز زانستی زمان و ئەزموونی گەلان و منیش لەگەڵ ئەوەدا نیم بە دوو زاری زمانێك بخوێنرێت، لە هەموو دنیادا شتی وانییە، ئەوەی هەیە بە دوو زمانی جیاوازی دوو نەتەوە دەبێت لە ناو وڵاتێکدا بخوێنرێ، بۆنموونە وەکو لە عێراقدا بە عەرەبی و بە کوردی لەلایەن نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردەوە بە پێی یاسا ئەو دوو زمانە بەکاردێن، ئەمیش بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری وایکردووە، دیسان کە چ زارێکی زمانی کوردی ئەم دەورەی هەیە. هۆی نەگونجانی دوو زاری زمانێك بۆ خوێندن لەلایەن رۆڵەی یەك نەتەوەوە، چ زوو بێت یا درەنگ زمان و میللەتەکە بەرەو ئەوە دەبات ببێتە دوو زمان و دوو میللەتی لەیەکتر جیاواز و بەدرێژایی زەمانیش لەیەکتر دایان دەبڕێت و جیادەبنەوە. ئەمجا نازانم لەمەودوا پێچەوانە رووبدات ئەمە زەحمەتە بە تەواوی ئاییندە بخوێنرێتەوە.

بەکارهێنانی دوو زاری زمانێك لە خوێندن و نەگونجانی دەبێتە هۆی ئەوەی دوو باری دەروونی و کەسێتی و پەروەردەیی جیاواز پێکبێت و لە کۆتاییدا زیان دەگەیەنێت بە ئاسایشی نەتەوەیی، چونکە دەبێتە هۆی دابڕانی میللەتەکە. لێرەدا دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان دوو زاری زمانێك لەگەڵ دوو زمانی جیاواز. بڕیاری وەزارەتی پەروەردە، بڕیارێکی نا ئاکادیمی و نازانستییە، چونکە ئاگاداری ئەزموونی زمانی ستانداردی گەلان و نەتەوەکانی جیهان نییە ئێمە نموونەی بۆ دەهێنینەوە، کە چۆن بوونەتە زمانی ستاندارد.

بۆ نموونە هۆکاری رۆشنبیری: بە هۆی نووسینەکانی شکسپیرەوە کە شانۆگەرییەکانی بەهێز و سەرکەوتووبوون، بۆیە خەڵکی تر ئەو زارەیان بەکارهێنا ئیتر زاری شاری لەندەنی کرد بە زمانی ستاندارد، ئەگەر سەرکەوتوویی زمانە ئەوروپایەتەکەی شکسپیر نەبوایە لەو بەرهەمانەیدا دڵنیام بەپێچەوانەوە دەبوو. زاری

مەدرید و زاری تۆسکانی ئیتالّی بوون بە زمانی نەتەوەی ئیسپانی و زمانی نەتەوەیی ئیتالّی، زاری سەکسۆنی ئەلّمانی لە سالّی ١٥٤٠ز دوای بلاّوبوونەوەی بنەمەکانی (مارتن لۆسەر) جێگەی لاتینی گرتەوە، بابیینەوە سەر باسەکە دەبوایە وەزارەتی پەروەردەی ئاگاداری کەسانی ئەکادیمیان و زمانەوانی کوردی بە ئەزموون و ئاگاداری لەو بوارە کە هەیە بکردایەتەوە و راوێژی پیّ بکردابان ئەمجا بڕیاری دەربکردایە، یا ئەوەی پێشتر هەبوو لە بەرنامەی خوێندندا دێرێك بە بادینی و دێڕی تر بە کوردی ناوەڕاست کە ئەمەش هەڵەیەکی تا بلّیی گەورە و نازانستی بوو، چونکە دوو رێزمانی جیاواز لە بەرانبەر قوتابیدا ئەگەر چی لە لایەنی لەیەکچوونیانیش هەیە دروست دەبێت. ئەم حالّەتە لە هیچ شوێنێك پەیڕەو نەکراوە کە دوو زاری تاکە زمانێك لە بەرنامەی خوێندندا هەبێت، بەلاّم پێویستە ئەوەی هەیە ئاوێتە بکرێت بە زاراوەی زارەکانی تر بە تایبەتی کرمانجی.

**پ٦⁄ کردنەوەی ناوەندی وەرگێڕان و فەرهەنگ و زاراوەی سازی لە کوردستاندا، تا چەند دەوری دەبێت لەهێنانە ناوەوەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو؟ پێتوانییە دەسەلاّتی کوردی لەم بوارەدا کەمتەرخەمە؟**

کردنەوەی ناوەندی وەرگێڕان و فەرهەنگ و زاراوە سازی ئەگەر ئەکادیمیانە لە لایەن شارەزایان و ئەکادیمیانەوە بە یەکگرتوویی و هەماهەنگی کاربکەن بێگومان خزمەت بەوەی کە ئێستا هەیە و لە بواری جیاجیادا بەکاردێت.

بە سوودە و پێشی دەخات، نەك لەیەکتر دابڕێن و هەرکەس و لایەنێك بە ئارەزووی خۆی و بەبێ ئاگا لەویتر کاربکات، بەلاّم دیسان ناتوانن زمانی ستاندارد بهێننە ناوەوە، بەلّکو دەتوانن دەوری پێشخستنی زمانەکە ببینن و ئەوەی هەیە پێش بخەن و برەوی پێبدەن. پاشان بەکارهێنانی زاراوەی (زمانی یەکگرتوو) هەلّەیە بەکاربێت. چونکە هێمایە بۆ یەکگرتنی چەند زارێك لە ناو زمانێکدا یا بە یەکگرتنی زمانی جیاواز لە ناو زمانێکدا یا پێکەوە زمانێك پێکبهێنن،

بۆ زمانی کوردی و غەیری کوردیش زاراوەی زمانی ستاندارد بەکاربێت چاکتر و زانستی ترە نەك یەکگرتوو، کە پێشینانی ئێمە بەکاریانهێناوە زانستی و راست نییە.



بەلّیّ دەسەلاّتی کوردی لەم بوارەدا کەمتەر خەمە، چونکە بێدەنگی نواندووە، ئێستا و لە دوای پێکهێنانی پەرلەمان و حکوومەتەوە دەزگای جیاجیای وەرگێڕان و لێژنەی دانانی فەرهەنگ هەبوایە و بە گەرە لاوژەیی کار نەکرایە، یا کۆڕی زانیاریش چالاك و ئەکادیمیانە رەفتاری بکردایە، زۆری بلاّوکراوە بەبیّ ئاگایی و هەرکەس بۆ خۆی کاردەکات و پرش و بلاّوی زاراوە و وشەی ناجۆر، زمانەکەی بەرەو دواوە هەنگاوی پێناوە.

پسپۆر و ئەکادیمی لەو بوارانە و لە بواری زمانەوانیدا تیایدا کاربکەن و نەك بە هۆی لایەنداریيانەوە یا فلاّن ناودارە و فلاّن نازانم کێیە دابنرێت و حیسابیش بۆ کەسانی ئەکادیمی و پسپۆر و لێهاتوو لەو بوارەدا نەکرێت.

لێرەدا دەبێت رەچاوی سەربەخۆیی کارکردنی دەزگاکان بکرێت و دەسەلاّتەکان سەربەخۆبن. ئەمجا بە کوردی دەزگا جیاجیاکانی پەخش و بلاّوکردنەوە، وەرگێڕان و کۆڕی زانیاری دەوری رێگا خۆشکردن دەبینن، بەلاّم ناتوانن زمانی ستاندارد بهێننە کایەوە، ئەمە کاری مێژووە. دەسەلاّتی کوردی لە رووی مالّی و سەرفکردنەوە لەم بوارەدا درێغی نەکردوە، بەلاّم بە بەرنامە کارنەکراوە.

**پ٧⁄دەوری سیاسی و مێژوویی زمان چییە بۆ سەربەخۆیی نەتەوەی کورد؟**

وەلاّم: زمان بنەمای بوونی نەتەوە پێکدەهێنیّ، دەبێتە هۆی پەیوەندی بەستن و هاوسۆزی نەتەوەیی نێوان رۆلّەکانی و دانەبڕانیان لە یەکتر و مانەوەیان ئەمەش هۆی سەربەخۆیی بوونی نەتەوەکەمانە. بە هۆیەوە خزمەتی فەرهەنگ و داب و نەریت و کەلتوور نەتەوەیی پێدەکرێت. بەکارهێنان و بەڕێوەبردن بە زمانی نەتەوە، بەردەوامی و سەربەخۆیی دەدات بەو نەتەوەیە، کە لە مێژوودا هەیە لەسەر عەردی واقیعدایە و خاوەن مێژووی خۆیەتی، حیسابی بوونی نەتەوەی بۆ دەکرێت و پێی دەناسرێتەوە. زمان ناسنامەی نەتەوەیە، ئەگەر هەر نەتەوەیەك زمانی خۆی نەبێت لە ناو نەتەوەی تردا دەتوێتەوە. لەبەرنەمانی زمانیان ئێستا نەتەوەی بابلی و حەمیری و ئاشووری نەماون و با لە ناو نەتەوەی تریشدا نەوەیان

مابێتەوە، بەڵام کەس نایان ناسێتەوە وەکو بابلی و حەمیری، چونکە زمانەکەیان نەماوە و مردووە. دەکرێت پرسیارەکە پێچەوانەش بکرێتەوە بڵێین سەربەخۆیی سیاسی دەبێتە هۆی پێشخستنی و بەکارهێنان و مانەوەی زمانی نەتەوە، چونکە سەربەخۆیی نەتەوەی بە هۆی دەسەڵاتی سیاسییەوە پارێزگاری لە زمان و فەرهەنگ و کەلتووری دەکات.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێیم: ئەگەر زمانی ستانداردمان نییە دەبێت بڵێین فەرهەنگ و کەلەپور و کەلتوور و سامانی نەتەوەیی نووسراوی لە مێژینەمان نییە، کە دەوری سەد و حەفتا ساڵ بەردەوام لە هەڵکشان و بەرەو لوتکە دایە. لە نالییەوە بۆ سەردەمی راپەرینی شێخ مەحموود، لەوێوە بۆ شۆڕشی ئەیلول و بەیاننامەی ١١ ئادار، پاشان بۆ سەردەمی مێژوویی وەرچەرخانی کورد، راپەڕینی ١٩٩١ دواتریش دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەت و دامەزراندنی دەزگای جیاجیای ئەکادیمی بەڕێوەبردن و یاسادانان کە ئەم دیاردەیە هەرگیز وەستانی بەخۆیەوە نەدیوە و دەسەڵاتی مێژوو هێناویەتییە کایەوە. بەم حاڵەتەوەش ئەگەر بەڵێین زمانی ستانداردمان نییە، واتا خۆمان بە خۆمان دەڵێین وەکو نەتەوە نین. چونکە بێ سامان و فەرهەنگی نەتەوەیی تۆمارکراو دەمێنینەوە. کە تایبەتێتی شارستانییەت و زیندوێتی میللەتە، بەبێ ئەمە وەکو خێڵە دواکەوتووەکانی ئەفریقیا و ئەسکیمۆ دەبین.

# بەرهەمە بلاوكراوەكانی نووسەر

**كتێب:**

١. چەند بابەتێكی زمان و رێزمانی كوردی، دەزگای موكریانی، هەولێر/٢٠٠١.

٢. ئامرازی بەستنەوە لە زمانی كوردیدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی/٢٠٠٤.

٣. دەردی دووری هەوارگەی وێران، دیوانی شیعرو پەخشان، سلێمانی/٢٠٠٤.

٤. كێشەی كەركوك و چۆنیەتی چارەسەركردنی، دەزگای موكریانی، هەولێر٢٠٠٧.

٥. ئەو وشانەی لە چاووگەوە وەردەگیرێن، دەزگای موكریانی، هەولێر ٢٠٠٨.

٦. زمانەوانی، كۆمەڵە وتارێكی زمانەوانی.

٧. زمانی راگەیاندن و زمانی دژە راگەیاندن، گۆڤاری ژمارە (٢)ی كۆنگرەی زمان، كۆلیژی زمان زانكۆی سەلاحەددین ٢٠٠٧.

٨. زمانی كوردی و شوێنی لەناو زمانەكانی جیهاندا، دەزگای موكریانی ٢٠٠٨.

٩. ئەدەب، كۆمەڵە وتارێكی ئەدەبی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپخانەی رۆشنبیری ٢٠٠٨.

**زمانەوانی:**

١. گۆڕانی باری ئابوری و فراوانبوونی وشەی زمانی كوردی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ. ژمارە (١٣٢)، ١٩٩٣، ل ٦٨ — ٨٠.

٢. دەوری ئامرازی "تا" لە زمانی كوردیدا.گ. رۆشنبیری نوێ. ژمارە(١٣٥)، ١٩٩٥، ل ٦٣ — ٦٩.

٣. دەوری مۆرفیمی "ب" لە رووی مۆرفۆلۆجییەوە، گ: رۆشنبیری نوێ،ژمارە (١٣٨)، ١٩٩٦، ل ٢٢ — ٢٥.



٤. دیاری كردنی ئامراز لە زمانی كوردیدا، مجله الاستاژ، جامعه بغداد، كلیه التربیه الاولی (ابن رشد)، العدد الحادی عشر، ١٩٩٨، ل ٥٤٤ — ٥٧١.

٥. چاووگ و فرمان كامیان سەرچاوەو بنەڕەتن، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق، بغداد، ١٩٩٨، ژمارە ٢٧/ ٢٨، ل ٤٤ — ٧٠.

٦. دەوری ئامرازی "بۆ" لە رستەدا لە رووی واتاوە، گۆڤاری زانكۆیا دهۆك، ژمارە(١)، ١٩٩٧، ل ١٥ — ٢٢.

٧. هۆی پەیدابوونی زارو سەرهەڵدانی زمانی نەتەویی، گۆڤاری زانكۆیا دهۆك، بەرگی ٢، ژمارە (٦)، ١٩٩٩، ل ٧٩١ — ٨٠٨.

٨. مێژووی زمانی كوردی لە كۆنەوە تاكو ئەمڕۆ، گۆڤاری (كاروان)، ژ(١٤١)، مانگی ٢ی ساڵی ٢٠٠٠، ل ١٠٢ — ١٠٧.

٩. كاریگەری بزوتنەوەی كورد و فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی كوردی، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (١٢٧)، ١٩٩٨، ل ١٩ — ٢٤.

١٠. زمانی كوردی چۆن زمانێكە، گۆڤاری (گولانی لاتینی) ژمارە (٩، ٨) سیبتامبەری / ١٩٩٩، ل ٧٨ — ٨١.

١١. زاری ناوچەی شوان بە بەراورد لەگەڵ زمانی ستانداردا، گۆڤاری (كاروان)، ژمارە (١٥١)، ٢٠٠٠، ل ٢٥ — ٣٨.

١٢. جیاكردنەوەی هەندێ كەرەسەی رێزمانی لە یەكتر، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٢٧)ی ئابی ١٩٩٨، ل ١٧٥ — ١٧٩.

١٣. مۆرفیمی "ە" و شێوەی جیاجیای لە رستەدا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە(٣٨) ی ئابی ١٩٩٩، ل ٢٣٨ — ٢٤٤.

١٤. با بایەخ بە زمانی كوردی بدەین، گۆڤاری دهۆك، ژمارە(١)، ١٩٩٧، ل ٣٥-٣٦.

١٥. با زمانی كوردی بكەین بە زمانی زانست، رۆژنامەی پاشكۆی برایەتی، ژمارە (١٥١)، ئەدەب و هونەر لە ٥/ ١١/ ١٩٩٩.

١٦. با وشە رەسەنەکانی کوردی لە دەست نەدەین، پاشکۆی عێراق، ژ (٣٦١)، ١٠/١٢/١٩٩٥، ل ٦.

١٧. هەمزە ( ء)، دەنگ و فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، پاشکۆی عێراق، ژمارە (٣٢٢)، ٢٦/٢/١٩٩٥، ل٦.

١٨. لێکۆلینەوەی زمانەوانی کۆن و تازە، پاشکۆی عێراقی رۆشنبیری، ژمارە (٣٤٣).

١٩. سەرهەڵدانی زمانەوانی، پاشکۆی عێراقی رۆشنبیری، ژمارە(٣٤٦) لە ٢٧/٨/١٩٩٥، ژمارە(٣٤٧) لە ٣/٩/١٩٩٥ زنجیرە وتار.

٢٠. جیاوازی زمانی قسەکردن و زمانی نووسینی، عێراقی رۆشنبیری، ژمارە (٣٢١) و، (٣٢٥)، زنجیرە وتار.

٢١. هەندێك لایەنی گۆڕانی زمانی کوردی، زنجیرە وتار، هاوکاری ژمارەکانی (٢٣٣٥، ٢١٤٥، ٢١٧٠، ٢١٨١، ٢١٩٩)...هتد.

٢٢. سەرنج و تێبینی دەربارەی چەند وتارێکی مامۆستا وریا عمر ئەمین، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٤٣)، ١٩٩٩، ل٣٠ — ٣٦.

٢٣. زارە جیاوازەکانی پارێزگای کەرکوك و کاریگەری راگوێزان بە سەریانەوە، گۆڤاری: هاواری کەرکوك، ژمارە (٥)، ٢٠٠١، ل ١٠٩ — ١١٧.

٢٤. دەنگی رەسەن و نارەسەن لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری هاوکاری، ژمارە (٢٥٦٨).

٢٥. هەڵسەنگاندنی نامەی ماستەری قوتابی ئازاد ئەمین باخەوان بە ناونیشانی (مۆرفیمەکانی "ە" لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا کە لە رۆژی ٢٦/١١/ ١٩٩٨ لە کۆلیژی پەروەردەی یەکەم /زانکۆی بەغدا هەڵسەنگێنرا، لە رۆژنامەی پاشکۆی برایەتی/ ئەدەب و هونەر، ژمارە (١١٣) لە ٥/٢/١٩٩٩، ل ٣.

٢٦. پەیوەندی پێکهاتەی نێوان زمان و بیرکاری، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٠)، ٢٠٠٣، ل ٥ — ١٦.



٢٧. چۆنیەتی ئاوێتەکردنی زارەکانی زمانی کوردی لە زمانی ستاندردا، گۆڤاری (زمانەوان)، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان/ تاران، ژمارە (٢)، ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی — ٢٧٠٢ کوردی / ٢٠٠٢ز. رۆژانی ٣٠ — ٣١/ ٥/ ٢٠٠٢، ٩— ١٠/ جۆزەردانی ٢٧٠٢. تایبەت بە یەکەمین کۆنگرەی زانستی - فێرکاری زمانی کوردی لە ئێراندا.

٢٨. جۆرەکانی رستە لە رووی بوون و نەبوونی کاتەوە، گۆڤاری (الاستاذ)، زانکۆی بەغدا/ کۆلیجی ئاداب، ژمارە (٢٥)، ٢٠٠٥.

٢٩. دابەشکردنێکی نوێی زارەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری کۆلیجی زمان، زانکۆی بەغدا.

٣٠. پاراستنی زمانی نەتەوەیی بەشێکە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، گۆڤاری سابات بەشی کوردی ژمارە (١)، ٢٠٠٥.

٣١. کوردبوونی زمانی شیعری بابە تاهیری هەمەدانی، گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق / دەستەی کورد.

٣٢. گەردانکردنی فرمان لە شێوە زاری شواندا بە بەراورد لەگەڵ زمانی نووسیندا.

**لێکۆڵینەوە و وتاری ئەدەبی:**

١. ئەدەب و ئەدەبی کوردی و گەشە و گۆڕانی : گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٤٠)، ١٩٩٧، ل ٤٥ — ٥٢.

٢. پەیامداری لە ئەدەبی کوردیدا ((الالتزام))، نووسەری نوێ، ژمارە(١٧)، خولی پێنجەم، ١٩٩٦.

٣. وێنەی هونەری لە شیعری پیرەمێرد دا، گۆڤاری : نووسەری نوێ، ژمارە (١٧)، ل ٢٧ — ٥٠ حوزیرانی ساڵی ٢٠٠١.

٤. وێنەی هونەری لە شیعردا، رۆژنامەی (عێراقی رۆشنبیری )، ژمارە (٣٨١).

٥. بۆچی خانی مەم و زینی نووسیوە ؟ هاوکاری ژمارە (٢٥٩٠).

٦. جوانی و ناشیرینی بە واتا فەلسەفێکەی لە شیعردا، عێاقی رۆشنبیری ژمارە (٣٦٤).

٧. واتای فەلسەفی شیعری گۆران، هاوکاری ژمارە (٢٦٥٦).

٨. چۆنیەتی پەیدابوونی شیعرو کۆنترین شیعر، برایەتی ئەدەب و هونەر ژمارە (١٢٠) لە ١٩٩٩/٤/٢ ل٣.

٩. قانیع شاعیری بەرگری میللی چەوساوەکانی کوردستان، لە میهرەجانی شاعیر قانیع لە مەریوان، لە دیداری شیعری قانیع، سلێمانی ٢٧ – ٢٩ / ١٢/ ٢٠٠٥ پێشکەش کراو خوێندرایەوەو خەڵاتی هاوبەشیکردنی وەرگرت.

**مێژوویی و رۆشنبیری و رۆژنامەگەری:**

١. بۆچی باری ئابوری وڵاتان بەرەو گرانی دەڕوات، کوردستانی نوێ لە ١٩٩٢/٥/٦.

٢. نەورۆز ناسنامەو کەلتوری نەتەوایەتی کوردە، لە رووی : ئەفسانە، مێژوویی و ئایینی و نەتەوایەتییەوە، گۆڤاری دهۆك، ژمارە (٣) نیسانی ١٩٩٨.

٣. ئایینی زەردەشتی، گۆڤاری لالش، ژمارە(١٠)، ١٩٩٩/٢/٢، ل ١٥٠ – ١٦٨، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و ئایینی و فەلسەفەییە.

٤. دەوری بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوایەتی کورد لە دەرکەوتنی رۆژنامەگەری کوردیدا، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (٧٥)، ١٩٩٨، ل ١٢ – ٢٧ بە بۆنەی سەد ساڵەی رۆژنامەگەرییەوە.

٥. دۆخ و هۆی پەیدابوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی، گۆڤاری (گازی)، ژمارە(٤٠)، ١٩٩٨، ل ١٦ – ١٧.

٦. یەکەم شەهیدی شۆڕشی شێخی نەمر، گۆڤاری : رەنگین، ژمارە (٧٣).

٧. نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی و سەرتای خەباتی کوردە، ژمارە (٧٧).

٨. دەربارەی هۆزی ((شوان))، گۆڤاری : هاواری کەرکوك، ژمارە (٤)، ١٩٩٩، ل٣٥ – ٤٧.

٩. دیسان لە هەقە کەوتنە تەقە، گۆڤاری : کاروان، ژمارە (١٤٢)، ٢٠٠٠، ل ٨ – ١٦.

**سیاسی:**

١. حەڤدە دڵۆپ فرمێسکی بێدەنگ و دڵۆپێکی بە ئاشکرا بۆ رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤، کوردستانی نوێ. ژ(٧٥)، ١٩٩٢/٤/٢٤، لاپەرە (٢).



٢. کێشەی بەعەرەبکردنی کەرکوك لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ، گۆڤاری : سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠)، ٢٠٠١، ل ١٧٩ – ٢٤٩، تایبەت بە کۆنفراسی زانستی ئەکادیمی کەرکوك، رۆژانی ٣ – ٥/٤/ ٢٠٠١ هەولێر.

٣. بەقسەی کێ کوردستان سێ جار دامەزراندنی دەوڵەتی بۆ رێکەوتووەو خۆی نەیویستووە، گۆڤاری: گۆڵان، ژمارە (١٩٣)، ١٩٩٨.

٤. هەڵوێستی وەفدی کورد لە قاهیرە دا دەبێ چۆن بێ ؟ گۆڤاری : گۆڵان، ژمارە (١٧٥)، ١٩٩٩.

٥. ئایە کورد لە بوونە ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا زەرەرمەند دەبێ؟ گۆڤاری گوڵان، ژمارە (٢٥٢).

٦. کاتی ئەوە هاتووە کورد دیبلۆماسیوتی نێودەوڵەتی خۆی بنوێنێ، برایەتی نجیرە وتار، ژمارە (٢٧٠٦، ٢٧٠٧، لە ٤,٣/ ١٩٩٨/١١.

٧. هەڵسەنگاندنی کتێبی ((امه فی شقاق)) گۆڤاری : گازی، ژمارە (٤٣).

٨. هەڵسوکەوتی کورد پێویستە چۆن بێت؟ گۆڤاری : گازی، یەکبوون – کاری سەربەخۆ، ژمارە (١٦)، ت٢،٢٠٠٠، ل ٧– ١٤.

٩. لەکەش و هەوای کۆنگرەی (١٢) ەوە بۆ تەبایی ماڵی کورد، برایەتی، ژمارە(٢٩٥٣).

١٠. بەر لە لێدانی عێراق پێویستە کورد مەسەلەی لەگەڵ ئۆپۆزیسونی عێراقی یەك لایی بکاتەوە، رێگای کوردستان، ژمارە (٤٦٨)، ل ٣، لە ١٧/ ١/ ٢٠٠٢.

١١. مەسەلەی کورد و هەڵوێستی ئەوروپا یا سیاسەتی بانێکەو دوو هەوا، رۆژنامەی رزگاری، ژمارە(٨٣) لە ٢٠٠٠/٤/١، ل٤.

١٢. جەنگ و گۆڕان و مەسەلەی کورد، رێگای کوردستان، ژمارە(٤٨١)، ٢٠٠١/١١/٢٦، ل ٢.

١٣. پەیامداری و سوود وەرگرتن لە توانای دڵسۆز، رێگای کوردستان، ژمارە(٤٨٥)، ٢٠٠١/١٢/٣١، ل ٢.

١٤. دەورو ئەرکی رۆشنبیری کورد لە مەسەلەی نەتەوایەتیدا ئەبێ چۆن بێ، رێگای کوردستان، ژمارە (٤٩٠) لە ٢٠٠٢/٢/٤، ل ٥.

١٥. کێشەی کەرکوک و راگوازتنی کورد، برایەتی، ژمارە (٣٢٨٩)، لە ٢٠٠١/١/٢٠، ل٧.

١٦. ڕاگویزان، ئەنفال، ئۆردووگای زۆرەملێ، سیاسەتی سێکوچکەیی سڕینەوەی نەتەوەی کورد و قڕکردنی، برایەتی، ژمارە (٣٣٦٨)، ٢٠٠١/٤/٢٨، ل٧.

١٧. لەم کاتەدا پێویستە کورد لە هەموو کاتێکی تر وریاتر بێ، رێگای کوردستان، ژمارە (٤٣٩) لە ٢٠٠١/٢/٦، ل٢.

١٨. با لە یادی بۆمبابارانی قەڵادزێدا باڵا گەردانی یەکتربین، رێگای کوردستان، ژمارە (٤٥١)، ٣٠/ ٢٠٠١/٤، ل٥.

١٩. نەورۆز جەژنی نەتەوایەتی کۆنی کوردە، رێگای کوردستان، ژمارە (٤٤٧) لە ٢٠٠١/٤/٢، ل ١٣.

٢٠. كيف نقيم اتفاقية اذار ١٩٧٠م، جريدة (ميديا)، عدد (٨٩) في ٢٠٠١/٣/١٦.

٢١. بەعارەب کردن، دەرکردن، داگیرکردنی کوردستان تاکەی ؟ ! رێگای کوردستان، ژمارە (٤٩١)، لە ٢٠٠٢/١/١١، ل.

٢٢. بوردومانی قەڵادزێم چۆن دیت؟ برایەتی، ژمارە (٣٠٧٥) لە ٢٠٠٠/٤/٢٤، ل٦.

٢٣. ئەنفال و ئەنفالی کوردو کاریگەرییەکانی، گۆڤاری : ئەنفال ژمارە (١)، ٢٠٠٢.

٢٤. لە یادی ساڵ رۆژی ئۆردوگای قوتابیانی کوردستان لە کەرکوک ساڵانی ١٩٧١ – ١٩٧٣، برایەتی ژ (٣١٤١)، ٢٥/ ٧/ ٢٠٠٠، ل٧.

٢٥. ئەنجومەنی نیشتمانی و چۆنیەتی هەڵبژاردن، کوردستانی نوێ، ١٩٩٢.

٢٦. کاتی ئەوە هاتووە کورد بەدەنگدانێکی گشتی داوای سەربەخۆیی خۆیی بکات، رێگای کوردستان، ژمارە (٥٥٩)ی رۆژی ١٣/ ٨/ ٢٠٠٣، ل٢. لە سایتی بەرەو ریفراندۆم لە ئینتەرنێتەوەش بڵاوکرایەوە.

٢٧. یادی سی ساڵەی دانانی بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی، رێگای کوردستان، ژمارە (٥٠٤) ی، ٢٠٠٢، ل ١٠.



٢٨. با خەڵکی کەرکوک : شوان، سالەیی، قادرکەرەم، قەرەحەسەن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی باوباپیران یان، رێگای کوردستان، ژمارە (٥٦٠) لە ٢٠/ ٢٠٠٣/٨، ل٥.

٢٩. داستانی رۆژی ١٩٨٤/١٠/٢٠ ی دێی چیمەنی شەهیدان، ژمارە (٥)ی هەفتەنامەی کەرکوکی نوێ رۆژی ٢٠٠٣/١١/١٥، ل٦.

٣٠. ١٩٨٥/١٠/١٥ ی رۆژی رەشی شاری کەرکوک، کەرکوکی نوێ، ژمارە (٤)ی ٢٠٠٣/١١/٤.

٣١. کەرکوک شارێکی خامۆش و فەرامۆش، رێگای کوردستان، ژمارە (٥٨٥)، ٢٠٠٣/٣/١٧، ل٢.

٣٢. بەری رۆژی کورد بوونی کەرکوک بەبێژنگی کەس ناگیری، رۆژنامەی ((گەڕانەوە))، کەرکوک، ژمارە (١٠) لە ٢١/ ٣/ ٢٠٠٤، ل٥.

٣٣. مێژووی تیرۆر لە کوردستاندا، رێگای کوردستان، ژمارە (٥٨١) ی ١٨/ ٢/ ٢٠٠٤، ل٥.

٣٤. شەوی ٣١/ ٣/ ١٩٨٨ ی شاری کەرکوک (ڕۆکێتی بارانی ئێران)، رۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٧٦) ی ١٠/ ٤/ ٢٠٠٤، ل٥.

٣٥. لە یادی رۆژی (١٨) ی شوبات و خەباتی قوتابیان لە حەفتاکاندا، هەفتەنامەی روانین ژمارە (٢٤) ی رۆژی ٢٠٠٥/٢/٢٠، لاپەڕە ٩.

٣٦. کەرکوکی کوردان مەسەلەیەك نییە دوا بخرێت ! رێگای کوردستان، ژ(٦٣٧) ٢٠٠٥/٤/١٣ چوارشەممە، ل ٣.

٣٧. پلەو پایەی کورد لە ناو پێکهاتە وەزارەتییەکەی جەعفەریدا، رێگای کوردستان ژمارە (٦٤١)، ١١/ ٥/ ٢٠٠٥، ل ٣.

٣٨. پێکەوە ژیان یا جیابوونەوە، مانگە شەو لە ئێوارەوە دیارە، رێگای کوردستان ژمارە (٦٤٣) لە ٢٥/ ٥/ ٢٠٠٥، ل ٢.

٣٩. ئێمە بە لێشاو دەنگمان دا – دە ئێوەش بە وەفابن، جەماوەر، ژ (١٢٦) دووشەممە ١٦/ ٥/ ٢٠٠٥، ل٨.

٤٠. كەرنەڤاڵی دەنگدان لە كەركوك، رۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (١٣٠)، ٢٠٠٥/٥/٧، ل٢.

٤١. لە یادی (٤٢) ساڵەی شەهیدانی ٢٣ حوزەیرانی ١٩٦٣ لە كەركوك، ڕێگای كوردستان، ژ (٦٤٧) لە ٢٠٠٥/٦/٢٢.

٤٢. نەك كەركوك ! بەڵكو عەقڵیەتی شۆڤینییە بۆتە بەربەستی دانانی دەستور، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (٥٤٤) لە ٢٠٠٥/٧/٧، لاپەرە (١٣).

٤٣. لە یادی (٣١) ساڵەی بۆردومانی قەڵادزێدا، رۆژنامەی (روانین)، ژ (٢٧)، ٢٠٠٥، ل٣.

٤٤. چارەسەركردنی كێشەی كەركوك و گەڕانەوەی ئاوارەكانی بۆ شوێنی خۆیان، كۆنفرانسی تایبەت بە كەركوك، رۆژانی ٢٥ – ٢٧ / ٨/ ٢٠٠٥ لە لایەن دەزگای خاك و كوردساتەوە، سلێمانی.

٤٥. با ئاڵای كوردستان بەرز بشەكێتەوە، برایەتی، ژ (٢٨٥٧)، لە ١٥/ ٧/ ١٩٩٩، ل٣.

٤٦. لە ساڵ رۆژی شاڵاوی ئەنفالی چوارەمدا، رۆژنامەی برایەتی، ژ (٣٠٨٥)، لە ٢٠٠٠/٥/٨، ل٦.

٤٧. بەرنامەی بوژاندنەوەی رووماى كوردانەی شاری كەركوك، ژ (٢٦)، ٢٠٠٥، ل١٦٧ – ١٧٤.

٤٨. خوێندنەوەیەكی رەخنەیی دەربارەی چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەی كەركوك لە دەسەڵاتی سیاسی كوردی، رۆژنامەی هەواڵ ژمارەی ٢٩٣، ٢٩٤ لە ٢٣-٢٠٠٨/٨/٣٠.



## بەرهەمە بڵاونەكراوەكانی نووسەر

١. ڕێزمانی زاری شوان.
٢. دیاریكردنی كەرەسەی سەربەخۆ و ناسەربەخۆ لە زمانی كوردیدا.
٣. یاداشتی ژیانم.
٤. پاراستنی زمان ئەركێكی نەتەوەییە.